ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی
ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان

# ڕاپەڕینی کوردەکان
# ساڵی ١٨٨٠

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی: دوکتۆر جەلیلی جەلیل
وەرگێڕ لە ڕووسییەوە
دوکتۆر کاوس قەفتان

چاپخانەی «الزمان» لە بەغدا ١٩٨٧

ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیری ولاوانی
ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان

# راپەڕینی کوردەکان

# ساڵی ١٨٨٠

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250
1928

نووسینی : دوکتۆر جەلیلی جەلیل
وەرگێڕ لە ڕووسی یەوە
دوکتۆر کاوس قەفتان

1662

چاپخانەی «الزمان» لە بەغدا ١٩٨٧

## ـ ئـەم کتێبـە ـ

ئەم کتێبە ئەتروحەکەی دکتور جەلیلی جەلیله ، کە لـە ساڵانی شەستدا نووسیی‌و شەهادەی دکتورای پێ وەرگرت • پاش ئەوە ، کتێبی « کـوردەکانی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسـمانی »و شـتی‌تری نووسیی • کتێبی « کوردەکانی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی »م ، کرد بە کوردی • دووایی بە سەرماهات ئەمەش بکەم بە کوردی • بە رای من ئەبێ خوێندەوەری کورد شوناسیی لەگەڵ ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی رووسیای قەیسەری‌دا پەیدا بکات • ئەو ئەرشیفانەی لە خۆیان بەولاوە ( نیازم لە هاونیشتمانە سوڤیەتی‌یەکانە ) کەسیی‌تر ناتوانێ توخنیان بکەوێ • هەر لەبەر ئەم هۆیەش کتێبە گەورە گرنگەکەی دکتـۆر لازاریڤیشم کرد بە کوردی • ئەو کتێبەی لە سنوورێکی زۆر فراواندا سـوودی لە ئەرشیفی سـۆڤیێتی‌و سـەرچاوە بێگانەکان دیوەو زۆر وەستایانە مێژووی کوردی نووسیوە • ( هیـوامە بەم زووانە بڵاوی بکەمەوە ) •

وام بە راست زانی لـەناو دەقی پەڕەکاندا ئەو بیروڕایە کـەمە سەرپێیانەی خۆم دارێژم • بیروڕای ترم هەبوو لە ناو دەقی کتێبەکەدا دەست نیشانە کردبوون‌و ژمارەم بۆ دانابوون ، بەڵام وام بەباشتر زانی لایان بەرم •

هیـوام وایە کەم‌وزۆر سـوودێکم بە میللەتە خۆشەویسـتەکەم گەیاندبێت •

بەغدا ـ ٢٣ـ١٢ـ١٩٨٥

دکتۆر کاوس قەفتان

# - پێشەکی -

ناوچە کورد نشینەکان لە نێوان تورکیاو ئێرانو عیراقو سووریادا دابەش کراون • لەکۆنەوە سامانی سرووشتیی کوردستانو بەتایبەتی ئەوجۆری جوغرافییە هەلکەوتووەی هەیەتی سەرنجی دەولەتە ئەورووپاییەکانی راکێشاوە •

کاربەدەستانی تورکیاو ئێران نەك هەر دان بە خاکی یەکگرتووی کورددا نانێن ، بەلکو هەتا لە رووی رەگەزیشەوە ، وەك گەلو مىللەتێك دان بە کورددا نانێنو ئاور لە مافە نەتەوەییەکانی نادەنەوەو بەسووکیەوە سەیری ئەکەن[1] ، نکوولی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد ئەکەن • نامەردانە مێژوو کەلوپۆرەکەشی بەقەلبی ئەنووسن • مافی رەوای گەلی کورد لە پێناوی سەرفرازیدا ، لە لایەن زانیا بۆرجوازییەکانو چاپەمەنییەکانیانەوە بە بزووتنەوەی کۆنەپەرست خوازو « جەردەیی » بەرچاو ئەخرێت •

گرنگیتی هەموو لێکۆلینەوەیەك ، پەیوەندی بە کێشەکەی کوردەوە هەبێت ، لەوەدایە ، رووبکاتە توێژینەوەی خەباتی سیاسی گەلی کورد لە پێناوی یەکێتی نەتەوەییو سەربەخۆییو دیموکراتییەتدا ،

نوێژینەوەیەك بەراستی لە ناوەرۆك‌و سرووشتی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد لەو رۆژانەدا بگات‌و بتوانێ نرخی خۆی بداتێ .

نووســـینەوەی مێژووی کـــورد لەلایەن مێژوونووســـە بۆرجوازییـــەکانی رۆژئاوادا ، لێکۆلینـــەوەی مێژووی‌کـوردو کەل‌وپۆرەکـــەی ، هەتا ئەمڕۆ لە ژێر تەئسیرو ســـایەی سیاسەتە داگیرکەرانەکەی دەولەتەکاندایە . ئەو دەولەتە کولۆنیالانە هەر لـەو چاوەوەو تا ئەورادەیەش لەو کێشەیان ئەکۆلیەوەو سەیریان ئەکرد ، تا بشتر لە تەبیاتی کوردو سرووشتی ناوچەکانی بگەن ، ئەو ناوچـانەی لەژێر سایەی خۆیانا بوون ، بەو نیازو مەبەستەش زیاتر بیانخـەنە ژێر دەستی خۆیانەوەو دەسەلاتی ئابووری‌و سیاسی خۆیان بە رۆژهەلاتی نزیکدا بلاوبکەنەوە . لەبەرئەوە لێکۆلینەوەی مێژووی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری کوردیان نەخستبووە بەرچاوی خۆیان .

سەدەی بیستەم لە مێژووی کورددا ئەوەندەی ماوەیەکی گرنگە هێندەش ئالۆزە . لـەم ماوەیەدا کوردەکان بۆ یەکەم‌جار هاتنە نـاو چوارچێـوەی پەرژەوەندی ســیاسی ئیمپراتۆرییەتی رووسیای قەیســەری‌و بەریتانیا لـە رۆژهەلاتی نزیکـــدا . ژیانی ئابووری‌و کۆمەلایەتی گەلی کورد گۆڕرانی بەسەرداهات . ئەوەبوو پەیوەندی سەرمایەداری‌و بازرگانی سەری دەرهێنا ، دووایش راپەڕینی ئـەم‌و ئەو دەرەبەگی کـــورد دژی داگیرکـــەرە عوســـمانی‌و ئێرانییەکان ، وبەرپابوونی ئەو راپەرینـــانەو بوونیـــان بە راپەڕینێکی گشـــتی جەماوەری ، بەنیازی خۆ رزگارکردن لە دەسەلاتی‌بێگانەو دامەزراندنی دەولەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆیان ، ئەمانە دیاردەی ئاشـکرای ئەو ماوەیە بوو .

ئەم کارەی بەردەســت ، دەربارەی یەکێك لــە راپەرینە هەرە گرنگەکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردە • راپەرینەکەی شیخ عوبەیدوڵلای نەیری سالی ١٨٨٠ ، کە گەیشتە لووتکەی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کورد لەســــەدەی بیستەمدا ، ناوچەیەکی زۆر فراوانی گرتەوەو دەسەلاتو هێزێکی گەورەی هەبوو • بەشدارانی راپەرینەکە لە پێناوی سەربەخۆیی‌و دژی زۆرداریتی کۆمەڵایەتی‌و چەوساندنەوەو بێ یاسایی دەولەتی عوسمانی‌و ئێران خەباتیان ئەکرد • راپەرینەکــە بەجۆرێك تەشــــەنەی کرد نەك هەر تورکیاو ئێرانی تۆقاند بەلکــو رووسیاو بەریتانیاو نەمساشی بەژارەکرد •

نووســـــەر لەم کارەیدا هەولی‌داوە هەمـــــوو ڕێ‌رەوەکانی بزووتنەوەکەی کوردی ١٨٧٩ ــ ١٨٨٢ بخاتە بەرچاو • هەموو ئەو هۆ کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سیاسیانە پیشان بدات کە راپەرینەکەیان تەقاندو هەروەها بەپێی توانا پەیوەندی دوولایی کوردو ئەرمەنەکان روون بکاتەوە • بەبێ روون کردنەوەی ئەو پەیوەندیە زەحمـــەتە سیاسەتی راستەقینەی عوسمانی بەرامبەر کورد تێ بگەین •

لەم کارەدا ، بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لەو سەرچاوە دەست نووسە بلاونەکراوانەی ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووســــیا ( ئا • ڤ • پ • ر )و ئەو دەستاوێژانەی لە « کتێبی شینی » ئینگلیزی‌دا بلاوکراوەنەتەوە بینراوە • دەستاوێژەکانی ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا پڕن لە دەنگ‌وباس‌و بیرەوەری دیبلۆماسییە رووســــەکان‌و چاووڕا جەنگییەکان لــە ئەرزرۆم‌و وان‌و دیاربەکرو تەبرێزو تاران‌و شــوێن‌و جێگای تر • ئەو دەنگ‌و باس‌و زانیارییــەی دیبلوماســییە

رووسەکانو جاسووسە جەنگییەکانیان لــە تورکیاو ئێراندا دەربارەی کورد کۆیان ئەکردەوە ، بەزۆری پەیوەندییان بەوەوە بوو ئامانجیشیان لەوەدابوو ، پەیوەندی دانیشتووەکان لەگەڵ کاربەدەستە رەسمییەکانو هەروەها دۆخی سیاسی کوردستانو رادەی نفوزو تەئسیری رووسیا لە سەر کوردەکاندا دەست نیشان بکەنو روون بکەنەوە .

سوودمان لــە دەستاوێژەکانی « ئەرشــیفی ئەســتامبوول » « ئەرشیفی سەرەکی »و « بیمسەکان لە ئێران » دیوە . لــە ناو ئەم دەستاوێژانەدا نامەکانی دیبلۆماسییەکانو بیرەوەری کۆنسۆلی گشتی لــە ئازربایجان ( لــە شاری تەبریز ) ، شۆلشیڤســکی لــە تاران ، نووسینەکانی ( ئی . ئا . زینۆڤیێف )ی ، وەزیری خاوەن دەسەلاتی تەواوی رووسیا لە ئێران . هەروەها بیرەوەرییە دووررو درێژەکــەی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووســیا لــە وان . ك . پ . کامساراکان و ( ن . أ . نالیتۆڤ )ی ، بەڕێوەبەری کۆنسۆلخــانەی رووسیا لــە تەرابزوونو ( یێ . پ . تۆڤیکۆڤ )ی[1] . کۆنسۆلی رووسیا لــە ئەستامبوول . بیرەوەرییەکانی ، ( م . یاکیمانســـکی ) یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لە دیاربەکر ، لێکۆلینەوەو توێژینەوەیەکی بە نرخ دەربارەی دۆخی کۆمەلایەتیو سیاسی کورد لە ماوەی راپەرینەکەی سالی ١٨٨٠دا بەدی ئەکرێن .

زانیارییەکانی ئەرشیفی مێژوویی‌و جەنگیی حکوومەتی مەرکەزی ولاتی شوورەوی ( ت . گ . ڤ . ئی . ئا ) لە زۆر رووەوە رێی بۆ نووسینەوەی ئەم کارە روون کردۆتەوە .

دەستاوێژەکانی ئەرشــیفە ئینگلیزییەکان کەلــە زنجیرەی

( کتێبی شیندا ) بڵاو کراونەتەوە مایەی سەرنجدانن • ئەو کتێبە لـــە چـەند بەرگێك پێــك هاتووە • بەپێی ناوی وولاتان رێك خراون • ئەوزانیاریانەی لە مەسەلەی کوردو راپەڕینەکانی کورد ئەودێن لەگەڵ ئەو باسانەدا دێن کە دەربارەی تورکیا یان ئێران • ئەو زانیاریانەی لـە کتێبی‌شیندا بڵاوکراوەنەتەوە وەستایانەو زۆرزانانە داڕێژراونو شـیواندراون ، لەبەر ئەوە زۆر قورســەو لەدەست نایـەت لایەنی چاکەخوازی رووداوەکان لەناویانا بەچاوبکرێت • بێگومان پەرلەمانی ئینگلیزی زانیاری زۆرتری لەبەر دەستدابوو • چەندجار ، ك • مارکس لە نووسینەکانیدا ئەوەی خستۆتە روو کە هەڵبژاردنی زانیاری لـەو کتێبە شینەدا پڕن لە بەلادا شکاندنو شێواندن •

زوربەی کتێبە شینەکە بریتیە لـــە راپۆرتو نامەو بیرەوەری بڵاوکراوەی دیبلۆماسییە ئینگلیزەکان • لەرێی ئەو زانیاریانەی لـە ( کتێبە شینەکە )ی ، ( تورکیا ژمارە ٥ )دا هاتوون ، چالاکیو کردەوەی نوێنەرەکانی بەریتانیامان لـە کوردستانو ئەودەورەی لە رێکخستنی هێزە سوپاییەکانی تورکو ئێراندا هەیانبوو دەرئەکەوێتو ئاشـــــکرا ئەبێــــت •

رۆژنامەو گۆڤارەکان ، واتە ( راگەیاندن ) یاریدەدەرێکی گەورە بوون بۆ روونکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ماوەی راپەڕینەکەی شـێخ عوبەیدوللای نەهری •

نووسەر لە نووسینی ئەم کارەیدا سوودی لەم رۆژنامانە دیوە : ( دێلی نیــوز )و ( تایمس )ی ، ئینگلیــزی ، رۆژنامەی ( وەقت )ی تورکیو ( مشاك )و ( ئەردزاگانك )ی ئەرمەنیو هی‌تر ، رۆژنامەی

( گۆلەس ـ دەنگ )و ( قەفقاس )و خشتەی ( س • پ • ب )و ڕۆژنامەی تری ساڵی ۱۸۸۰ •

بەڵام گەلێك زانیاری تر دەربارەی ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوللا لەو وەسائلی ڕاگەیاندنانەدا بەرچاو ئەکەون کە دوو ڕاییەکی تەواویان تێدا هەیە • ئەبێ ئەوە بەرچاو بخرێتو دەست نیشان بکرێت کە زوربەی ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژانە دوژمنانە ئەیانڕوانییە ڕاپەرینەکەی کوردو وەها ناویان ئەبرد گوایە بزووتنەوەیەکی جەردەییە لەلایەن سەرۆکە کوردەکانەوە ڕێكخراوە •

وتارەکەی ، ك • پ • کامساراکان « هێرشەکەی شێخ عوبەیدوللا بۆ سەر ئێران لە ساڵی ۱۸۸۰ ، »دا ، ئەو وتارەی لە ساڵی ۱۸۸٤دا بڵاوکرایەوە[٢] ، گرنگییەکی تەواوی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاپەڕانیەکەی شیخ عوبەیدوللا هەیە • کامساراکان ، لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوللادا یاریدەدەری کۆنسۆلی ڕووسیا بوو لە وان • لەبەرئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆو لە نزیکەوە ئاگای لە ئامادەکردنی ڕاپەرینەکەو دووایی بەرپا بوونی ڕاپەرینەکە بوو • نامەکانی کامساراکان لە ناو دەستاوێژەکانی ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا ، نرخو شوێنێکی تایبەتیان هەیە • کامساراکان لە نامەکانیا زانیارییەکی زۆری ڕاستەقینەی هەڵبژاردەو بە پێی کاتو سات وماوە ڕووداوەکان بەرچاو ئەخات[٣] •

چەند زانیارییەکیش لە کۆمەڵە ووتاری « دۆخی ئەرمەنەکان لە تورکیا پێش دەست تێوەردانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە ساڵی ۱۸۹٥دا »[٤] وەرگیراون • هەرچەندە ئەم ووتارانە لە بنەڕەتدا

دەربارەی کێشەی ئەرمەنەکانو چارەنووسە ماسەویەکەیانە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ، بەڵام زانیارییەکی باشیشی دەربارەی دۆخی دانیشتووە کوردەکان تێدایە ٠

تێردراوە ئاینیەیە ئەوروپاییو ئەمەریکاییەکانیش زانیارییەکی کەمیان دەربارەی کورد نەنووسیوە ٠ لەتەك هەوڵو تەقەللاو وتارو وەعزو تەبشیر کردنە گەرمەکانیانەوە بەناو دانیشتووەکاندا بە تایبەتی لە ناو گاورەکاندا ئاوڕیان لە خوو رەوشتو رۆشنبیری میللەتەکانی رۆژهەڵاتیش داوەتەوە ، لەوانەش میللەتی کورد ٠ ئەو نووسینانەی تێردراوە ئاینیەکان بەجێیان هێشتوون لە شێوەی بیرەوەریو نامە ، یاخود وەسفکردنی گەشتەکانیان ، لەناو ئەوانەدا بیرەوەریو نامەکانی دوو لەو تێردراوە ئاینیانە جێی سەرنجدانو تامێکی تایبەتییان هەیە ٠ یەکەمیان ( ئی ٠ بیشۆپ )و(٥) دووەمیان ( س٠ گ٠ ویلسن )ە(٦) ٠ ویلسنیان پازە ساڵ لە ئێران ژیا ٠ ئەم دوو نووسەرە بە شێوەیەکی ئیجابیترو بە دوورودرێژی دەربارەی پەیوەندیی عوبەیدوڵلا لەگەڵ دانیشتووە گاورەکانو نوێنەرانی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئەگێرنەوەو ئەدوێن ٠ فەسلی چوارەمی بیرەوەرییەکانی ویلسون نرخو بایەخێکی گەورەی هەیە ٠ لەم فەسلەدا باسی راپەڕینی کوردەکانی ئێران بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا لە ساڵی ١٨٨٠دا ئەکات ٠

وتارەکەی باگداساریانی ئەرمەنیش باسی راپەرینەکەی عوبەیدوڵلائەکات(٧) ٠ ئەم وتارە لە ساڵی ١٩٠٥دا ، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر راپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵلادا بڵاوکراوەتەوە ٠

وتارەکە نرخێکی تایبەتی بەوە هەیە ، کە ئیجابییەو زانیاری راستەقینەی نوێی تێدایەو نووسەریش خۆی رووداوەکانی دیوە ، چونکە لەو رۆژانەدا وەك بازرگانێك بە کوردستاندا گەڕاوەو دان بەوەدا ئەنێ کە رەفتارو کردەوەی شێخ عوبەیدوللا بەرامبەر دانیشتووە گاورەکان دۆستانە بووە ٠

لە ناو ئەو کارانەی بە ئەرمەنی نووسراون ، کارەکەی ئەندرانیکا ( تیرسیم )[8] ئەوە ئەهێنێ پەنجەی بۆ درێژ بکرێت ٠ نووسەری ئەم کارە بە ( دەرسیم )دا گەڕاوەو لە ئەنجامدا ئەو کارەی نووسیوە ٠ دووا بەشی کتێبەکە نرخێکی تایبەتی هەیە ، چونکە نووسەر لەو بەشەدا بەزمانی گەلێك لەوانەی رووداوەکانیان دیوە یان بەشدارییان کردووە ، ( واتە کە راپەڕینەکەی دەرسیم دژی عوسمانی بەرپابوو ) ، زانیاریی نوێی‌و بەنرخ ئەگێڕێتەوە ، کە بۆ ئەم کارەی بەردەست سوود بەخش بوون ٠

سەرچاوە مێژووییەکان بە ( بێگانەو سۆڤێتییەکانەوە ) ئاوڕێکی کەمیان لە ژیانی سیاسی کورد داوەتەوە ٠ لەو سەرچاوانەدا تاقە کارێك لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەرچاو ناکەوێت دەربارەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردبێت ٠

زوربەی مێژوو نووسەکان پاکانە بۆ ئەم ناتەواوییە بە نەبوونی سەرچاوەو زانیاریی دەربارەی کورد ئەکەن ٠ بەلام ئەوە هەیە لە چەند کتێبێکدا لەتەك باس کردنی مێژووی رۆژهەلاتی نزیکدا بەنیوە چڵی لەم شوێن‌و لەو شوێندا ناوی کوردیش دێت ٠

لەوانەیە لەو کارانەی باسی مێژووی کوردو ناوچەکانی‌و دۆخی رەگەزناسیی‌و کێشەی تر ئەکەن ، چەند دێرێکی کورت‌و کوێری

فەرزکراو دەربارەی ژیانی کوردو بزووتنەوە رزگاری خوازەکەی بەدی بکرێت • هەر بۆ نموونە لەکتێبی توێژینەرە رووسەکاندا وەك ، ئا • کارتسۆف[9] و ف • ف • مینورسکی[10] بەچەند دێرێك یان بە چەند پەڕەیەك باسی بزووتنەوەکەی کوردی سەدەی نۆزدەهەم دەکەن • بەڵام راستەقینانە راپەرینەکانی کورد هەڵ ئەسەنگێنن • ئەوەتا مینورسکی لەو کارەیدا کە بەناوی ( کوردەکان ) بڵاوی کردەوە ، بۆ یەکەمجار ناوی راپەرینەکەی یەزدان شێر بەم جۆرە ئەبات و ئەڵێ : « بزووتنەوەیەکی میللی راست و رەوانە »[11] • هەر بەم جۆرەش مینورسکی بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوللا هەڵ ئەسەنگێنێ و نرخی خۆی ئەداتێ • گەلێك لە رایەکانی مینورسکی و کارتسۆف دەربارەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد هەتا ئەمڕۆ سەنگی خۆیان هەیەو کۆن نەبوون[12] •

فەرماندەی گشتی رووس ، کە هاتە سەر لەسەنگدانی دەورە سیاسییەکەی کورد لە رۆژهەڵاتی نزیکدا ، لەوە گەیشت کە لادانی کورد بەلای رووسدا دژی تورك چۆن سوودێکی تێدایە • ئەوسا واتە لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە سەر ئەو رایەی رادەی ئەو ناقی کردنەوەیە فراوانتر بکات • بۆ ئەم مەبەستە مایور جەنەرال ( بیلیاقسك )ی ، سەرەك ئەرکانی جەنگی ناوچەکانی قەفقاس فەرمانیدا بە ( ئەڤێریانۆف )ی ، نەقیبی ئەرکانی جەنگی ، کورتە مێژوویەکی کورد بنووسێت • ئەبوو ئەم خاڵانە روون بکاتەوە : یەکەم : بەشداربوونی کوردەکان لە شەڕەکانی نێوان رووسیاو تورکیاو رووسیاو ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا • دووهەم : روونکردنەوەی دۆخی سیاسی کورد لەو رۆژانەدا • سێهەم : یەکلاکردنەوەو بەلایەکدا خستنی

هەلویستیان ، ئەگەر هاتوو رووسیا لەگـــەڵ تورکیا یان لەگــــەڵ ئێراندا کەوتە شەر •

ئەڤیریانۆڤ نووسی : مایەی خۆشیو شادییە ئەگەر سوود لەو تاقیکردنەوەیە ببینین کە ماوەی سەد ساڵێکە لەگەڵ کورددا هەمانەو بەخۆڕایی ئەو تاقیکردنەوەیە لـــە دەست نەچێـــتو بۆ چالاکییـــە جەنگییەکانی دووارۆژمان لە ئاسیای بچووکدا سوودی لێ‌ببینین[١٣] •

بێگومان دانانی کێشەکە لە قەوارەیەکی وەهاداو لێکۆڵینەوەی بەوجۆرە ، کارەکە بەرەو ئاسۆیەکی تر ئەبات •

ئەڤیرانۆڤ سەرنجی خۆی بەتەواوەتی ئاراستەی ئەو رووداوە سیاسیانە ئەکات کە لە رۆژانی شەڕەکەی رووسیا دژی تورکیاو ئێران پەیدابوونو هەروەها بەشداربوونی کورد لەو شەڕانەداو راپەڕینەکەی کورد دژی تورکیاو ئێرانو ئیتر کەمو زۆر لە کتێبەکەیدا توخنی دۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی ناکەوێ • لەهەمان کاتیشدا کاریکیتر نییـــە باسی دۆخی سیاسی کورد بکات • جا ئەگەر چاو لەچەند کەموکوڕیو باری سەرنج دانێکی ناتەواو بپۆشین ، ئەوە نرخو بەهای کتێبەکـــەی ئەڤیریانوڤ وەك خۆی ئەمێنێتەوەو بەیەکێك لەو هەوڵدانانە دائەنرێت کەلەســـەر رۆشنایی گەلێـــك سەرچاوە بزووتنـــەوەی رزگاری خوازیکوردو ژیانی سیاسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا باس کردووە • لەناو بەرهەمە بێگانەکاندا ئـــەم کارانە ســـەرنج رائەکێشن : لیڤـــون مبسروپیا[١٤] • نیکیتین[١٥] ، ئی • ب • سۆن[١٦] وهیتر •

لە وتارەکەی نیکیتیندا « کوردەکان چۆن باسی خۆیان ئەکەن » گەلێك زانیاریی راستەقینەی بەسوود بەرچاو ئەکەوێت • نووســـەر

لەم وتارەدا سوودی لەو دەست نووسە کوردییانە دیوە کە دەربارەی ئاین‌و مێژووی کوردن[١٧] .

کتێبــەکەی ئارشاك سافرستیانیش « کوردو کوردستان »[١٨] ( کە سروشتێکی ئیستیعرازی هەیە ، مایەی سەرنج‌دان‌و باس کردنە ، لــەو کتێبەدا بەقووڵی باسی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کــورد ئەکرێت ) .

لەناو ئەو نووسەرە رۆژهەڵاتییانەی دەربارەی کورد نووسیویانە ، پێویستە ناوی ئەمانە بەتایبەتی ببرێت : عەبدول عەزیز یامولکی[١٩] ، شاکیر خەسباك[٢٠] . بەلەج شێرکۆ[٢١] ، عەلادین ســــوجادی[٢٢] . هەمزە عەبدوللا[٢٣] ، ئەمین زەکی[٢٤] ، ســدیق دەمەلــووجی[٢٥] . شاکیر خەسباك‌و بەلەج شێرکۆ لە کارەکانیانا بە تایبەتی لە خەباتی کورد لە سەدەی بیستەمدا ئەدوێن . کتێبەکەی عەلادین سوجادی زانــای عیراقی ( شۆڕشەکانی کورد ) هەرچەندە رووخســاری وەسف کردن یان عمومییەتی پێوە دیارە ، ( بە زمانی کوردی ) بەلام نرخێکی تایبەتی لەو رووەوە هەیە ، یەکەم هەنگاوە کە بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردی بەپێی زەمان نووسیوە . بەتایبەتی رووداوەکانی ســـەدەی بیستەمی تیا نووسراوە .

کتێبەکەی ئەمین زەکی « گەورە پیاوانی کوردو کوردستان »[٢٦] ئەنجـــامی هەوڵ‌و کۆشش‌و لێکۆڵینەوەیەکی درێژی نووســـەرەو زانیارییەکی زۆری دەربارەی مێژووی کورد تێدایە . ئەم کتێبـــەی ئەمین زەکی وەك هەموو کتێبەکانی تری کە[٢٧] دەربارەی مێژووی کوردن ، یەکەمین هەوڵدانێکە کە بە دوورودرێژی لە مێژووی کورد بە زمانی کـــوردی‌و عەرەبی بکۆڵێتەوەو لــە عیراق بڵاوکراونەتەوە .

ئەمین زەکی توانای خۆی ئاراستەی نووسینی رووداوە سەرەکییەکان کردووەو دەوری جەماوەری کوردی دەست نیشان نەکردووە • ئەمین زەکی ئاورێکی تەواو لـە سەرکردەکان ئەداتەوەو ئاوڕ لـە میللەت نادات‌ەوە •

ئەو سەرچاوە مێژوویە سوڤیێتیانەی لە بزوتنەوەکەی ســـالی ۱۸۸۰ ئەدوێن ، ن • ئـا • خالفین لـە کتێبەکەیدا « خـەبات لەرێی کوردستاندا »[۲۸] ، لەبەر رۆشنایی ژمارەیەکی زۆری ســەرچاوەی راستەقینە باسی بزووتنەوەکەی سالی ۱۸۸۰ ئەکات • ئەو فەسـلەی باسی « بەرپا بوونی بزووتنـەوە رزگاری خوازەکەی عوبەیدوللا » ئەکات ، یاریدە دەرێکی گەورەی ئـەم کارە بوو • بەلام ئەوە هەیە نووسەر بەدرێژی لە رێ‌رەوی بزووتنەوەکەی کورد لە سالی ۱۸۸۰داو کێشەکانی ناوەوەی راپەرینەکە نادوێ • ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەکارەکەیەوە نیـــە • بەلام ئەوە هەیە خوێنەوەر کە کارەکـــەی ئەخوێنێتەوە ئاسۆو سروشتی بزووتنەوەکـــەی لا روون ئەبێتەوە • هـــەر ئەمەش لـە کارە مێژووییەکـــەی ( م • س • لازاریف )دا ، ( کوردستان‌و مەسەلەی کورد )[۲۹] دووبارە ئەبێتەوە •

پەیوەندیی نێوان کوردو ئەرمەن بەتایبەتی لـــە کتێبەکـــەی ( م • گ نیرسیسیان ) « بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی ئەرمەن دژی زۆرداری تورك لە سالی ۱۸۵۰ــ۱۸۷۰ »دا[۳۰] ، مایەی سەرنج دانێکی تایبەتییە • ئەو کتێبە بە زمانی ئەرمەنی بلاوکراوەتەوە • نووسەر لەوکتێبەدا بۆ یەکەم جار لەبەر رۆشنایی مارکسییەت دەوری جەماوەری کوردو دەرەبەگە کوردەکان لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردا ئەخاتەروو • لەبەر رۆشنایی زانیاریەکی زۆری راستەقینەی سەرچاوە ئەرمەنییە مێژووییەکان‌و بلاوکراوەکانیان رای خۆی دەرئەبڕێت •

# دۆخی کــوردەکان

## لــە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا

کوردەکان بەرەچەلەك ئەگەڕێنەوە سەر ئەو عەشرەتە دێرینانەی ئەو ناوچانەدا دامەزرابوون کــە کەوتبوونە لێژاییە رۆژهەڵاتییەکانی شاخی تۆرۆس هەتا ریزە شـــاخەکانی زاگرۆس • ( کوردســـتانی زاگرۆس )[1] بەشەکانی ژووروی رۆژئاوای ئەگرێتەوە •

سروشتی شاخاوی وولاتەکە شوێن پەنجەی بە ئاشکرا بەسەر جۆری پێشکەوتنی گەلی کوردەوە بەجێ هێشتووە • ریزە شاخەکان کە دۆڵو دەشتە بەپیتەکان ئەبڕن ، ریگایان لەوە گرتبوو میللەتەکــە ببێتە خاوەنی ژیانێکی ئابووری یەکگرتووی پتەو • لەهەمان کاتیشدا لەوەرگا بە پیتە ئەلپییەکان ( نیازی لەو لەوەرگایانەیە کە لــە ناوچە شاخاوییە بەرزەکاندان واتە ئیلاخ یان زۆران ـــ وەرگێر ، ) ، لە رۆژانی زۆر دێرینەوە هانی کوردەکانی ئەدا رووبکەنە مەڕوماڵات بەخێــو کردنو ببێتە پیشەی زوربەی دانیشتووە کوردەکان •

لە هاویندا کە گەرما دێت ، عەشرەتەکان بە مەڕو ماڵاتەکانیانەوە روو ئەکەنە لەوەڕگا بەرزەکانی ناو شاخەکانو لە پایزیشدا بەرەو مەڵبەندە

زستانییە هەمیشەییەکانیان ئەگەڕێنەوە • لەوێش ئەکەونە کێڵانی زەوی‌و زاری ناو دەشتەکان‌و خەریکی کشتوکاڵ ئەبن •

هەر لە رۆژانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەلێك لە عەشرەتە کوردەکان کە بۆ لەوەڕگای نوێ ئەگەڕان بەرە بەرە بەرەو باکوورو رۆژئاوا بزوان • بزواندنیان بەرەو باکوور هۆی سیاسیشی هەبوو •

پاش شەڕەکەی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤دا • بۆ یەکەم جار کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی‌و ئێرانی سەفەویدا دابەش کرا • سوڵتان سەلیمی یەکەم بە یاریدەی مەلا ئیدریسی بە دەسەڵات ( واتە ئیدریسی بدلیسی — وەرگێر ) بۆ ئەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵات لە دەست درێژیی ئێران بپارێزێت‌و رزگار بکات ، بۆ ئەم مەبەستە عەشرەتی کوردی نادرە ئەو ناوچانەو بە درێژایی سنووری ئێران‌و تورکیا لە لێواری رووباری ئاراکساوە هەتا کۆتایی خوارووی دووئاوانەکەی پڕ کرد لەو عەشرەتە کوردانە •

نووسەرە یۆنانی‌و پیزەنتییەکان کە دێنە سەر باس‌کردنی تەبیاتی کورد ، وەك میللەتێکی ئازاو شەڕکەرو سەربەستی خواز ناوی ئەبەن • لەماوەی سەدەها ساڵدا نە یۆنانە پیزەنتەکان‌و نە تورکە سلجووقییەکان‌و نە تەتەرە مەنگۆلییە داگیرکەرەکان بۆیان نەکرا سەریان پێ‌شۆڕ بکەن • بگرە هەتا پاش دابەش کردنی کوردستانیش دەسەڵاتی تورکیاو ئێران لەناوچەکەدا ئەوەندە سەرزاری بوو ، عەشرەتە کوردەکان بە ئاسانی وبەئارەزووی خۆیان ئەم دیو ئەو دیویان ئەکردوو دانیان بە دەسەڵاتی هیچ لایەکیانا نەئەنا • شەرەفخانی مێژوو نووسی کورد ئەنووسێت : « سوڵتانە خاوەن شکۆکان قەت دەست درێژییان نەئەکردە سەر

یشتمان‌و خاکیان ( واتە هی کوردەکان ــ نووسەر ) بەلایانەوە ئەوە سەرو زیاد بوو دیاریان بۆ بنێرن‌و بەگوێیان بکەن‌و لەکاتی پێویستدا سەربازیان بدەنێ »[٢] •

ئەوی راستی بێت کوردەکان هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەست بەرداری سەربەستییەکەی خۆیان نەبوون •

ئەو شوێنە بێ هاوتایەی کوردستان لە ناوجەرگەی رۆژهەڵاتی نزیکدا هەیبوو ، هەرگیز وای ئەکرد کوردستان لە رۆژانی کۆنەوە ببێتە بنکەیەکی ریگاو بانی بازرگانی لە نێوان ئەورووپاو ئاسیادا • ( ئەگەر کوردستان رۆژێك لە رۆژان بووایە سەرەرێی بازرگانی‌و مەلبەندی بازارێکی گەورە ، ئەوە دووا رۆژی بە جۆرێکی‌تر ئەبوو • بەپێچەوانەوە ، دۆخی جوغرافی کوردستان هەمیشە وای ئەکرد کوردستان دووربێت لە ریگای بازرگانی جیهانییەوە • بەڵگەش ئەوەیە بە درێژایی مێژوو شارێك لە کوردستاندا نەبووە بنکەیەکی بازرگانیی گەورە • هەر لەبەر ئەمەش کوردستان لە سەرمایەدارێتی جیهانی دووربوو • هەتا ئەمرۆش نیشانەی کۆمەڵگای لەوەڕگایی‌و جووتیاریی پێوە دیارە ــ وەرگێڕ ) •

ئەمەش ماناو ناوەرۆکێکی سیاسی‌و ستراتیجی گەورەی کوردستان روون ئەکاتەوە • لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، لە سەردەمی پەرپابوونی سیاسەتی داگیرکەرانەی وڵاتە ئەورووپاییەکان لە رۆژهەڵاتدا ، ماناو گرنگیتی کوردستان بە تیژی پەرەی سەند •

ئەگەر لە رۆژانی دێرینداو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کوردستان لەگەڵ ئەرمینیا مەیانی شەڕو هەرای گەرم بووبن لە نێوان دەولەتە

دراوسێیەکانداو دووایی بووبنە مەیانی داگیر کردنی تورکە سەلجووقییەکانو تەتەرە مەنگۆلییەکان ، ئەوە لەسەردەمە نوێیەکاندا بووە ( واتە کوردستان ـ وەرگێر ) یەکێك لە مەیانە گرنگەکانی بەیەکا چوونی بەرژەوەندیە سیاسییەکانی وولاّتانی ئاسیاو ئەورووپا .

× × ×

لەو ماوەیەی ئەم کارە باسی ئەکات دۆخی ئابووری ناوچە رۆژهەلاّتییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تەواو قورس‌و پەرێشان‌بوو . ئەو هەرەس هێنانە قوول‌و تیژەی کشتوکاڵ لە ناوچەکانی کوردو ئەرمەندا پەیوەندی بە رادەی نزمی هێزی بەرهەم هێنان‌و جۆری بەرهەم هێنانی رژێمی دەرەبەگییەوە هەبوو . ك . ماکوان ، کە بەسەرنج دانەوە رادەی نزمی کشتوکاڵ لە تورکیا ئەخاتە بەرچاو ، دێت بەراوردێك لەگەڵ ئەو ئامێرانە ئەکات کە جووتیارەکان بەکاریان ئەهێنان ، ئەو ئامێرە سەرەتاییانەی وەك تەور کە لە زەمانی نووحدا بەکار ئەهێنرا[٣] .

لەبەشی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ، بەشێکی زۆری دانیشتووانی کوردستان وازیان لە ژیانی نیمچە کۆچەرایەتی هێناو دامەزران ، ئەمە بووە هۆی دارزاندنی رێکخراوە عەشرەتییەکان‌و پەیوەندیەکی تەواویشی بەو گۆڕانەوە هەبوو کەبەسەر ژیانی ئابووریدا هات . سەرەك عەشرەت کە بەچەند کەسایێکی دەورو بەری خۆی دەوردرابوو ، بێ بەزەییانە ئەندامە سادەکانی عەشرەتەکەی ئەچەوساندەوەو خوێنی ئەمژین . هەر بۆ نموونە : ئەو کوردانەی لە ژێر سایەی جافەر ئاغای سەرۆکی یەکێك لە عەشرەتە کوردەکان‌بوو

له رووسیا ، ئەبوو بە خۆڕایی ئیشـــیان بۆ بکردایە . ئەبوو داری ووشکی بۆ ئامادە بکەن ، لە شـــاییدا دیاری بدەنێ ، دیارییەکەش ( گا )یەك بوو . س . ئا . ئیگیازارۆف ئەنووسێت : لە ناو خەڵکەکەدا پەندێك بڵاو بووبۆوە . پەندەکە بریتی بوو لە ( گایەکەی جافەر ئاغا ) ، ئەمە وەك ئەرك‌و بارێکی گران ناو ئەبرا[٤] .

بەهۆی ئەو هەموو باج‌و سەرانە قورس‌و گرانانەی میری لەسەر مەڕو ماڵات‌و موڵکی ئەژواو ( مردەحاڵ ) دانرابوون ، کوردە نیمچە دامەزراوەکان لە هەژاری‌و بێ دەرامەتییەکی قووڵدا ئەژیان . عەشرەتی جاف[٥] بەم جۆرە باجی ( خەرجی خانە )[٦] واتە باجی ( سەر ماڵ )ی ئەدا . بۆ کۆ کردنەوەی خەرجی‌خانە کەسانی تایبەتی بەناوی ( وجوه ) واتە ( ئەعیان ـ یان دەم‌سپی وەرگیر ) دائەنران . هێندێ جار سەرەك عەشرەتەکان خۆیان ئەبوون بەو ئەعیانانەو سوودێکی باشیشیان لـەم پیشە نوێیەیان ئەدی‌و بەشێکی زۆری ئەو باجانەیان ئەخستە گیرفانی خۆیانەوە . جگە لەم خەرجی خانەیەش ، کوردەکان باج‌و سەرانەیەکی زۆری تریشیان ئەدا بە سەرۆکەکانیان . ئەو عەشرەتە کوردانەی وەك : شیڤیزووری ، پیریسانی ، رەواندووز ، سوورچی ، هەرکی ، کووری ، زراری‌و هی‌تر ، ئەوانەی لە تورکیا ئەژیان‌و هاوینان کۆچیان ئەکرد بۆ لەوەڕگاکانیان لە ئێران ، ئەو عەشرەتانە لە دوخێکی خراپتردا ئەژیان . ئەوانە ئەبوو باج‌و سەرانە بدەن بە هەردوو دەوڵەتەکـــە . دەیەك بە تورکیاو باجی سوود بینینیش لە لەوەڕگاکان بە ئێران[٧] . ئەگـــەر کوردەکان ، زستانان لە زەوی‌و زارە کێڵروەکانیان لە ئێراندا ( مێزرا ) بمانایەوە ، ئەوە ئەبوو خاوە واتە خەرجی خانە بدەن بە کاربەدەستان .

کەمو زۆری ئەو خارجی‌خانەیەش بە زۆری لەسەر رادەی گەورەو بچووکی زەوی‌و زارەکان بوو[٨] .

بە هۆی ئەو باج‌و سەرانە قورس‌و گرانانەوە ، چەند عەشرەتێك بەناچاری زیاتر روویان ئەکردە دامەزراندن‌و بەرە بەرەش ئابووریەکەیان بەرەو کشتوکاڵ ئەڕۆیشت . سەرنج‌دان‌و ورد بوونەوە لە عەشرەتی جاف وچۆن لە دۆخێکی نیمچە کۆچەرییەوە بوو بە عەشرەتێکی دامەزراوو کەوتە خەریك بوون بە زەوی چاندنەوە ، باشترین نموونەیە .

جافەکان زستانیان لە هەرێمی سلەیمانی ئەبردە سەر . لە ساڵانی ( ٣٠ )ی ، سەدەی نۆزدەهەمدا ، عەشرەتی جاف زەوی‌و زارێکی کێڵراوی ئەوتۆی بۆ زستان نەبوو . بەروو بوومی گەنم‌و جۆی ئەو زەوی‌و زارانە بەشی پێویستی عەشرەتەکەی نەئەکرد . لەبەر ئەمە جافەکان گەنم‌و جۆو خواردمەنی تریان‌ئەکڕی . بەڵام لە ( ٥٠ ) کانی ساڵانی ئەو سەدەیەدا سنووری زەوی‌و زاری کێڵراو تەواو پەرەی سەند . ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە بوو دەرەبەگەکان زەوی‌و زارەکانیان بە دەیەك‌و بەسوخرە ئەدا بەکرێ ، هەروەها لەئەنجامی کێڵاندن‌و بەکارهێنانی زەوی‌و زارە نەکێڵراوەکانیشەوەبوو[٩] . ئیتر لێرە بە دواوە عەشرەتە کوردەکان ، هاوینان روویان نەئەکردە لەوەرگاکان ، بەڵکو تەنیا مەڕو ماڵاتەکانیان بۆ ئەو لەوەرگانە ئەنارد . نموونەش عەشرەتی ( رێنمێك )ە ، ئەو عەشرەتەی هەمیشە لە ناوچەی بتوین ئەژیاو هاوینان مەڕو ماڵاتەکەی ئەناردە لەوەڕگاکانی شاخی قەندیل[١٠] . بەڵام ئەوانەی مەڕو ماڵاتێکی کەمیان بووایە ئەرە زیاتر

بەزەوییەوە ئەبەسترانەوەو خۆ ئەگەر بکەوتنایە کۆچ کردن ئیتر ئەرکی شوانێتی یان هەر ئەرکێکی‌تر لە تووانایانا بووایە پێیان ئەسپێردرا .

سەرۆکە خانەدانەکان ، نەك هەر ئەندامانی عەشرەتەکانیان بەڵکو دانیشتووە دامەزراوەکانیشیان ئەچەوساندەوە .. ئەوانەی لەناو بێ دەسەلاتی پەنایان ئەبردە بەر سەرەك عەشرەتە بە تووانا‌کان بەو نیازەی لە دەست درێژیو تالآن کردنی بێ وچانی کۆچەرەکان بیانپارێزن . بۆ ئەمەش ئەبوو جووتیارەکان خاوە بدەن بە سەرەك عەشرەتەکانو لـە ئاست هەموو فەرمانەکانیانا سەرکزو مل کەچ بن .

ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوان سەرەك عەشرەتەکانو دانیشتووە دامەزراوەکان لەلایەن کاربەدەستانەوە پەسند ئەکراو پشتگیریی ئەکرا . ئەوەتا کاربەدەستانی ئێران بەمەبەستی ئەوەی عەشرەتە کوردەکانی تورکیا بەلای خۆیانا رابکێشن مافێکی زۆریان ئەدا بە سەرەك عەشرەتەکانی ئەوێو دەمیان چەور ئەکردن . بۆ نموونە مافی ئەوەیان‌دا بە پیرۆت ئاغای سەرەك عەشرەتی مامش هەموو هەرێمی پاسوا بە هەزار تومەن بکرێت یان بە کرێی بگرێت لەوە ۲۰۰ تومەنی بۆ خۆی بوو هەشت سەدەکەش بۆ خەزێنە[11] . ( پاش سەرهێنانو سەربردنو دووایی پرسیار کردن لەمو لەو مانای ئەم رستە هەروەها دەرچوو کەبەلامەوە راست نییە ـ وەرگێر ) . کاربەدەستانی تورکیش بۆ هەمان مەبەستو بۆ ئەوەش ئاگری دوژمنایەتی نێوان کوردو ئەرمەن خۆش بکەن ئەهاتن ئەم پارچە یان ئەو پارچە زەوییەیان ئەدا بەم یان بەو دەرەبەگو ئاغا کوردەکان[12] .

سەرەك عەشرەتە کوردەکان بۆ ئەوەی جووتیارەکان بەژێر

دەستەیی بهێڵنەوە . دەستەیەك پیاوی چەكداریان نە خزمو كەس و كاری خۆیانو كەسانی هەژارو بێ دەرامەتو رەشو رووتی عەشرەتەكــــە پێكهێنابوو چەكو وولاخیان پێ ئەدراو بەخێو ئەكران • وەك چۆن بۆ چاو ترساندنی عەشرەتەكە وەهاش دژی عەشرەتە بچووكە نیمچــە كۆچەرە دراوسێیەكانیش بەكار ئەهێنران ، بەو نیازەی بەكو سەرۆكی ئەو عەشرەتانە بخەنە ژێر ركێفی خۆیانەوەو تالآنیشیان بێ بكەن • جگە لەمەش ئەركی باجو سەرانە • كۆكردنەوەش لە دانیشتووە دامەزراوەكان خرابۆوە ئەستۆی ئەمانە •

دوژمنایەتیو شەڕو هەرای نێوان ســەرۆكە كوردەكان ئەبووە هۆی تالآن كردنی گوندەكانو لـــە ناو بردنی مەزروعاتو دەردو فوڕبەسەری خەڵكو خواكە • دەسەلآتی عەشرەتەكان كـــە لەلایەن كاربەدەستانەوە پشتگیری ئەكرا ، كاریگەرانە كاریكردە سەر رادەی پێشـــكەوتنو نەشــــەو نومای ئابووری ناوچەكــــە • دانیشتووە دامەزراوەكان ، لە ئەنجامی ئەوەی كۆچەرەكان بێوچان پەلاماریان ئەدانو تالآنیان ئەكردن ، ناچار بوون جارێكیتر بگەڕێنەوە سەر ژیانی كۆچەرێتی • بۆ نموونە دانیشتووە كوردەكانی ( كوێر حوسەین )ی ( بانە ) جارێكیتر بوونەوە بە كۆچەر[١٣] •

گەڕاندنەوە بەرەو ژیانی كــۆچەرایەتی ، بە زۆریی لــەناو ئەو هەموو باجو سەرانانەبوو كەمیری ئەیسەندو لەبەر ئەوەش بوو سوپای میری لــەو ناوچانەدا ئەگیرسانەوە • ئەلێــزا ریكلۆ ، لــەم رووەوە ئەنووسێت : كەمو زۆریی ژمارەیان ( واتــە ژمارەی كۆچەرەكان ــ نووسەر ) ، لەسەر دۆخی سیاسیی وەستاوە • بۆ نموونە ، ئەگـــــەر

موتەسەریفی ناوچەکــــەو هێزی ســـوپایی بکەونە ڕووتاندنەوەی دانیشتوانی ناوچەکە ، ئەوانەی خەریکی زەوی چاندنن ، ئەوسا بــە ناچاریی ناوچەکە چۆڵ ئەکەن و ڕووئەکەنەوە ژیانی کۆچەرایەتی • لــە ڕۆژانی باشیشـــدا بەدیار ئەو زەوی زارانە ئەمانەوە کــە پێیان درابوو(١٤) •

گەلێــك لەوانەی زەوی و زاریان ئەکێلا ، لــە ئەنجامیی زۆر لێ‌کردن و پاڵە پەستۆی نیمچە کۆچەرەکانەوە ، ناچار ئەبوون بکەونە بەخێوکردنی مەڕومالات • بۆ نموونە ، جاران ناوچەی ( ئاباغا ) لــە هەرێمی وان کە زوربەیان کوردە یەزیدی‌یەکان بوون ، لە ناوچە هەرە بەپیتەو بەرەکەتەکان بوو ، بەلام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە ، لە ئەنجامی دەست درێژیی و پاڵە پەستۆی خێلەکانی ناوچەکـــەوە ، پرش و بلاو بوونەوەو ناوچەکەش بووە لەوەڕگا(١٥) •

سەرۆکە ئاینی‌یەکان ئەوەندەی‌تر ئەبوونە هــۆی خراپ بوونی دۆخی هەژاریی خەلکەکە • سوودیان لە دەسەلاتی خــۆیان ئەبینیی و کەس نەبوو بتوانێ دەست بۆ مافەکانیان درێژبکات • ئەوەی بە قەدەر سەری دەرزی‌یەك دەنگی بەرز بکردبایەوە بە لە خوا نەناس دائەنرا • زانیاری‌یەکی زۆر دەربارەی ئەوە هەیە چۆن شــێخەکان ئەوانەیان سزا ئەداو ئەیان ڕووتاندنەوە کە لە سەرقەبلاندن دووا ئەکەوتن •

لە ژێر پەردەی « پاراستنی ئاسایش »دا ، زۆر جــار شێخەکان دەسەلاتی‌خۆیان بەســـەر دانیشتووە ناموسـلمانەکاندا ( واتە گاورەکان ــ وەرگێر ) ئەسەپاندو بەزۆری زۆردارەکی هەمە جۆری سەرانەیان لێ ئەسەندن • لەمەش زیاتر سەرۆکە ئاینییەکان بەو نیازەی

دەستکەوتی خۆیان زیاتر بکەن ، بە یارمەتی‌و پشتگیری کاربەدەستان جارەهای‌جار ئاگری دوژمنـــایەتی نەتەوەیی‌و ئائینیان لـــە نێوان دانیشتووەکاندا خۆش ئەکرد[١٦] . جا ئەگەر ئەم سیاسەتە لـە زۆر شوێندا بەتایبەتی لەناو کوردە نیمچە دامەزراوەکاندا ئەچووە سەر ، بەڵام بە پێچەوانەوە لەناو جووتیارە کوردو ئەرمەن‌و ئاسووریەکاندا سەری نەئەگرت . نوێنەرەکانی میللەتی ئەرمەن جارەهای جار ئەوەیان دووبارە ئەکردەوە کە گلەیی‌و ناڕەزاییان نەك لە گەلی کورد بەڵکو لە ئاغاو دەرەبەگە کوردەکانە . ئەوانەی کوردو ئەرمەنیان وەك یەك ئەڕووتاندەوە . هرمیان ، ئەوەی ئەرمەنییەکی کاسۆلیکە ، لە سکاڵا نامەکەیدا ئەنووسێت : « ئەوان ( بەگە کوردەکان ــ نووسەر ) ، نەك هەر جووتیارە ئەرمەنەکان : بەڵکو کوردەهاو خوێنەکانی خۆشیان بە ئەڵقـــە لــە گوێی خۆیان دائەنێن ئەوانـــەی ژێر دەســـتەی ( تۆروونەکان )ن[١٧] ، (واتە ئەوانەی خاوەن پلەی بەرزن ــ نووسەر) . باشترین نموونەش ( شاتاخ )[١٨] بوو ، لەوێ دەرەبەگــە کوردەکان وەك چۆن ئەرمەنەکانیـــان ئەچەوساندەوە وەهاش کوردەکانیـــان ئەڕووتاندەوە . لـــە شاتاخ هەموو زەوی‌و زارەکان لـە ژێر چنگی دەرەبەگــە کوردەکاندا بوون . نەك هەر لەوێ بەڵکو لـــە ناوچەی ڕۆژهەڵاتییەکانی تری تورکیادا ، لە هەموو لایەکدا ، خاوەن زەوی‌و زاری گەورەو فراوانی کورد بە چـاو ئەکرا . لـــە ناحیەی سنجاق ( وا دیارە نووسەر ناحیــەو سنجاقی تێکەڵ کردووەو بە دوو شـتی جیاوازی داناوون . دووریش نییە ناحییەیەك بووبێت ناوی ســنجاق بوو بێت ــ وەرگێڕ ) ، دوو دەرەبەگی کورد دەستیان بەسەر هەموو زەوی‌و زارەکانی ئەو سنجاقەکەدا گرتبوو کە ناویان میر ئاغاو حوسەین

ئاغا بوو • به جووته زوربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەو ناوچەیەیان ئەرووتاندەوە »[19] •

شێخو بەگە کوردەکان زوربەی هەرە زۆری ناوچەکانی باکووری رۆژهەلاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان ئەرووتاندەوە • جووتیارە ئەرمەنەکانی ناوچەکانی باکووری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ، بە تایبەتی ، لە دۆخێکی هێجگار تاڵو ترشدا بوون • ئەو ئەرمەنانە ئەبوو داخوازیو خواستی دەرەبەگە کوردەکان بەجێ بهێنن‌و نەولاشەوە کاربەدەستان کەرو لاڵانە سەیری ئەو خوێن مژینو ستەمکارییەیان ئەکرد •

لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە ، هەوڵو تەقەللای دەرەبەگە کوردەکان بەنیازی داگیرکردنو دەست بە سەراگرتنی زەویو زاریتر ، ئاشکرا پەرەی سەند • ئەو هەموو زەویوزارە زۆرە کێڵراوانەی دەست دەرەبەگە کوردەکان کەوت ، لەئەنجامی کڕینی زەویوزاری میریی و زۆر کردنو دەستدرێژی کردنە سەر میللەتە دراوسێیە ناموسڵمانەکانو دەرکردنیانو دوایی داگیرکردنی زەویوزاری خاوەن مولکە بچووکە لاوازەکانەوەبوو •

بەپێی یاسا جووتیارە بێ زەوییەکان ژێر دەستەی دەرەبەگەکان نەبوون ، بەلام لە رووی ئابوورییەوە سەروم‌ڕ بەوانەوە لکابوون • دەرەبەگ بەپێی رژێمی سێ‌یەك زەویوزاری ئەدا بە جووتیارێکی بێ زەوی ، لە ناوچە رۆژهەلاتییەکانی تورکیادا رژێمی سێ‌یەك « رەبا سووخۆری — وەرگێر — » تەواو ناسراوو بلاو بوو • ڤ • ئی • لێنین سەرەبارەی ئەو رژێمی سێ‌یەکەی زیك بە « رەبا سووخۆری »

بوو ، ئەنووسێت : « لەم تورمەدا بەتایبەتیو بەئاشکرا روخساری پەیرەوی کارکردن بەقەرز خۆی دەرئەخات • واتە سروشتی سووخۆری لەبەکرێداندا »[٣٠] •

لە باتی ئەم پەیرەوی بە ئیجاردانە قورس‌و گرانە ، دەرەبەگەکان قەرزیان ئەدا بە جووتیارەکان هەروەها کەلوپەلی بەرهەم هێنان‌و زەوی‌و تووشیان ئەدانێ • بەواتەی ، ( ئا ــ دۆ ) ، دەرەبەگەکان لە ئەنجامی بەجێ‌هێنانی ئەو پەیرەوە $\frac{2}{3}$ی بەرهەمیان بۆ خۆیان ئەبرد[٣١] • دەرەبەگەکان بۆ ئەوەی پتر جووتیارەکان بچەوسێننەوەو خوێنیان بمژن هەولیان ئەدا کێلگەکان لە گاجووت‌و ئامێری زەوی کێلان بێ بەش‌بکەن •

لە کاتێکدا دەرەبەگەکان جووتیارەکانیان ماڵوێران‌و نابووت ئەکرد ، زۆر جار ئەهاتن بە ناوی ( خێرکردن‌و پیاوەتییە )وە ، بۆ ماوەیەك گایەك‌و نەختێك گەنم‌و جۆیان پێ ئەدان • بەلام ئەم قەرزە ( خێرە )ی دەرەبەگەکان ، خێر پێ‌کراوەکانی واتە جووتیارەکانی ئەخستە گێژاوی دۆخێکی ئابووری وەهاوە کە هەرگیز چاویان لەدەستی دەرەبەگەکان‌و یارمەتی‌یان خێر پێ‌کردنەکەیان بێت •

کرێ‌گر جگە لەو باجانەی بە دەرەبەگی ئەدا ، ئەبوو باجەکانی میریش بدات • خۆ ئەگەر دەرەبەگەکە لە گوندەکەدا بووایە ، ئەوسا ئەبوو خێزانی کرێ گرەکە ، خزمەتیان بکات • دەرەبەگ بەچاوی کرێکار سەیری کرێ گرەکەی ئەکرد ، هەر بەو جۆرەش رەفتاری نەگەڵدا ئەکرد • بۆی هەبوو جنێوی پێ بدات‌و لێی بدات‌و بگرە لە زەوییەکەش دەری‌بکات • بەلای کەمەوە هەموو جووتیارەکان بۆ

سوخره ئەبرانو ئەبوو لەزەوىو زارى دەرەبەگەکاندا بەخۆڕایی ئیش بکەن • نموونەیەکی زۆر دەربارەی ئەوە هەیە چۆن جووتیارەکان هەموو شتێکیان بە دەست دەرەبەگەکانەوە بوو(٣٢) • جووتیارەکانی گوندی هۆسان لە ساڵی ١٨٩٣دا ئیشیان بۆ موحەمەد ئاغای دەرەبەگەکەیان ئەکرد • « ٣٠ کەس بۆ ماوەی دوو رۆژ ئاردیان بۆ ئەهێناو ئەبرد • ( ٥٠٠ ) کەس بۆ هێنانو بردنی گەنمو جۆکەی هەڵ ئەسووڕان • ( ٥٠ ) کەس ، بۆ ماوەی سێ رۆژ ڕێگاو بانەکانیان پینەو پەڕۆ ئەکرد • ( ٤٥٠ ) کەس ئانیان ( نیازی لە گەنمو جۆیە ـ وەرگێر ) ئەبردە عەمارەکانی • ( ١٥٠ ) کەس خانوویان بۆ دروست ئەکرد • دانیشتووانی گوندەکە چۆخیان بۆ ئەچنیو کەرەستەی خانوو دروست کردنیان بۆ ئامادە ئەکرد »(٣٣) •

دەرەبەگە کوردەکان لە کاتێکدا بێ بەزەییانە جووتیارەکانیان ئەڕووتاندەوە ، خۆشیان ژیانیان بە رابواردنو راو کردنو تیرو تەسەلی ئەبردە سەر • ئا • ئا • ئاراکێلیان داد پەروەرانە ناوی ( لامۆ ) یان لێ ئەنێو ناو ـ لێنانەکەش پڕ ـ بە ـ پێستیانەو ـ بەوەش ـ ناویان ـ ئەبات کە لەوەزیاتر خاوەن چەك بێ هیچیتر نین(٣٤) •

ئیلیزە ریکلا ، ژیانی پڕ لە خۆشیو شادی دەرەبەگە بێ کارەکان لەگەڵ ژیانی پڕ لە هەژاریو برسێتی جووتیارە کوردو ئەرمەنەکان ئەخاتە تای تەرازووەو بەراوردیان ئەکاتو ئەنووسێت : « کۆخێکی زستانی ، ـ ریکلا ئەنووسێت ـ وەك هی جووتیارە کوردەکان وەهاش هی ئەرمەنەکان ، کۆخێکی ساکاری لە قوڕ دروست کراوە • نیوەی ژێرخانە ، سەربانەکەی بەجۆرێك داپۆشراوە لەگەڵ زەوییەکەی دەورو

بەری کەپێوەی نووســــــەوە جیا ناکرێتــــەوە • ئەو گژو گیایەی بەسەربانەوەکانن گژوگیاکەی دەورو پشتی قوخەکــەن • بەهاران‌و هاوینان ئەو گوڵانەی لەبان سەربانەکان‌و زەوی‌یەکانی دەورو بەریان ســەر دەرئەهێنن . یەك شتن • گوندەکە بە جۆرێك لەگــەڵ زەویدا تەخت بووە ، مەگەر بەس زبڵ‌و تەرسی کۆ بۆوە وا لەرێبوار بکات هەست بکات لەو شوێنەدا گوندێك هەیە • بەرامبەر بەمە چەند شێخ‌و دەرەبەگێکی کوردی خاوەن دەسەڵات خانووی لەبەرد بگرە لەمەڕمەڕ دروست کراویان هەبوو »[٣٠] •

شان بەشانی پەرەسەندنی پەیوەندیی پارەو پوول‌و کەلوپەل ، دۆخی جووتیارەکان ئەوەندەی پەرێشــان نەبوو • گەلێك لــــە دەرەبەگەکان لەوانەی پەیوەندییان بە بازاڕەوە هەبوو ، داوایان لــە جووتیارەکان ئەکرد لە جیاتی بەرهەمی زەوی‌وزار پارەو پوولیــــان بدەنێ • ئەو تەنگ‌و چەڵەمەو کۆسپانەی ڕێیان لە جووتیارەکان ئەگرت بەرهەمەکانیان بۆ بازاڕی شارەکان بهێنن ، ناچاری ئەکردن پەتا بەرنە بەر قۆرخچییەکان یان ئەوانەی بە تۆمەری شتومەکیان ئەکڕی • هەر ئەو قۆرخچییانە خۆیان سووخۆری گەورە بوون‌و سامانێکی زۆریان هەبوو •

باجی قورس‌و گــــران لەلایەك ، هــەژاری‌و بێ دەرامــەتی جووتیارەکان لەلایەکی ترەوە ، تووانای ئەوەی پێ نەئەهێشتن باج‌و خاوەکان بدەن ، ئەوسا ناچار بۆ ئەوەی دەغڵ‌و دانەکانیان رزگار بکەن روویان ئەکردە سووخۆرەکان‌و ئیتر ئەکەوتنە داویانەوەو رزگاربوونیان بۆ نەبوو • ژمارەو رادەی باج هەتا ئەهات پەرەیان ئەسـەند • باجی

هەرە گەورەو سەرەکی دەیەك بوو ، کە لە بەرو بوومی کشـــتوکاڵ ئەسێندرا • بەڕەسمی لە ١٠٪ی گەنم و جۆو پووشانەو شـــینایی و میوە(٣٦) ئەسێندرا ، بەڵام لە راســـتیدا رادەی ئەو لە ١٠٪یە بەرز ئەبۆوە • ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٦٧دا گەیشتە لە ١٥٪(٣٧) و لە ساڵی ١٨٦٨ — ١٨٧٠ گەیشتە ١٢،٥٪(٣٨) •

میری راستەو خۆ دەیەکی کـــۆ نەئەکردەوە ، بەڵکـــو لەرێی مولتەزیمەکانەوە وەری ئەگرت • هەر بۆ نموونە بانکی عوســـمانی خۆی گەورەترین مولتەزیم بوو لـــە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا(٣٩) • مولتـــەزیمە گـــەورە گەورەکانیش ناوچەکانیان ئـــەدا بەمولتەزیمی بچووکتر • دەرەبەگەکان بە زۆریی دەوری مولتەزیمە بچووکەکانیان ئەدی • کرێنی ناوچەیەك ، واتە باج کۆ کردنەوە لە ناوچەیەکدا بە چوار پێنج پلەدا تێ ئەپەڕی(٣٠) • ئەم پەیرەوی باج کۆ کردنەوەیە بووبۆوە بارو ئەرکێکی گران بەسەر جووتیارەکاندا • « باری گرانی ئەم باجە — کارلایل ماك کوتان — ئەنووسێت ، لە فۆرم و رادەی باجەکـــەدا نەبوو ، بەڵکو لە جۆری سەندن و کۆکردنەوەکەیدا بوو »(١٣) •

رادەی باجەکە کە لە دانیشتووەکان ئەسێندرا لەوە زۆرتر بوو کە مولتەزیمەکە دابووی • جووتیارەکان نەك هەر دەیەکیـــان بە باج گرەکان ئەدا ، بەڵکو سەرقەباڵەشیان ئەدا بەوانەی لەگەڵیانا ئەهاتن بۆ باج کۆکردنەوە • جووتیارەکان بۆ گاڵتە ناوی « ئەو کەسانەی بۆ خواردن خۆیان هیلاك ئەکەن » لێنابوون •

ئەو باجانەی لەسەر ماڵ و موڵکیش دانرابوون قورس و گران بوون • لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا ئەم باجانە وەك یەك نەبوون •

یاز لەم باجانەش ئەوانەبوو وەك : ( باجی سەر موڵك ، باجی دەرامەت ، سەرانە ) . « ئەرمەنی‌و کوردەکان ــ کۆنسۆلی رووسیا لە نامەکەیدا ئەنووسێت ــ سەرانەکان ئەدەن . بەڵام زوربەی زۆریان لە مانەکەی‌و لە حیسابەکەی ناگەن »[٣٢] .

باجگرەکان سوودیان لەمە ئەدی‌و جووتیارەکانیان رووت ئەکردەوە . لە کۆ کردنەوەی باجدا گوێیان نە ئەدایە ژمارە کەمی دانیشتووانی گوندەکەو رادەی ماڵ‌و موڵکیان . لەبەر ئەمە جووتیارەکان بە ماڵ‌و منالەوە گوندەکانیان بەجێ ئەهێشت‌و روویان ئەکردە گوندی‌تر یان روویان ئەکردە شارەکان تا رزگاریان بێت لە باج‌و سەرانە دانی ئەوانەی دەمێك‌بوو لە گوندەکانیانا نەمابوون یان مردبوون .

( خامچوور ) باجێکی گران بوو لەسەر مەڕو ماڵات‌و گاگەل[٣٣] . ئەم باجە لەو کەسانە ئەسەندرا ، کە مەڕ یان بزن یاخود بەراز وە یان مەڕو ماڵاتی شاخداریان هەبێت . کۆ کردنەوەی ئەم باجەش لە چوارچێوەی ئیلتیزامدا بوو . لە سەرەتادا لەسەریان ئەسەند ( واتە سەرێك لە هەموو دەسەر )[٣٤] ، بەڵام دووایی وای لێهات باجەکە بە پارە بسێنن ، ( سێ پیاستەر ، واتەپێسە ، بۆ هەموو سەرێك ) ئەمەش هێندەی‌تر رادەی مولکایەتی گاگەلی هێنایە خواری‌و هەژارتری کرد . کۆنسۆلی رووسیا لە ئەرزرووم باسی ئەو دۆخە تاڵە ئەکات کە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی باجی خامچوور بەپارە پەیدابوو ئەنووسێت : « زۆر جار روو ئەدات جووتیاری هەژاری قوڕبەسەر داوا لە باجگر ئەکات‌و ئەڵێت : بزنێك بەرە ، مەڕێك بەرە ، بەس داوای پارەم لێمەکە

چونکە نیمە • » بەلاَم باج گری خامچوور وەلامی ئەداتەوە : « بزنەکەی تۆم بۆچییە ؟ خوێ‌و پێستەکەی سێ پێسە ناکەن • دەی بێنە پارەم بدەرێ • چیت هەیە ، چەندت هەیە بمدەرێ »[٣٥] •

بەپێی چەند سەرچاوەیەك دەستکەوتی خامچوور لــە سەرەتای سالَی ( ٧٠ )دا ، لە هەریمی ئەرزرۆم گەیشــتە ( ١٠ ) ملیون پێسە • گەلێك لــە کوردە دامەزراوەکان ، لــە وانەی خەریکی مەڕومالاَت بەخێوکردن بوون ناچـــار ئەبوون ، هەر بۆ ئەوەی لە خامچـــوور رزگاریان بێت ، گوندەکانیان بەجێ بهێلَن‌و جارێکی‌تر رووبکەنەوە ژیانی کۆچەرێتی • هەر بۆ نموونە ، ( نوورشین ) کە گوندێکی کورد بوو لە دۆلی مووش ، جاران نزیکەی چوارسەد مالَ‌بوو ، لە وانە تەنیا پەنجا مالیان مانەوە • ئەمانەش بێ وچان لە لایەن کوردە کۆچەرەکانی مۆتکێن‌و هۆتسـییەوە پەلامار ئەدران • « کــوردەکانی نوورشـین ـــ کۆنسۆلی رووسیا لە ئەرزرووم ئەنووسێت ـــ پێیان ووتم : « لــە مۆتکە ژیان خۆشە ، چــونکە خامچووری لێ‌نییــە ، بۆ سەربازییش نایانبەن • هەرچەندە قایمقامییەتی مۆتکە هەیە بەلاَم جێی داخــە نایگاتێ • ئەو لە مەلاتییە ئەژی‌و تەنیا سکالاَ نامە وەرئەگرێ »[٣٦] •

جگە لەو باج‌و سەرانانەی باس کران ، باج‌و سەرانەو رسوومی هەمە جۆری تریش لە جووتیارە کوردەکان کــۆ ئەکرابەوەو رووت ئەکرانەوە ژمارەی ئەو باج‌و سەرانانە ئەگەیشتە ( ٤٠ ) • بۆ نموونە باجی : خوێ ، راوە ماسی ، دار بردن بۆ شار ، لە خومدانی قوماش بەرەنگی‌شین لە شار ، رەسمی موحاکەمە کردن ، مولك واتــە تاپۆو گەلێکی‌تر •

قورس‌ترین باج ئەو باجەبوو کە ناوی ( قەرە گومرگ ) بوو ، ئەوەی لەسەر خواردەمەنی دانرابوو • ئەم باجە هەتا لە رۆژانی گرانیو نەبوونی خواردەمەنیشدا کۆ ئەکرایەوە • لەبەر ئەوە زۆر جار رووی ئەدا خواردەمەنی نەئەگەیشتە ئەو ناوچانەی تووشی برسێتی ئەبوون • ئەم باجە بووبووە کۆسپێك لەرێی پتەو بوونی پەیوەندیی ئابووری ناوچەکانی تورکیاو تا رادەی خنکاندنو لەناو بردن کاری کردبووە سەر بزووتنەوەی بازرگانی ناوەوەی وولات • لە سالی ١٨٧٤دا ئـەم باجە لابرا •

نەك هەر رادەی باجـەکان بەلـکـو جۆری کۆکردنەوەشـیان بووبۆوە ئەرکێکی گران بەسەر شانی جووتیارەکانەوە • ئەو باجانە لە کاتو سـاتی دانراودا کۆ نەئەکرانەوە • بەلـکـو بە ئارەزووی کاربەدەستانو بەرێوەبەرانی ناوچـەکان یـان بەپێی داخـوازی ئەستامبوول ئەسێندران •

ئەگەر پارەو پوولی ئەو باجانە لە کاتو ساتی خۆیدا نەگەیشتانە کۆشـك ئەوە موتەسەریفو قایمقامەکان تووشی مەترسی سزادانو لابردن ئەبوون • مووچە خۆرەکان بۆ ئەوەی خۆیان لـەو مەترسییە دوور بخەنەوە ، رووی ئەدا لەماوەی یەك‌سالدا هەمان باج چەند جارێك کۆ بکرێنەوە ، ئەوانە ( واتە مووچەخۆرەکان ــ وەرگێر ) هەسـتیان بەوە ئەکـرد جێ‌پێیان لـەقە ، لەبەرئەوە هەر لـە یەکـەم سـالی دامەزراندنیانەوە ، خێرا ئەکەوتنە باج کۆ کردنەوەو رووت کردنەوەی دانیشتووەکان • ئەو پارەیەی کۆیان ئەکردەوە ئەیانکردە مشتی مووچە خۆرەکانی ژوورخۆیانەوە • ئیتر لەوە دلنیا ئەبوون هیـچ نەبێ بۆ

ماوەیەك لە شوێنەکەی خۆیان ئەمێننەوە • لە ناوچەی میانداو لە ئێران لە ماوەی دووساڵدا پێنج قایمقام گۆردران • هەر یەکێك لەوانە لەو ماوەکورتەی قایمقامێتی‌یان تیاکرد ، توانی بەهەموو ناوچەکاندا بگەڕێت‌و لە ڕێی هەڕەشـــە کردن‌و زۆر لێ‌کـــردن پارەو دیاری کۆبکاتەوە[٣٧] •

بەم جۆرە جووتیارە کوردەکانی تورکیا ( ئەبوو کوردستان یان کوردی تورکیـاو ئێرانی بوتایە چـونکە نموونە لـە هەردوو لایان ئەهێنێتـەوە ــ وەرگێڕ ) • لـە یەك‌کاتدا لە لایەن کاربەدەسـتان‌و دەرەبەگەکانی خۆشـیانەوە ، واتە بەگ‌و ئاغا کوردەکان ، رووت ئەکرانەوە • هەمـوو ئەمانە وایان کرد کوردەکان ، لـە پێنـاوی دەست‌خستنی مافەکانیان ڕێی خەبات کردن بگرنەبەرو ڕاست بینەوە •

بزووتنـەوەی رزگاری خوازی گـەلی کورد دژی دەولـەتی عوسـمانی ، بەهۆی دووبەرەکی دەرەبەگ‌و سـەرەك عەشرەتە کوردەکانەوە ، هەرگیز بەشی سەرنەکەوتن بوو • کاربەدەسـتانی دەولەتی عوسمانی لەلایەن دەولەتە ئەوروپاییە هاو پەیمانەکانییەوە ، ئەوانەی سیاسەتی داگیرکەرانەیان لە ولاتەکەدا ئەگێڕا ، هەمیشـە پشتگیری ئەکرا •

# کوردو شەڕەکەی نێــوان رووسیاو تورکیا
# لە ساڵی ١٨٧٧ ــ ١٨٧٨دا

لــە سەدەی نۆزدەهەمدا ، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کــە لەژێر سـایەو دەسەڵاتی خۆیدا گەلێــك میللەتانی ئەوروپاو ئاســیای یەكخستبوو ، تووشی تەنگو چەلەمەیەكی سیاسیو ئابووری قورس‌و گران هات . دەمێكبوو هێزو تواناى جەنگیی ئیمپراتۆرییەتەكە پەكی کەوتبوو . راپەڕینە رزگاری خــوازەکانی میللەتە زۆر لێکراوەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتەکــــە نیشـــانەی ئەوە بوون ئیمپراتۆرییەتەکە زۆر نابات بەلادا دێتو ئەڕمێت .

هەوڵو کۆششی سوڵتان ، لەرێی ئیسلاحاتەوە ، بۆ هێنـــانەدی ئامانجە میرییەکان ، سەری نەگرت . میللەتەکانی بەڵقان پاش هەموو شەڕو بەیەکاچوونێکی رووسیاو تورکیـــا خەباتیان بەتین‌تر ئەکردو مافەکانیان هێندەی‌تر ئەچەسپاند .

دەولەتە گــەورەو مەزنەکانی ئەورووپا ، سوودیان لــە لاوازی دۆخی ئابووری‌و جەنگیی‌و سیاسی ئەستامبوول ئەدی‌و هێنــدەی‌تر دەستیان ئەخستە کاروباری ناوەوەی دەولەتی عوسمانی‌و هەوڵیان ئەدا پەرژەوەندیە کۆلۆنیالییەکانیان بە چارەنووسی میللەتەکانی دەولــەتی

عوسمانییەوە بەستن ، ئەو میللەتانەی لە پێناوی سەرفرازی خۆیاندا ئەکۆشان ۰ کێشەی « میراتەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی » پەیوەندی لەگەڵ پەرژەوەندی گەلێك دەوڵەتە ئەورووپاییەکانەوە هەبوو ۰

لە ئەنجامی سەرکەوتنی میسرییەکان لە ساڵانی ( ٢٠ ـ ٣٠ )ی ، سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەڵاتی سوڵتانو هەیبەتەکەی بەسەر میللەتانی عەرەبو کوردو ئەرمەندا تەواو کزبوو ۰ هەر بۆ نموونە ئەو دەسەڵاتە لە کوردستاندا سەرزاریو رەواڵەت بوو ۰ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بنەماڵە سەردارەکانی رەواندوزو بۆتانو بدلیسو هیتر بەرێوەبەرایەتیو سەرداریتی راستەقینەیان بەدەستەوەبوو ۰ ئارەزووی حەز بە جیابوونەوەی ئەم سەردارانە خەوو خۆراکی لە ئەستامبوول بڕیبوو بەتایبەتی ئەوانەی لە سەر سنوور بوون ۰ سوپایەکی گەورەی هێزەکانی تورك بە فەرماندەی رەشید پاشا ، پاراستنی ئاسایشی لەم ناوچە ( نارەحەتانە ) پێسپێردرابوو ۰ بەڵام کوردو ئەرمەنەکان بەتوندی بەرهەڵستی هێزەکانی تورکیان ئەکرد ۰

ئەو هەستی ناحەزیو تووڕەییەی دووای کردەوە خوێناوییەکانی رەشید پاشا لە ناو کوردەکاندا دژی عوسمانی تەشەنەی کردو ، دووایی لە رۆژانی شەڕەکەی قرمدا لە راپەڕینێکی وەها توندوتیژدا لە کوردستان تەقییەوە ، بووە هەڕەشەیەکی راستەقینە بۆ ئەستامبوول ۰ ئینگلیزە هاوپەیمانەکانی عوسمانی لە شەڕەکەی قرمدا دەورێکی کەمیان لە کوژاندنەوەی ئەو راپەڕینەدا نەبوو ۰

ئەم شەڕە هێندەیتر تورکیای لاواز کردو ، ناچاری کرد لە

دووارۆژدا زیاتر بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە • ئەو دەوڵەتانە دەستیان ئەخستە کاروباری ناوەوەی وڵاتو دەستیان بە تەواوەتی بەسەر دۆخی ئابووریو دارایی وڵاتەکەدا گرتبوو • وڵاتەکە کەوتبووە گێژاوی نابووتییەوە ، خەزینەش عەتاڵو بەتاڵ بوو ، لە ئەنجامی کردەوەی جەنگی ، گەلێك لە زەویو زارەکان کەلکی چاندنو کێلانیان پێوە نەمابوو • دۆخی ئابووری چەند هەرێمێکی گرنگ سەرەو نگووم بووبوو ، دانیشتووەکان سەری خۆیان هەڵ ئەگرتو ئەوناوچانەیان بەجێ ئەهێشت • دزیو جەردەییو رووت کردنەوە پەرەی سەندبوو ، لە دۆخێکی وەهادا ، سوڵتان لە ساڵی ۱۸۵٦دا فەرمانێـکی سوڵتانی دەرکرد ، ئەوەی بە ناوی ( خـەتی هەمەیۆنی ) ناوبانگی دەرکرد • ( خەتی هەمەیۆنی ) ئامانجـەکانی میللەتی نەهێنایەدی ، بەڵکـو بەپێچەوانەوە وڵاتەکەی هێندەی تر خستە ژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارێتی بێگانەوە ، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی تەشـەنە کردنی ناڕەزایی دانیشتووان بە تایبەتی لەو شوێنانەی مەیانی شەڕبوون •

کوردە دامەزراوەکانو ئەرمەنەکان ، دووای ئەوەی هیوایان بڕی لەوەی دەرفەتێك بدۆزنەوەو بتوانن بە ئاسوودەیی بژین ، ناچار دووا کـەلو پەلو ماڵو مولکیان بەجێهێشتو گەلێك لـە هەرێمەکانیان چۆڵکردو سەری خۆیان هەلگرتو ئاوارە بوون • لە ساڵی ۱۸۷۳دا سـەرهەلگرتنو وڵات بەجێ هێشتن گەیشـتە رادەیەکی ئەوتۆ گەلێك لە کاربەدەستانی تورکی ترساند •

سامی پاشای موشیری ئەرزرۆم بێ وەستان داوای لە قایمقامی ( باسینا ) کرد ( لەوێ لە هەموو شوێنێکیتر زیاتر خەلکەکە کەوتبوونە

بیشـــتمان بەجێ هێشتن ) خێرا سەر لەو گـــوندانە بدات‌و وا لــە دانیشتووەکانیان بکات مەزبەتە بنووسن‌و لەو مەزبەتەیەدا ئەوە ئاشکرا بکەن کە چاویان لەژێردەستەیی سولتانەو هەرگیز حەز ناکــەن ئەو « تورکیــا جوان‌و بەهەشــتە »[1] بەجێ بهێلن • بەڵام زۆری نەبرد قایمقاکە ناچاربوو بە برووسکەیەك وەلامی بداتەوەو دان بەوەدابنێ کـــە ئەرمەنەکانی ( باســـینا ) رازی نەبوون مەزبەتەکەبنووسن • پێویستبوو باج‌و سەرانەی‌تر دابنرێت • بریاردرا بەزۆر کوردە نیوە کۆچەرەکان نیشتەجێ بکرێن •

ئەم پرۆژە نوێیەی « دامەزراندن »ە ، دانیشتووە کـــوردەکانی ســـنجاقەکانی ئەرزرۆم‌و قـــارس‌و بایەزیدو وان‌و مووشی تـــەواو وروووژاند • ئەو مەترســـییە سەرەکییەی کوردەکانی لـــەم پرۆژەیە ئەســـلەمانەوە ئەوەبوو لەتەك باج‌و ســـــەرانەدان بەمیریی ئەبوو سەربازیشی بدەنێ •

خێلە کوردەکان هەر ئەوەیان بۆ مابۆوە ، ئەبێ راست بینەوە یان هیچ نەبێ روو بکەنە سنوورەکانی ئێران‌و رووسیا ، ئەمەش ( واتــە رووکردنە رووسیا ـــ وەرگێر ) ، ئامانج‌و خواســـتێك‌بوو لەمێژەوە لەسەری سەرەك عەشرەتە کوردەکاندابوو • چەند جارێك دیلوماسییە رووسەکانیان لێ ئاگادارکردبوو لە ژێرەوە پەنجەیان بۆدرێژ کردبوو •

سامی پاشـــا کەوتە خۆ ئامادە کردن بەو نیـــازەی بەیارمەتی کاربەدەستانی عوسمانی بەرهەلستی کوردەکان لەناو بەرێت • ئەم خۆ ئامادە کردنەی موشیر هێندەی‌تر دانیشتووەکانی وروووژاند • « ئێرە ، هەرەشـــە کۆئەبێتەوەو هێزو دەســـەڵاتەکەی عوســـمانیش دمرمقەتی

نایەت » ــ ئوبیر میللەر لە مارتی ســالی ۱۸۷۳دا ، بۆ ( ن . پ . ئیگناتۆف )ی کۆنسۆلی رووسیای لە ئەستامبوول نووسی . ئەم بۆ جوونەی کۆنسۆلەکەی رووسیا ( ئوبیرمیللەر کۆنسۆلی رووسیابوو لە ئەرزروم ــ وەرگێڕ ) هەروا بە خۆڕایی نەبوو ، چــونکە عەشرەتە کوردەکان لەژێر باری باجی قورس و گراندا لە ناڵیندا بوون . لــە دووا چارەکی ســەدەی نۆزدەهەمدا ، خەزینەی دەوڵەت ، تەنیا لــە کــوردەکانی قارس هەمــوو ســـــاڵ ( ۷۲۰ ) هەزار پێســـەی کۆئەکردەوە[۲] .

ئەوەی دۆخەکەی هێندەی‌تر ئاڵۆزتر ئەکرد ئەوەبوو لەم کاتەدا ، هێزەکانی تورك شــەڕی خۆیان لەگەڵ کوردو ئەرمەنەکانی ناوچــە شاخاوییەکانی گاڤارو وان تەواوکردبوو خۆیان بۆ پەلاماردانی عەشرەتە نیــوە کۆچەرەکانی باکــوور ئامادە ئەکرد . ئــەو هێزەی پەلاماری ناژووری ئەدا بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل پاشابوو ( کوردێکی خەڵکی قارس ) بوو ، یەکێك‌بوو لەوانەی تا ناخی ئێســکی خۆی بە سوڵتان فرۆشــتبوو بەرامبەر نەوەکــەی خۆی زۆر دڵرەقــانەو بەئەوپەڕی بێ‌بەزەییەوە ئەجوولایەوە »[۳] ، کوردەکانی ناوچەکانی ئێگیلیـــاو نەخجاکیند وبۆتان و جزیرەو گەلێك ناوچەی‌تر کەوتنە بەر ئاگـــری رق و کینەی .

دۆخە پەشۆکاوو ئاڵۆزەکەی ناوچەکانی باکووری ــ رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ، ئەسەد پاشای سەدری ئەعزەمی ناچارکرد موشیر سامی پاشا لە سەرداریتی ئەرزرۆم لابدات و موستەفا فوسفۆر لــە جێگای دابنێت[٤] . ئەم موشیرە نوێیە دەری‌خست گەلێك لــە

موشیرەکەی پێشوو بێ‌دەسەڵات‌و ترسنۆکتره • به واتـەی ئەوانەی لەنزیکەوه ئاگاداری رووداوەکان بوون ، ئەو بێ دەسەڵاتییەی فۆسفۆر نواندی ترسی لادانی پەیداکرد • داتانی بەڕێوەبەرو سەردارێکی نوێ نەی توواني رق‌و کینەی دانیشتووه کوردەکان بەرامبەر به زۆرداری عوسمانی بگۆڕێت •

هەموو ئەو ناوچانەی کوردو ئەرمەنه دامەزراوەکان تیایانا ئەژیان له باکوورو رۆژهەڵاتی بەشەکانی کیلیکیاو زەیتوونی‌و ناوچـەکانی دراوسێیان‌دا لـه رق‌و ناحەزی دژی دەسەڵاتی عوسمانی یەکـسیان ئەگرتەوه • له ساڵی ١٨٧٥دا ، ئەرمەنەکانی زەیتوونی راپەرینەکەیان دەست پێ‌کرد • ئەو راپەڕینەی شەڕەکەی نێوان رووسیاو تورکیـا هەڵوێستەکەی دەست‌نیشان کرد • عەشرەته کوردەکانی ئەلبیسـتان‌و ئاچنی‌و چەند ناوچەیەکی‌تر دەستیان‌دایه چەك •

ئەوەی بووه مایـەی مەترسی‌و هەڕەشـه بۆ ئەسـتامبوول ، رووداوەکانی دەرسیم بوو • ئەو ناوچه شاخاوییەی ئەکەوێته نێـوان رووباری کاراس ( که ئەرژێته فوراتەوه )و موراد چایەوه •

کوردەکانی دەرسیم لەگەڵ ئەرمەنەکانا تا ساڵانی حەفتای سەدەی نۆزدەهەمیش چـالاکانه بەرەنگاریی دام‌و دەستگای عوسـمانیان ئەکردوو به تەواوەتی سەربەستی خۆیان پاراستبوو •

له ساڵانی ٥٠ ـ ٦٠دا ، کاربەدەستانی تورك وایان ئەزانی کـه لەرێی بەکارهێنانی چەك‌و سوپاو توخ‌کردنی پەلاماردانی ناوچەرگەی ناوچه شاخاوییەکان ئەگەر ئەنجام‌و بەئاسانی سەر بەناوچه سەختەکانی دەرسیم شۆڕ ئەکەن ، بەڵام کەدییان ئەوەیان بۆ نایەته دی ، ئەوسـا

کەوتنە بەکارهێنانی سیاسەتی « تێلاو شیرینی » • ( واتە بە دەستێك تێلاّ بکێشە بەدوژمنەکەتداو بە دەستەکەی تریش دەمی شیرین بکە – وەرگێڕ ) سوودیان لە دوژمنایەتیو ناحەزیی سەرۆکە کوردەکان بەرامبەر یەکتری بینیو لە ڕێی دیاری بەخشـــینو دەم چەورکردنو پەیمانو بەڵێن دانددا توانیان چەند بەگێکی کورد بەلای خۆیانا رابکێشن • ئەم سیاسەتی دووبەرەکی نانەوەیە کە کاربەدەستانی تورك تۆوەکەیان چەند ، بەری خۆیدا • باشترین نموونە نامەکەی کۆنسۆلی رووسیایە لە ئەرزروم کە بۆ کۆنسۆلی رووسیای نارد لە ئەستامبوول • کۆنسۆلی ئەرزروم لەو نامەیەیدا ئەنووسێت : « کە سامی پاشای موشـــیری ئەرزرۆم توانی کوردەکانی ئەوێ بکات بەدوو دەستەی ناحەز بە یەكو بەکێك لەو دەستانە بکات بە پیاویمیریو هەمیشە چاویان لە یارمەتیو پشتگیریو دیاریو چاودێری میرییەوە بێت »(٥) • ئەو بەگە کڕاوانە ئەبوو سەرانە بەمیریی بدەنو سەربازیش بۆ سوپاکەی بنێرن •

دەرسیم ناوچەیەکی شاخاوی سەختبوو ڕێگاوبانی هاتوچۆکردنی ( واتە هی سوپایی – وەرگێڕ ) تێدا نەبوو ، سوپاکانی عوسمانی پێیان نە ئەکرا بە ئاسانی بگەنە ئەوێ • لەبەرئەوە کاربەدەستانی عوسمانی زۆریان لە بەگە کوردەکان ئەکرد ڕێگاو بان بکەنەوە • ڕێگایەك لــە نێوان دیاربەکرو ئەرزنجـــاندا بکەنەوە ، بە پلـوموورو نغۆزاتو مالازگیرو پالوودا بڕوات • موشیر سامی پاشـــای زۆرزان ، ئەوەی دلنیابوو لەوەی کردنەوەی ئەو ڕێگاو بانانە ئەبێتە هۆی داگیرکردنی دەرسیم ، یەکێـــك بوولەوانەی بەگەرمیو لـــە دڵەوە هەوڵی ئەدا ئەوپرۆژەیە سەربگرێتو بێتەدی •

سامی پاشـــا بەڵێنی بەو کوردانەی دەرسیمدا کە باجیـــان لەسەربوو : « بەرامبەر ئەو باجانەی کـە لەسەریان مابوو بێن لـە رێگاویان دروســـت‌کردندا ئیش‌بکەن‌و بەرامبـــەر بەوەش نان بە کرێکارەکانی دەرسیم بدات[٦] • ( نیاز لە نان تەنیا نانی وشـکە ـ وەرگێر ) ، بە فەرمانی موشیر بۆ دروست کردنی رێگاکە خێرا هەشتا هەزار گوێنی ئامادەکرا • ( ئەبێ نیازی لە ئاردبێت ـ وەرگێر ) بەلاَم هەتا ئەمەش فریای عوسمانی نەکەوت • ئەو بەگانەی دەستیان ئەخستە دەســتی ئەستامبوولەوەو یارمەتیان ئەدا ناویان ئەزڕاو دەســەلاَتیان بەسەر کوردەکاندا نەئەما ، بگرە گەلێك لەوانەی ئەو رێگاو سیاسەتەیان گرتەبەر وەك میللەت فرۆش سەیر ئەکران‌و بە کوشتن‌سزا ئەدران • لە ســـالی ١٨٧٥دا گیولابی‌بەگی قایمقامی دەرسیم لەلایەن کـــوردە راپەڕیوەکانەوە کـــوژرا[٧] • « کـــوردەکانی دەرسیم خۆفرۆشــتنی شـــیخەکەیان زۆر بەلاوە تاڵ‌و ناخۆش‌بوو رازی نەبوون رێگاویان دروست بکەن »[٨] • بەم‌جۆرە کۆنسۆلی رووسیا لـە ئەرزروم ئـەم هەواڵەی گەیاند •

ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان رووسیاو تورکیا وەك چۆن کاری ئەکردە سەر ئەرمینیا ، وەهاش کارێکی زۆری ئەکردە ســـەر دۆخی کوردســـتان •

لە سالی ١٨٧٥وە کێشەیەکی سیاسی نوێ سەری لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەرهێنا • لە هەریمەکانی رۆژئاوای ئیمپراتۆریەکەدا میللەتە سلاڤییەکان راست‌بوونەوە • جا لەبەرئەوەی پەرژەوەندی رووســیاو نەمساو ـ مەجەڕو بەریتانیاو دەوڵەتانی‌تر لـەو هەریمانەدا تێکەڵ بە

یەك ئەبوون ، دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆز ئەبوو ٠ لە سرب‌و شاخی رەش ، میللەت بەرەوپیری راپەرینەکـــەی گیرتسیگۆن‌و بۆسنەوە چـوو پشتگیریان کرد ٠ بۆلگارەکانیش خێرا پاڵیان‌دایە تەك راپەڕیوەکان ٠ عوسمانییەکان هەوڵیان ئەدا دەسەلاتیان بەسەر میللەتە سـلاڤییەکاندا بهێڵنەوە ٠ هەرچی دەوڵەتە گەورەکانە ئەوە هەریەکــەیان بۆ ئەوەی زووتر بگاتە گەرووەکانی دەریای رەش‌و دەست بە سەریانا بگرێت ، لەسەر ئەوە لە ناوخۆیانا لە مشت‌ومڕدا بوون ٠ « کێشەی چارەنووسی دووارۆژی دەسەلاتی عوسمانی لە ناوچە سلاڤییەکان‌و یۆنان‌و ئەلبانیادا هەروەها دەســـــت بەسەراگرتنی گەرووەکانی دەریـای رەش »[٩] لەبەردەمدا بوو ٠

لـەم دۆخەدا ، لـەم تەنگ‌و چەڵەمەیەدا ، ئەستامبوول هەوڵی‌دا راپەڕینەکەی رۆژهەلاتی وولات لەبار بەرێت ٠ لەوەش زیاتر هەوڵی‌دا هەستی عەشرەتە کوردەکان ، بەتایبەتی ســەرۆکەکانیان بەلای‌خۆیدا راکێشێت ٠ بۆ ئەم نیازەش بەڵێن‌و دیاری‌و دەسیسە ئامادەکرا ٠ سامی پاشای موشیری ئەرزرومی زۆرزان‌و دونیادیدە ، چالاکانە کەوتە ئەوەی لە کوردەکان هێزی سوارە بۆشەڕو جەنگی دووارۆژ ، بۆ ئەو جەنگەی چاوەڕوان ئەکرا ، ئامادە بکات ٠ بەلام دەستکەوتی سامی پاشا لـە لیواکانەوە هیچی وەها نەبوو ٠ ئەوەبوو لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی سالی ١٨٧٦دا برووسـکەیەکی خێرای لـە موتەسەرڕفی وان‌و مووشـەوە وەرگرت تیایا هاتبوو ، کە کوردەکان ئەو ژمارەی سەربازانە نادەن کە لێیان داوا کرابوو ، بگرە لـە کوزیجان بەتوندی بەرهەڵستی ئـەو داخوازییەیان کرد ، ئەوسا سامی پاشا فەرمانی‌دا بە بەکر بەگی خاتوون

ئۆگلی مووچەخۆر ، لە عەشرەتەکانی زیلانلیو کاسکانلی کورد سەرباز بۆسوپا بگرێت . ئەو عەشرەتانە بەڵێنیاندا نزیکەی ( ١٦٠٠ ) سەرباز کۆبکەنەوە .

بەڵام لەوەئەچوو پەلەیان نەبێت ، سامی پاشا کە ئۆقرەی لێبڕابوو لە سەرەتای کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٧٧دا ئیبراهیم پاشای کردە سەر عەشرەتەکان ( ئەمەش یەکێك بوو لەو سەرۆکە کوردانەی خۆی بە ئەستامبووڵ فرۆشتبوو ) ، بەڵام کوردەکان بێ ئەوەی ئاوڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی ئیبراهیم پاشا بدەنەوە ، رازی نەبوون سەرباز کۆبکەنەوەو بە نیازی گفتوگۆ کردن نوێنەری خۆیان نارده لای رووسەکان .

سامی پاشا بەتایبەتی چاوی بڕیبووە کوردەکانی دەرسیم ، ئەوانەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی پاشکۆیەك نەبوون جێی بڕواو هیوابن[10] سامی پاشا ، حوسەین بەگی قایمقامی کوزیجانی بانگ کردە لایخۆیو داوای لێکرد ( دە ) هەزار کـــورد کۆبکاتەوە . حوسەین بەگیش بەرامبەر بەمە داوای پارەوپووڵو زێڕو وڵاخو کەلوپەلێکی زۆری کرد . کوردەکانی ژێر سایەی حوسەین بەگ ئەم رێککەوتنەیان بەدڵ نەبوو نارەزایی خۆیان دەربڕیو ئامادەیی خۆیان پیشاندا نە سەربازو نە باج بە میرپی نەدەن . « ئەگەر ئەم شەڕە بۆ پاراستنی نیشتمان بێت ، ئەوە پێویستیمان بە یارمەتی سوڵتان نییە . بەبێ یارمەتی ئەو ئەتوانین نیشتمانەکەمان بپارێزین »[11] . بانگی ئەمەیاندا .

شێخ سولەیمانی سەرداری دەرسیمی مەرکەزیی ، سوودی لـــە دۆخە شێواو ئاڵۆز بووەکەی رۆژهەڵاتی نزیك دیو بڕیاریدا سەر بۆ کاربەدەستانی عوسمانی شۆڕ نەکاتو دان بە دەسەڵاتیا نەنێت . خاوەنی

دووانزه هەزار چەکداری مەشق پێکراو بوو ، ئەو هێزە بە سەر پێنج ئەڵادا دابەش کرابوو . چەند بەگێکی دەسەڵاتداری کورد لە رێی پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ سەرکردە جەنگییە رووسەکاندا ، هەوڵیاندا جێ پێی خۆیان قایم بکەن . ئەوەبوو مەنسوور ئاغای قایمقامی خۆزاتا هەر کە بیستی هێزەکانی رووس لە ناوچەی ئەلیکساندەرە پۆل گرد ئەبنەوە ، یەکێك لە باوەڕپێکراوەکانی نارد بۆ لایان و پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەگەر رووسەکان روویان کردە ناوچە دراوسێیەکانی دەرسیم ، ئامادەیە خزمەتیان بکات[12] .

پەیوەندی و هەستی کوردەکانی دەرسیم بەرامبەر شەڕەکەی رووسیاو تورکیا ، روون و ئاشکرا لەو نامەیەدا خۆی دەرئەخات کە کوڕی یەکێك لە کوردە خاوەن دەسەڵاتەکان واتە مەحموود بەگی کوزان ئۆگلی پاش تەواو بوونی شەڕەکە بە دە ساڵ نووسراوە . لەو نامەیەدا کوزان ئوگلی داوا لە چاری رووسیا ئەکات دەستی یارمەتی درێژ بکات و داوا لە ئەستامبوول بکات کەس و کارەکەی بەرەڵلا بکەن ، ئەوانەی لە ئەنجامی ئەوەی چالاکانە لە رۆژانی شەڕەکەدا یارمەتی رووسیان داو لەلایەن عوسمانییەکانەوە گیران و پەڕەوازە کران[13] .

بەریتانیا ئاوڕێکی تەواوی لە خۆئامادەکردنە جەنگییەکەی ئمپراتۆرییەتی عوسمانی ئەدایەوە . سڵی لەوە ئەکردەوە کارەساتەکەی ساڵانی شەڕەکەی قرم دووبارە ببێتەوە ، کاتێك کوردەکان بە سەرۆکایەتی یەزدانشێر راپەڕینێکیان دژی عوسمانی بەرپا کرد . بەریتانیا ئامادەبوو هەموو رێی و شوێنێك بگرێت و بەکاربهێنێ بەو نیازەی سامانەکانی کوردستان دژی رووسیا بەکاربهێنێ . لەبەرئەوە

بێ وچان زۆری لە کاربەدەستانی عوسمانی ئەکرد هەموو سەرۆکە کوردە بەدەسەڵاتەکان لەوێ دووربخاتەوە • ( واتە لەسەر سنوورەکانی نزیك رووسیا ــ وەرگێر ــ ) • لە سالی ١٨٧٣دا ، ئوبەرمیللەری کۆنسۆلی رووسیا لە ئەرزروم لەم رووەوە ئەنووسێت : « لەم کێشەیەی ئێستەی کوردەکاندا ، نەك عوسمانی بەڵکو ئینگلیزەکانیش ، دەوری سەرەکییان هەیە • « ئینگلیزە هاوڕێیەکەم » • ( نیازی لە کۆنسۆلی ئینگلیزە لە ئەرزروم کە بووبوو بە هاوڕێی ــ وەرگێر ) ، فەرمانی پێ دراوە ، هەوڵ بداتِ بەرهەلستی کردنی کورد بە جۆرێك لەناو بەرێت راستبوونەوەی بۆنەبێت • ئەمەی هەتا لەگەل خواستی تورکەکان خۆیانا ناگونجێتو نالکێت »[١٤] •

کۆنسۆلی بەریتانیا لە ئەرزروم ، لەسەر داخوازی ئیلیۆتی کۆنسۆلی بەریتانیا لە ئەستامبوول ، گەشتێکی بەهەموو کوردستاندا کرد ، بەو نیازەی زانیاریی دەربارەی ئەو سەرۆکە کوردە بەدەسەڵاتانە کۆ بکاتەوە کە مایەی مەترسیبوون بۆ عوسمانی •

ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی سەرۆکە کوردەکان لە رووسیا دووربخەنەوە ، هەولیان ئەدا لەرێی دیاریو بەلێنەوە بەلای خۆیانا رایانبکێشن • لە هەمان کاتیشدا بە هەموو جۆرێك کۆششیان ئەکرد ئەرمەنو میللەتە گاورەکانیتر لە خواستی سەرفرازیبوون دووربخەنەوە •

هەوڵو تەقەللاکەی ئینگلیز سەری نەگرت ، لە ئەستامبوول سەرومڕ دژی ئەو داخوازییەی بەریتانیا بوون ، سەرۆکە کوردەکان لە کوردستان دووربخرێنەوە • بەڕای کاربەدەستانی تورك کردەوەیەکی

وەها توندوتیژو کاریگەر ئەبووە بیانوو هاندەرێك ئەو دۆخەی خۆی لەخۆیدا لە باکووری رۆژهەڵاتو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا ئاڵۆزو شێواوبوو هێندەیتر بشیوێنیو ئاڵۆز تری بکات .

سیاسەتی رووسیا لەرووی بەراورد کردندا ، لە رۆژهەڵاتی نزیکدا مام ناوەندی بوو . پاش شەڕەکەی قرم رووسیا هێشتا نەهاتبۆوە سەرخۆی ، لەبەرئەوە نەیئەویست بەئاشکرا دەستەویەخە لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپاییەکاندا بوەستێ .

یارمەتیو پشتگیریی رووسیا بۆ بزووتنەوە رزگاری خوازەکەی میللەتانی بەلقان ناوەرۆکێکی مەعنەویو سیاسی گەورەی بۆ میللەتانی رۆژهەڵاتی نزیك هەبوو . بە تایبەتی بۆ ئەرمەنو کوردەکان کە لە پێناوی سەرفرازی نەتەوییدا تێئەکۆشان .

هەستو پەیوەندیی دۆستایەتی خوازی سەرۆکە کوردەکان بەرامبەر رووسیا لەو نامەیەدا دەرئەکەوێت کە موریس میلیکۆڤ لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦دا بۆ جەنەراڵ مایۆر پاڤلۆڤی نووسی . لەو نامەیەدا ئەنووسێت : « کوردە ناسراوەکان خزمو باوەڕپێکراوەکانی خۆیان ناردە لای لە ئەلیکساندەرەپۆلو ئاگاداریان کرد لەوەی هەمیشە وك جاران ئامادەن خزمەتمان بکەن ، بگرە داوایان لێکرد هەر ئامۆژگارییەکی لاپەسندە بیانداتێ »(١٥) .

لە هەمانکاتدا سەرکردە جەنگییەکانی رووس نرخێکی تەواویاندا بە بەشدار بوونی کورد لە شەرداو نرخی کوردیان بەراستی بۆ عوسمانی تاووتۆ کردوو هەڵیانسەنگاند : « دانیشتووەکانی قەفقاسو

نه داغستانییه شاخاوییه‌کان وه‌ك عه‌شره‌ته کورده‌کانی ژێرده‌ستی عوسمانی ، بۆ عوسمانی گرنگ نه‌بوون »[١٦] .

سه‌رکرده جه‌نگییه رووسه‌کان له‌و رایه‌دابوون که کورده‌کان له‌و شه‌ڕه‌دا ( ئه‌وه‌ی چاوه‌ڕوانی داگیرساندنی ئه‌کرا ــ وه‌رگێر ) دژی کاربه‌ده‌ستانی عوسمانی راست ئه‌بنه‌وه . ئه‌م بڕوایه‌شیان له‌وه‌وه بۆهاتبوو « چونکه کورده‌کان رق‌لێ‌بوونی داگیرکه‌ره‌کانیان له مێژه‌وه بۆ مابۆوه » .

به‌ڵام له رووسیا ئه‌وه‌یان باش ئه‌زانی که حکوومه‌تی عوسمانی به هه‌موو جۆرێك هه‌وڵ ئه‌دات کورده‌کان به‌لای خۆیا رابکێشێت ، چونکه یادی راپه‌ڕینه‌که‌ی یه‌زدانشێر هێشتا له‌بیر نه‌چووبۆوه . جه‌نه‌راڵ ئه‌دیوتانت ئیگناتۆف ئه‌مانه‌ی له‌یاد نه‌کرد . بۆیه له کانوونی دووهه‌می ١٨٧٦دا به‌خێرایی ئامۆژگاریی کرد که پێویسته « سه‌رکردایه‌تی قه‌فقاس بێ وه‌ستان هه‌وڵ بدات کورده‌کان بکه‌ن به دۆستی خۆیان‌و له‌ژێره‌وه له‌گه‌ڵیانا په‌یوه‌ندیی بۆ شه‌ڕی دوواڕۆژ په‌یدابکه‌ن . ئه‌گینا عوسمانییه‌کان به‌ ته‌رایی‌و کلك له‌قاندن‌و ئینگلیزه‌کانیش به ده‌سیسه‌و پیلانگێڕان وا ئه‌که‌ن هه‌موو کورده شه‌ڕکه‌ره‌کانمان لێ راست‌بکه‌نه‌وه‌و بیانکه‌نه دوژمنمان »[١٧] .

هه‌ر که شه‌ڕه‌که‌ی نێوان عوسمانی‌و رووسیا ده‌ستی پێ‌کرد ، ئاشکرا دیاربوو ، تورکیا ئاماده‌ی شه‌ڕ نه‌بوو . ژماره‌ی سه‌ربازه‌کان کزبوو به‌شی نه‌ئه‌کرد . جل‌وبه‌رگ‌و ئازووقه زۆر ناته‌واو بوو . فایق پاشای سه‌رکرده‌ی هێزه نیزامییه‌کان له وان له دۆخێکی ته‌واو شڕوشلۆق‌دا بوو . هه‌رخۆی ده‌رباره‌ی ئه‌و دۆخه ئه‌نووسێت‌و ئه‌ڵێ :

« لە وان لە باتی سوپایەکی شەست هەزاریی ، تەنیا ( ٣٧٠ ) سەربازی رەش‌و رووت‌و پەلێـــکی ســوارەی کەم‌وولاخ‌و بەتارییـــەکی هەبوو »[١٨] .

لە سالی ١٨٧٧دا ، تارادەیەك دۆخەکە گۆرانی بەسەردا هات . رازی‌بوونی شێخ عوبەیدوولای ســـەرۆکە ناسراوەکەی کورد بە بەشدار بوون لەو شەردا گەلێك لە کوردەکانی بۆ لای تورکیا راکێشا .

وەك ئیڤانۆڤی کونسۆلی رووسیا لە ئەرزروم ، لە نامەیەکیا کـە دەربارەی کوردەکانی بۆتانە لەوە ئەدوێ ، کە نە عوبەیدوللاو نە شێخ حوسەینی باپیری‌و نە باوکی شێخ تاها قەت حەزیان لـەوە نەکردووە هەلویستێکی ناحەزیان بەرامبەر هەبێت . بەلکو بەپێچەوانەوە هەرگیز دژی عوسمانی بوون‌و « هەمیشە لەژێر پەردەی پاراستن‌و پارێزگاریی یەوە چوون بە دەنگ ئەو بنەمالە سەردارانەی میسوپۆتامیاوە کە دژی میریی راست‌ئەبوونەوەو دەستی یارمەتییان بۆ درێژ ئەکردن »[١٩] .

کەواتە ئەم بەشداربوونەی شێخ عوبەیدوللا لەو شەرەی دژی رووسیا ، چۆن روون بکرێتەوە ؟

دەولەتی عوسمانی بۆ ئەوەی رێ لە رووسیا بگرێت دەسەلات‌و نفوزی خۆی بەسەر ناوچە رۆژهەلاتییـــەکانی ئیمپراتۆرییەکـــەدا بلاوبکاتەوە ، هات بانگی جەنگی ئاینی ( غەزا )ی‌دا .

بێگومان شـێخ عوبەیدوللا وەك سەرۆکی یەکێك لـە تەریقە موسلمانە هەرە گەورەکان نە ئەبوو دوورەپەرێز لـــەو بانگەوازی غەزایە بووەستێ . لەبەرئەوە لەگەل ( ٣٠٠ ) لـە موریدەکانی بەرەو

باکوور ، لای هێلی سنوور کەوتەزێ • هـەر لەوێش پاش ماوەیەك شەڕ دەستی پێکرد •

گومان نییە ئەم کردەوەیەی لە خواستو ئامانجی سـیاسییەوە دوور نەبوو ، ئەیویست سوود لە شەڕەکەی نێوان رووسیاو عوسمانی ببینێو دەسەڵاتو نفوزی خۆی زیاتر بڵاوبکاتەوەو پەرەی پێبسێنێ • هەروەها چاوی لەوەشەوە بوو ببێتە سەرکردەی هێزەکانی کورد ، بۆ ئەوەی لە دووارۆژدا دژی عوسمانی بەکاریان بهێنێ •

کاربەدەستانی عوسمانی کە باش ئاگاداری ئەوەبوون ئامادەکردنی پێویستی سوپا چەند قورسو گـرانە ، هەوڵیاندا سوود لـە تواناى ناوچەکانی سەر سـنوور ببینن ، بۆ ئەوەی نەیەڵن سوپاکانیان بەبێ ئازووقە بمێننەوە • کوردەکانی بایەزید ئەبوو بە دەمکوتییەوە هەموو جۆرە سەرانەیەك بدەنو خواردەمەنی بۆ هێزەکانی عوسمانی ئامادە بکەن • « هەموو بنەماڵەیەکی سنجاقی بایەزید ئەبوو بۆ ئەو هێزانەی بەڕێوەبوون ــ جەنەراڵ لیوتینانت تێر ــ گوکاسـۆف بۆ لۆریس مێلیکۆف ئەنووسـێت ــ دوو بەرانو بەباتمان ( ١٦ ف ) ، رۆنو دووجـووت گۆرەوی خوری بدەن بەو کـوردانەی لـەلایەن کاربەدەسـتانەوە دانرابوون • کوردە دامەزراوەکان ئەگەر پێیـان نەکرابایە ئەوانە بدەن ، ئەبوو بەپارە بیقەبڵێنن »[٢٠] •

لە رۆژانی شەڕەکەشدا بێگارێکی تریش پەیدابوو • واتە دابەش کردنی سـەربازەکان بەسەر ماڵی جووتیارەکاندا • ئەمەش لەسـەر ئارەزووی قایمقـام وەستابوو • تاڕێك وپێکی ئازووقـە هاتن بۆ

سەربازەکانو هەروەها دوواکەوتنی مانگانەی سەربازو ئەفسەرەکان ئەبوونە هۆی پەیدابوونی دزیو جەردەییو تالانیکردن •

بەهۆی ئەو پارە خەرجکردنە بێ شومارو بێ سنوورەی کۆشکی سولتانییەوە ، خەزینەی دەولەت نابووت بوو • لە ئەنجامدا کاربەدەستان ناچاربوون بکەونە قەرزکردن • سەرکردایەتی جەنگی ناچـــار بوو رووبکاتە خەلکوخواکەی ئەرزرومو پارەو پوولیان لێ بسێنێ ، هەتا مووچەی سەربازەکانی بدات[٢١] •

رووی ئەدا کاربەدەستانی عوسمانی بە ئەنقەستو بە ئاشـــکرا هێزە نیزامییەکانیان بۆ تالانکردنو رووت کردنەوەی دانیشتووەکان بەکارئەهێناو هەروەهاش بۆ چاوترساندنو سزادانی ئەوانەی لە روویانا ئەوەستانو بەرهەلستییان ئەکردن • بۆ ئەم مەبەستە هەولیانئەدا هێزە نانیزامییەکانیش بەکاربهێنن ، بەتایبەتی هێــزە کوردەکان • ئەوەبوو موختار پاشا لە بروسکەیەکدا کە بۆ فایق پاشای فەرماندەی سوپای ناردبوو بە ئاشکرا پێویستی ئەوەی تیا داواکرابوو بەلیشاو سەرباز لە هەرێمی یەریڤانەوە بۆ سوپابنێردرێت « کە لە دۆخێکی تالانکردندا ئەژیان »[٢٢] • جگە لەمەش هێــزە نانیزامییەکان بۆ هێرشی ناکا بۆ سەر بالەکانی هێزەکانی پێشەوەی سوپای رووس بەکار ئەهێنران • کوردەکان حەزیان لەوە نەئەکرد بەشداریی ئەو جۆرە کردەوە جەنگییانە بکەن • لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە نارەزایی خــۆیانو ملنەدانیان پیشانی سەرۆکە شێخەکانیان داو ، هەر ئەوەندەی هەلیان بۆ هەلکەوت مەیانی شەڕیان بەجێهێشت •

له بروسکەکەی فایق پاشادا کە لە ٧١ی تەمووزی ساڵی ١٨٧٧دا بۆ موختار پاشای ناردبوو ، ئاشکرا ئەو ترسە گەورەیەی تیا دەرئەخات چۆن کوردەکانی سەر بە شێخ عوبەیدوڵلا بەهۆی کـــەمی ئازووقەو نەبوونی چادرەوە نیازی بڵاوە لێکردنیان هەیەو چەکە کۆنەکانیـــان فرێ ئەدەن‌و چەکی نوێ‌ترو شتی‌تر کۆئەکەنەوەو ئەیبەن .

زۆری نەبرد کوردەکان کەوتنە ئەوەی دەستە دەستەو بە کۆمەڵ واز بهێنن . هەر لە ١٧ی حوزەیراندا ، لە لای بایەزیدەوە ( ١٥٠٠ ) کەس وازیان هێنا . هەزار کوردی ئاوچەیەکی تریش دایانە پاڵیان[٣٣] . لە رۆژانی ئابلووقە دانەکەی قەڵای بایەزیدا ، شێخ عوبەیدوڵلا لـەو پێنج هەزار چەکدارەی لەگەڵیابوو لە ریزی سوپای نانیزامیدا بوون[٣٤] تەنیا ١٤٤٣ کەســیان مایەوە ، واتە سێ‌جار کەمتر . ئەمە شـێخ عوبەیدووڵلای ناچــارکرد واز لەو هێزە بهێنێ کە ئابلـــووقەی بایەزیدی‌دابوو بەرەو ( بارگیر ) بگەڕێتەوە .

رووی‌ئەدا کوردەکان راستەوخۆ رازی نەئەبوون لا بدەنە لای عوسمانی‌و زۆرجار داوایان لە رووسەکان ئەکرد لە سوپاکانیانا وەریان بگرن[٣٥] . کەپیتان نۆرمانی ئینگلیزی ، ئەوەی روودا وە جەنگییەکانی جەبهەی قەفقاسی بە چاوی خۆی دیبوو ، لەو کارەیدا کـە دەربارەی شەڕەکەی رووسیاو تورکیای ساڵی ١٨٧٧ ـــ ١٨٧٨دا نووسیویتی بە داخەوە لەوە ئەدوێ چۆن کوردەکان پاکانەیان بۆ کردەوەو هەڵوێستە سلبییەکانیان لە شەڕەکەدا نەئەکرد[٣٦] .

کاربەدەستانی عوسمانی کە لەراستیدا دەسەڵاتیان بەسەر هێزەکانی کوردا نەمابوو ، لە دووهەم ساڵی شەڕەکەدا ، توانیان بۆ ماوەیەك چەند هێزێکی نانیزامی دروست بکەن .

سەرکەوتنی هێزەکانی رووس لە قارس‌و بایەزیدو چەند ناوچەیەکی‌تر کارێکی گەورەی کردەسەر دۆخی سیاسی لە کوردستان‌و هەستی ناحەزی‌و دوژمنایەتی دژی عوسمانی لە ناو دانیشتووە کوردەکاندا گەرم کرد . ئیڤانۆڤی کۆنسۆلی رووسیا لە ئەرزروم ، دووای داگیرکردنی قارس خێرا نووسی : « بڕوام وایە ... کوردستان بیر لە راستبوونەوە ئەکاتەوەو بگرە خۆی بۆ ئەوە ئامادە ئەکات »[٣٧] .

رووداوەکانی دەرسیمی شاخاوی نموونەیەکی راستی ئەو بۆچوونەی کۆنسۆلەکەی رووسیابوو .

ئەگەر ئەستامبوول لە ماوەی رۆژانی شەڕەکەدا توانی بە هەرحاڵێك بێت هێندێك لە کوردەکان بێنێتە ریزی سوپاکانییەوەو چەند عەشرەتێکی کوردی نیوە کۆچەر بەلای خۆیدا رابکێشێت ، ئەوانەی لەو شەڕەدا تەنیا چاویان لە تاڵانی‌کردن بوو ، بەڵام کوردەکانی دەرسیم لە بەرمیلێکی پڕ لە ئاو ئەچوو لەسەر ئاگر دانرابێت ، ئەکوڵاو ئەکوڵاو چاوەڕوانی دەرفەتێك‌بوو بتەقێتەوە .

بەگە دەسەڵات دارەکەی ( کۆزان ) ، ئەوەی رازی نەبوو داخوازییەکەی ئەستامبووڵ بەجێ‌بهێنێ ، واتە سوپایەکی ( ٢٥ ) هەزار

کەسی کۆبکاتەوەو رێگا بدات هێزەکانی دەوڵەتی عوســـمانی بگەنە مەیانی شەڕ ، بەپێچەوانەوە بە یارمەتی کوردەکان خێـــرا رێگاکانی قارس و توکاتاو ســـێواس و ئەرزرومی گرت و رێی هاتوچۆکردنی هێزەکانی میریی بەرپەست کرد[٢٨] .

دۆخەکەی دەرسیم مەترسییەکی وەهای بۆ کاربەدەستان دروست کردبوو ، ناچاربوون لەژێر پەردەی ( یاسا پاراستندا ) هێزێکی گەورە بنێرنە سەر دەرسیم ، بەڵام ئەوهێزە لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکەوە بەتوندی بەرهەڵستی کرا .

ئەبێ ئەو راستییە دەست نیشان بکرێت چۆن ( بێلیـــۆت )ی ، یاریدەدەری کۆنسۆلی ئینگلیزی لـــە تەرابزوون ، ســـەرەڕای ئـــەو دوژمنایەتییەی بەرامبەر کوردەکانی دەرسیم هەیبوو ، کەچی لە یەکێك لـــە نامەکانیا خۆی پێ ناگیرێت و دان بەوەدائەنێ کـــە کوردەکان بۆ ئامانجی « سەربەخۆیی » راپەڕین و دووایی ئەڵێ : حەیفە رووداوەکانی دەرسیم بە جەردەیی و تالانی کردن لەقەڵەم بدرێن[٢٩] .

لەشـــکری چووارەم ئەو هێزە سەرەکییەبوو کـــە پەلاماری دەرسیمیدا . چەند هێزێکی ناوچەیی تری عوسمانیش چوونە پاڵی . شەڕە گەورەو سەرەکییەکان لە بناری شاخەکانی تووژیك و هـــوت روویاندا . هەموو ئەو دانیشتووانەی لەدەست هێزەکانی عوســـمانی هەڵاتبوون لەو شوێنانە گرد بووبوونەوە[٣٠] .

بەرهەڵستی کوردەکان لەسەر بناغەیەکی رێکخراو دامەزرابوو . دانیشتووانی ئەو گوندانەی دەرسیم کـــە لـــە سەرەڕێی هێـــزەکانی عوسمانیدا بوون ، بە خۆیان و کەل و پەلیانەوە روویان کردە شـــاخی

تووژیك‌و لەوێش خـۆیان بۆ جەنگ ئامادەکرد • کاتێك لەشـــکری چووارەمی عوسمانی گوندە چۆڵ بووەکانی سووتاند ، بەلای خۆزاتادا رووی‌کردە شاخی تووژیك ، ئەوسا شەڕ دەستی پێ‌کرد ، ئەو شەڕەی سێ رۆژی خـــایاند • کوردەکان داوای یارمەتییان لـــە عەشرەتە دراوسێیەکان کرد • بەلام ئەوانیش لەدۆخێکی شڕدابوون • لــــەم تەنگانەیەدا کوردەکانی خرانی‌و ئەرمەنییەکانی میراگا چوون بەدەنگ ئابلووقە دراوەکانەوە • هێزە یەکگـــرتووەکانی کـــوردو ئەرمەن عوسمانییەکانیان ناچارکرد دۆلی پاخ بەجێ‌بهێلن[٣١] • بەلام هێزەکانی عوسمانی دووای ئەوەی یارمەتییان بۆ هات جارێکی‌تر کەوتنـــەوە پەلاماردان • شەڕ داگیرساو لە ئەنجامدا عوســـمانییەکان هەلاتن • دووای ئەم سەرنەکەوتنە کاربەدەستانی عوسمانی بریاریاندا هێزی‌تر بنێرنە سەر کوردەکانی تووژیك • یەکێك لە بەشداربووەکانی شەڕەکە ئەمەی خووارەوەی بۆ ( ئەنداریك ) گێڕایەوە : « دووای سەرکەوتنەکە بەپێنج رۆژ ، سوپای عوسمانی گـەڕایەوەو کـەوتە پەلاماردانێکی توندوتیژ • عوسمانییەکان بە تۆپ شـــاخەکانیان بۆردومان ئەکرد • شەڕەکە پانزە رۆژ دەوامی‌کرد • هەردوولا بێ تاقەت چوون شەڕیان ئەکرد • عوسمانییەکان کەدییـــان بە زەبری ئاگر دەرەقەتمان نایەن ، ئەوسا بڕیاریاندا لە رێی ئاوو خواردەمەنی لێ‌بڕینەوە وامان لێ‌بکەن خۆمان بەدەستەوە بدەین »[٣٢] •

لە دۆخێکی وەهادا ، دووڕایی لەسەر خەباتی دووروودرێژ لـــە نێوان ئابلووقە دراوەکاندا سەری دەرهێنا • دەســـتەیەك رای‌وابوو تووژیك بەجێ بهێلـــن‌و رووبکەنە تیریشێ‌و لەوێ قایمـــکاری خۆیان

بکەن ، دەستەیەکی تریش لەو رایەدابوو ئەو پلانە لەوانەیە ببێتە مایەی ژێرکەوتن ٠

لە ئەنجامدا دەستەیەك دڕیان بە دوژمن‌داو خۆیان گەیاندە ـ تیریشی ٠ عوسمانییەکان سوودیان لەم لاوازبوونەی دەرسیم بینی‌و هێرشێکی توندیان بردوو تووژیکیان گرت‌و دڕندانە کەوتنە گیانی دانیشتووەکانی ، پاش داگیرکردنی تووژیك کوردەکان دەست‌بەرداری خەبات کردن نەبوون‌و لە ناوچەی ئەرزنجان کەوتنە شەڕی چەتەگەریی ٠

سەرکەوتنەکانی هێزەکانی رووس لە جەبهەی قەفقاس ، کارێکی گەورەی لەسەر رێرەوی راپەڕینەکەی کوردەکانی دەرسیم هەبوو ٠

جارەهای‌جار سەرۆکە کوردەکان روویان ئەکردە رووسەکان بەونیازەی کردەوەو چالاکی جەنگی هەردوولا یەك بخەن ٠ « من لەسەرچاوەی باوڕ پێ‌کراوەوە ئەمزانی ـ بیلییۆت لە نامەیەکی تریدا ئەنووسێت ـ کە کوردەکانی دەرسیم پاش ئەوەی لە لەشکرەکەی موختار پاشا گەڕانەوە ، چاویان لەوەبوو هێزەکانی رووس پەلاماری ئەرزنجان بدەن ، لەبەرئەوە راپەڕینەکەیان تەقاندەوە »(٣٣) ٠ بەڵام ئەم‌نیازو خواستەی راپەڕیوەکان واتە یەکگرتنەوەی هێزی سوپایی ئەوان لەگەڵ هێزەکانی رووسدا لەبەر چەند هۆیەك نەهاتە دی ٠ لەکاتێکدا هێزەکانی عوسمانی پەلاماری دەرسیمی ئەدا ، لەهەمان کاتیشدا پەلاماری ( خوتی ـ تیرێسێ )شیان ئەدا ، کە بنکەو قەڵایەکی سەختی راپەڕیوە کوردو ئەرمەنەکان بوو ٠

لــه دۆڵی مەنزوور ، ڕاپەڕیوەکان ، خراپ عوســـــمانییەکانیان شکاندو ناچاریان کردن واز لە هێرش هێنـــــان بهێنن • لەئەنجامی ئەمشەڕەو شەڕی‌تردا ، کاربەدەستانی عوسمانی جارێکی‌تر ناچاربوون دەست‌بەرداری ئەو خواستە بن ، کە دەرسیم بە تەواوەتی داگیربکەن‌و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە •

دەرسیمییەکان لەرێی خەبات‌و خۆبەخت کردن‌و ئازایەتی هەزارەها لــە ڕۆڵەکانی کوردو ئەرمەنەوە ، توانیـــان تا ڕادەیەك سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن • ئەو شوێنانەی عوســــمانییەکان داگیریان ئەکرد ، بەوێرانی پاش خۆیان بەجێیان ئەهێشتن •

یەکێك لــە رووخسارەکانی ڕاپەڕینـەکەی دەرســیم ئەوەبوو سرووشتێکی جەماوەری هەبوو • گەورەو بچووك ، ژن‌و پیــــاو ، نوێنەرانی عەشرەتەکان‌و چینـــەکان بەشداریان کرد • ئەفســـەرە عوسمانییەکان ، ئەوانەی بەشداریی شەڕەکانی دەرسیمیان کردبوو ، دانیان بەوەدا ناوە کە ئافرەتانی دەرسیم وەك پیاوەکانی مەردانە لــە کۆڕی شەڕدا ئەجەنگین[٣٤] •

ڕاپەڕینە ئازادی خوازەکەی دەرسیم کاری‌کردە ســــەر خەباتی بەشەکانی تر لە کوردستان ، بەتایبەتی ناوچە گرنگەکانی وەك هەکاری‌و بۆتان‌و جزیرە • ڕاپەڕینەکەی دەرسیم کە بەشێوەیەکی عەفوی بەرپابوو لە ئەنجامی ئەوەی کاربەدەستان لە ڕۆژانی شەڕەکەی نێوان رووسیاو تورکیادا زۆریان لە کورد ئەکرد دژی رووسیا ڕاست‌بێنەوە ، کۆتایی بەوەهات کوردەکان دەســـت‌بەرداری ســـەربەخۆیی خـــۆیان نەبن‌و

دۆخەکـــە وەك خـۆی مایەوە . ئەمەش لـە دووارۆژدا دەورێکی بالآی لە مێژووی بزووتنەوەی گەلی کوردی دژ بەعوسمانیدا هەبوو .

ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان رووسیاو عوسمانیدا لە بەهاری سالی ١٨٧٨دا بۆ ئاشتبوونەوەو یەكکەوتن دەستی پێکرد ، رێی لەو تەشەنەکردنو چوونەناوەوە سەرکەوتووەی رووسیای گرت ، کە خەریكبوو بەقوولایی ناوچەکانی باکووری رۆژهەلاتی دەولەتی عوسمانیدا رێگا بۆ خۆی بکاتەوە .

هەرچەندە کوردەکان شوێنێکی گەورەیان لە سیاسەتی عوسمانیو بەریتانیاو رووسیاو دەولەتانی تردا هەبوو ، بەلام نە نە رۆژانی شەڕو ناکۆکیدا ، نە لەکاتوساتی گفتوگۆی ئاشتیخوازەکەی سانستیفانۆداو نە لە کۆنگرەکەی بەرلیندا کێشەکەی کورد بەرەوپێشەوە نەبراو بە شێوەیەکی جیاو لاوەکی سەیری نەکرا .

---

# سەرهەلدانی راپەڕینەکەی کورد

# لە سالی ۱۸۸۰دا

ئەو تەنگوچەلەمە سیاسییەی ، لە ئەنجامی شەڕەکەی نێوان رووسیاو تورکیا ، تووشی تورکیابوو ، دۆخێکی ئابووری رووخاوی پەککەوتووی بە دووای خۆیدا هێنا • کردەوە جەنگییەکان کارێکی تەواو خراپیان کردە سەر دۆخی ئابووری ناوچە رۆژهەلاتییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی •

بەزۆر سەربازگرتن و کزبوونی ژمارەی هێزی پیاوانی ئیش‌کەر ، بووە هۆی ئەوەی ژمارەی جووتیارەکان تەواو بێتەخواری و ناحەزیی و نارەزایی جەماوەری جووتیارەکان تین بسێنێ و بەرەو راستبوونەوە هانیان بدات •

لە ئەنجامی شەڕەکە ، ئابووری ولات کەوتە دوخێکی وەها شکستەوە ، ناچاربوو تا رادەیەکی زۆر خۆی بخاتە باوەشی سەرمایەی بێگانەوەو بیکاتە پالپشتی خۆی • ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سالی ۱۸۷۹دا بە تەواوەتی نابووت‌بوو • بەهۆی زۆرلێ کردنی دەولەتە رۆژئاواییەکان ، سولتان ناچاربوو ( مەرسوومی موحەرەم ) بلاو بکاتەوە[1] • ئەمەش بریتی‌بوو لە رێککەوتنێکی ناهەموارانە لەگەل

خاوەن قەرزەکانیدا • لە سالی ١٨٨١وە کە بەڕیوەبەرایەتی « قەرزدانەوەی دەولەتی عوسمانی » دامەزرا ، لەوساوە دەولەتی عوسمانی بە رەسمی کەوتە ژێرچنگی دارایی جیهانییەوە • ولاتە خاوەن قەرزەکان : ( بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئەلەمانیا ، نەمسا ، مەجەڕ ، ئیتالیا ) ، مافی تایبەتیو سەرپشکییان لە تورکیا وەرگرت •

کاربەدەستان بۆئەوەی خەزینە عەتالو بەتالەکە پڕبکەنەوە ، کەوتنە بەرزکردنەوەی رادەی باج سەندن • لەتەك باج سەندنیشدا ، زۆرداریی لە خەلکی کردنو رووت کردنەوەیان لەلایەن مووچە خۆرە عوسمانیو دەرەبەگەکانەوە دەستی پێکرد • شتێکی سەیر نەبوو جارەهایجار رووبدات کاربەدەستانی عوسمانی داوا لە جووتیارەکان بکەن بەرهەمی سالی داهاتوویان بدەنێ[٣] • بۆ نموونە ئەمەیان لەگەل هەریمی باشقەلادا کرد • هەرچەندە شوێنو ناوچەی وەها هەبوو ژمارەی مەڕومالاتی تەواو کزبووبوو ، بەلام کاربەدەستان لیستە کۆنەکانیان ئەخوێندەوەو بەپێی ئەو لیستانە باجی مەڕومالاتیان ئەسەند[٣] •

لەوەش زیاتر بێبەزەییانە رادەی باجەکانیان بەرز ئەکردەوەو ماوەی کۆکردنەوەشیان کورتتر ئەکردەوەو ژمارەی مەڕومالاتیان گەلێك لەوە زۆرتر دائەنا کە لەراستیدا هەبوو باجی مولكو زەوییو بەروبوومەکەیو باجی تریشیان دووقات ئەکرد[٤] • لە ئەنجامی رووتاندنەوەو خوێن مژینی بێرادە ئابوورییە لاوازەکەو ئەو کشتوکالەی کوردو ئەرمەن کەهەر رۆژە لەبارێکدابوو ، تەواو تیاچوو • گەلێك لە جووتیارەکان لەتاوا بوونە کرێکار لای خاوەن زەوییە گەورەکان ، یان لای خانو بەگە کوردەکان ، ژمارەیەکی تریشیان

بۆئیش‌وکار دۆزینەوە روویان کرد شارەکان • گوندەکانی خۆیان بەجێ ئەهێشت ، بۆ ماوەی چەند مانگێك بگرە بۆچەند ساڵێك بە ئاوارەیی ئەژیان • کوردەکان لە گەلێك هەریمەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە نشتمانیان بەجێ‌هێشت‌و هی وەهایان هەبوو روویان کردە باکۆو تبلیس‌و شارانی‌تر • بۆنموونە زوربەی ئەو کوردانەی روویان کردە تبلیس لە کوردەکانی ناوچەی مووش‌بوون • « •• ئەگەر پرسیارت ئەکردایە ئێوە کوێندەرین ؟ ــ رۆژنامەی ( مشاك ) لــە یەکێك لــە هەواڵەکانیا ئەنووسێت ــ بە زەحمـــــەت ئەزانرا ئەوانە کوردن‌و ئەرمەن نین • هەزاری‌و عەوداڵ بون بە شـــــوێنی پارووێەك نانــدا لەیەکی نزیــك کردبونەوەو هاوجۆرییەکی وەهـــــای دابوونێ کردبوونی بە برای هاودەردی یەکتر ، بە رادەیەك لە یەك جیا نەئەکرانەوە »[٥] •

دام‌ودەستگاکەی عوسمانی لەوەدا نەبوو وڵاتەکە بەڕێوە بەرێت • خراپەو سەرکێشی کردن لە ئاست یاسادا تەشەنەی کردبوو ، دارزاندنی دابوویە لەشی دەوڵەت • یاکیمانسکی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لــە دیاربەکر لــە راپۆرتەکانی یەکەمیا هەمان راستی ئەخاتە بەرچاوو ئەوە رائەگەیێنێ کە دام‌ودەستگای بەڕیوەبردن لــە هەرەس هێنانێکی تەواودایە • بەواتەی ئەو ، سەرچاوەی هەموو ئەو خرابی‌و زۆرداری‌و درندایەتییە ، عیزەت پاشای موتەسەریفی گشـــــتی هەریمەکە بوو • « پیاوێکی ئەسکەرییە ، جگە لەوەی لەهیـــــچ مەیانێکی رۆشنبیریدا شارەزا نییەو دەستی ناروات ، بەڕیوەبەرێکی تەواو بێ‌تەجروبەشە ، لەوەش زیاتر بە ئاشکرا رەشوەت وەرئەگرێ »[٦] •

مووچەخۆرەکانی ژێر پلەی موتەسەریف ، خراپ‌ترو دڵرەقانەتر لاسایی کردەوە نارمواکانیان ئەکردەوە • دام‌ودەســـــتگا قەزاییەکانی

هەریمی دیاربەکر لـــە دووا پلەی بێ رەوشتیدا بوون • تاوان بارەکان ئەیـــان توانی بـــە رەشوەتێکی چەور خۆیان لـــە سزادان رزگار بکەن • هەر کێشەیەك دووڕایی لەسەر بوایە ، ئەو لایە ئەیبردەوەو رزگاری ئەبوو رەشوەتێکی زۆرتری بدابایە •

ئەوەی بیویستایە ببێتە قازی ، ئەبوو رەشوەتێکی باش بدات • گومانیش لەوەدانییە هەموو قازییەك دڵنیابوو لەوەی زۆر لە شوێنەکەی خوێدا نامێنێتەوە ، لەبەرئەوە بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەداو هەموو رێی‌و شوێنێکی خواری ئەگرت تا خێراتر گیرفانی پڕ بکات •

وەنەبێ ئەم دۆخەش لەدەستگاکانی سەر بە پۆلیس‌و سەربازیدا باشتربووبێت • بەشێك لە هێزە سوپاییەکانی عوسمانی پاش شەڕەکە تواناو هێزی جەنگاوەرییان نەما • خراپە کردن‌و رووت کردنەوەو تاڵان کردنی دانیشتووانی سەررێی سەربازەکان ، ئەوەندە دووبارە ئەبوونەوە ، بووبوونە خوو دەقی خۆیان وەرگرتبوو •

لـــە ســـاڵی ١٨٧٩دا ، دانیشـــتووانی هەریمی دیاربەکر ، لای کاربەدەستان شکاتیان لە دەستدرێژی‌و کردەوەی ناڕەوای هێـــــزە نیزامی‌و غەیرە نیزامییەکان کرد • ئەو بێ‌جڵەوییە نزم‌و بێ‌رادەیەی لـــە سوپادا هەبوو ، بەزۆری بەهۆی نەبوونی ئۆردووگـــاو جل‌وبەرگ‌و ناڕێك‌وپێکی مانگانە دانەوەبوو •

سەرەڕای ئەودۆخی داراییە سەختەی وڵات کەوتبووە ناوی ، کەچی کۆشکی سوڵتان ، پارەو پووڵێکی زۆری بۆخۆشی‌و رابواردنی خۆی خەرج ئەکرد • موتەسەریفی هەریمەکانی رۆژهەڵات زۆرجار ، بە برووسکە فەرمانیان بۆ ئەهات بەگورجی مەبلەغێکی نیشانکراو بۆ ئەستامبووڵ بنێرن ، بەونیازەی بۆ ئەم یان ئەو پێویستی کۆشك خەرج

نکرێت ۰ ئەوەبوو لە ساڵی ۱۸۸۰دا ، کاتێك گشت هەرێمی ئەرزروم تووشی دەردی برسێتی بووبوو ، والییەکەی بروسکەیەکی بۆهات ، داوای لێ کــرا خێرا پانزە هەزار لــیرە بۆ کۆشــك ئامادە بکات ۰ بروسکەیەکی تری وەهاش بۆسەرداری تەرابزوون نێردرا[7] ۰

بەهۆی بەتاڵیی خەزێنەوە ، جەندرمەو پۆلیسەکان ماوەی چــەند مانگێکی زۆر مانگانەیان وەرنەگرت[8] ۰ کاربەدەستان ئاوڕیان لــە ناوبردنی دزیوجەردەییو رووتکردنەوە نەئەدایەوە ۰ ئاگایان لەوەبوو تازیو سەردارەکان چۆن دەکوژرێن ۰

کاربەدەســــتانی تورکیا بە هۆی ئەو دۆخــــە داراییە قورسو ناهەموارەی پەیدابووبوو ، هەروەها لە ئەنجامی پەرەسەندنی ناڕەزایی میللەتو پاش ئەوەش سەرکردنەسەری لەلایەن دەوڵەتە رۆژئاواییەکانەوە پەرەیسەند ، ناچاربوو بەڵێن بدات ، دەستێك بەهەرێمە رۆژهەڵاتییە-کاندا بهێنێ ۰ دانیشتووانی ئەوناوچانەش ، کە لەئەنجامی شەڕەکەو دڵرەقیو دڕندەیەتی دەوڵەتەوە نابووت بووبوو تەواو پەکیکەوتبوو ، بە چاوێکی پڕ لە هیواوە چاوەڕوانی ئەو دەستپیاهێنانە بوو ۰

پرۆژەیەکی دەستپیاهێنان لە بەردەستدابوو ، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ۱۸۷۹دا لیژانەیەك پێــــکهات بریتیبوو لە عەبدین پاشـــاو ماناس ئەفەندی ۰ ئەم لیژنەیە نێردرا بۆ ئەرزرومو خارپوت ۰

بەڵام بەشی لیژنەکە تەمەڵیو بێ کارییەکی تەواوبوو ۰ لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو هاتوچۆ کردنی لیژنەکەو دەســــتو پێوەندەکانی بووە بارو ئەرکێکی قورسوگران بەسەر دانیشتووانی ئەوناوچانەوە ۰

بەکر پاشاو ئەسکەندەر بەگ بەنیازی تەماشا کردنو لێکۆڵینەوەی

دۆخی هەریمی دیاربەکر ، نێردران بۆ ئەوێ . سەعید پاشا ( کـۆنە موتەسەریفی تریپۆل )و سولەیمان پاشای ( عەقیدی دەریاییو یاوەری سولتان ) ، عەقید شاکر بەگ ، ئەوەی لە سوپای فەرەنسیدا خزمەتی کردبوو ، عەقید تایەر بەگ ، ئەوەی شەش ساڵ لە سلکی دیبلۆماسی لـە هندستانو دوو سالیش لـەچین بوو نەقیـب ماورەکـوردات ، مولازیم یوسف بەگو شیڤێری ئینگلیزیو گ . بیرگییی سکرتێر[٩] ، ئەمانە بەشداریی لیژنەکەی بەکر پاشایان کرد . لیژنەکە لەشوباتی ساڵی ١٨٨٠دا گەیشتە دیاربەکر . بەڵام لە راستیدا هیچی بەهیـچ نەکرد . لیژنەکە سێ مانگ لەوێ مایەوە ، دووایی لەرێی مووسڵەوە چوو بۆ بەغدا . موتەسەریفی گشتی کە دیی خەزێنەی ولایەتەکە بەتاڵەو بۆ ئەوەی خەرجیی لیژنەکە مسۆگەر بکات ، ناچاربوو بکەوێنـە فرتو فێڵو پەنابەرێتە بەر رێگای خواروخێچو زۆرلیکردن ، هەتا بتوانێ باجی دوواکەوتوو کۆبکاتەوە[١٠] .

بە واتەی یاکیمانسکی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لەدیاربەکر ، گەلێك لە ئەندامانی لیژنەکە باوەڕیان وابوو قەت پێیان ناکرێت دۆخی ناوچەکە چاك بکەن ، بەڵام بەپێی ئامۆژگاریەکانی ئینلگیـز ئامانجی ستراتیجی گەورەیان هەبوو[١١] .

پێویستە ئەوە دەست نیشان بکرێت کە ئینگلیز لەم ماوەیەدا بێ وچان هەوڵی ئەدا دەستبخاتە کاروباری سوپاو جەندرمەی عوسمانییەوە بەریتانیا کە باش ئاگاداری تواناى جەنگاوەریی ســـەربازی سوپای عوسمانی بوو ئەیزانی تا چ رادەیەك ئەو توانایە نزمەو بەرەڵلایی لە ناویا چەند بڵاوە ، هات خزمەت گوزاریی خۆی خستە بەر دەم بەو نیازەی رادەی تاعەتو رێكو پێکییان بەرز بکاتەوە . کۆشك ئەم پێشنیارەی

بەدل بوو • لە شوباتی ساڵی ١٨٨٠دا ، کاپتەن تۆرتۆنی ئینگلیزی ـ لە مووشەوە بەرەو بتلیس کەوتەڕێ • لە ئەرزرومیش کۆلۆنێل کووپ روتبەی سەرەك موفەتیشانی جەندرمەی ئەوناوچانەی پێ درا[١٣] •

نە هەوڵو تەقەللای ئینگلیز ، نە کۆششو چالاکی لیژنەکە بۆیان نەکرا دۆخی ئابووری رووخاوو بەڕیوەبەرایەتی شێواوی ئیمپراتۆ ـ ریەتی عوسمانی باشتر یان بگرە بەهێزتری بکەن • لە زستانی ساڵی ١٨٧٩ ــ ١٨٨٠دا برسێتییەکی قورس زوربەی هەرە زۆری هەریمەکانی رۆژهەڵاتی عوسمانی گرتەوە • لە مارتی ساڵی ١٨٨٠دا رۆژنامەی ( تایمس ) هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە لە ئەستەمبووڵەوە پێی گەیشتبوو تیایا هاتبوو : « هەژاریو برسێتی لە دیاربەکرو مووسڵ تەواو پەرەیان سەندووە ، دانیشتوانی دەوروبەری مووسڵ ، لە هەموو وەسیلەیەکی ژیان بێ بەشن • بەڵام هیوا هەیە بەرهەمی ساڵی داهاتوو دۆخی لێقەوماوەکان باشتر بکات »[١٣] •

لە ئەنجامی بێبارانیو نەبوونی دەغڵودان نرخی نان زۆر بەرز بۆوە • کاربەدەستانی ناوخۆیی ، ئەوانەی بازرگانییان بە پارووی میللەتەوە ئەکردو دەستیان لەبازاری رەشدا هەبوو هەوڵیاندا هێندەی تر دانیشتووەکان برووتێننەوەو خوێنیان بمژن • ئەوەبوو حەسەن پاشای سەرداری هەکاری ، نزیکەی ١٢ هەزار[١٤] کیلۆ گەنمو جۆی لە عەمارەکانی واندا هەبوو ، ئەو حەسەن پاشایە گوێی لە داخوازی دانیشتووەکان نەگرتو رازی نەبوو ئەو گەنمو جۆیەیان بەقەرز بداتێ • بەڵام دووای ئەوەی دەمی بە رەشوەتێکی گەورە چەور کرا ، رازیبوو هەموو ئەو گەنمو جۆیە بەنرخێکی هەرزان بدات بە قاچاخچییەکان[١٥] •

ئەوانەی دەسەڵاتیان بە خواروخێچی بەکار ئەهێنا ، لە هەریمەکانی تری وولاتیشدا هەلیان ئەدۆزییەوە • بۆ نموونە مووچەخۆرە عوسمانییەکان لە خارپووت ( ٣٠ ) هەزار کیلۆ گەنمو جۆیان بە قاچاغ چییەکان فرۆشت ، ئەوانیش لە دووایدا بە دووقاتو چوار قات بە خەڵکییان فرۆشتەوە[١٦] •

ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نان ، وەك ئەنجامی شەڕەکەو بێ بارانی بوو • ئەوەبوو هەژاریی لە رادەبەدەرو برسێتیو دەردو نەخۆشیی بەدوای خۆیا هێنا • بۆ نموونە زەحیریی لە هەکاری تەشەنەی کرد • کاربەدەستانی عوسمانی لەوە تۆقان نەخۆشییەکە تەشەنە بکات ، بۆیە خێرا لە ئەرزروومەوە ( لافویان )ی پزیشکیان نارد بۆ ئەوێ ، ئەویش بلاوی کردەوە کە زیاتر لە دەهەزار کەس لە هەکاری لەتاو برسێتی مردن • دانیشتووە کوردەکان لە هەمووان زیاتر ئەم دەردەیان چێشت[١٧] • ( لە هەکاری ئاسووریش هەن ــ وەرگێر ) •

رۆژنامەی ( مشاك )ی ، تفلیسی لە ساڵی ١٨٨٠دا ، هەموو رۆژ هەواڵی برسێتی ئەم ناوچە یان ئەو ناوچەی تورکیاو ئێرانی بلاو ئەکردەوە • بە شێوەیەکی کارەساتاوی لە دۆخی هەژارییو برسێتی ئەرمەنو کوردەکان ئەدووا • « برسێتی ــ مشاك ئەنووسێت ــ پەرە ئەسێنێ ، خەڵکی لە هەموو شوێنێك رەشو رووتو هیلاكو لەڕو پەککەوتەن • لەتاو دەردو نەخۆشیو برسێتی پێستیان بەئێسکیانەوە نووساوە • بە شەقامەکاندا ئەسووڕێنەوە ، بە هەناسکە بڕکێو ونزگەرەوە بێ وەستان داوای یارمەتی ئەکەن • گەلێك لە برسانا مردن »[١٨] •

« لەهەریمی باشقەلا بەلای کەمەوە دەهەزار کەس مردن • دوو هەزار تا سێ هەزاریش لەبایەزیدو ئالاشکیر تیاچوون • ژمارەیەکی وەهاش لە ناوچەکانی میدیاتو بۆتانو جزیرە لەناوچـــوون ، باسی سەدەها کەسانیش نەکرێت کە لە ڕێگاو بانەکاندا بەلادا هاتن »[19] •

دۆخی نیمچە کۆچەرو دانیشتووەکانی کوردستانو ئەرمینیا بـــە جۆرێکی وەها تایبەتیو جدی کاریان کردە سەر ئەستەمبوول ، ناچاریان کرد لە سەرەتای سالی ١٨٨٠دا ، یاسایەك دەربارەی کـــەم کردنەوەی نرخی پارە بلاو بکاتەوە • خەلکە برسیو هیلاكو خوێن مژراوەکـــە رایەکی تەواو خراپیان بەرامبەر ئەو یاسایە پەیداکرد • « لـــە بارەی ئەمەوە پێویستە ئەوە روون بکرێتەوە ـ یاکیمانسکی لە دیاربەکرەوە نووسی ـ جووتیارەکان ، بە تایبەتی کۆچەرەکانی کوردستانو میسۆ ـ پۆتامیا ، لە کاروباری رۆژانەیانا ئەم پارە بێ نرخـــە بەکار ئەهێنن و پارەی لـــەزێر دروستکراو ناناسنو هەر نەیان دیوە »[20] • ئەبێ ئەوەش دەست نیشان بکرێت ، کـــە خەزێنەی هەرێمەکان لەپێشەوە بەنهێنیو ئاگادار کران نرخیپارە کەم ئەکرێتەوە • جا پێش ئەوەی یاساکە بلاو بکرێتەوە ، زووکەوتنە خۆیانو هەموو پارەو پوولـــە مەعدەنەکانیان گۆڕییەوە • ئیتر کە یاساکە دەرچوو ، خەزینەکانی میریی پارەو پوولی مەعدەنییان تیـــادا نەمابوو • جـــگە لەمەش هەموو ئەو خەزێنانە پارەیان بەنیوە نرخ لە خەلکی وەر ئەگرت بە مەرجێك لـــە مانگی نیسان تێ نەپەڕێت • بەکورتی ئەم پارە گۆڕینەوەیەو نرخ کەم کردنەوەیەی سەرومڕ لەسەر حسابی زەحمەت کێشانبوو •

میللەتیش وەلامی ئەم هەلخەلەتاندنو دەست بڕینەی بەراپەڕینو راستبوونەوەیەکی چەکداری رووبەروو دایەوە •

کوردە برسییەکەش دەســـــت بە چەکەوە پەلاماری عەمارەکانی گەنم‌و جۆی‌داو مووچە خۆرە دەوڵەمەندەکانی کوشت‌و سەرکێشـــانە رووبەرووی ئەو هێزە عوسمانیانە وەستا کە بۆ تەمێ‌کردنی‌و باج کــۆ کردنەوە نێردرانە سەری • ئەوەبوو کوردەکانی ماردین بە زۆر ( ٥٠ ) کبلە گەنم‌و جۆیان لە ( جیلۆ ) ناوێك زەوت کرد کە لە بازاڕی رەشیی نان فرۆشتندا ئیشی ئەکرد • بە هۆی ئەمەشەوە چوونە مەیانی شەڕێکی فورسەوە دژی سەربازە عوسمانییەکان[٢١] •

دۆخی ژیانی دانیشتووانی جزیرەو دیاربەکرو مووسڵ‌و ناوچەکانی تریش لەمە باشتر نەبوو • یاکیمانسکی لەو راپۆرتەیدا کە بۆ باڵیۆزی رووسیای نارد لە ئەستامبووڵ ، ئەوەی دەست نیشان‌کرد کە خەڵکی لــەتاو برسێتی ناچـاربوون گۆشتی کـــەر یان گژوگـــاو رەگی رووەك بخۆن[٢٣] •

کاربەدەستانی ناوچەیی دیاربەکر ، سلیان لەوە ئەکردەوە راپەڕینە بچووکەکانی ئەم شوێن‌و ئەو شوێن یەك‌بگرن‌و ببنـــە راپەڕینێکی گشتی • لەوەش ئەترسان پەلاماری عەماری گەنم‌و جـۆو ماڵی باج گرەکان‌و قاچاخ چییەکان بدرێت ، لەبەرئەمە هاتن پاسەوانی تایبەتیان بۆ ئەو ماڵانە داناو دەروازەکانی شوورەی شارەکەشیان بە ســـەرباز تەنی • نیاز لەمە ئەوەبوو رێگا نەدرێت کوردە برسییەکان بێنە نــاو شارەوە ، ئەوانەی لەهەموو لایەکەوە بە لێشاو روویان تێ‌ئەکرد •

برســـێتی‌و بێ دەرامەتی کاریان کردە سەر کۆچـــەرو نیمچە کۆچەرەکانیش گەلێك لە کوردە خاوەن مەڕو ماڵاتەکان ، ئەوانەی لــە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات کەوتبوون ، ناچار بوون شاخەکانیان بەجێ

هێلـــن‌و رووبکەنە شـــارەکان ، یان هەوڵ بدەن کارێکی وەرزیی بدۆزنەوە ، واتە لای ئەم یان ئەو دەرەبەگ بینەشوانو خۆیان بژێنن •

هەزارەها کورد ، ئەوانەی بە هۆی گەڕە لاوژەو پاشا گەردانی‌و برسێتییەوە کەوتبوونە دۆخێکی تەواو قورسەوە ، وازیان لــە هەموو شتێکیان هێناو روویان کردە کۆنسۆلخانەی رووسیا بەو نیازەی دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکات • لە مایسی ساڵی ١٨٨٠دا سەرۆکی گیانیی ( پەتریارك ) ئاسوورییەکان لە میدیاتەوەو پەنای بردە بەر ماکیمانسکی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لە دیاربەکرو داوای لێکرد رێگا بدرێت بە دە هەزار کوردی موسوڵمان بچنە ژێر سایەی رووسیاوە ، یـان رێگایان پێ بدرێت سنوور ببڕنو بچنە ناو وڵاتی رووسیاوە •

گەلێك روویان کردە باکوور ، واتە بەرەو سنوورەکانی رووسیا • ئامانجیان ئەوەبوو پارچە نانێك دەست بخـــەن • رووداو دیوەکان نووسیویانە کە هەموو رێگاو بانەکانی شـــاخی ئاراڕات بە کوردی رووت‌و برسی تەنرا بوون • گەلێـــك لەوانە لــە ناو لاوازیی‌و بێ هێزی مردن[٢٤] •

ئەم دۆخی ژیانە قورسەی دانیشتووەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، هەستی ئەرمەنەکانی بزواند • گەلێك لە ئەرمەنەکانی رووسیا بە دەنگیانەوە چوونو بە پارەو کەل‌وپەل یارمەتی برسییەکانی عوسمانییاندا • بەشێك لەم یارمەتیانە بۆ کوردەکان تەرخان کرا • بە واتەی رۆژنامەی ( مشاك ) ، ئەرمەنەکان لە ٢٥٪ی یارمەتییەکەیان لە چوارچێوەی پارەو کەل‌وپەلدا دا بە کوردەکان[٢٥] •

لــە ساڵی ١٨٧٧دا ، برسێتی بە شـــێوەیەکی قورس ناوچەکانی

کوردستانی ئێرانیشیی گرتەوە • بۆ نموونە : خـوی ، ســـابلاغ ، ورمێ ، سنەو شوێنی‌تر • لەم ناوچانەدا خەلکێکی زۆر بەدی‌ئەکران کە لەناو برسێتی لە تورکیاوە هەلاتبوون‌و ئامانجیان ئەوەبوو دەرفەتیکیان دەست بکەوێت • لەم ماوەیەدا لەسەر سنوورەکانی ئێراندا لە رادەیەکی فراواندا بازرگانی بە مندالان ئەکرا • بەپێی چەند هەوالێك شـــاری دیلمان بنکەی بازرگانی کردن‌بوو بە مندالانی کورد • لەوێ « کورد مندالانی خۆیان زۆر بە هەرزان ئەفرۆشـــــت ـــ ئەمەش بوو‌بووە نەریت • »[٣٦] •

لەمەش زیاتر ، بە واتەی ( ئەبۆت )ی ، کۆنسۆلی گشتی ئینگلیزی لە تەبرێز ، هەموو دانیشتووانی گوندێکی کورد لە ئێران مردن ، لـــە چەند گوندێکی تریشدا تەنیا ژنان‌و منالان مابوونەوە[٣٧] •

مووچەخـــۆرە دەولەمەندو خاوەن زەوی‌و زارە ئێرانییەکان ، کوژدە برسییەکانیان بە سەرچاوەی هەڕەشەو مەترسیی دائەنا • هەمیشە هەڕەشەیان ئەکرد عەماری گەنم‌و جۆکانیان تالان بکەن • بیریان لەوە نەئەکردەوە ئەو عەمارانە پارێزگاریی ئەکرێن‌و بە ئاســـــانی نادرێن بەدەستەوە • « برسێتی لەو ناوچانە ـــ رۆژنامەی مشاك ئەنووسێت ـــ خەلکەکەی گەیاندۆتە رادەی هار بوون ، لەوەدا نەماون گوێ بدەنە یاساو سڵ لە گوللەی پاسەوانەکان بکەنەوە ، بە هێرشەوە پەلاماری عەماری گەنم‌و جۆ ئەدەن‌و تالانیان ئەکەن »[٣٨] •

بەلام زۆری نەبرد کوردەکان وازیان لەو جۆری خەباتە عەفەوییە ، واتە پەلاماردانی عەماری گەنم‌و جۆکان هێناو هاتنە سەر ئەوەی خۆیان نە راپەڕینێکی چەکداری رێکخراودا کۆبکەنەوە ئەو راپەڕینەی لـــە سالی ١٨٨٠دا تەقییەوەو بووە راپەڕینێکی فراوانی میللی •

# راپەڕینەکەی عوسمان بەگ و حوسەین بەگ لـە جزیرە سـالی ١٨٧٨

کـە ئاشووبە گشتییەکە دەستی پێ کرد ، هەتا ئەو عەشرەتانەش بەشداریان کرد کـە بەستیو کـەم تەرخەمی ناویان دەرکردبوو • کاربەدەستانی عوسمانی بەو نیازەی کوردەکان لە خەباتی رزگاربوون دابپچڕن ، کەوتنە خۆش کردنی ئاگری دووبەرەکی نێـوان کوردو ئەرمەن بەڵام هەولەکـەیان نەچووەسەر • نارەزایی عەرەب و ئەرمەن هەتا ئەهات پەرەی ئەسەند •

پەیمانەکەی سان ستیفانو دووای ئەویش چاوپیاهێنانەوە بـەو پەیمانەدا لە بەرلین ، پاش شەڕەکەی نێوان رووسیاو تورکیا ، کەم ترین رادەی دان پیـانانی بە مافی گەلی ئەرمەندا تیـانەبوو ئەرمەنەکانی ناوچەکانی مووش و وان و زەیتوونە ، کە دەستیان لەوەشـت ئامانجی ئەفتەنۆمیایان بۆ نایەتە دی ، دەستیان دایە چەك • ئەمەش تا رادەیەکی زۆر بووە هۆی ئەوەی وا لە کاربەدەستانی عوسمانی بکات داوا لـە ئەرمەنەکانی بکەن بێنە ریزی سوپای نیزامیەوە •

لـە پایزی سالی ١٨٧٨دا ، ئاشـووبە ناوچەکانی وان و مووش و تلیسی گرتەوە • خێلە کوردەکانی مۆتکانلی و راشکۆتانلی و سالیکی ،

چالاکانە بەشداریان کردوو دەستێکی باڵایان تێدا هەبوو[1] • ئـەم بزووتنەوە دژ بە عوسمانییە پەرەی سەندو تەشەنەی کرد تـا گەیشتە ناوچەکانی بۆتانو هەکاری • لەم ماوەیەدا ئاشووبە بێسەرو شوێنە سلبیەکە کەوتە ئەوەی سروشتی بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو وەربگرێت • ئەو بزووتنەوەیەی لە لایەن عوسمان بەگو حوسەین بەگی جووتە کوڕی بەدرخان بەگی ناودار سەرکردایەتی کرا • ئەو جووتە برایە تا ئەو کاتە ئەفسەربوون لە دەستەی ئەرکانی سوپای تورك لە ئەستامبوول • بۆتان بووە بنکەو ناوجەرگەی بزووتنەوەکە • لـە هەر چوارلای وولاتەوە کوردی چەکدار دەستە دەستە روویان تێکرد • کوردە راپەریوەکان بوون بە دووبەشەوە • سەرکردایەتی بەشی ژووروو درا بە حوسـەین بەگو عوسمان بەگیش بوو بە سەرۆکی بەشی خواروو •

ئەبوو عوسمان بەگ جزیرە داگیر بکات • کە راپەریوەکان بەرەو ئەوێ کشان ، حامییەی شارەکەو مووچە خۆرە عوسمانییەکان لە ترسا شارەکەیان بەجێ هێشتو رایان کردە سیعرت • کوردەکان بێ ئەوەی بەرهەڵستی بکرێن شاری جزیرەیان گرت • هەرچی چەكو جبەخانەو باشەکەوتی گەنمو جۆ هەبوو بردیان • زۆری نەبرد راپەڕینەکە ناوچەی تریشی گرتەوە • هێزی نوێی چەکداری کورد هاتنە ریزی راپەڕیوە-کانەوە • راپەڕیوەکان هەر شوێنێکیان بگرتایە خێرا دەستیان بە سەر چـەكو جبەخانەو گـەنمو جۆی ئەو شوێنەدا ئەگرت • لـــە کاتی داگیرکردنی شارۆچکەی ( دیخ )دا ، ئەمە دووبارە بووەوە •

لـە دۆخێکی وەهادا ، چەند دەرەبەگو سەرۆکێکی کـورد ، ئەوانەی لەدەسەلاتو سەردارێتی عوسمانی قارسو ناڕەزا بوون ، دائیان

تا بە کوڕەکانی بەدرخان بەگدا . بە واتەی بەلـەج شێرکۆی مێژوو نووس ، ڕاپەڕیوەکان شارەکانی جۆلەمێرگو زاخۆو ئامێدیو ماردینو نیزیب ( ئەبێ نیازی لە نسیبین بێت ـ وەرگێر )و چەند شـــارێکی تریان گرت[٢] .

ناوچەکانی ڕاپەڕینەکەی کورد ، کە جزیرە پایتەختی بوو ، بانگی جیابوونەوەو سەربەخۆییان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بڵاو کردەوە . عوسمان بەگ نازناوی میری لە خۆی ناو لە وتارەی ڕۆژانی هەینیدا لە مزگەوتەکان ناوی لەگەڵ ناوی سوڵتاندا ئەهات .

تەشەنەکردنی ڕاپەڕینەکە لەو شـێوە فراوانەدا ، کاربەدەستانی تۆقاندو وای لێکردن زوو بکەونە خۆیانو ڕێیو شوێنێك بدۆزنەوە ڕاپەرینەکەی پێ لەناو بەرن . لـە سـیعرتو دیاربەکرو ئەرزنجانو ئەرزرومەوە ، هێزێکی نیـــزامی ١٧ بەتالیـــۆنی نێردرایە ســـەر ڕاپەڕیوەکان . لە خوارووشەوە بەشێك لە عەرەبەکان بە سەرۆکایەتی والی بەغدا ڕەوانەکران .

سێ بەتالیۆن لە سیعرتەوە ڕووی کردە شارۆچکەی دیخ . لـە ڕێگا بەرهەڵستی نەکران . کە شارۆچکەکەشیان گرت ، دڕندانە کەوتنە گیـانی دانیشتووە بێ دەسـەڵاتەکەیەوە . هێـزێك بە فەرماندەیی حوسەین بەگ پەلاماری ئەم سێ بەتالیۆنەیداو بەسەریا سەرکەوتو ناچاری کرد خۆی بە دەستەوە بدات . ئەم سەرکەوتنە بووە ڕەمزێك وهاندەرێك ڕاپەڕیوەکان هان بدات هەوڵی سەرکەوتنی تر بدەن . لە هەکاری گەلێك کەوتنە خۆ ئامادە کردن بۆ ئەوەی پاڵ بدەنە تەك ڕاپەڕیوەکان[٣] . دەنگو باسی سەرکەوتنی کوردو شکاندنی هێزەکانی

عوسمانی گەیشتە ناوچە هەرە دوورەکانی کوردستان • لـە ئەنجامی ئەمەشدا هەستی دوژمنایەتیو ناحەزیی بەرامبەر عوسمانی پەرەیسەند ئەوسا فەرماندەیی عوسمانی کەوتە خۆیو هەوڵیدا چەند هەنگاوێکی گورجو بەکار هەڵبێنێ • خێرا هێزیان لە بایبورتو ئەرزنجانەوە ڕژانە مووشەوە • مەبەستیشیان ئەوەبوو ئەو ڕێگایە بگرنو بەربەست بکەنو نەیەڵن ڕاپەڕیوەکانی دەرسیم وجزیرە دەستیان بەیەکتری بگات[٤] •

بۆ لێدانی ڕاپەڕیوەکان ، عیزەت پاشا دانراو دەسەڵاتێکی تەواوی پێدرا • بە واتەی چەند سەرچاوەیەك مووچەیەکی گەورەشی بۆ تەرخان کرا ، کە نزیکەی ( ٥٠ ) هەزار پێسە بوو ، لە کاتێکدا مووچەی والی دیاربەکر ( ٢٥ ) هەزار پێسە بوو[٥] • ( ئەبێ مووچەکە بۆ خۆی بێتو نەك بۆ خەرجیی شەڕ ــ وەرگێر ) •

دووا بەدووای ئەمەش کاربەدەستانی تورك ڕادەی زوڵمو زۆریان بە سەر دانیشتووە کوردەکاندا تیژتر کرد • هێزێکی گەورەی سوپایان ڕژانە هەرێمی ڕاپەڕینەکەوە • ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕاپەڕینەکە بێی نەکرێت لە دووارۆژدا تەشــەنە بکاتو فراوانتر بێتو وایکرد ڕاپەڕیوەکان لـە هەموو باریدە داێکی چاوەڕوان کراوی ناوچـــە کوردییەکانیتر دابڕیو بپچڕێت •

لە ( شێرنیها )وە ، ڕاپەڕیوە کوردەکان تووشی یەکەم نەهامەتی بوون • عوسمان بەگ سەرکردەی هێزەکانی کورد بوو ، ناچـاربوو بەرەو جزیرەبکشــێتەوە • حوسەین بەگیش لەگـــەڵ ئەو هێزی عوسمانیانەی لە بتلیسەوە هاتبوون بەیەکاچوون • خۆی پێ ڕانەگیراو ئەویش ناچار بەرەو جزیرە کشایەوە • ئەم نەهامەتییە کوردەکانی سارد

کردەوە • راپەڕیوەکان کە دیبان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدرێن ، ناچاربوون روو بکەنە شاخو هەردە سەختەکان کە بەدوژمن داگیر نەئەکران •

ئەوسا سولتان لەرێی نێردراوە تایبەتییەکەی خۆیەوە کەلە ئەستەمبوولەوە ناردی ، سەرۆکە کوردەکانی راپەڕینەکەی لەوە ئاگادار کرد ، ئامادەیە لێیان خۆش بێتو سەربەستی یان پێ ببەخشێتو دان بە دەسەڵاتو فەرمان رەوایێتییاندا بەسەر کوردەکاندا نبێ ، بە مەرجێك رازی بن لەگەڵیا بکەونە گفتوگۆ • سولتان بۆ ئەوەی نیاز پاکی خۆی بە بەڵگە دەربخات فەرمانیدا هەموو ئەندامەکانی بنەماڵەی بەدرخان بەگ لە بەندیخانە بەرەڵلا بکرێن • سولتان زۆرزانانە داوای کرد خوێن رژاندنی موسلمانان بوەستێو لەرێی گفتوگۆوە کێشەکانی نێوان هەردوولا چارەسەربکرێنو یەکالآبکرێنەوە[٦] • کوڕەکانی بەدرخان بەگ پڕوایان کردوو لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانیدا کەوتنە گفتوگۆ • لەرێی فرتوفێڵەوە کاربەدەستانی عوسمانی حوسەین بەگیان گرتو رەوانەی ئەستامبوولیان کرد[٧] • هەرچی عوسمان بەگە ئەوە ناچاربوو دان بە دەسەڵاتی تورکدا بنێ • بەم جۆرە راپەڕینەکە لەناوچوو • بەڵام راپەڕینەکەی کوڕەکانی بەدرخان بەگ بووە بەرکولو رێ خۆشکەری راپەڕینێکی گەورە کە لە ساڵی ١٨٨٠دا تەقییەوە •

## ـ بەرپابوونی پشێوی لـە هەریمی هەکاری ـ

دووابەدووای بۆتانو جزیرە کوردەکانی هەکاریش راســـت بوونەوە • ( ناوچەیەکی شاخاوی کوردستانە کەوتۆتە سەر سنووری نێوان تورکیاو ئێرانەوە ) •

بزووتنەوەی کورد لێرە بەدوواوە ، دژی ئێرانو عوســـمانییە داگیرکەرەکان پێی ئەخاتە قۆناغێکی نوێی خەباتێکی رێكوپێك ترەوە • تەریقەی نەقشبەندی لە پێكهێنانو ئامادە کردنی ئەم راپەڕینە نوێەدا دەورێکی بالآی هەبوو • بنکەی چالاکیی ئەم تەریقەتی دەروێشییەو تەریقەتەکانی دەروێشیتر تەکیەو خانەقـا بوو[1] • دەوری تەریقەتە دەروێشییەکان لــە ناوچەکانی کوردستاندا ئەوەندە بەهێزبوو « خــۆ هەلواسین بەم یان بەو تەریقەتەدا لە هەستو پەیوەندیی خێـــلآیەتی بەکارتر بوو »[2] •

شێخ عوبەیدوڵلای سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی • لــە نیوەی سەدەی نۆزدەهامدا ناوو شوێنێکی بەرزی لە ناو کوردەکاندا هەبوو • عوبەیدوڵلا یەکێكبوو لەو دەرەبەگە گەورانەی کورد چاوی لەوەوەبوو هەراو هوریاو رێگریی لــە ناوچەکانی کــوردا نەمێنێو بازرگانیش پەرەبسێنێو ببووژێتەوە • جەماوەری کورد رقو ناحەزییەکی زۆری

بەرامبەر مووچەخۆرە تورکەکانو کاربەدەستانو هەبوو ، شـــێخ عوبەیدوڵلا سوودی لەمە بینی • لەبەرئەوە هات بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی لەسەر بناغەیەکی ئاینی دارشت • موریدەکان لە تەکییەکەی شێخ عوبەیدوڵلا کۆئەبوونەوە • خەلیفەو نوێنەرە ئاینییەکان بەناو ئەمو ئەو تەکییەدا بڵاو بووبوونەوە • شێخ لەڕێی ئەمانەوە دەسەڵاتی ئاینی خۆی بەسەر ژمارەیەکی زۆری جەماوەری کوردا بڵاوکردەوە • زانیارییەکی کەممان دەربارەی ژیانی تایبەتی شێخ عوبەیدوڵلا هەیە •لە وتارەکەی نیکیتیندا ( کوردەکان باسو هەواڵی خۆیان ئەگێڕنەوە ) دەربارەی دەسەڵاتی ئاینیی شێخ زانیارییەکی زۆرو بەکەڵك بە دی ئەکرێت[٣] •

باسی شـــەجەرەی ئەم بنەماڵەیە بەدوورودرێژی لەو کتیبـــەدا کراوە[٤] • بەپێی گەلێك لەو سەرچاوانە ئەوە دووپات ئەکرێتەوە کە ناوبانگی بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵلا لـــە رۆژانی شێخ تاهای باوکـــە چالاکەکەیەوە دەستی پێ‌کردوو بڵاوبۆوە • شێخ عوبەیدوڵلا چـــەند گوندێکی لە باوکییەوە بۆ مایەوە • ئەو گوندانە لە لایەن سوڵتانو شاوە بە مووچە بۆی بڕابۆوە ،• عوبەیدوڵلا ژمارەی گوندەکانی زیـــاد کردوو گەیاندنییە ٢٠٠ گوند • بوو بە یەکێك لـــە دەرەبەگە هەرە گەورەکانی کوردستان • هەر بەهـــۆی بەهێزبوونی دەســـەڵاتی دەرەبەگایەتیو شـــێخایەتیو دووبەرەکایەتی دەرەبەگە دراوسێیـــەکانیەوە بوو یەکێکی وەك شێخ موحەمەد بچکۆلە وای لێ بێت لەو رۆژانەدا بەناو خەڵکەکەدا هەواڵێکی وەها بڵاو بکاتەوە گـــوایە شێخەکانی شەمدینان[٥] لەڕێی راستی ئاین لایان داوەو هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئەوەندەی خاوەنی دەسەڵاتی دونیاین هێندە سەرۆكو رابەری ئاینی نین[٦] •

زوربەی بەرهەمی تووتن لە هەکاری هی عوبەیدللابوو • ئەو تووتنەی بۆ دەرەوە ئەنێردراو لە بازاڕی شارەکانیشدا خواستێکی زۆری لەسەربوو • شەریکەی ( ڕێژی ) فەڕەنسی لە بەرهەم هێنانی تووتندا پێشبڕی گەورەی شێخبوو • چالاکی شێخو هەوڵدانی بێ وچانی بۆ ئەوەی هێمنی ڕێگاو بانەکانی ناوچەکانی کورد لە دەستدرێژی دزو جەردە بپارێزێت ، هەروەها سزادانی بێ بەزەییانەی دزو جەردەو یاسا شێوێنان ، بوونە هۆی ئەوەی بازرگانیی لەولاتەکەدا پەرەبسێنێ •

× × ×

عوبەیدوللا ، کە شوێن ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ کەوتبوو ، لە ڕۆژانی شەڕەکەی نێوان رووسیاو عوسمانیدا هەولیدا دەسەلاتی سیاسیی خۆی بەسەر هەموو ناوچە کورد نشینەکاندا بسەپێنێ •

دۆخی قورسو ناهەموار کوردەکانی هانئەدا پشتگیریی هەولو تەقەللادانەکەی عوبەیدوللا بکەن • ئەو هەولو تەقەللایەی بۆ لێدانو کزکردنی دەسەلاتی مووچە خۆروو دەزگاکانی دەولەتی عوسمانی تەرخان کردبوو ، ئەو دەزگایانەی کاروپیشەیان رووتاندنەوەی خەلکوخوا بوو • جگە لەوەش نیاز لەو هەولو تەقەللایە ، چەسپاندنی دەسەلاتی شێخیش بوو لە ناوچەکانی دەوروبەریدا •

نوێنەرانی بنەماڵە ناودارەکانی کورد ، لە بنەماڵەی رەواندزو بتلیسو بۆتانو بنەمالانیتر ، کە لە دەسەلاتو ئیمتیازەکانیان درابوو ، بە گەرمییەوە بەشداریی بزووتنەوە دژ بە عوسمانییەکەیان کرد •

گەلێك لە مەلاو شێخە کوردەکانیش ، کە کاربەدەستانی عوسمانی هەوڵیان ئەدا لە دەسەڵاتەکانیان بدەن ، ئەوانیش لە داخانا هاتنە ریزی بزووتنەوەکەوە • ئەو شێخانەی دۆخی ژیانیان بە جۆرێك پەریشان بووبوو ، بە رادەیەك جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دۆخی چینی هەژاراندا نەبوو ، بێ سێوودوو هاتنە تەك بزووتنەوەکە •

پاش شەڕەکە ( شەڕەکەی نێوان رووسیاو عوسمانی ـ وەرگێڕ ) شێخ عوبەیدوڵلا هەنگاوی چالاکانەی تری بۆ رێکخستنی راپەڕینێك دژی دەوڵەتی عوسمانی هەڵهێنا • حکوومەتی عوسمانی کە هەستی بەمە کرد خێرا موفتی وانی ناردە لای شێخ ، بە نیازی ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات • هەرچەندە گفتوگۆکە هەفتەیەکی خایاند بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەدا بەدڵی کاربەدەستانی عوسمانی بێت • شێخ عوبەیدوڵلا مەبەستی خۆی بۆ موفتی خستەروو ، بەتایبەتی نارەزایی خۆی دەربارەی دەستگاکان‌و خراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەستگایانە دەربڕی[٧] • جەنەراڵ مایۆر زیلیۆنی لەو راپۆرتەیدا کە لە ( ١٥ )ی شوباتی ١٨٨٠دا بۆ فەرماندەی گشتی ئەرکانی قەفقاسیی نارد ، دەربارەی هەڵوێستی شێخ لەو گفتوگۆیەدا ئەنووسێت : « شێخ نیازی وابە سوود لەو بێهێزیو بێدەسەڵاتییەی ئەمڕۆی عوسمانی ببینێ • لەو رایەدایە عوسمانی بەرەو رووخاندنێکی تەواو ئەڕوات ، لەبەرئەوە ئەیەوێ لە عوسمانی جیاببێتەوەو سەربەستییەکی راستەقینە دەست بخات ••• »[٨] • هەر لە سەرەتاوە کە شێخ هێشتا خەریکی خۆئامادە کردن‌بوو بۆ پێكهێنانی راپەڕینێك دژی دەوڵەتی عوسمانی ، دەنگ‌وباسی ئەو خۆئامادە کردنە دەنگ دانەوەیەکی خۆشی بەناو هەموو کوردەکاندا دایەوەو بە ئەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازی لێ‌کرا •

ئەوەبوو شارەکانی ئێران ( واتە کوردستانی ئێران ـ وەرگێڕ ) وەك : خوی ، ساوجبلاق ( سابلاخ ـ وەرگێڕ ) ورمێو شنۆ ، بوونە بنکە بۆ خوی ، سابلاخ ورمێو شنۆ ، بوونە بنکە بۆ ئامادەکردنی چەكو جبەخانە بۆ راپەڕیوەکان •

« هەر لەم رووەوە ، کرێبلی کۆنسۆلی رووس لە ئێران لە کانوونی یەکەمی سالی ١٨٧٩دا ئەنووسێت ـ شێخ نیازی وایە هەرایەك دژی دەولەتی عوسمانی هەلگرسێنێ • بە تەمای ئەوەیە لە کوردستانی عوسمانی ، حکوومەتێکی سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی خۆی پێك بهێنێو شاری مووسلیش بکاتە بنکەو بارەگا »[٩] •

شێخ عوبەیدوللا لە مەیانی سیاسەت کاریدا پشتی زیاتر بە رووسیاو نەك بە بەریتانیا ئەبەست • کە ئەهاتە سەر ئەوەی ئەم هەلوێستەی روون بکاتەوە ئەیوت : « باشتر وەهایە لایەنگیری شێر بێتو نەك هی رێوی »[١٠] • ( ئەگەر شێخ شارەزای سیاسەتبووایە ئەبوو لایەنگیری رێوی بکات • چونکە دەرکەوت شێرەکە لە ئاست رێوییەکەدا کەلبەی کولبوو هەرگیز لە ئاست کێشەی گەلی کوردا قەت نەشێرو نە رێویبووە ـ وەرگێر ) • عوبەیدوللا جارەهایجار لەرێی ئوبەرمیلەری کۆنسۆلی رووس لە ئەرزرووم هەولیدا پشتگیریی رووسیا دەست بخات • پاش ئەوەی « یاریدەدەرێتی کۆنسۆلخانە »ی ، رووسیا لە وان کرایەوە هەولو تەقەللای خۆی بۆ ئەو مەبەستە گەرمتر کرد • « هەر ئەوەندەی کاروباری یاریدەدەرێتی کۆنسۆلخانەکەمانم لە وان گرتەدەست ـ کامساراکان ئەنووسێت ـ خێرا ئیبادوولا ( واتە

عوبەیدوڵلا ــ وەرگێر ) دووجار یوسف ئاغای باوڕپێکراوی خۆی بە پێشنیارەوە ناردە لام .. »[11] .

لە ڕێی تێردراوێکی تریشەوە ، واتە لە ڕێی سەید موحەمەد سەیدەوە ، کە شێخ عوبەیدوڵلا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٩دا ناردی بۆ لای کامساراکان ، لە ڕێی ئەوەوە شێخ هەموو ئامانجە سیاسییەکانی ، هەموو ئەو هۆیانەی وایان لێ ئەکرد ڕاپەڕێت ئاشکرا ڕوونی کردنەوە . سەید موحەمەد سەید بڵاوی کردەوە : شێخ گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ، ئیمپراتۆرییەتەکە لە توانایدا نەماوە ئەمن و ئاسایشی میللەتەکانی ژێر دەستی بپارێزێت و ئەمەش لە ئەنجامدا ئەگاتە ئەوەی ببێتە هەرە شەیەك بۆ ماڵو موڵکی خەڵکی وڵاتەکە . لەبەرئەوە شێخ ڕاستبوونەوە ، لە پێناوی چاکەو سوودی ئەومیللەتە بە کارێکی ڕاستو ئەرکێکی سەرشانی دائەنێت ، ئەو میللەتەی لەودا پارێزەریی ڕاستەقینەی خۆی بەدی کردووە[12] .

بەلای شێخەوە هۆی هەرە گەورەی ڕووتاندنەوەو خوێن مژینی ڕەنجبەرانو ئەو هەژارییە خەستەی دانیشتووکان تێی کەوتبوون ، هۆی ئەوانە هەمووی لە جۆری بەکارهێنانی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی عوسمانییەوە بوون . سەید موحەمەد سەید ، کە هاتەسەر دەرخستنی باری سەرنجی عوبەیدوڵلا ، بڵاوی کردەوە : « شادەماری هەموو خراپەیەك لە تەماعکاری دەستگاکانەوە دەست پێ ئەکات . لەنوێنەرانی پلەی هەرە خوارەوە ، واتە لە زەبتییەکانەوە دەست پێ ئەکاتو لە پلەکانی سەرەوەی دەستگاکان کۆتایی دێت . ( ڕاستییەکەی لە سەرەوە دەست پێ ئەکات . ئەگەر سەرۆکەکان دزو جەردە نەبوونایە دەستو

پێوەندەکانیشیان لاســـایی ئەوانیان نە ئەکردەوە ـ وەرگێڕ ـ ) ، ئەوانەی دووا دڵۆپی خـــوێنی میللەت ئەمژن ، ئەو میللەتەی داخ‌و زۆرداریی چەشتنی گەشتۆتە ســەری لووتی‌و ورەی بەرداوە . نەك گاورەکان بەڵکو کوردەکانیش خوێنیان ئەمژرێت . هەر لەبەر کردەوەی خراپ‌و ناڕەوای دەستگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەوەیە کوردەکان ناچار ئەبن رووبکەنە جەردەیی‌و رووت‌کردنەوە[١٣] .

سەید موحەمەد سەید لــە کاتی گفتــوگۆ کردنەکەیدا لەگــەڵ کامساراکان ، هەوڵی‌دا سەرنجی بەرەو ئەوە رابکێشێت کە شێخ لــەو خەباتەیدا دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپای کردووە ، پشتی بە پاراستن‌و لێپرسینەوەی رووسیا ئەستوورەو هەمیشە حیســـابی بۆ ئەکات . بیانگەی شێخیش لەم پشت بەستنەی بە رووسیا بەوە روون ئەکرایەوە کە « رووسیا دراوسێی‌کوردە ، لەبەر ئەوە هەمیشە زیاتر لە بەریتانیا رێزی لێ گیراوە »[١٤] . سەید موحەمەد سەید لە کاتی گفتوگۆکەیدا ســەرنجی یاریدەدەری کۆنسۆلی بەرەو دۆخێــکی ستراتیجی گرنگ رائەکێشا ، واتە ئەو دۆخەی ئەگەر هاتوو رووسیا لەگەڵ تورکیا یــان لەگەڵ بەریتانیادا کەوتە شەڕەوە ئەوە « کوردەکان » بۆیان هەیە کار بکەنە سەر چارەنووسیی شەڕەکە ، لەبەر ئەوەی هەمــوو رێگاوبانە شاخاوییە گرنگەکانی وان ، یان دیاربەکر بەدەست ئەوانەوەیە ، واتە بە دەست کوردەکانەوەیە[١٥] .

کامساراکان لە نامە رۆژانەکانیا کە بۆ باڵیۆزی ئەنارد لە ئەستەـ مبووڵ ، بە دووروودرێژی لەمە ئەدوێ‌و ئەنووسێ : بە لایەوە باشتر وایە ئاوڕ لە داخوازی کوردەکان نەدرێتەوە . باشتر وایە نیشتەنیی بە

گاورەکانی ویلایەتە رۆژهەڵاتی‌یەکان بکرێنە بەردی بناغە . ئەم باری سەرنجدان‌و هەڵوێستە وەك ن . أ خاڵفین ، باسی ئەکات لە سەرچاوەی سیاسەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی قەیسەرەوە هەڵقوڵابوو[١٦] .

شێخ عوبەیدوڵڵا چاوی لەوەبوو کوردەکانی عوسمانی‌و ئێران لە یەك‌کاتداو بە یەکەوە راست بینەوە . هەروەها حەزی بەوەش ئەکرد میللەتە چەوساوەکانی تریش وەك عەرەب‌و ئەرمەنی‌و ئاسووریش ، بەشداری‌ی راپەرینەکە بکەن . شێخ عوبەیدوڵڵا بەو نیازەی پشتگیری‌ی میللەتە دراوسێ‌یەکان مسۆگەر بکات ، بۆ ئەم نیازە لەگەڵ مارشەمعوونی سەرۆکی ئاینی ئاسوورییەکان‌و شەریفی مەککەو خدیوی میسردا کەوتە گفتوگۆ . عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدا ، لە رێی فەرغان پاشای سەرۆکیانەوە شێخ عوبەیدوڵڵایان ئاگادار کرد ، ئامادەن پشتگیری‌ی بکەن .

بەپێی ئەو رێككەوتنە ، ئەبوو هێزەکانی کورد ، دووای داگیرکردنی مووسڵ لەگەڵ هێزەکانی عەرەبدا یەك بگرنەوە . دابەش‌کردنی هێزەکانی راپەرینەکە بەم جۆرە بوو :

بەشێك لە هێزی راپەڕیوەکان بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری کوڕە بچووکی شێخ ، لەگەڵ هێزەکانی عەشرەتی مەنگوورو مامەش ( ئێران ) ئەبوو شارەکانی ئامێدی ، مووسڵ ، داگیربکەن . بەشێکی تریش بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا ، دەستگا بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی شاری وان بگرێ .

عوبەیدوڵڵا بەو دووربینی‌یە سیاسی‌یەی هەیبوو ، لەوەی بەلاوە

زۆر گرنگ‌بو دەوڵەتە ئەورووپاییەکان پشتگیریی بکەن • لەبەرئەوە هەوڵێکی زۆری‌دا ئەو دەوڵەتانە بەلای خۆیدا رابکێشێت •

هەر لـــە سەرەتاوە ، کە ئاشووبەکە لـــە ویلایەتی وانەوە سەری دەرهێنا ، شێخ کەوتە خۆی ، بەو نیازەی راپەڕینێك بەرپا بکات •

نەك هەر کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی ، بەڵکو دیپلوماسیی‌یە ئینگلیزەکانیش کەوتنە جووڵەو جمووجۆڵ • لە ساڵی ١٨٧٩دا ، دوو ئینگلیز ، واتە مولازیم یەکەم کروفدیرو فووزیر نێردران بۆ ناوچەکانی ژووروی رۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی • نیاز لە ناردنیان ئەوەبوو ، لەو شوێنانە بکەونە پشکنین‌و لەبارو دۆخەکە بکۆڵنەوەو لەوە دڵنیابن ئەو دەنگ‌و باسانەی دەربارەی پێك‌هێنانی راپەڕینێك دەبیسترێن راستن یان نا • ئەو دووانە ، لە گەشتەکەیاندا بەم شـــوێنانەدا رۆیشتن : سامسۆن ، ئەماسیا ، سیواس ، ئەرزنجان ، مووش ، بیتلیس‌و وان • لە گەرانەوەشیانا لە مەلازگیرەوە بەرەو ئەرزرووم رۆیشتن •

لەو رۆژانەدا ، کاتێك راپەڕینەکەی عوبەیدوڵلا لە خۆکۆکردنەوەدا بوو ، لە شوباتی ساڵی ١٨٧٩دا ، لە باکووری رۆژهەڵاتی گـــوماوی واندا بزووتنەوەیەکی لە خۆرادا ( عەفوی ) ، لە ناو عەشرەتی حەیدەرانلی دژی دەوڵەتی عوسمانی سەری دەرهێنا • بە قسەی رائید ترۆتێری کۆنسۆلی ئینگلیز لە ئەرزرووم ، هۆی سەرەکی ئەو راپەڕینـــەی حەیدەرانلی ، هەژاری‌و برسێتی‌و بێ‌سەروشوێنی بوو[18] •

بزووتنەوەکەی حەیدەرانلی چالاکانە دایە پاڵ شێخ عوبەیدوڵلا • ئەم راپەڕینـــەی حەیدەرانلی ، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوســـمانی ئەترساند • ئەو راپەڕینەی هەر کە زستان داهات لە چالاکی کەوتو

له شوێن خۆی چەقی • کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی تەنیا لە ئامانجە دوورەکانو دوواڕۆژییەکانی شێخ عوبەیدوڵلا ئەسلەمینەوە •

ئەستەمبووڵ دووای ئەوەی زانیاری‌یەکی باشی لـە خۆئامادە کردنەکەی شێخ کۆ کردەوە ، کەوتە خۆی • لە پایزی ساڵی ١٨٧٩دا موشیر سامی پاشا لە جێگای دەروێش پاشا دانراو کرا بە فەرماندەی لەشکری چوارەمی ئەنادۆڵو دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی پێدرا • سامی پاشا بەهێزەکەیەوە گەیشتە وان • بە ناوی فریاکەوتنو یاریدەدانەوە هێزێکی پیادە لەگـەڵ دوو بەتارییەدا لـە ئەرزرومەوە بەرەو وان کەوتنە رێ • جگە لەمەش ، سامی پاشا چەند بەتالیۆنێکی بە دەوری هەکاریدا کۆکردەوە ، ئـەو بەتارییانەی لـە شـارە دراوسێیەکان کۆکردەوە ، وەك دیاربەکرو ئەرزنجـانو مووسڵ • نیـازی لەمەش ئەوەبوو پەیوەندیی هەکاری لەگەڵ کوردە دراوسێیەکاندا بیچڕێت • « کوردەکانی دەوروپشت ــ یەك دوو ئاسووری ئەم هەواڵەیان بە تەقیب کلایتۆنی کۆنسۆلی ئینگلیزی راگەیاند ــ لەبەر ئەوەی هەموو رێگاو بانەکان بە سوپا تەنراون ، بۆیان ناکرێت فریای راپەڕینەکەی شـێخ بکەون »[١٩] • سامی پاشا هەر کە گەیشتە وان ، خێرا داوای لە شێخ کرد ، لەگەڵ بەحری بەگی نوێنەرو یاوەری سولتان حەمیدی دووهەمدا بکەوێتــە گفتوگۆ[٢٠] • بەحـری بەگ راسپێردرابوو ، بە هەموو جۆرێك ، جا لەرێی پارەو پووڵو دەم چەورکردنەوە یان لەرێی بەڵێنو گفـــت بەخشینەوەوە بێت وا لـــە شێخ بکات واز لــــە نیازی راستبوونەوە بهێنێ •

« بەم بۆنەیەوە ، ئەوە دوو‌پات ئەکەینەوە ــ زیلیۆنی لە نامەکەیدا

ئەنووسێت ــ قاو وایە گوایە میریی مووچەی خانەنشینی بۆ شـێخ بڕیوەتەوەو بە بەحری بەگیشـدا دیاریو خەلاّتی سولتانی بۆ شێخ ناردووە ، ئەو دیارییانە بریتین لە ( شیرو مەدالیا )[21] .

هەتا زمان لووسیو بەڵێنەکانی بەحری بەگیش ئەنجامیان نەدا . شێخ فەرمانیدا بەهەموو کوردەکانی ژێردەستی باجو سەرانە نەدەن میرییو لە رووبا راست بنـەوە . ئەمەشی بەوە بۆ میریی روون کردەوە ، گوایە کاربەدەستان بێ بەزەییانە باجێکی لە پلە بەدەر لـە میللەت ئەسێنن[22] .

لە سەرەتای ئابی سالّی ۱۸۷۹دا ، کـوردەکانی گەراکلی رازی نەبوون باج بدەن بە قایمقامی عوسمانی . ئەوسا ئەو قایمقامە هێزێکی ( ٤٠٠ ) کەسیی لە گاوارەوە ناردە سەریان . هەر لە یەکەم بەیەکاچوونەدا کوشتارێکی زۆر لە کوردەکان کراو ( ٤٠ ) کەسیان لێ بەدیل گرتنو بەرەو گاوار گەڕانەوە .

شێخ عوبەیدوللا لەسـەر کوردەکانی گـەراکلی هەڵیدایەو نوێنەرانی خۆی ناردە لای کوردە دراوسێیەکانو داوای لێکردن لا بدەنە تەك راپەڕینەکـەی . بانگەوازێکی بلاّوکردەوە ، لـەو بانگەوازەدا لەوە دووا کە جاران ناوچەکانی کوردنشین لەژێر دەستی عوسمانیدا نەبوون ئەوەشی تیا ئاشکرا کرد کە خەرێکی خۆئامادەکردنە بەو نیازەی پەلاماری ئامێدی بدات .

سەرداری مووسل ، ( ۲۰۰ ) سەربازی ناردە سەر پالگا ، بۆ باج کۆکردنەوە . شـێخ عوبەیدوللا هێزێکی بچووکی کـوردی بە

سەرۆکایەتی عەبدولقادری کوڕی نارده سەر ئەو هێزەی سەرداری مووسڵ • بەڵام هێزەکەی مووسڵ شەبەیخوونیان لـە هێزەکەی شێخ کردوو تێکیان شکاند • لە هەمان کاتیشدا سەرداری باشقەڵا ، لە ڕێی نێردراوەکەیەوە ، داوای لە شێخ کرد تاعەتی تەواوی خۆی بنوێنیو هەموو باجەکان بدات • هەرچی شێخە ، نوێنەرەکەی ئرتو داوای کرد هەتا چل کوردە بە دیل گیراوەکەی گەراکلی بەرنەردرێن ، ئـەو نوێنـەرە بەرەڵلا نەکات • ئەبوو والی وان ، بەکـر ئەفەندی ، وەك نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە لای شێخ ، ئەوەی پێ سپێردرابوو دۆخەکە بۆ شـێخ روون بکاتەوەو داوای لێبکات هەلوێستی خۆی دەسـت نیشـان بکات •

شێخ لە وەلامەکەیدا کـە بۆ سەرداری وانی نارد ، دەست تێ وەردانەکەی خۆی بەوە روون کردەوەو ، پاکانەکەی ئەوەبوو ، گوایە هێزەکانی میریی ئامێدییان تالان کردووەو چەند گوندێکیان سووت‌ـ تاندووەو گەلێکیـــان کوشتووەو ئابرووی ئافرەتانیـــان بردووە • « کوڕەکەم ــ عوبەیدوڵلا لـە نامەکەیدا ئەنووسێت ــ فەرمانی لـە خۆمەوە پێدراوە هەر کە گەیشتە ئەوێ ، خێر اهەوڵ بدات ئاگری دووبەرەکێتیو دوژمنایەتی نێوان هەردوولا بکوژێنێتەوە »[٢٣] •

سەیر ئەوەیە رووی ئەدا سەربازە عوسمانییەکان حەزیان نەئەکرد شەڕ لەگەل هێزەکانی شـێخ بکەن • ئەمەش وەك کلایتـۆن روونی ئەکاتەوە ، لەبەر ئەوەبوو ، لەناو موسڵمانەکاندا ، شێخ ناوو پایەیەکی گەورەو بەرزی هەبوو هەمیشە وەك پیرێکی پیرۆز سەیر ئەکرا[٢٤] •

ئاسووریەکان لـە ماوەی ئەم رووداوانەدا یارمەتییەکی زۆری

کوردیان داو پشتگیریان کردن . کاپتەن کلاّیتۆن ، لەو نامەیەیدا کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٨٧٩دا ، بۆ ماجوور ترۆتێری نارد ، بە ترسەوە لەوە ئەدوێ کە « مارشەمعوونو چەند مووسـلمانێکی دەست ڕۆیشتوو لە شار ( واتە لە وان ــ نووسەر ــ ) ، پەیوەندیان لەگـەڵ کوردە ڕاپەڕیوەکاندا هەیە »[٢٥] . لە زۆر شوێندا ، ئاسووریەکان هەستی دوژمنایەتییان بەرامبەر قەشە ئەمەریکاییەکان نەئەشاردەوەو بە چاوی دوژمن سـەیریان ئەکردن . هەمیشە هەولیـان ئەدا ڕێگانەدەن ، ئەمەریکاییەکان شارەزایی دەربارەی ڕێگاوبانی ناوچـەکانی ورمێو مووسڵ پەیدا بکەن . ئەمەشیان لەگەڵ ئینگلیزەکان کـرد ، ئەوانەی پارێزگاریی ئەو قەشانەیان ئەکرد .

مارشەمعوون ، ئاشکرا پاڵیدایە ئاژاوەکەی هەکاریو چـووە ڕیزی « بەرەی ناحـەزانەوە »[٢٦] . ئـەم هەڵوێسـتەی سەرۆکی ئاسووریەکان لەبەر ئەوەبوو چونکە شێخ ڕەفتارو کردەوەی دۆستانەی لەگەڵ ئاسووریەکانی ناوچەکەیدا هەبوو . بەواتەی دەسـتاوێژە ئینگلیزییەکان ، شێخ دژی ئەوەبوو ، ئاسووریەکان لـە لایەن چەند دەستەیەکی کوردەوە زۆریان لێبکرێتو تالاّن بکرێن . جارەهای جار مەڕوماڵاّتی تالاّن کراوی ئەگەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان .

ئەم پەیوەندییە دۆستایەتییەی ئاسووریەکان پیشانی بزووتنەوەکەی کوردیاندا ، بووە هۆی ئەوەی نوێنەرانی بەریتانیا لە عوسمانیو ئێراندا پەژارە بکات . ئابۆت ئەم پرسیارەی کرد : « ئەگـەر هاتوو ڕاپەڕیوەکان ، ( واتە کوردەکان ــ نووسەر ــ ) بەرەو ئەوە بچن یەك پارچە دەسەلاّتی عوسـمانی لابەرن ، ئایا ئەوسـا نەسـتوورییە شاخاوییەکان ( ئاسووریەکان ــ نووسەر ــ ) ئەچنە تەکیان ؟ »

هەر خۆی بە شێوەیەکی سیلبی وەلام ئەداتەوەو دان بەو دەورەدا ئەنێت کەئینگلیـزەکان بۆ ئاسوورییەکانیـان دانابوو لـە کاروباری ڕۆژهەلاتدا هەیانبێت • ئابۆت ئەنووسێ : بە قەدەر سەری دەرزییەك گومان لەوەدا نی‌یە ، وەك چۆن لەژێر سایەو سێبەری بەریتانیادا بـە ئاسوودەیی ئەژیان ، وەهاش ئەبوونە یاریدەدەرێکی سوود بەخش بۆ ئەستەمبوول ، بۆ ئەوەی کێشەی پشێوی‌و ئاجەزی لـە کوردستاندا یەکالا ببێتەوە »[٢٧] •

ئاشووبەکەی کوردەکانی هەکاری لەناو کوردەکانی ئێراندا دەنگی دایەوەو کوردەکانی ئەوێ بە خۆشی‌یەوە پێشوازییان کرد • شـێخ عوبەیدوللا بەو نیازەی ئەوانە بەرەو جوولانەوەو چالاکی نواندن هان بدات ، هـات بانگەوازێکی تایبەتی بۆ ناردن • لەپێش هەمووانەوە عەشرەتی شکاك چوو بەدەنگ ئەو بانگەوازەوە • ئەو عەشرەتە چەکدارە سنووری تورکیای بڕی بەو نیازەی بداتە تەك شێخ[٢٨] •

ڕاپەڕینەکەی هەکاری ( نووسەر هەرجارە ناوێك لە ڕووداوەکەی هەکاری ئەنێت ، جارێك ناوی ئاشووبەو جارێکی تریش ناوی ڕاپەڕینی لێ‌ئەنێت ، ئەم دوو ناولێنانەش لە ڕووی‌لێکۆلینـــەوەی مێژووییەوە جیاوازیان هەیە ــ وەرگێڕ ) ، ئەو مەترسی‌یەی بەدووای خۆیدا هێنا ، بەناو گەلێك ناوچەکانی کوردستانی تورکیاو ئێراندا تەشەنە بکات • لەبەر ئەوە مایەی سەرسووڕماندن نەبوو ئینگلیـز بە ئاگاداری‌یەوە چاوی تێ‌ببڕێت‌و هەولی لەناوبردنی بدات • مێجەر ترۆتیری کۆنسۆلی بەریتانیا لە ئەرزرووم ، لەو نامەیەدا کە بۆ بالێوزی بەریتانیای نارد لە ئەستەمبوول ، لەو نامەیەدا سامی پاشا بەوە تاوانبار ئەکات کـــە

« نازانێ چۆن راپەڕینەکە هەڵسەنگێنێو نرخی تەواوی خۆی بداتێ »[٢٩] • راپەڕینەکەی کورد ، بەلای ترۆتێرەوە هێندە گرنگو سامناك بوو ، ناچار ماوەیەکی درێژ لە ئەرزرووم مایەوەو بەشداریی هەموو ئەو خۆ ئامادەکردنەی کرد کە بۆ لێدانی راپەڕینەکەی کورد لە گەڕدابوو • هەموو ئەو دەنگو باسانەی لەلایەن چاووراکانی ئینگلیزەوە دەربارەی کوردستان کۆ ئەکرانەوە ، خێرا ئەگەیشتنە سامی پاشا • ئەمەش وای کرد سامی پاشا ئاگای لە دۆخی راپەڕینەکە بێتو بزانێت چۆن هەنگاو هەڵبهێنێو چی بکات • سامی پاشا حەزی کرد چاوی بە شێخ بکەوێتو داوای روون کردنەوەی هۆیەکانی راپەڕینەکەی لێ بکات ، بەڵام شێخ رازی نەبوو چاوی پێی بکەوێتو لەگەڵیا کۆببێتەوە •

شێخ هۆی پەلاماردانی پیاوە چەکدارەکانیشی بۆسەر ئەو هێزەی لە مووسڵەوە هاتبوو ، بەوە روون کردەوە کە لەبەر پاراستنی نیشتەنی یە بێ دەسەڵاتەکانەوە بووە • « پاراستنی ئەوانە لە دەست درێژی کردنی ناڕەوای سەربازەکان » بە ئەرکێکی پێویستی سەرشانی داناوە •

دواییش کە راپەڕینەکەی کورد ، ئەو راپەڕینەی شێخ بەشداری کردو تووشی نەهامەتی هات ، کلایتۆن « دەنگو هەواڵی دڵ خۆشکەرەی » بە سەرۆکەکەی گەیاندو ئەوەشی بەتایبەتی دەست نیشان کرد « کە بە گشتی بۆم هەیە ئەوە رابگەیێنم ، راپەڕینە جدی یەکەی ئەمڕۆی کورد تیاچوو سەرو شوێنی نەما »[٣٠] •

ئەوەی راستی بێ ، شێخ عوبەیدوڵلا بەلایەوە چاکتر وابوو دانی بەخۆیا بگرێتو چاوەڕوان بێت ، ئەمەشی لەبەر ئەوەبوو چونکە هێشتا

بۆی نەکرابوو بە تەواوەتی هێزی هەموو ئەو سەرۆکە کوردانە یەك بخات کە هاتبوونە ریزی راپەڕینەکەوە . نەی ئەویست سەرکێشی بکات و رووبەرووی هێزی عوسمانی چەکدارو مەشق پێکراو بوەستێ . کە زستان هات چالاکیی راپەڕیوەکان تەواو کزبوو .

عوبەیدوللا رای وابوو ، کوردەکانی هەکاری ناتوانن بە تەنیا رووبەرووی دەولەتی عوسمانی بوەستن و بچنە کۆڕی خەباتەوە . لەبەرئەوە هەولیدا بە شێوەیەکی ئاراستەوخۆ پەیوەندیی لەگەل سەرۆکە کوردەکانی تردا پەیدا بکات ، بەو نیازەی جۆرە یەکێتییەکی عەشرەتەکان پێك بهێنێ .

ئەستەمبوول لەو رۆژانەدا لەوە ئەترسا تەقینەوەیەکی تری کورد رووبدات ، لەبەرئەوە بۆی نەئەکرا رێ لە پێك هێنانی یەکێتییەکی وەها بگرێت . بگرە چاوی لەوەبوو سوود لەو یەکێتییە ببینێ و ئاراستەی میللەتی ئەرمەنی بکات . لە هەمان کاتیشدا ئەستەمبوول هەولیدا وا لە دەولەتە ئەورووپاییەکان بگەیێنێ کە ئەو یەکێتییە ( واتە یەکێتی کوردەکان ــ وەرگێڕ ــ ) دژی ئەرمەنەکانە ، بەوەش پشتگیریی دەولەتە ئەورووپاییەکانی بۆ ئیدانی بزووتنەوەکەی کورد مسۆگەر کرد .

رۆژنامەی « عوسمانلی » ، کە لە ئەستەمبوول دەرئەچوو ، ئەرمەنەکانی بەوە تاوان بارکرد ، گوایە نیازیان وایە لەرێی بلاو کردنەوەی ئاینی گاورەکانەوە ، کوردەکان بتوێننەوە .

داردەستی رۆژنامەکە لەم باسە ناماقوولەیدا ئەوەبوو ، گوایە ئەرمەنەکان مندالانی کوردیان لە قوتابخانەکانی خۆیانا وەرگرتبوو .

« ئەگەر بولگارەکان لە تورك راستبینەوەو دەست بخەنە خوێنی ، ئەوە ئەرمەنەکان لەوە خراپتر ئەکەن دەورەکەیان هەڕەشەو مەترسیەکی زۆرتری تێدایە . ئەیانەوێ کوردەکان بتوێننەوەو سەقافەتی خۆیان بخەنە ناو خوێنو مێشکیانەوەو ... شتی لەم جۆرە بابەتانە »[٣١] .

رۆژنامەکە بەم جۆرە سەرلێشێوێنە ئەینووسی . رۆژنامەی « وەقت »و « حەقیقەت »یش ، دەم درێژی خۆیان ئەکردو بۆ « کوردە قوڕبەسەرەکان » ئەکەوتنە لاوانەوەو فرمێسك رشتن ، ئەو کوردانەی بە واتەی ئەوان لەلایەن « ئەرمەنە خوێن مژەکانەوە » خوێنیان ئەمژێنرا .

دیبلۆماسیەی ئینگلیزەکان بە هەموو جۆرێك دژی پێکهێنانی یەکێتی کوردەکان وەستانو بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەیان هەولێکی زۆریاندداو چالاکیەکی تەواویان نواندو ، لەناو ئەرمەنەکاندا بروپاگاندەیەکی زۆریان کرد . ماجوور ترۆتێر ، بە بۆنەی یەکێتی کوردەکانەوە ، نامەیەکی بۆ هۆشینی بالیۆزی بەریتانیا لە ئەستەمبول نارد . لەو نامەیەدا نووسرابوو : « قەت باوەر بەوە ناکەم کاربەدەستانی عوسمانی دەستیان لە پێکهێنانی رێکخراوێکی گەوجانەی وەهادا هەبێت . » ، هەمیشە ئەوەی دووپات ئەکردەوە ، کە « رێکخراوێکی لەو جۆرو بابەتە ئەمرۆ بێ یان سبەی دژی کاربەدەستان راست ئەبێتەوە »[٣٢] .

پێکهێنانی یەکێتی عەشرەتە کوردەکان ، بەریتانیای بە جۆرێك پەژارە کرد ، ئەوەبوو هەتا نوێنەرانی پەرلەمانی ئینگلیزی خێرا ئەو

کێشەیەیان خستە بەردەم پەرلەمان و داوای لێکۆڵینەوە کردنیان کرد[٣٣] .

ئەستەمبوول سیاسەتی خۆی ئاراستەی ئەو ئامانجە کردبوو ، ئاگری دووبەرەکی لە نێوان عەشرەتە کوردەکان و لە نێوان کوردو ئەرمەندا داگیرسێنێ . هەر ئەمەش بوو هەرگیز رێگای بۆ دەولەتی عوسمانی تەخت ئەکرد بە ئاسانی دەست لە راپەرینەکانی کورد بوەشێنێ .

لە کاتێکدا رۆژنامەکانی دەولەتی عوسمانی بۆ « کورد ئەگریان و فرمێسکیان بۆ ئەرشت » و وەك پارێزەرێکی کورد خۆیان پیشان ئەداو لەسەر کورد هەلیان ئەدا ، بە پێچەوانەوە بلاوکراوە ئەرمەنییەکان ئەم درۆودەلەسەو گەزاف لێدان و بوختان کردنانەی دەولەتی عوسمانی و رۆژنامەکانیان بەدرۆ ئەخستەوە . بوختان پێ کردنی ئەوەی گوایە کوردەکان لە ناوخۆیانا یەکێتییەکیان پێك هێناوە .

رافی ، کە یەکێك بوو لە نووسەرە ئەرمەنییەکان لەو وتارەیدا کە بە ناوی « یەکێتی کورد » بلاوی کردەوە نووسی : « هەر ماوەیەك لەمەوبەر عوسمانییەکان داوایان ئەکرد کوردەکان لەناو ببرێن و دانەیان نەهێلرێ . ئەو کوردانەی ( بە واتەی عوسمانییەکان ـ وەرگێر ) کەم و زۆر کەلکیان نەبووەو نییەو هەمیشە ئەمرۆش وەك جاران مایەی ئاشووبەو سەرچاوەی هەموو خراپەیەك بوون . ئەبێ ئەو کوردانە لەناو ببرێن ، هەتا ناوچە رۆژهەلاتییەکانی تورکیای ئاسیایی بەتەواوەتی و هەتا هەتایە لە دزی و جەردەیەتی ئەو جەردانە ( واتە کوردەکان ـ وەرگێر ) رزگاریان بێت[٣٤] .

لەم کورتە باسەدا ئەبێ لەبەردەستدانی زانیارییەکی زۆریان دەربارەی

پەیوەندیی نێوان کوردو ئەرمەن تێدایە • جا لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە ( واتە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان کـــوردو ئەرمەن ــ وەرگێڕ ) پشت گوێ خراوەو کەمی لەسەر نووسراوەو مافی خۆی پێ نەدراوە ، بە ئەرکێکی سوود بەخشی ئەزانین چەند راستییەك بخەینە بەرچاو • ئەو راستییانە بریتین لەباری سەرنجی سەرچاوە پێشکەوتو خوازەکانی ئەرمەن بەرامبەر بە کورد •

سەرچاوەو بڵاوکراوە پێشکەوتوخوازە ئەرمەنییەکان ، ئـەم مەرجانەیان بۆ گەشە پێدانی پەیوەندیی دۆستانەی دووا رۆژی کوردو ئەرمەن دانابوو : پێك‌هێنانی یەکێتی نێـــوان کوردو ئەرمەن دژی ئەستەمبووڵو ژێر پێ‌خـــستنی هەموو جۆرە هەوڵدانێك نیـازی نواندنەوەی کورد بێت • خەباتی هاوبەشیی کوردو ئەرمەن ، تاقـە رێگای ئامادەکردنی راپەڕینێکە دژی دەوڵەتی عوسمانی •

نوراتونکیان لە یەکێك لە نامەکانیدا کە بۆ سرڤاندزیانی فۆلکلۆر ناسیی بەناوبانگی ئەرمەنی نووسیی ، لـەو نامەیەیدا بۆ نموونە ئەوە پێشنیار ئەکات ، بکەوێتە نووسینو لێکۆڵینەوە دەربارەی کـــورد • هەر لەم رووەوە ئەنووسێت : « بەلای منـــەوە ئەرکی هەرە گرنگی سەرشانی ئەرمەن ئەوەیە ، کورد بناسێو ئەو رێیو شوێنە بدۆزێتەوە مایەی پەیوەندیی پەیداکردن‌بێت لەگەڵیانا »(٣٥) •

( گرنگێتی ئـەم کتێبـە رەنگە بە زۆری لەوەدا بێت ــ جگە لـەلایەنی‌تر ــ بۆ یەکەم جار لـە چوارچێوەیەکی فراواندا توانیبێتی بیروڕاو هەستیی پێشکەوتوخوازی ئەرمەن ، ئەو ئەرمەنەی لـەبەر زۆر هۆ لەگەڵ کورددا رق‌وکینەیەکی دێرینیان لە نێواندابوو ، بخاتە

بەرچاو • هەر بەمەش بۆی هەیە ئەوبیروڕایە لە خەلکی نزیك بکاتەوەو خۆشەویستیان بکات • ئەمەش ئەرك‌و کارێکی کەم نی‌یە • گومان نی‌یە لەبەر ئەوەی نووسەر زمانی ئەرمەنی ئەزانێ وای لێ کردووە لەم رووەوە پێش خەلکانی‌تر بکەوێت ـ وەرگێڕ ـ ) •

کاتێك رۆژنامەکانی دەولەتی عوسمانی‌و ئەورووپاییەکان ، بە بۆنەی پێك‌هێنانی یەکیتی‌یەکەی کوردەوە کەوتنە دەنگ بەرزکردنەوەو گێرە شێوێنی کردن ، دەستەی نووسەرانی یەکێك لە رۆژنامە ئەرمەنەکان کە ناوی ( ئەرشیلیان ماموول ) بوو ، وتارێکیان بلاوکردەوە • لەو وتارەدا بەتیژیی رەخنەیان لەچەند « دیبلوماسی‌یەکی » ئەرمەن گرت • ( ئەرمەن دەولەتیان نەبوو هەتا دیبلوماسی‌یان هەبێت ، راست‌تر وابوو بلێ سیاسی ـ وەرگێر ) • هەر لەو وتارەشدا بە ئەوپەڕی خۆشییەوە دەربارەی پەیوەندیی دۆستانەی ئەرمەن لەگەل میللەتە دراوسێی‌یەکاندا دووان‌و داوایان کرد پەیوەندی‌و دۆستایەتی نێوان کوردو ئەرمەن پتەوترو فراوان‌تر بێت(٣٦) •

کاتێك دانا پێشکەوتووە خوازەکانی ئەرمەن ، گەیشتنە ئەو رایەی رووسیا دەورێکی گەورەی بۆ سەرفرازکردنی ئەرمەن ئەبێت ، هەر لەو کاتەشدا هیوای ئەوەیان پەیداکرد هەمان دەوریشی بۆ رزگارکردنی کوردیش هەبێت • رۆلە پێشکەوتوو خوازەکانی ئەرمەن ئاگایان لە چارەنووسی گەلی کورد بوو ، ئەو چارەنووسەیان بە ئامانجێکی نزیکی خۆیان دائەنا ، ئەو کوردەی لە مێژەوە لەگەل ئەرمەندا لەرێی پەیوەندیی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌یەوە قایم بەیەکەوە بەسترابوون • بە جۆرێك لەژێر باری چەوساندنەوەو زۆرداری عوسمانی‌یەکاندا ئالەیان ئەهات •

لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسە ئەرمەنە بۆرجوازی‌یەکان هەمیشە گەلی کوردیان وەك میللەتێکی جەردەو زۆردارو خوێنمژی ئەرمەن ئەخستە بەرچاو ، بەڵام موفەکیرە دیمۆکراتی‌یەکان بە پیچــەوانەی ئەوانەوە ، میللەتی کوردیان وەك ئەرمەن بە میللەتێکی بەش‌خوراوو زۆرلێکراو دائەنا . هاوهەستیی‌و دۆستایەتی خۆیان پیشـــان جووتیارە کوردە زۆرلێکراوەکان دەرئەبڕی ، ئەوانەی کەوتبوونە ژێر بارێکی گرانی چەوساندنەوەی ئابووری‌و نەتەوەییەوە . بەتیژی دژی مووچە خۆرە عوسمانی‌یە دڵڕەق‌و بێ‌بەزەییەکان ئەوەستان ، ئەوانەی قەت گوێیان نەئەدایە بێ‌دەرامەتی‌و هەژاریی کوردەکان‌و هەتا پێیان ئەکرا زیاتر ئەیـان رووتاندنەوەو وازیـان لـــە خوێن مژینیـان نەئەهێنـاو لێی‌تێر نەئەبوون .

لە ساڵی ١٨٦٠دا ، دەستەیەك لە ئەرمەنەکان لە ئەستـەمبوڵ ، کۆمەڵەیەکیان بە سەرۆکایەتی دوو نووســـەری ناسراوی ئەرمەنی دروست‌کرد ، ئەو دوو نووسەرە گاریگین شڤادجیان‌و ، م. موومajیان بوون . کۆمەڵەکە بە ناوی « کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی‌یە »وە بوو . ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بوو بەناو کوردەکاندا . کردەوەو چالاکیی ئەم کۆمەڵەیە ، یارمەتی ئەوەی‌دا ، بیروڕای سیاسی لە کوردستاندا پێك‌بێت‌و پەیوەندیی دۆستانەی نێوان کوردو ئەرمەن چەسپاوتر بێت[٣٧] . ( نامەوێ لــەوە بدوێم کردەوەو چالاکی ئــەم کۆمەڵەیە تا چ رادەیەك پەیوەندیی دۆستانەی نێـوان کوردو ئەرمەنی پتەوتر کردبێت ؟ ئەمە باسێکە درێژ ئەبێتـــەوە ! بەڵام ناچارم ئەوە دەست نیشان بکەم ، کە گەلی کـــورد لەو رۆژانەدا پێویستی بەو کۆمەڵەیە نەبوو تا بیروڕای سیاسی لا دروست ببێت . راپەڕینەکانی

بابان‌و سۆران‌و بۆتان لەئەنجامی هەستێکی سیاسی‌یەوە دروست بوون‌و هەستێکی سیاسی باشیشیان پاش خۆیان لە کوردستاندا بەجێ‌هێشت ، راپەڕینەکانی کوردی دووای ئەو سالەش بەلگەیەکی ئاشکران • ئەگەر زرووفی ناوەوەو بە تایبەتی رزووفی جیهانی نەبووایە ئەو راپەڕینانە ئامانجی خۆیان بەدی ئەهێنا ـ وەرگێڕ ) •

ئەرمەنە پێشکەوتو خوازەکان لە سالآنی ١٨٧٠ ـ ١٨٨٠شدا ، ئەم چالاکی‌یانەیان نواندووە • تێرسیسیانی مێژوونووسی سوڤی‌یەتی لەو کارەیدا کە بە ناوی « خەباتی ئازادی خوازی گەلی ئەرمەن دژی زۆرداری عوسمانی ١٨٥٠ ـ ١٨٧٠ » نوسیویتی ، ئەم باسە بەکەلکە سەرنج راکێشەرانە ئەنوسێت : « بەوانەی ستیپانۆس مالخاسیانی زمانناسی ناسراوی ئەرمەنی ، لە سەرەتای سالی ١٨٨٠دا ، چەند سەرۆکێکی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ کۆمەلآیەتی‌و ئابووری ، بە دژی‌یەوە خۆیان ئەگەیێنە ئەودیو قەفقاس لە تورکیا ، لە ژێرەوو بە هێنی لەگەل کوردەکانی سمکۆبەگدا ئەکەونە گفتوگۆ • ئەم سمکۆ بەگە بەلێنی‌دا کوردو ئەرمەنەکان دژی دەولەتی عوسمانی راست بکاتەوە » • ( ئەبوو نووسەر نموونەی سالآنی ١٨٥٠ ـ ١٨٧٠ مان بۆبهێنێتەوە ، کەچی بازدئەدات‌و بەسەر دەسالدا تێ ئەپەڕێت‌و باسی سالی ١٨٨٠مان بۆئەکات • وەنەبێ نموونەکەش بەکاربێت‌و سەرنج رابکێشێت • ئەو نموونەیە لە چوارچیوەی رووداوێکی‌سادە بگرە بەلێنی سەردارێکی نەناسراودایە ، ئەوەش نابێتە بەلگە • جگە لەمەش روونی ناکاتەوە ئەو سمکۆبەگە کێ‌یە ؟ ـ وەرگێڕ ـ ) •

لە سالی ١٨٨٠دا ، رۆژنامەی ( میگوئایاستان )و ( مشاك ) لەسەر

کێشەکەی کورد کەوتنە مشتومڕو ڕەدوبەدەل[٣٩] • لایەنگیرانی میگو ئایاستان ، ڕەخنەی ئەوەیان لە ( مشاك ) ئەگرت ، گوایە لە کێشەکەی کورددا ، هەڵوێستێکی دژبەیەکی هەیەو داوایان لەئەرمەنەکان کرد ببنە دۆستی کورد[٤٠] •

ئەو وتارەی لە تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٨٠دا لە ڕۆژنامەی ( میگو ئایاستان )دا ، بە ناوی ( کوردو ئەرمەنەکان ) بڵاوکرایەوە ، مایەی سەرنج لێدانە ، نووسەری وتارەکە لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوەی مێژوویی ، پەیوەندیی دۆستانەی هەمیشەیی کوردو ئەرمەن بە درێژایی مێژوو دووپات ئەکاتەوەو ڕەخنەی لەو سەرۆکە بۆرجوازییانە گرتووە کە هەمیشە کوردیان بە دوژمنی ئەرمەن بە دی کردووە • لەوە ئەدوێ ، نابێ جیاوازیی ئاین ببێتە هۆی دوژمنایەتی • لە هەمان کاتیشدا هەوڵی داوە ئەوە ڕوون بکاتەوە ، چۆن دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناهەموار وای لە گەلێك کوردەکان کردووە ڕووبکەنە جەردەیی و ڕووتکردنەوە • نووسەری وتارەکە لە دەروونەوە هەستی دۆستایەتی بێشانی جووتیارانی سادەی کورد دەرئەخات • لە هەمان کاتیشدا ڕاست گۆیانە سروشتی شێخ و دەرەبەگە کوردەکان ئەخاتە ڕوو بە جۆرێك باسیان ئەکات کە ئەوانە قەت « نوێنەرانی گەلی کورد نەبوونو نین »[٤١] • هەروەها داوا لە کوردو ئەرمەن ئەکات ببنە دۆست و برای گیانی بەگیانی و هەموو ئەو سوودانەش ئەخاتە بەردەم کە لە ئەنجامی ئەو دۆستایەتییە بە هەردوولا واتە بە کوردو ئەرمەن ئەگات ، نموونەو بەڵگەش بەوە ئەهێنێتەوە چۆن دۆستایەتی و برایەتی کوردو ئەرمەنەکانی ناوچەی ئیرزنگا سوودی بۆ هەردوولا هەبوو •

( بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوویی پیاوە ئاینی یەکانو دەرەبەگەکان نەك وەك دەستەو چین ، بەڵکو بە تەنیاش ، دەوری مێژوویی خۆیان هەبووە . ئەگەر وەها نەبوایە ئەبوو نووسەر کتێبێك لەسەر شێخ عوبەیدوڵلا نەنووسێت کە وەك چۆن سەرۆکێکی ئاینی بوو وەهاش دەرەبەگێکی زۆر گەورەبوو . ـ وەرگێڕ ) .

ڕۆژنامەی ( مشاك ) کە دێتە سەر یەکەم هەنگاوی یەکخستنی کوردو ئەرمەنو ئاسووری ئەنووسێت : « دووایی لە ناو میللەتەکانی ئەرمینیای تورکیادا ( نووسەر چاو ئەپۆشێ کە وشەی میللەتەکانی ئەرمینیا هەوێنکە ئاو زۆر ئەکێشێو هەوڵی ئەوە نادات هیچ نەبێ بە وشەیەکیش بێت ڕای خۆی بەرامبەر ئەم ڕا خوارە لە ڕاستی‌دوورەی ڕۆژنامەی ( مشاك ) دەرببڕێت . ئەو ڕایەی هەوڵ ئەدات لە ژێر پەردەی برایەتیو دۆستایەتی میللەتانی چەوساوەدا ، کوردستان یان بەشێك لە دانیشتووانی کوردستان بخاتە چوارچێوەی ئەرمینیاوە ـ وەرگێڕ ) . ئەو هەستو بڕوایە واتە هەستی هاوگیانیی ئەرمەنو ئاسووری ، خەریکی سەردەرهێنانە ، خەریکن لەوە بگەن کە ئامانجو هیواو پەرژەوەندیی هەموویان وەك یەکەو بارو ئەرکو زۆرداریی دەوڵەتی عوسمانی بە یەك‌جۆری بە سەر هەموویانا دابەش کراوە »[42] .

بەڵام ئەویەکێتی‌یە هێشتا ڕۆژی نەهاتبوو ، باس کردنی ئەو ئامانجەو لێ‌دواندنی هێشتا زووبوو . دەوڵەتی عوسمانی دەستێکی باڵای لە تێك‌دانی یەکێتیو برایەتی کوردو ئەرمەندا هەبوو . لە یەکێتی ئەو دوو گەلەدا هەڕەشەو مەترسیی بۆ ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی تیا دی‌ئەکرد . بەریتانیاش ئەم جۆرە یەکێتی‌و تێك‌چوونەوەی بە

دڵنەبوو • لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە « دۆســـــت »و « پارێزەری » ئەرمەنەکان دائەنا ، بەڵام دیپلوماسیەتی بەریتـــانیا بەلای ئەوەدا دایئەشکان پشتگیریی ئیسلاحاتە رووکەش‌و سەرزاری‌یەکان بکات ( واتە ئەو ئیسلاحاتانەی دەوڵەتی عوســــمانی بەتەمابوو بیانکات ـ وەرگێڕ ) •

میللەتەکانی تری ناوچە رۆژهەڵاتی‌یەکانی دەوڵەتی عوســمانیش هاتنە کۆڕی خەبات کردن دژی زوڵم‌و زۆری عوسمانی • باشترین نموونە ئاسووری‌یەکانی ناوچەی جۆلەمێرگ بوو • مارشەمعوونی ســەرۆکی بزووتنەوەکە فەرمانی‌دا دڵرەقـانە هەموو ئاسووری‌یەك سزابدرێت دەست‌درێژی بکاتە سەر کوردە سادەکانی ناوچەکــە • مارشەمعوون ئاگاداری ئەوەبوو کە پاراستنی دۆستایەتی لەگــەڵ عەشرەتە کوردە دراوسێی‌یەکاندا چەند گرنگە • لەبەرئەوە بانگی‌دا ، کە پاراستنی مافی عەشرەتەکان‌و شەرەف‌و ناموسی هەموو کەسێك کە لــە وڵاتەکەیانا ئەژین ، بێ ئاوڕدانەوە لە جیاوازیی ئاین‌و نەتەوە ، پاراستنی ئەوانە ، ئەرکی سەرشانیانە[٤٣] • ( ئەوەی ئەم چەند دێڕانە ئەخوێنێتـــەوە وا ئەزانێ ، گەلی کورد لە کوردستانی عوسمانیدا نەبووە • خۆ ئەگــەر بوویێت ئەوە چەند عەشرەتێکی بچووك بووە بێ سەرو شوێن لە خاکی ئەم‌و ئەودا ژیاوەو خێری پێ‌کراوە • ئەو ناوچــەیەی ئاسووری‌یەکان لە خاکی کوردستاندا تیا ئەژیان بستێك‌بوو لە کوردستانی فراوان • ئەبێ ئەوە دەست نیشان بکرێت کە لەو رۆژانەدا بزووتنەوەی تەبشیر کردن تیژ بووبوو ، ئەوەش لەبەرچاوی رەشیی گاورەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو • دەوڵەتە ئەورووپایی‌یە داگیرکەرەکان هەوڵیان ئەدا نە رێی ئاینەوە ، بە ناوی پاراســتنی ئەرمەن‌و ئاسووری‌یە هاوئاینی‌ـ

یەکانیانەوە ، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دەولەتی عوسمانیدا بسەپێنن‌و بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن • بۆ ئەم نیـــازو مەبەستە خۆیان لـــە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکانی دەولەتی عوسمانی نزیك کردەوە • ئەوانەش کە قەت ئاوڕلێ‌دانەوەو ناز پێدانی وەهایان بەخـــۆیانەوە نەدیبوو ، خۆیان بۆ ماوەیەك لەبیر چووەوەو لووت بەرزیان نواند • لە ئەنجامیشدا کورد وەك بەردی سەنگین لـــە خاکی خۆی‌دا مایەوەو دەولەتە رۆژئاوایی‌یە ئیمپریالیستی‌یەکانیش پشتیان‌کردە ئەو کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یانەو ئەنجامەکەشی بووە کارەســـاتێکی ناهەموارو بەسەریانا شکایەوە ـ وەرگێڕ ) •

لە ( ٢٤ )ی ، ئابدا ، پەیام نێری رۆژنامەی ( پولیتیش کۆرێسپۆندێت ) ی، ڤییەنەیی ، لــە ئەرزرووەمەوە نووسی : مارشـــەموون لەبەردەم سەرکردەکانی بزووتنەوە چەکدارەکەیدا ، رای‌گەیاند کــە شـــەڕەکە بەو مەبەستە داگیرســـاوە هەتا میللەت رزگار بکات : « خەباتەکەتان ـ بانگی‌دا ـ پێویستە تەنیـــا ئاراستەی ســـەربازو پاشاکان بکرێت ، ئەوانەی نوێنەرانی کاربەستان‌و میرین »(٤٤) •

بەپێی ئەو دەنگ‌و باسانەی لە رۆژنامەی ( مشاك )دا ، لە ١٤ی ئەیلوولدا بڵاوکرانەوە ، ئاشکرابوو کە لەو مانگەدا لە ویلایەتی وان ، هێزە یەکگرتووەکانی ئاسووری‌و ئەرمەنی کەوتنە چالاکی نواندن • لە هەمان کاتیشدا ئاژاوەو پشێوی لەناو عەشرەتە کوردەکانیشـــدا سەری دەرهێنا •

شێخ عوبەیدوللا لەوە گەیشتبوو ، کە هەتا سەرۆکە کوردەکان یەك نەگرن ، ئەوە کورد سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێ‌و بۆنی پێوە ناکات

مەرجی هەرە گەورەی سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتن ، تەنیا لەرێی یەکێتی یەکی راستەقینەی کوردەکان و خۆ ئامادە کردنێکی پتەوو قایم بۆ پێکهێنانی راپەڕینێك ئەهاتە دی . شێخ عوبەیدوڵلا لەم راستی یە گەیشتبوو . هەر لەبەرئەمە نوێنەرانی خۆی ناردە هەر چوار قوژنەی وڵات و داوای لە سەرۆکە کوردەکان کرد بەیەکەوە لە رووی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی یە داگیرکەرەکاندا راست بنەوە .

عوبەیدوڵلا لە نامەکانیا ، ئەو راستی یەی دەست نیشان ئەکرد تا چ رادەیەك میللەت لە دۆخێکی قورس و تاڵدا ئەژی و ئەوەشی دووپات ئەکردەوە کە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران کەم و زۆر مافی ئەوەیان نی یە سەرداریتی کورد بکەن . کە ئەهاتە سەر باس کردنی راپەڕینی چەکداریش ، شێخ لەوە ئەدووا کە ئەگەر هەموو سەرۆکە کوردەکان پشتگیری راپەڕینەکە بکەن ، ئەوە سەرکەوتن مسۆگەرە و گومانی تێدانی یە . شێخ ، لەتەك نامە ناردنیشدا ، نوێنەری قسەزان و لەبلەبانی ئاردە لای سەرۆکە کوردەکان ، بەو نیازەی نیازو خواستی شێخیان بۆ روون بکەنەوەو لە کاتی پێویستیشدا بە قسەو زمان لووسی رامیان بکەن و بەلای بزووتنەوەکەدا رایان بکێشن . ئەو نوێنەرانەی شێخ گەیشتنە رووسیاش[٤٥] . ئەوانە بە ناوی شێخەوە داوایان لە کوردەکانی ئەوێ کرد بدەنە تەك راپەڕینە گشتی یەکەی کورد . کاربەدەستانی رووس چاویان لە ێردراوەکانی شێخ غافڵ نەئەکرد . ئەوەبوو لە نامەیەکی نهێنیدا ، کە بۆ سەرۆکی قەزای ئیچمیازدین نێردرابوو ، ئەم ئامۆژگاری و ئاگادار کردنەیان تیادا هاتبوو : « بە بۆنەی بزووتنەوەکەی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی یەوە ، ئەو بزووتنەوەیەی گومان نی یە لە تەك ناوەرۆکە سیاسی یەکەیەوە ، ناوەرۆکێکی ئاینیشی هەیە ، دلوا

لە جەنابی پایە بەرزتان ئەکەین ، کوردەکانی قەزاکە لە چاو ون مەکەن‌و بە هیچ جۆرێك رێگا مەدەن بەشداریی ئەو راپەڕینە بکەن‌و نە بە پارەو نە بە هیچ رێگاو شوێنێکی‌تر یارمەتی بدەن »[٤٦] . بەلام شـــێخ عوبەیدوللا لە ناو کوردەکانی ئەودیو قەفقاســـدا ناوو پایەکی بەرزی هەبوو . خەلکی لە دەولەتی عوســـمانی‌و ئێرانیشدا بە خۆشی‌یەوە پێشوازی بیرو ئامانجی راپەڕینەکەیان کرد .

شێخ عوبەیدوللا بە جورێك ناوچەکانی خۆی بەڕیوە ئەبرد ، بووە نموونەیەکی تایبەتی . خۆی یان کوڕەکەی ، میواندارێتی هەموو ئەو کەسانەیان ئەکرد ، کە بۆ یەکالا کردنەوەی کێشـــەکانیان روویان تێ ئەکردن . بە یەك چاو سەیری هەمووانیان ئەکرد . هەرگیز گوێیان نەئەدایە جیاوازیی دۆخ‌و پلەی کۆمەلایەتی‌یان .

ئابۆتی کۆنسۆلی گشتی ئینگلیزی ، لە راپۆرتێکدا لەوە ئاگادار کرا ، گـــوایە ، عوبەیدوللا هەموو رۆژ ســـەدەها کەســـانی ئەدی . « شەخسیی‌یەتی ــ راپۆرتەکە لەسەری ئەڕوات ، کـــە لە ( ٨ )ی تەمووزی سالی ١٨٨٠دا نووسراوە ــ وەك جاران نی‌یە . واتە لـــەو پیاوە ناکات کە جاران کاربەدەستە رەسمی‌یەکان لە دەولەتی‌عوسمانی‌و لە ئێران دیبوویان »[٤٧] .

بە واتەی ئەوانەی چاویان پێ‌کەوتبوو ، شێخ وەك کاربەدەستێکی راستەقینە ئەجوولایەوەو رەفتاری ئەکرد . لەم رووەوە سەرەوو زیادە ، ئەو راستی‌یە بخەینە بەرچاو کە شێخ لە شارۆچکەکەی خۆیدا رادەو سنووری بۆ خەلکەکە دانابوو . ئەوانەی خراپەیان لەگەل نیشتەنی‌یەکان

ئەکـردو بە توندیو بێبەزەییـــانە لێیان ئەدرا • خـواردنەوەی مەشرووباتیش قەدەغە کرابوو •

عوبەیدوڵلا بەو داد پەروەرییەی ئەینواند ، بەو ژیانە ساکارەو تەوازوعەی هەیبوو ، خەڵكو خواکەی ژێردەستی ناچار کردبوو ڕێزێکی زۆری لێبگرن • « قەت ڕەشـــوەتی وەرنەئەگرت ، ڕێگای نەئەدا خەلکەکەی دەورووپشتیشیی وەری بگـرن ، ئەوەی لای ئەدا بەشی کوشتن بوو • مرۆڤێکی ڕۆشنبیر بوو ، هەولی ئەدا بەپێی توانا لـە بیروباوەڕو جۆری ژیانی کۆمەڵگای خاوەن شارســـتانییەتی ورد ببێتـــەوە ، دژی دزیو جەردەییو تالانی کردن بوو ، حەزی ئەکرد میللەتەکەی ببێتە میللەتێکی دامەزراوی پێشکەوتوو »[٤٨] •

ناوبردنی شێخو باس کردنی وەك پیاوێکی دادپەروەرو پارێزەری مافی گـەل ، لە دەســـتدرێژی کردنو زۆرداریو ڕووتاندنەوەی دەستگاکانی دەوڵەتی عوسمانی ، ناوی شـــێخیان بەرز کردبۆوەو بووبوونە هۆی ئەوەی ، هەزارەها کوردی ڕەشوڕووت لـە هەموو لایەکەوە ڕووی تێبکەنو پشتی بگرن • ناوی ( باوك ) ی، لێنرابوو ، ناوەکەی بووبووە ڕەمزی خۆشەویستیو ڕێز لێگرتن • هەر کەناوی ئەهات خەلکیی بە ڕێزەوە لە جێی خۆیان راســـت ئەبوونەوە[٤٩] • کوردەکانی هەکاری ، ئەوانەی لەلایەن مووچەخۆرە عوسمانییەکانەوە ئەرووتێنرانەوە ، بە چاوی سەردارێکی دادپەروەرو پارێزەری میللەتو کاربەدەستێکی بێوێنە سەیری شێخ عوبەیدوللایان ئەکرد • شێخ هەتا بڵێی پیاوێکی چاكبوو ، ـ یەکێك لـە ئەرمەنییەکانی ئـەو ڕۆژانە دەربارەی ئەنووسێتو ئەلی ـ پیاوێکی چالاكبوو ، لـە ئیش کردنو

هبلاك بوون تاقەتی نەئەچوو ، ناسك و زیرەك ، كردەوە رەفتاری بۆكانەی بەرامبەر هەتیوان و بێوەژنەكان هەبوو . كوردەكان لە هەموو لایەكەوە روویان ئەكردە شەمدینان بۆ ئەوەی دەردو خەفەت و قوربەسەری خۆیان بۆ شێخ بگێرنەوەو داوای نەسیحەتی لێ بكەن و وەعزو رێ پیشاندانی ئاینی لێوەربگرن . رێزێكی زۆریان لێ ئەگرت و وەك سەروكێكی دادپەروەرو مرۆڤ خواز سەیریان ئەكرد »[50] .

ناوداریی و پایە بەرزیی شێخ عوبەیدوڵلا گەیشتە رادەیەك كوردە مووسڵمانەكان پاش سولتان و شەریفی مەككە بە پیرۆزترین كەسی دابنێن . ( ئەوسا سولتان بە خەلیفەی مووسڵمانان دائەنرا ــ وەرگێر ــ ) . هەزارەها كورد ئامادە بوون وەك نێردراوێكی نوێی یەزدان دای بنێن و بێ سێودوو شوێنی بكەون[51] . هەتا لای نیشتەنیی گاورە دراوسێیەكانیش رێزێكی زۆری لێ ئەگیراو پەیوەندیەكی دۆستانەی تەواویان لەگەڵدا هەبوو . بە واتەی ویلسن ، شێخ هەمیشە ئەوەی دووبارە ئەكردەوە ، ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی گرتە دەست ، ئەوسا گاورەكانیش وەك مووسڵمانەكان مافی تەواوی خۆیان وەرئەگرن[52] .

عوبەیدوڵلا بۆ ئەوەی نیشتەنیی ئەرمەنەكان بەلای خۆیدا راكیشێت ، كەوتە پەیوەندیی بەستن لەگەڵ نوێنەرانی كلێسەی ئەرمەندا[53] . چەند جار شێخ نوێنەرانی باوەڕ پێكراوی خۆی ناردە لای ئەرخیماندریت ئۆگانیس وارتاپێت لە باشقەلا ( واتە لای سەرۆكی ئاینی ئەرمەنەكان ــ وەرگێر ــ )و داوای لێ ئەكرد چاویان بەیەك بكەوێت ، بۆ ئەوەی بە جووتە لە دۆخی ولات بدوێن و

رێی‌وشوێنی به کەلك بدۆزنەوە • بەڵام وەك ئۆگانیس خـۆی دانی پیادا ئەنێت ، هەموو جار گوێی لەو داخوازی‌یە کەڕ ئەکردوو بەو جۆرە دیدەنی‌یەکە سەری نەئەگرت(٥٤) •

شێخ رووی کردە مارشەمعوونیش‌و داوای لێ‌کرد لا بداتە لای راپەڕینەکەی کـــورد • بەڵام ئەویش وەلامێکی دایەوە هیـــوای رێك‌کەوتنی تیانەبوو • ( گومان نی‌یە شێخ هێزو دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو • کەچی رووی‌کردە ئەو کـــەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌و ئاینی‌یانەی کوردستان‌و پەنای بردە بەریان ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو سەنگی ئەوانە لە مەیانی خەبات‌و شەڕدا چارەنووسی راپەڕینەکە بە لایەکدا ئەخات • ئەوی راستی‌بێت ، لەبەر ئەوەبوو ، ئەوانە بووبوونە پێنۆکی دەولەتە ئەورووپایی‌یە ئیمپریالیســـتەکان‌و بەلەشی دەولەتی عوســـمانیدا چەقیبوون • لەبەرئەوە شێخ ئەیویست لەرێی ئەوانەوە پشتگیریی ئەو دەولەتانە یان هیچ نەبێ بێ لایەنییان مسۆگەر بکات‌و نەچن بە دەنگ دەولەتی عوسمانی‌یەوە ــ وەرگێڕ ــ ) •

ئەمەش بە زۆری بەوە روون ئەکرێتەوە ، کە ئینگلیزەکان هەولیان ئەدا ئاسووری‌یەکان لە کوردەکان نزیك نەبنەوە • هاتوو چۆ کردنی دیبلوماسی‌یە ئینگلیزەکان‌و سەردانیان لە ئاسووری‌یەکان‌و گفتـوگۆ کردن‌و نامە ئالوگۆڕ کردن لەگەلیـــانا ، هەموو ئەمانە بەو نیازەبوو مارشەمعوون بەشداریی راپەڕینەکەی کورد نەکات • مارشەمعوونیش کەمتەرخەمی‌یەکەی خۆی بەوە روون ئەکردەوە گوایە سەرۆکی ئاینی کوردەکان ناتوانێ‌و-بۆی ناکرێت جێگای دەولەتە ئەورووپایییەکان بۆ گاورەکان بگرێتەوە • کامباراکانی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووســـیا

لە وان ، لە یەکێك لە نامەکانیا کە لە (٢٩)ی ، نیسانی ساڵی ١٨٨٠دا نووسراوە ، لەم رووەوە ئەنووسێت : « وادیارە مارشەمعوون هەست بەوە ئەکات ئەگەر بێتوو لابداتە لای کوردەکان ،بەوە دەوڵەتە گاورەکان لەخۆی ئەکات ، هەر لەبەرئەمە نایەوێ لەگەڵ شـــێخ عوبەیدوڵلادا یەك بگرێ »[٥٥] .

لە کۆتایی مایسی ئەو ساڵەدا ، کـــە کامساراکانی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لەگەڵ مارشەمعووندا یەکیان دی ، بە ئاشکرا ئەو راستی‌یەی بۆ درکاندو وتی : « شـێخ هەوڵی‌دا بەلای خـوێدا رای بکێشێت ، بەڵام رازی نەبوو بەشداریی بزووتنەوەکەی شێخ بکات ، چونکە رای وابوو دەوڵەتە ئەورووپایی‌یەکان ئەمڕۆ بێ یان سبەی ، باری سەرشانی گاورەکانی دەوڵەتی عوسمانی سووك ئەکەن »[٥٦] .

لە شاری وان ، پەتریکی ئاسووریی‌یەکان لەگـــەڵ کلایتۆندو ترۆتێری کۆنسۆلی ئینگلیزی کە لەو رۆژانەدا تازە گەیشتبووە وان بە دزی‌یەوە یەکتری‌یان دی . پاش ئەمە خێرا گەڕایەوە بارەگاکەی .

کاتێك ئینگلیزەکان هاتنە کایەوەو دەستی یارمەتی‌یان درێژ کرد بۆ ئەوەی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران کونبڕ بکرێت‌و رێ لە کوردەکان بگیرێت ئەمدیوو ئەودیو بکەن‌و سنوورەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە داخەن ، ئەمە بووە هۆیەك‌و یارمەتی‌یەکی تەواو هەتا راپەڕینەکەی کورد لەناوبچێت[٥٧] . باڵیوزی بەریتانیا ، لـــە تاران‌و لە ئەستەمبووڵ ، لەگەڵ شاو سوڵتاندا کەوتنە گفتوگۆ ، بەو نیازەی توانای هەردوولایان بۆ لێدانی بزوتنەوەی کوردەکانی سەر سنوور یەك بخەن . تۆمسۆنی باڵیوزی بەریتانیا لـــە تاران ، بێ‌وچان لەوێوە

ئەندەنی لە هەموو ئەو هەوڵو تەقەللادانە ئاگادار ئەکرد ، کە لە لایەن هەردوو دەوڵەتەکەوە بۆ یەکخستنی چالاکی‌یانو ڕێککەوتنی ڕەسمی هەردوو لایان ئەدرا .

لــە تەمووزی ســـالی ١٨٨٠دا ، کلایتــۆنیش گەشـــتێکی دووروودرێژی کرد ، بەو نیازەی زانیاری دەربارەی خۆ ئامادەکردنەکەی عوبەیدوڵلاو دۆخی هەکاری کۆبکاتەوە . کلایتۆن لە نامەیەکی سەرپێیی خێرادا کە لە باشقەڵاوە بۆ ترۆتێری ناردی ، ئەوەی بۆ دەرخست کـــە بەتەمایە لەو گەشتەی بە ناوچەی تەرگەوەڕو چـەند ناوچەیەکی تردا ئەیکات ، واتە ئەو شوێنانەی ئاسووری‌یان تێـدابوو ، زانیاری‌یەکی زۆرتر کۆ بکاتەوەو هەولیش بدات چاوی بەشێخ بکەوێت[٥٨] .

کلایتۆن لە ماوەی ئەو دوو مانگەی لە کۆچانیس مایەوە ، چەندجار مارشەمعوونی بینیی‌و گفتوگۆی لەگەڵدا کرد . دووایی چـووە لای شێخ لە شەمدینان . لەوێ پێشوازی‌یەکی گەرمی کلایتۆنو یاوەرەکەی کراو ڕێزێکی زۆری لێ‌گیرا . « بە درێژایی ڕێگاکە ، سەدەها کوردی پڕ چەك بە ڕیز بۆ کلایتۆن وەستابوون ، ئاغا سەید موحەمەد سدیقی تەرجوومانو عەبدولقادری کوڕی شێخ چوون بەپیر کلایتــۆنەوەو پێشوازی‌یان کرد . دانیشتنی یەکەمیان کورت بوو ، قسەو باسەکانیان سروشتێکی ڕەسمی‌یان هەبوو بــە درێژایی دانیشتنەکە شـێخ بــە کوردی ئەدوا .

لە دووهەم دانیشتن‌دا ، کلایتۆن کەوتە باس کردنی هەڵوێستی بەریتانیاو پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عوســمانیدا . دووایی ئەوەی دووپات کردەوە کـــە بەریتانیا ئامادەیە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە

« گەڕەلاوژەیێ »و بێ یاسایی‌یەك بوەستێ کە ئەبێتە مایەی هەڕەشەو مەترسیی بۆ یەکێتی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی ، پاشان کلایتۆن ئەوەی روون کردەوە کە مەبەست لە هاتنەکەی بۆ هەکاری ئەوەیە راستەوخۆ هەموو دۆخ‌و زرووفەکە بەچاوی خۆی ببینێ •

پێویستە بەدووروودرێژی لە گفتوگۆکەی نێوان شێخ‌و کلایتۆن بدوێین • چونکە هیچ نەبێ ئەو گفتوگۆیە ، ئەوەمان بۆ ئاسان ئەکات لە نزیکەوە سەرنج لە هونەرو توواناى دیبلۆماسی‌یەتی شێخ بدەین‌و شوناسیی لەگەلدا پەیدا بکەین •

شێخ بە گوێ قولاغی‌یەوە گوێی لە وتارە درێژەکەی کلایتۆن گرت • دووایی کە هاتە وەلام دانەوە ، سوپاسی حکوومەتی بەریتانیای کرد بۆ ئەو پەیوەندی‌یە دۆستانەیەی بەرامبەر دەوڵەتی عوسـمانی ئەینوێنی‌و دووای ئەوە هەموو ئەو دەنگ‌و باسانەی بە درۆخستەوە کە دەربارەی لە یاسالادان لە هەکاری بلاو کراونەتەوە • کلایتۆنی لەوە دلنیاکرد کە لە رووی ئاسایشەوە ولاتەکە هیـچ کەم‌وکووڕی‌یەکی نی‌یە(٥٩) • بە واتەی بەگداساریانی بازرگانی ئەرمەنی ، کە لەو رۆژانەدا لەوێ بووەو دووایی لەم‌لاو لەولا گێڕاوی‌یەتەوە ، ئەو بازرگانە سەری لە مەتنیق‌و قسەی بەپێزی شێخ سووڕماوە • کلایتۆن بە نیازی ئەوەی شێخ بەرەو گفتوگۆیەکی کراوی بێ پێـچ‌وپەنا رابکێشێت وتی : کوردەکان هەقی خۆیانە نارەزا بن ، چـونکە دام‌ودەستگای فەرمان رەوایی عوسمانی لە دەستی نایە بە باشیی فەرمان رەواییان بکات • لە وەلامدا شێخ عوبەیدوللا وتی : کوردەکان گلەییان لە کاربەدەستانی عوسمانی نی‌یەو تەواو لێیان رازین •

خێرا قاوەیان هێنا ، ئەمەش مانای ئەوەبوو گفتوگۆکە تەواوبوو رۆژی دووایی کلاێتۆن شەمدنیانی بەجێهێشت[٦٠] .

( هەرچەند سەرم هێناو سەرم برد تێ نەگەیشتم نووسـەر چی ئەوێت ؟ بگرە تێ نەگەیشتم شێخ عوبەیدوللا چی ئەوێ ؟ ئەگـەر رسواکردنی دەولەتی عوسمانی‌یە ، ئەوە کلاێتۆن لەبەردەمدایەو با شێخ عوبەیدوللا بێ سلەمینەوە کێشەکەی کـورد روون بکاتەوەو لەرێی ئەوەوە رای خـۆی بگەیێنێتە دەولەتە ئەورووپاییـەکان . پێش چەند پەڕەیەك نووسەر لەوەدووا کە شێخ کوردی لەوە ئاگادار کرد دەولەتی عوسمانی مافی ئەوەی نی‌یەو پێی‌ناکرێ فەرمان رەوایی کورد بکات . هەرپێش ئەوەش لەوە دووا کە شێخ ئەیویست کێشەکەی میللەتی کورد بگەیێنێتە دەولەتە ئەورووپاییەکان . کەچی کە ئەو هەلەی بۆ هەلکەوت کەوتە مەدح کردنو هەلدان بەسەر دەولەتی عوسمانیدا . بەمە هۆیەکانی راپەڕینەکەی بەتاڵ کردەوەو هیچی بۆکـورد نەهێشتەوە . ئەگـەر کلاێتۆنی بەشت دائەنا ئەبوو هەموو شتێکی بۆ روون بکردبایەوە ، خۆ ئەگـەر بەهیچی دانەئەنا بۆچی بەوشـێوەیە پێشوازی‌کرد — وەرگێڕ — ) .

گەشتەکەی کلاێتۆن لـەو رۆژانەدابوو کە شـێخ ئەیویست کۆنگرەی سەرۆکە کوردەکان پێك‌بهێنێ . کلاێتۆن لە شـەمدینان گەلێك لە سەرۆکە کوردەکانی دی‌و گفتوگۆی لەگەلیانا کرد . لەوانە : سەرۆکە کوردەکانی سولەیمانی ، ئامێدی ، ئۆرامار ، بۆتان ، سابوون ، سیعرت ، مووش‌و ویلایەتی وان‌و کوردەکانی کوردستانی ئێران[٦١] .

کاربەدەسـتانی دەولەتی عوسمانی کـە دەنگ‌و باسی ئـەو کۆنگرەیەیان بیست ، بریاریاندا بۆ نیازو مەبەست‌و چاکەی خۆیان

سوود لەو کۆنگرەیە ببینن . بۆ ئەم مەبەستەش موشیر سامی پاشاو بەکربەگی یاوەری سولتان لەگەڵ ئەمو ئەو سەرۆکی کوردا گفتوگۆیان کرد . هەوڵیان ئەدا ئەو راپەرینەی لە تەقینەوەدابوو ئاراستەی ئەرمەنەکانی بکەنو بیکەن بەگژ ئەودا .

لە کۆتایی ئەیلوولی ساڵی ۱۸۸۰دا ، کۆنگرەی سەرۆکە کوردەکان لە شەمدینان دەستی پێکرد . ئەم کونگرەیە رووداوێکی مێژوویی بوو لە مێژووی گەلی کوردا ، لەسەدەی نۆزدەهەمدا . بەڕای عوبەیدوڵلا ئامانجی هەرە گەورەی ئەو کۆنگرەیە ، یەکخستنی هەموو عەشرەتە کوردەکانو پێکهێنانی راپەرینێکی گشتیبوو . کۆنگرەکە گەرداوێك بوو بۆخۆی ، دووڕایی ، جیاوازی بیروڕای سەرۆکە کوردەکان لەم سەرییەوە ئەهاتو لەوسەرییەوە دەرئەچوو . چەند سەرەك عەشرەتێك ، ئەوانەی عوسمانییەکان کڕیبوویانن ، هەر لە سەرەتای کۆنگرەکەوە ئەوەیان خستە بەردەم ، ئەو یەکێتی سەرۆکە کوردانەی بە دەستەوەبوو دژی ئەرمەنەکانو گاورەکانیتر بەکار بهێنرێت . ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوە بوو بەندی (٦١)ی ، پەیمانەکەی بەرلین مەرجی پێکهێنانی خودموختاری بۆ ئەرمەنەکان دانابوو . کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی پروپاگاندەیان بە ناو کوردەکاندا بڵاو ئەکردەوە ، گوایە ئەو بڕیارە دژی کوردو مافەکانی دانراوە(٦٢) .

عوبەیدوڵلا بە توندی دژی ئەو هەڵوێستە وەستا . بۆ هەموویانی روون کردەوە ، کە هەڵوێستێکی وەها مەترسیی ، تا رادەی تیاچوون بۆ کورد هەیە لە دوواڕۆژدا . شێخ رای وابوو کە ئەگەر ئەستەمبوول ، هەتا ئەو ساتە بە سەرزاری پشتی کوردی گرتبێت ،

ئەوە بەو مەبەستە بووە لە گاورەکانی ئەنادۆڵ راستیان بکاتەوە • خۆ ئەگەر هاتوو ئەرمەنەکان لە ئەنجامی ئەو هەلوێستە تیاچوون ، ئەوسا کورد لای کاربەدەستانی عوسمانی نرخیان نامێنێ‌و بەفلسێک نایان کڕن »[٦٣] •

جگە لەمەش عوبەیدوللا ئەو راستییەی خستە بەرچاویان کە ئەگەر هاتوو راپەڕینەکەی کورد ئاراستەی ئەرمەنەکان بکرێت ، ئەوسا دەولەتە ئەورووپاییەکان لە کورد راست ئەبنەوە • وتارەکەی عوبەیدوللاو خواستەکانی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە لایەن زوربەی بەشدارانی کونگرەکەوە پەسندکرا •

عوبەیدوللا لەکاتی کۆنگرەکەدا ، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە لەناو سەرۆکە کوردەکاندا واتە لە نێوان چەند سەرۆکێکدا دووڕایی هەیەو چەند سەرۆکێکیتر حەز بەوە ناکەن لە دەولەتی عوسمانی راستبنەوە ، ئەوسا بڕیاریدا نەخشەی راپەڕینەکەی بگۆڕێت • شێخ لە نەهری گەیشتە ئەم راو بڕیارە : مافێکی رەوای خۆیەتی سەرداریتی کورد بکات[٦٤] • چونکە سولتانەکانی دەولەتی عوسمانی بەزۆری زۆردارەکی ناوی خەلیفەیان بۆ خۆیان زەوت کردوە ، لە ژێر پەردەی خەلافەتدا دەسەلاتی ئاینییان بەسەر کوردەکاندا سەپاندوە • عوبەیدوللا کە ئەهاتە سەر دووپات کردنەوەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بێ‌وچان‌و راستەوخۆ داوای ئەکرد دژی داگیرکەرەکان راست بنەوە • « بەسە ، ئیتر لە توانادا نەماوە ژێر دەستەی عوسمانییە لە ئاین لادەرەکاندا بمێنینەوە • پێویستە خۆمان رزگار بکەین » • هەرگیز ئەمەی دووبارە ئەکردەوە •

شێخ نەك هەر دەوڵەتی عوسمانی بەڵکو ئێرانیشی بە دوژمنی کورد دائەنا • « ئەم دوو دەوڵەتە لە زەروو ئەکەن ، رێ لە پێشکەوتن و نەشەو نومامان ئەگرن »[٦٥] •

دووایی عوبەیدوڵلا نەخشە نوێیەکەی خۆی ئاشکرا کرد • چاوی بڕیبووە پێشختنی هەریمەکانی ئێران • ( هەریمەکانی کورد ـ وەرگێڕ ـ ) • دووربینیەکەی لەوەدا بوو « زرووفی هەلکەوتوو » لە دەست نەدات • ئەو زرووفە هەلکەوتووانەش وەك خۆی روونی کردەوە بریتی بوون لە دۆخی سیاسیو ئابووری ئێران • « ئێرانیەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا لە شەڕدان ، هەموو هێزو توانایان ـ ئەمەی دووپات ئەکردەوە ـ بۆ ئەو شەڕە تەرخان کردووە ، کەواتە هەلێکی باش هەلکەوتووە بۆ ئەوەی راپەڕینەکە لە ئێرانەوە دەست پێبکات • جا ئەگەر ئێران هەموو هێزو توانای خۆی ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانی بکات ، ئەوەی بۆ نامێنێتەوە ئێمەی پێ بترسێنێ • چونکە ئێران بە شەڕەشەق پێی ئەکرێت هێزێکی سەد هەزاری کۆبکاتەوە ، نیوەی ئەو هێزەش لە کوردە هاونیشتمانیەکانی خۆمان پێك هاتووە • هەر لەبەر ئەمەش پێی ناکرێتو ڕێی تێناچێت بتوانێ زەغتێکی ئەوتۆمان بکاتە سەر »[٦٦] • هەرچی کێشەی رزگارکردنی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانیە ، ئەوە خرایە قۆناغی دووهەمی راپەڕینەکە •

نیاز وابوو ناوچە بەپیتو بەبەرەکەتەکانی کوردستانی ئێران ، بینە بەردی بناغەی ئابووری دوارۆژی بزووتنەوەکەو پێشختنی • « بەم جۆرە ـ شێخ بلاوی کردەوە ـ ئەبینین بەشێك لە

کوردستان لە ژێر رکێفی ئێراندایە ، جا کە لە بەشە لاوازترەکەوە دەست پێ بکەین ، بەوە براکانی خۆمان رزگار ئەکەین »[٦٧] .

پاش کۆبوونەوەکە ( واتە کۆنگرەکە ـ وەرگێڕ ) . چالاکانە دەست کرا بە ئامادەکردنی کورد بۆ راستبوونەوە . جا بۆ ئەوەی چەك و جبەخانە تامین بکرێت ، کەسانی تەواو باوڕ پێ کراو نێردرانە ناوچە گرنگەکان . لەوانە : سەید عەبدولرەحمان بۆ خوی ، سەید سەدیق بۆ سەلماس ، شێخ بادین بۆ ورمێ[٦٨] .

عوبەیدوڵلا ئاورێکی تەواوی لە دووبەرەکیو ناحەزیی ئاینی نێوان کوردە سونی مەزەبو ئێرانی یە شیعی مەزەبەکان دایەوە[٦٩] . جگە لەمەش حیسابی پەیوەندیی نێوان دەولەتی عوسمانیو ئێرانی کرد . ئەو پەیوەندی یەی دووای شەڕەکەی رووسیاو دەولەتی عوسمانی ساردو سڕی تێ کەوت . عوبەیدوڵلا ئەوەشی لەیاد نەکرد ئاوڕ لەو دووبەرەکی یە بداتەوە ، کە لەسەر کێشەکەی ( گیرات ) لە نێوان ئینگلیزو ئەفغاندا پەیدابووبوو . ئەو دووبەرەکیو نەیەکاچوونەی ئێرانی ناچار کردبوو ، بەشێکی گەورەی هێزەکانی بەرەو ناوچە رۆژهەلاتی یەکان بنێرێت ، ئەوەش بێ گومان لەسەر حیسابی لاوازکردنی هێزەکانی بوولە ناوچە رۆژ ئاوایی یەکاندا[٧٠] .

عوبەیدوڵلا ، لەناو کوردەکانی ئێراندا ناوو شۆرەتێکی گەورەی هەبوو ، گەلێك لە عەشرەتە کوردەکان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ خۆیان بەپیاوو ژێردەستەی ئەوو نەك حکوومەتی ئێران دائەنا . شێخیش سوودی لەم ناوداریو دەسەلاتە ئەبینیو توانی عەشرەتەکانی مامشو مەنگووڕو پیران ئاشت بکاتەوە . هێزو دەسەلاتی شێخ لە

ئێران بە جۆرێك پەرەی سەند ، ئەوەبوو وای لە ئابۆتی کۆنسۆلی ئینگلیز کرد لە تەبریز ، لە ١٥ی حوزەیرانی سالی ١٨٨٠دا ، بە ترسەوە تۆمسۆن ئاگادار بکات کە : « شێخ توانی بەشێکی گەورەی عەشرەتی شکاك بەلای خۆیدا رابکێشێت ، ئەو عەشرەتەی جاران دۆست و جێی بڕوای شابوو » • ئابۆت داوای لە کاربەدەستانی ئێران کرد خێرا نیوا کوبوخان لە تەورێزەوە رەوانەی سەرسنوور بکەن ، بەو نیازەی چاوی بەنوێنەری دەولەتی عوسمانی بکەوێت و بۆ هێمن کردنەوەی دۆخەکەی سەرسنوور لەگەلیا بکەوێتە گفتوگۆ(٢٢) « لەوەش زیاتر فەتحەز بەوە ناکرێت ـ ئابۆت ئەنووسێت ـ رێگای پێ بدرێت ( واتە بە شێخ ـ نووسەر ) دەسەلات و نفووزی خۆی بە ناو سنوورەکانی ئێراندا بلاوبکاتەوە • ئەم رایەشم بە کاربەدەستانی ناوچەیی ئەگەیێنم »(٢٣) •

## راپەڕینی کوردەکان لـە ئێران

## بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا لە ساڵی ١٨٨٠دا

لە سەرەتای مانگی تەمووزی ســـاڵی ١٨٨٠دا ، موتەسەریفی ورمێ ، عەبدولقادری کوڕی شێخی راســـپارد ، باجەکانی ناوچەی سۆمای کۆبکاتەوەو بیدات بە کاربەدەستان[١] . عەبدولقادر رازی نەبوو ئەو راسپاردەیە بەجێ بهێنێ . ئەوســـا موتەسەریف کـەوتە بەکارهێنانی سیاسەتی دووبەرەکی نانەوە . ئەوەبوو هات یەکێك لـە سەرۆکە کوردەکانی سۆمای راسپادر ــ کە ناوی عەلیخان بوو ــ ئەو باجانە کۆ بکاتەوە[٢] . عەلیخان بۆ ئەم مەبەستە ( ماشە )ی ، کوڕی نادر بۆ سۆمای[٣] . شێخ عوبەیدوڵلاش ویستی پشتی عەبدولقادری کوڕی بگرێت . لەبەرئەوە ناچاربوو رێوشوێنی جەنگی بگرێت . ئەوەش سەروزیاد بوو وا لـە عەلیخان بکـات واز لەو راسـپاردەیە بهێنێو فەرمانەکەی موتەسەریف بەجێ نەهێنێ . ( ماشە ) بۆ ئەوەی بچووکێتی خۆی پیشانی شێخ بدات ، رووی کردە هەکاری بۆ لای شێخ . عەلی خانی باوکیشی موتەسەریفی ورمێی ئاگادار کرد ، کـە لەبەرئەوەی شێخ بەوجۆرە هاتە وەلام ، ئیتر پێتی ناکرێت راسپاردەکەی موتەسەریف بەجێبهێنێ[٤] .

به درێژایی مانگی ئاب ، رووداوی وەها لە کوردستانی ئێراندا سەریان دەرهێنا ، بوونە هۆو هاندەری نوێ بۆ هەلچوونی کوردەکان . هەمزاغای سەرۆکی خێلی مەنگووری ناسراوی کورد ، پاش کۆبوونەوەکەی شەمدینان ، چالاکانە کەوتە خۆئامادە کردن بۆ ئەو راپەڕینەی ئەمڕۆ یان سوبەی ئەتەقییەوە[٥] . هەمزاغا گەلێك لە سەرەك خێلەکانی تری رام کردبوو لابدەنە لای راپەڕینەکە . ئەو نەخشەیەی لە کۆبوونەوەکەی شەمدیناندا بۆ پێك‌هێنانی راپەڕینەکە دانرا ، لەلایەن گەلێك دانیشتوە کوردەکانی ئێرانەوە پەسندکراو پێشوازی‌کرا . کۆنسۆلی رووسیا لە وان ئەو هەوالەی گەیاند ، گوایە کوردەکان « کە لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە زۆریان لێ ئەکرێت‌و ئەرو وبێنرێنەوە » ، سەریان بەرز کردۆتەوەو قین دایگرتوون . لەسەری ئەڕوات‌و ئەنووسێت : « ئەوان ( کوردەکانی ئێران — وەرگێڕ ) بە ئەوپەڕی شادییەوە پێشوازی شێخ ئەکەن‌و بە رزگارکەری دائەنێن ، هەموویان ، بگرە کەس نەماوە لانەداتە لای »[٦] . بەڕیوەبەری سابلاخ ، بەرامبەر کردەوەکانی هەمزاغا ، کەوتە گازاردان‌و چاوترساندنی خەلکەکە . ئەوسا هەمزاغا بانگی راست بوونەوەی عەشرەتەکەی، خۆی‌داو پەنای بردە بەر شێخ‌و داوای پشتگیری‌و یارمەتی لێ کرد . لە مانگی ئابدا ، شێخ عوبەیدوللا هەزار چەکداری بە سەرۆکایەتی عەبدولقادری کوڕی نارد بۆ یارمەتی‌دانی مەنگوور . عەشرەتی موخلیسی شێخ لەگەل ئەو هێزەدا لە سنووری ئێران پەڕینەوە[٧] . هەتا ئەهات عەشرەتی‌تر لایان ئەدایە لای راپەڕینەکە .

بەپێی ئەو نەخشەیەی دانرابوو ، ئەبوو لە یەکەم هەنگاودا هێزی هەرە گەورەو چەپۆك هاوێژ بە سەرۆکایەتی عەبدولقادرو هەمزاغا ،

سابلاخ‌و دووایی تەوریز داگیر بکات • هێزی دووهەمیش بە سەرۆکایەتی موحەمەد سدیقی دووەم کوڕی شێخ ورمێ بگرێت • هەرچی هێزی سێیەمە کە بە سەرۆکایەتی خەلیفە موحەمەد سەید بوو، ئەبوو هەموو ئەو ناوچانە بگرێت کە کەوتبوونە ڕۆژئاوای گۆماوی ( ورمێ )وە، لەوانەش شاری سەلماس‌و خوی • شێخ عوبەیدوللا خۆی سەرکردەی گشتی ئەم دوو هێزەی دووایی بوو[٨] • هێزەکەی هەمزاغاو عەبدولقادر بێ ئەوەی لەلایەن هێزەکانی سەر سنووری ئێرانەوە بەرهەڵستی بکرێت، گەیشتە مەرگەوەڕ • لەوێش سەرۆکە کوردەکانی ئەو ناوچەیە چوونە ریزی هێزەکەوە • لەوانە : مەحموود ئاغا بە ٥٠٠ ـ ٦٠٠ کوردەوە • ڕاپەڕیوەکان ڕوویان کردە ناوچەی شنۆ، لەوێش ( ٤٠٠ ) کەس هاتنە ریزیانەوە •

لە ( ١٠ )ی، ئەیلوولدا، ڕاپەڕیوەکان دەوروبەری مەنگوورِیان گرت، لەوێش زیاتر لە هەزار سوارهاتنە ریزیان • لە ( ١٥ )ی، ئەیلوولدا گەیشتنە دەوروبەری لاهیجان کە عەشرەتی پیرانی تیا ئەژیا • کامساراکان ئەوە روون ئەکاتەوە کە ئەوان ( واتە ڕاپەڕیوەکان ـ وەرگێڕ ) « وەفاو ئیخلاسێکی تەواویان بۆ بیروڕای یەکێتی کورد هەبوو »[٩] • عەشرەتی پیران، خاوەنی دووهەزار پیادەو هەزار سوارە بوو • بەم جۆرە ڕاپەڕینەکەی کورد لەم ماوەیەدا گەیشتە سنوورێکی فراوان •

ئەو نامەیەی شێخ لە سەرەتای دەست پێ‌کردنی ڕاپەڕینەکەدا، بۆ کاردبەدەستانی ئێران‌و نوێنەرانی دەوڵەتە بێگانەکانی نارد، سروشتی ڕاپەڕینەکە، هۆیەکانی، هەروەها هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینەی دەوری شێخ لەو ڕاپەڕینەدا روون ئەکاتەوەو مانایەکی گرنگی هەیە •

ئەو دوو نامەیەی شێخ بۆ ( کۆهرانی )ی ، میسینێری ئەمەریکایی نارد لـە ورمێ ، بەراستی مایەی سـەرنج لێ‌دانن • شـێخ لەو دوو نامەیەیدا ، داوا لە کۆهران ئەکات کۆنسۆلی بەریتانیا ( واتە لە رومێ ـ وەرگێڕ ) لەو هۆیانە ئاگادار بکات کـە کوردەکانی بەرەو راپەڕین هـاندا •

لە نامەی یەکەمدا کە لە ( ٢٥ )ی ، ئەیلولدا نووسراوە ، شێخ گەلێك وێنەی راستەقینە دەربارەی زوڵم‌و زۆری کاربەدەستانی ئێران بەسەر کوردەکاندا ئەهێنێتەوەو بە بەڵگە دەری ئەخات ، کە تاقە رێگای سەرفرازی کورد ، رێگای راست‌بوونەوەو راپەڕینە•شێخ لەو نامەیەدا ئەنووسێت ، کە لە ساڵی ١٨٧٩دا ، شەجا ئەل‌دەولە ، پەنجا شـێخی تەبەعەی هەڵواسی‌و شیخی تاوان بارکرد کە هۆی زیانی سەد هەزار تومەنە • نوێنەرانی کاربەدەستانی ئێران ، فەرەجوڵلا خانی یەکێـك لە سەرۆکە کوردەکانیان تا رادەی مردن کوتاو ئازارداو ئیبراهیم خانی خەڵکی شنۆشیان بەبیست هەزار تومەن جەزادا • بە زۆر ناموسی ئافرەتانی کوردیان ئەتکاندو گەلێك زۆرداری تریان لێ‌وەشایەوە کـە داخ‌و رقی گەلی کوردیان گەیاندە رادەی تەقینەوە • عوبەیدوڵلا لـە کۆتایی نامەکەیدا داوا لە میسینێرە ئەمەریکایەکە ئەکات ئەم هەموو رووداوانە بە کۆنسۆلی بەریتانیا بگەێنێ • « بۆ ئەوەی ئەگـەر هاتو کێشەکەی کوردستان گەیشتە ئەو رادەیەی باسیی بکرێت ، لە توانادا هەبێت تێی بگەن »[١٠] •

عوبەیدوڵلا لەنامەکەیدا ، ئامانجی راپەڕینەکەی کورد ئەخاتەروو ، وای پیشان ئەدا کە دژی زۆرداریی ئیقبال خانی موتەسەریفی ناوچەی

ورمێیه . ( ئەبوو نووسەر بەڵگەی چەوساندنەوەی چینی هەژاران‌و زۆرداریی نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی فراوان‌تردا بهێنێتەوە ، هەتا هۆیەکانی بەرپابوونی راپەڕینەکە بە هەمووان بسەلمێنێ . جا لە کاتێکدا ئەمەیان بۆ ناکات دێت ئامانجی راپەڕینەکە ئاراستەی مووچە خۆرێکی بچووکی وەك ئیقبال خان ئەکات . بزووتنەوەی رزگارکردنی گەلی کورد لە چنگ زۆرداریی چینایەتی‌و نەتەوەیی ئێران‌و دروست‌کردنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد لە کوێ‌و رزگارکردنی لە ئیقبال‌خانی موتەسەریفی ورمێ لەکوێ ؟ هەر ئەم چەند وشانە بۆیان هەیە راپەڕینەکە لە هەموو ناوەرۆکێکی نەتەوەیی بخات . گومان نییە شێخ بۆی نەئەکرا بە نوێنەرێکی ئەمەریکاو بەریتانیا بڵێ من کە شێخی ناوچەیەکی کوردم نیازم وایە بەشێکی کوردستان لە دەوڵەتە دۆستەکەی ئێوە رزگار بکەم . شێخ ئەیویست بۆ ئەوەی بگاتە پلەی هەرە ژوورووی پەیژەکە ، لە یەکەم پلەوە دەست پێ‌بکات . واتە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا دیپلۆماسییەتی بەکارهێنا . واتە لەرێی داواکردنی مافێکی کەمەوە بگاتە دەست‌خستنی مافێکی گرنگ‌و گەورەتر — وەرگێڕ — ) .

هەر پێش ئەمەش شێخ لە نامەیەکیا کە لە ( ١٥ )ی ئەیلوولدا بۆ موتەسەریفی ورمێی نارد ، لەم باسە ئەدوێ . واتە چۆن کاربەدەستانی عوسمانی‌و ئێران دڵرەقانە لەگەڵ گەلی کوردو کوردستاندا ئەجووڵێنەوە ، ئەو گەلەی جارەهای‌جار بە خۆڕایی‌و بەدرۆ دەلەسە تاوان‌بار ئەکرێت . عوبەیدوڵلا نکوولی لەوە نەئەکرد لە کوردستاندا دزی‌و جەردەیەتی‌و رووت‌کردنەوە نییە ، « ئەوانیش ( واتە کوردەکان — نووسەر — ) بۆیان هەیە چاویان لە کردەوەی خراپ‌و ناڕەوا بێت ،

بەڵام بۆچی تاوانبارو بێتاوان بە یەکـــەوە بسووتێن ؟ دەنگ‌وباسی خراپ دەربارەی کوردەکان بڵاو ئەکرێتەوە ، هەتا کوردەکانیش ڕێز لە سەرۆك‌و بەڕیوەبەرەکانیان ناگرن »(١١) • ( ئەبێ نیازی لە کاربەدەستان بێت ، چونکە ئەوساو لەو ڕۆژانەدا ، کوردەکان ڕێزیان لە سەرۆکەکانی خۆیان ، سەرەك عەشرەت یان شـــێخ‌و دەرەبەگ بێـــت ئەگرت ـ وەرگێڕ ) •

شێخ ڕاستەوخۆ ئەو عەشرەتانەی دەست نیشان‌کرد کـە مایەی گەڕەلاوژەو یاســـا ژێر پێ‌خستن‌و ئازاردانی دانیشتووەکان بوون • بەڵام شێخ ئەوەی لەیاد نەکرد هۆی ئەو دیاردەیە بەوە روون بکاتەوە کە کاربەدەستان هەرگیز ئاوڕیان لـەو عەشرەتانە نەئەدایەوە ، وەك ( شکاك ) لە ئێران‌و ( هەکاری ) لە عوسمانی • هەر ئەو گـــوێ پێ نەدان‌و ساردیی نواندنە ئەبوونە هۆی تیژبوون‌و تەشەنە کردنی ئـەو جـۆرە کردەوانە(١٢) • « لەبەرئەوە ـ شـــێخ لەسەری ئەڕوات ـ کوردەکانی عوسمانی‌و ئێران یەکیـــان گرت‌و بڕیاربان‌دا گەلێـــکی یەکگرتوو واتە یەك‌تاقە نەتەوە پێـــك‌بهێنن ، بۆ ئەوەی ڕێز لێ گرتنی یاساو ڕژێم لە ناو وڵاتەکەدا پشتگیریی بکرێت‌و بچەسپێت‌و بە نووسین بەڵێنیان داوە ( واتە کوردەکان ـ وەرگێڕ )و سوێندیان خواردووە ، ڕەگی گەڕەلاوژە لە نیشتمانەکەیانا لەبنەوە هەڵکێشن »(١٣) • ( ئەمە لەکوێ‌و قسەکانی تری پێشووی لەکوێ ؟ دوو جیهانی جیـــاوازن ! بۆئەوەی وێنەی ڕاستەقینەی شێخ عوبەیدوڵلا بخرێتـە بەرچاو ئەبێ هەموو پارچە لەیەك داپچڕاوەکانی لەیەك بدرێت ـ وەرگێڕ ـ ) •

شێخ عوبەیدوڵلا ، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی دوواڕۆژی ڕاپەڕینەکەی مسۆگەرتر بکات هەوڵی‌دا چەند کەسایێکی گەورەو پایەداری ئێران

بەلای خوێدا راکێشێت • ئەوەبوو لە ( ٢٩ ) ی، تشرینی یەکـــەمدا نامەیەکی نارد بۆ عەباس میرزا ، ئەوەی خۆی بە خاوەنی راستەقینەی تەختی شاهێتی ئێران دائەنا • شێخ ئەو نامەیەی بەدوو کەسدا بۆ نارد • حوسەین گولیو عەبدولرەحیم • ئەمەی دووایان ئەوەی پێسپێردرابوو بە ناوی شێخەوە داوا لە عەباس میرزا بکات لەگەڵ کوردەکاندا یەك بکەوێت •

بەڵام عەباس میرزا ئەو دوو کوردەی گرتو بە نامەکەی شێخەوە ناردنی بۆ لای شاه[١٤] •

زۆری نەبرد راپەڕینەکە بە هەموو ناوچەکانی کوردا تەنییەوە • لــە نیوەی یەکەمی ئەیلولــدا ، کوردەکان دەوروبەری لاهیجــانو سەردەشـــتیان گرت • هێزی راپەڕیوەکان کـــە بە چەکـــداری دانیشتووەکانی ناوچەکان تەواو پڕبووبوو ، بووە هەڕەشەیەکی پڕ لە مەترسیی • « ئیستە ــ ئێرانییەك لە نامەکەیدا کە بۆ ناسیاوێکی ناردووە ئەنووسێت ــ نەك ( ٢٠ ) هەزار کورد بەلکو هەموو کوردســـتان راستبۆتەوە »[١٥] •

بەلای کەمەوە هەموو عەشرەتە کوردەکانی ئێران لایان دایە لای شـــێخ عوبەیدوللا ، لەوانە : مەنگوور ( ٥ هەزار تفەنگ ) ، مامەش ( ٥ هەزار ) ، زارزا ( ٨ هەزار ) ، موکری ( ١٠ هەزار ) ، دیبۆکری ( ١٠ هەزار ) ، گاوریك ، شکاك ، جاف ( ٥٠ هەزار ) ، پیران ، ئاهو ( ئاگو ) ، زوودیو هیتر[١٦] •

رۆژنامەی ( وەقت )ی ، تورکی ، راپەڕینـــە جەماوەرییەکەی کوردی لە ئێران وەها روون کردەوە کە « کوردەکان زولمو زۆرێکی

زۆریان لێ ئەکرێت‌و باج‌و سەرانەیەکی زۆریان لێ ئەسەندرێت »[١٧] .

ڕاپەڕیوەکان بۆ ئەوەی بەرهەڵستییەکی ئەوتۆ بێتە ڕێیان ، بەرەو سـابلاغی ، شـاری سـەرەکی‌و گەورەی کوردسـتانی ئێران کەوتنەڕێ . موتەسەریفی شارەکە کە دیی دانیشتووانی شـارەکە پشتگیریی ڕاپەڕینەکە ئەکەن بڕیاریدا لەگەڵ ڕاپەڕیوەکاندا بکەوێتە گفتوگۆ . لە ئەنجامدا موتەسەریف بڕیاریدا بە خـۆی‌و دەست‌و پێوەندەکانییەوە شار بەجێ بهێڵێ‌و ماڵ‌و موڵک‌و چەك لەگەڵ خۆیدا نەبات . پاش ئەمە کـوردەکان بۆ ئەوەی یەك تەقە بکەن شـاری سابلاغیان گرت[١٨] .

شـێخ ، عەبدولقادر حەکیم ناوی کرد بە سەرداری ناوچـە داگیرکراوەکان . حکوومەتی مووەقەتەی کوردستان دامەزرا .

ئیمام جومعە لە سنە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە ، لەو بەیاننامەیەدا بانگی شەڕی پیرۆزی دژی شیعەکانی ئێراندا . ئەم بەیاننامە ئاینییەی ئیمام جومعە دەورێکی سلبی هەبوو . چـونکە بیرو باوەرە ئاینییەکەی تەنگەبەربوو . هەوڵ‌و کۆشش سەرفرازی نەتەوەیی لاواز کرد ، لـە تەك ئەوەشدا شیعەکانی ئێـران‌و هەموو غەیرە ئاینییەکانیشی لـە کورد ورووژان[١٩] .

بەیاننامەکەی ئیمام جومعە لەگـەڵ ئامانجی سەرەکی‌و بنەڕەتی ڕاپەڕیوەکاندا ـ واتە دەستخستنی سـەرفرازی نەتەوەیی ـ یەکی نەئەگرتەوە .

لە ( ٢٣ ) ی ، ئەیلوولدا ، کوردەکان دەوروبەری شووشەوانیان گرت ، لە ( ٢٧ )ی ئەو مانگەشدا شاری ئەشتارووگیان گرت[٣٠] .

که ویستیان له روباری تاتاو بپەڕنەوە ، لەلایەن شیعە ئێرانییەکانی ناوچەکانی دەورووپشتەوە بەرهەڵستی کران • دووای ئەوەش چەند ناوچەیەکی تر وەك میانداو لـــە رووی کوردەکاندا وەستان • ئـەو هێزانەی بە سەرۆکایەتی هەمزاغا بوو ، وازیان لەو شارە هێناو بەجێیان هێشتو روویان کردە زاوارا ، ئەو شـــارەی پاش بەرهەلستییەکی دووهەفتـــەیی خۆیدا بە دەســـتەوە • کـوردەکان سزایەکی باشی ئەوانەیاندا کە یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دابوو • پاش ئەمە هەمزاغا میانداوی گرت • هێزە ئێرانییە شکاوەکانی میانداو زاوارا ، هەولیاندا خۆیان کۆبکەنەوەو رێگا لە کوردەکان بگرن ونەیەڵن بگەنە شـــاری مەلیك ــ کاندا • لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا ، کوردەکان پاش شەڕێکی خوێناوی توانیان ئەو شارەش بگرن(٢١) •

زۆری نەبرد هێزەکانی کورد گەیشتنە تەبریز • ئەم گـــورجو گۆڵیو چالاکییەی کـــورد نواندیو ئەو نزیكبوونەوە چاوەڕوان نەکراوە لـــە تەبریز ، شـــارەکەی تۆقاند • خەڵکی شارەکە کەوتنـــە خۆیانو دەستیان کرد بە قایمـــکاری کردن • کۆنسۆلخانە بێگانەکان خێرا کەوتنە کۆ کردنەوەی ئەرشیفەکانیان ، بەو نیـــازەی دەربازیان بکەن • هەر ئەو ترسو پەژارەبوونە پەکی چالاکـــی نگۆســـتەو هەواڵ گەیاندنی خست(٢٢) •

بە واتەی پەیامنێری رۆژنامەی ( تایمس ) ، سەرکەوتنەکەی کورد لەبەر ئەوەبوو ، دانیشتووە کوردەکانی وڵاتەکە بە چاوی رزگارکەر سەیری عوبەیدوللایان ئەکرد(٢٣) • لە رۆژانی بەیەکاچووندا لەگـــەل هێزە ئێرانییەکانی سەرســـنووردا ، نەجارێكو نەدوو ، رووی‌ئەدا

سەربازو ئەفسەرە کوردەکانی سوپای ئێران ، هەڵ ئەهاتن‌و ئەچوونە ریزی راپەڕیوەکانەوە[٢٤] •

لەو رۆژانەی هێزەکانی کورد بەرەو ناوچەکانی کوردو ناوچەکانی ئێران ئەکشان ، عەبدولقادر هەرگیز ئەوەی دووبـارە ئەکردەوە نابێ هێزەکانی کـورد دەست درێژی بکەنە سـەر ژیـان‌و ماڵ‌و موڵکی خەڵکەکە • هاونیشتمانە رووسەکان ئەوانەی لە ئێران ئەژیان سوودیان لەم بانگەوازەی عەبدولقادر دی • شولژێتفسکی مووچەخۆری رووس لە تەبرێز ، لە بیرەوەرییەکەیدا کە لە ( ٢٠ ) تشرینی دووهەمی ١٨٨٠دا نووسیویتی ئەڵێ « ئەروتیۆن نەزار بەگ ( هاونیشـتمانێکی رووس بووە ــ نووسەر ــ ) بەدرێژایی ئەو ماوەیەلە سـابلاخ بووە • چەند جار شێخی دیوە ( شـێخ عەبدولقادر ــ نووسەر ــ ) • شـێخ چەند کەسێکی لەگەڵدا نارد بۆ ئەوەی ئەمارەکانی هاونیشتمانە رووسەکان لە شار ، لەدەست‌درێژی بپارێزن ، داواشی لێ‌کرد کە ئەگەر هاتوو هێزەکان پێویستیان بەگەنم‌وجۆ بوو ئەوە پێیان بفرۆشێت‌و پسووڵەیان لێ وەربگرێت »[٢٥] •

ئەو هێزەی بـە سـەرۆکایەتی عوبەیدوللا پەلاماری ورمێی‌دا ، قۆرتی هاتەرێ کاربەدەستانی ئێران بە یارمەتی هێزە ناوچەییەکانـی ئەوێ ، بۆ ماوەیەك خۆیان پێ‌گیرا •

دۆخی ناوەوەی هێزەکانی کـوردی دەوری ورمێ کـە بە سـەرۆکایەتی عوبەیدوللا بوو ، کەمێك ئاڵۆزی تێ کـەوت • کاربەدەستانی ئێران بە یاریدەی هێزە جەنگاوەرەکانی ناوشار توانیـان ماوەیەکی درێژ خۆیان راگرن‌و بەرهەڵستی بکەن • عوبەیدوللا کـە

ئابلووقەی ورمێی دابوو، لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا دووکەسی بەنامەوە نارد بۆ شاری ورمێ‌و داوای لە دانیشتوانی شار کرد بە خواستی خۆیان شارەکە بدەن بەدەستەوە . مەلا گەورەکانی شـــار لە وەلامی ئەمەدا ئیخلاس‌و ملکەچیتی خۆیان پیشانی شێخدا . بەرامبەر بەمە ، ئیقبال ئەلدەولەی بەڕیوەبەری شاری ورمێ کەوتە خۆکۆکردنەوەو قایم‌کردنی شوورەی شـــارەکە .

ئەوسا شێخ بریاریدا پەلاماری شارەکە بدات . ئیقبال ئەلدەولە بەو نیازەی وەخت دەست بخات ، پەنـــای بردە بەر ئابۆتی کۆنسۆلی بەریتانیاو داوای لێ‌کرد بکەوێتە نێوانیانەوەو ناوبژیان بکات . « ئیقبال ئەلدەولە داوای لێ کردم ــ ئابۆت لەو نامەیەیدا کە لـــە ( ٢٢ )ی تشـــرینی یەکەمدا نووسیویتی ئەلێـــت ــ داوای لـــێ کردم پیاوەتی لەگەلدا بکەم‌و وا لە شێخ بکەم لەگەلیا بچێتە مەیانی گفتـــوگۆوەو ئیقناعی بکات ، بۆ ماوەیەك واز لە شەڕ بهێنێ . بەلکە لـــەو ماوەیەدا بتوانێ دەنگی خۆی بە پایتەخت یان بەتەورێز بگەیێنێ »[٣٦] .

ئابۆت گورج هاتە مەیانەوەو کەوتە کار . هەر ئەو ڕۆژە کەوتە ڕێ . بەو نیازەی خواستەکەی ئیقبال ئەلدەولە بە شێخ بگەیێنـــێ‌و داوای لێ بکات بۆ ماوەیەك پەلاماردانی شارەکە بوەستێنێ .

بەلام شێخ گفتی‌نەدا لەگەل ئیقبال ئەلدەولە دانیشێ‌و گفتوگۆی لەگەلدا بکات . عوبەیدوللا ئامانجی ڕاپەڕینەکەی کوردی بۆ ئابۆت ڕوون کردەوە . هەروەهـــا ناحـــەزی‌و نابـــەدلی خـــۆی بەرامبەر کاربەدەستانی ئێران دەرخست . هەر دووای ئەمە شێخ ، خەلیفە سەید موحەمەدی دونیادیدەی ناردە لای ئابۆت ، بەو نیازەی وا لە ئابۆت

بکات بڕوا بە نیاز پاکیو پەیوەندی چاکخوازیی عوبەیدوللا بەرامبەر بە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان بکاتو عەدالەتی راپەڕینەکەی کوردی بۆ دووپاتبکاتەوە • سەید موحەمەد دۆخی کوردەکانی بۆ ئابۆت روون کردەوە ، ئەو دۆخەی لەوەدا نەمابوو چاوی لێ بپۆشرێت ، ئەوەی بۆ دەرخست چۆن کاربەدەستانو مووچەخۆرە ئێرانییەکان یاسا ئەخەنە ژێر پێ • بەتایبەتی کردەوە نارەواکانی موتەسەریفی ورمێی دەست نیشان کرد • لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەیەوە ، ئابۆت لە بیرەوەرییەکانیا ئەمانە ئەنووسێت : « شێخ نیازی وایە لە هەموو ئەو عەشرەتانەی تورکیاو ئێران بدات کە خەریکی تالاّنیو جەردەیین ، چونکە ئەو دوو دەوڵەتە ئەوەیان لەباردانییەولە دەستیان نایە سنوورەکانیان لە جەردەییو تالاّنیکردن بپارێزنو یاسا بچەسپێننو مافی رەوا بە گاورو موسڵمانەکان بدەنو بەیەک چاو سەیریان بکەنو رێگا بۆ گەشەکردنی خوێندەواریو پیشەسازیو قوتابخانەو کلیسەکان پاکبکەنەوە • ئەوەی ئەو ئەیەوێت ، تەنیا یەک شتە ، ئەویش پشتگیریکردنی مەعنەوی دەوڵەتە ئەورووپاییەکانە • شێخ داوا ئەکات تاقی بکرێتەوە ، ئەگەر نەیتوانی کوردستان پێک بهێنێو لەوێ حکوومەتێکی قایمو بەهێزی دروست نەکرد ، ئەوە با لە بەردەم دادگای نوێنەرانی ئەورووپادا موحاکەمە بکرێتو ئەنجامی ئەوەش چی ئەبێت بابێت »[٣٧] •

ئابۆت لە نوێنەری شێخی گەیاند کە دووبەرەکییەکەی نێوان کوردو ئێرانی بەلاوە گرنگ نییەو گوێیەکی ئەوتۆی ناداتێ • لەوەش زیاتر ، ئابۆت کە ئاگای لەوەبوو (٣٠٠) لە ئاسوورییە شاخاوییەکان بە سەرۆکایەتی میترۆپۆل مار ئیۆزیف ، لایان داوەتە تەک کوردەکان ، هەوڵیدا ئاسوورییەکان ، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوروبەری گلماوی

ورمێ ئەژیان ، لە دووارۆژدا نەدەنە تەك کوردەکان[٣٨] • هەربۆ ئـەو مەبەستە خێرا خۆی گەیاندە کڵێسەو نەوێ لە خەڵکەکەی گایاند کـە بەریتانیا هەمیشە چاوی لە چاکەو چارەنووسیی دانیشتووە گاورەکانە ، لەبەرئەوە ئەبێ لە بزووتنەوەکەی کورد دوورە پەرێز بوەستن •

هەر لە سەرەتای بزووتنەوەکەدا ، ئاشکرا دەرکەوت ، شێخ تا چ رادەیەك حەز بەچاکەو پەیوەندیی دۆستانە لەگـــەڵ دانیشتووەکاندا ئەکات ، بە تایبەتی لەگەڵ دانیشتووە گاورەکانو ئەورووپاییەکاندا • ( واتە ئەو ئەورووپاییانەی لەئێران ئەژیان ــ وەرگێڕ ــ ) • شێخ بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەدا پارێزگاریی ژیانو ماڵو مولکی دانیشتووە گاورەکان بکات • هەر بە فەرمانی شـــێخ سەدەها ئاڵای شـین دروستکران بۆ ئەوەی لەسەر ماڵی گاورەکان دابنرێنو لە ماڵەکانیتر جیا بکرێنەوە[٣٩] •

عوبەیدوڵلا بەو نیازەی دانیشتووان لـــە ناوەرۆكو سروشتی رزگاریخوازی راپەڕینەکەی دڵنیا بکات ، فەرمانیدا کە دەستدرێژیو تالانی کردن لەو ناوچانەی شەڕیان تیادا ئەکرێت قەدەغەیە • بە واتەی پەیامنێری رۆژنامەی « ستاندارت »ی ، ئینگلیزی ، شـێخ فەرمانی هەڵواسینی سێ کوردیدا لەبەرئەوەی دەستدرێژیان کـردە ســەر دانیشتووە بێ دەسەلاتەکان[٣٠] • لە ( ٢٣ )ی ، ئەیلوولدا ، کاتێـك شێخ بریاریدا ، پەلاماری ورمێ بدات ، ئابۆتی لـە پەلاماردانەکەی ئاگادار کرد ، بۆ ئەوەی گاورەکانی ورمێ پیا بگەن شـارەکە بەجێ بهێڵن[٣١] • داوای لە ئابۆت کرد لەگەڵ سیمۆن ئاغای ئەرمەنیدا شار بەجێ بهێڵێو شار بەجێهێشتنیش بۆ دانیشتووەکان رێكبخـــات • ( واتە دانیشتووە گاورەکانی شار ــ وەرگێڕ )[٣٢] •

« بەو پێشنیارە رازی بووم ـ ئابۆت لـە بیرەوەرییەکانیا ئەنوو سێت ـ بەیانی‌سەعات تۆ لەگەڵ دکتـــور کۆهران‌و دوو پۆستەچییە ئێرانییەکانم روومان کردە دەروازەی گەورەی شارەکە ٠٠ »[٣٣] ٠

بەڵام ئیقبال ئەلدەولە کەوتە گـولله بارانیان‌و ناچـاری کردن نگەڕێنەوە ٠ شێخ کە بەمەی‌زانی داوای لە ئابۆت کرد بەڵگەنامەیەکی بداتێ تا لە دووارۆژدا بە بەڵگە دەرکەوێت کردەوەکەی شـێخ تـاج رادەیەك پیـــاوانەو مەردانە بووە ، بـەڵام ئابۆت خواســـتەکەی بەجێ نەهێنـا [٣٤] ٠

ئابۆت نەی‌ویست ئەو هەستی دۆستایەتییەی شێخ بەرامبەر بە ئەورووپاییەکان هەیبوو بەفیڕۆ بدات ٠ لـە ئەنجـامدا بە رەزامەندیی شێخ گەشتێکی درێژی کرد ٠ لە تەورێزەوە دەستی پێ کرد ، چووە تەرگەوەرو شنۆو سولدزو سنەو گەڕایەوە تەبریز ٠ ئەم گەشـتەشی بەو نیازە کرد شـــوناسیی لەگەڵ دۆخی کـوردەکانی ئەو ناوچانەدا پەیدابکات‌و دووارۆژی کوردەکان دەست نیشان بکات ٠

تورکیا بە ئەوپەڕی ئاگایی‌و وریاییەوە ئەپڕوانییە تەشەنە کردنی رووداوەکان لە ئێران ٠ تورکیا لە سەرێکەوە کە بۆ سوودی خـۆی ئەگەڕا ، یارمەتی پێك‌هێنانی راپەڕینەکەی‌دا ، ( بەو نیازەی راپەڕینەکە دژی ئێرانی دراوسێی بێت ) ، لە سەرێکی تریشەوە لە سەرکەوتنەکانی کورد ئەسـلەمییەوە ٠ لـەبەر ئەوە هەر لە سەرەتاوە ، کـــە هێشتا راپەڕینەکەی کـورد لـە خۆکۆکردنەوەدا بوو ، ئەستەمبووڵ کەوتە خۆئامادە کردنێکی جەنگیی تەواو ٠ بە برووســـکە فەرمان درا بە ئەرکانی هێزی چوارەم ، بێ وەستان بکەوێتە سەربازگرتنی (ئیحتیات) ٠

بانکە گەورەکانی ئەستەمبوول ، وەك : زەریفی ، فۆستێرو هی‌تر ، داوایان لێ کرا تا رادەی (٥٠) هەزار لیرە بە حەواڵە بو پێویستی جەنگیی لە ئەرزرووم‌و وان‌و سیواس‌و کاستامۆن‌و تەرابزوون خەرج بکەن • لە ژێریشەوە بە نهێنی والی ئەرزرووم ئاگادارکرا « دەست بگرێتەوەو هیچ خەرج نەکات‌و بە هەر حالێك‌بێ ( ٣٠ ) هەزار لیرەیەك کۆ بکاتەوە • » • ئۆبیرمیللەر کە دەرکی بەو خۆ ئامادە کردنە نەئەکردو ئاگای لێی نەبوو ، گورج لە ئەرزروومەوە بالێوزی رووسیای لە ئەستامبوول ئاگادار کرد : « با جەنابی پایەبلندتان شەرەفی ئەوەم بدەنێ ، ئاگادارتان بکەم کە ئەو هەموو جەلبەو خۆسەرقاڵ کردنەی لە لەشکرگاکەی عوسمانیدا رووئەدات بە خۆڕایی نییە ، هەموو هێزەکە ، ( نیازی لە هێزەکەی ئەرزرووم‌ە ـ وەرگێڕ ) ، پڕ سەربازکرا ، سەربازەکان بەچەکەوە ئامادەن ، لەمەش زیاتر ئەگەر خراپ بۆی نەچووبم ، ئەستەمبوول داوای کردووە خێرا وەجبەکانی تری بەسەرباز گیراوەکان کۆ بکرێنەوە »[٣٥] •

هەر لە رۆژانی راپەڕینەکەدا ، هێزی جەنگیی عوسمانی لە ئەرزرووم کۆبوونەوە ، لە وانەوە ، لە مووش‌و بتلیس‌و ئەرزنجانەوە ، ( ١٦ ) بەتالیۆن رەوانەی ئەرزرووم کران • لە ئەرزنجان‌و ماماخاتوو تیشەوە ( ٢٨ ) تۆپی قەڵایی هەرە گەورەی بۆهات • بارەگای گشتی هێزی چوارەم بە خێرایی لە ئەرزنجانەوە رەوانەی ئەرزرووم کرا • ئەو هێزانەش لەوێوە رەوانەی وان کران ، کە نزیك‌ترین شوێن بوو لە ناوچەی رووداوەکان لە کوردستان •

لە تشرینی یەکەمدا ( ٥٠ ) هەزار پێسەو ( ٦٠ ) هەزار رەحاڵ‌و

دوایش ( ٢٠ ) بەتالیۆنی پیادە نێردرا بۆ سامی پاشا لە وان • شان بەشانی ئەمەش لە ئەستەمبووڵ کەوتنە بەخراپ ناوهێنانی شێخ ، بەو نیازەی لەکەداری بکەن • حکوومەتی عوسمانی کەوتەوە بەکارهێنانی داردەستە خۆشەویستەکەی ، واتە ئەم سەرۆکو ئەو سەرۆکی کورد لەیەك راست بکاتەوەو بیانکات بەگژ یەکتردا • دەنگو باسێك بڵاوبۆوە گوایە سوڵتان نیازی وایە لە ئەرزرووومەوە تا وانو دیاربەکرو مووسل هەرێمێکی تایبەتی کوردستان پێكبهێنێو عەبدوڵلا پاشای خەڵکی سلێمانیو دەسنگەخۆرەکەی خۆی بکاتە سەرداری ئەو هەرێمە • سوڵتان لەوە دڵنیابوو کە عەبدوڵلا پاشا رقی لە شێخ عوبەیدوڵلایە • هەواڵێکی تریش بڵاوبۆوە ، گوایە عەبدوڵلا پاشا بە لەشکرەکەیەوە لەگەڵ عوبەیدوڵلادا بەیەکاچوو بەو نیازەی کوردەکان لغاو بکاتو بیانخانە ژێر رکێفی سوڵتانەوە[٣٦] •

لەم دۆخە ناهەموارو ئاڵۆزەدا ، حکوومەتی ئێران بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەدا بزووتنەوەکەی کورد لە ناوبەرێت • بە فەرمانی راستەوخۆی شا ، هێزە سەرەکییەکانی ئێران بە سەرکردایەتی گشتی ئیعتماد ئەلسەڵتەنە بەرەو تەبرێز کەوتنەرێ • بەشێکی تری هێزی سوپاییش بە سەرۆکایەتی حەمزە میرزا حیشمەت لە تارانەوە کەوتە رێ • ئەفسەری ئەورووپایی ( نەمسایی ) لەگەڵ ئەم هێزەدا بوون • لە رێگاشدا لەگەڵ ئەو هێزانەی لە هەمەدانو قەزوینەوە هاتبوون یەکیان گرت • بە واتەی گەلێك هەواڵو سەرچاوە ، ئەوهێزانەی لە تارانەوە هاتن لە لایەن ئەفسەرە نەمسەییەکانەوە مەشقیان پێ کرابوو •

هەرچی هێزی سێیەمە ، ئەوە بە سەرۆکایەتی تەیموور خان لە ( خو )یەوە کەوتە رێو رێگایەکی تری گرت[٣٧] •

لەو کاتەی ئێران خۆی بۆ هێرش بردنە سەر راپەڕیوەکان ئامادە ئەکرد ، هێـــزە چەکدارەکانی کـــورد گـــەمارۆی تەبرێزیان دابوو ، کەوتبوونە تالآنکردنی ناوچەکانی ئازربایجان ، بەوەش هێزوتوانـــای جەنگاوەریی خۆیان لاواز کرد • گەلێك لەو کوردانەی لە ناو برسێتی هاتبوونە ریزی راپەڕینەکەوە ، پاش ئەوەی تالآنی خۆیان کرد ریزی هێزەکانی راپەڕیوەکانیان بەجێ هێشتو بەرەو مالـــەوە گەڕانەوە • ئەمە کارێکی کوشندەی کردە سەر هێزی کوردەکانو لە دوواڕۆژدا خراپ بەسەریانا شکایەوەو بە جۆرێکی سلبی کاری کردە سەر کردەوە جەنگییەکانی راپەڕیوەکان دژی هێزەکانی شـــا •

شای ئێران هەر بەوەوە نەوەستا خۆی بۆ لێدانی بزووتنەوەکەی کورد ئامادە بکات ، بەلکو پەنای بردەبەر رووسیاو بەریتانیاش ، بەو نیازەی بە جووتە زۆر لە تورکیا بکەن رێیو شوێنێك بدۆزێتـــــەوە بزووتنەوەکەی کوردی پێ‌لەناو بەرێت[٣٨] •

کاربەدەستانی چار ، کە « ئەرکی دۆستایەتی ســــەرشانیان » بەرامبەر حکوومەتی شا بە پێویست دائەنا ، هێزێکی گەورەیان لـــە نەخچوان ، لـــە نزیك‌سنووری رووســـیاو ئێراندا بە سەرۆکایەتی ئەلخازۆف کۆکردەوە •

لە ١١ی تشرینی یەکەمدا ، لە یەك بنینێکی رەسمیدا لە نێوان شاو تۆمسۆنی بالێوزی بەریتانیا لە تەهران ، شا داوای کرد ، حکوومەتی بەریتانیا زۆر لە تورکیا بکات دژی کوردە راپەڕیوەکان بکەوێتـــە شەڕەوە • هەر لەو رۆژەدا تۆمسۆن حکوومەتەکەی خۆی لـــەو یەك بینینە ئاگادار کردوو لەوە دووا کە ئەنجامی سەرکەوتنی کوردەکان لە

ئێران ئەگاتە ئەوەی رووسیا راستەوخۆ دەست بخـــاتە کاروباری ئێرانەوە . « خاوەن شکۆ ـ واتە شـا ـ نووسەر » لـەوە ئەترسێ رووسیا سوود لەو کەمتەرخەمییەو خوێن ساردییەی بەریتانیا ببینێو ئەوە بە هەل بزانێ ، هەتا بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندی هەموو ئەو رووسە هاونیشتمانە زۆرانەی لە ئازربایجاندا ئەژین ، بە تیژیی دەست بخاتە کاروباری ئێرانەوە ، بیانووەکەشی ئەوەبێت ئێـران پێی ناکرێت مافی ئەوانە بپارێزێت »[٣٩] .

لە هەمان کاتیشدا تروتێری کۆنسۆلی ئینگلیـزی ، ئەو رایەی دەرخست ، کە دوونییە کاربەدەستانی عوسمانی لێقەوماندنەکـــەی شێخ لــە ئێران بە هەل دابنێنو بە تەواوەتی لــە عوسمانی لەناوی بەرن[٤٠] .

لە ئەنجامی زۆرلێکردنو سەرکردنەسەر عوســـمانی لەلایەن رووسیاو بەریتانیاوە ، حکوومەتی عوســـمانی بۆ ئەوەی رێگا لـــە کوردەکان بگرێت لە ئێرانەوە بەرەو عوسمانی نەگەڕێنەوە ، هـات چەند مەخفەرێکی ( ٩ ) بەتالیۆنیی لەسەر سنوور دانـا .

حکوومەتی ئێران ناچار کەوتە بەکارهێنانی هێزی سوارە ، ئەو هێزەی تەنیا لە رۆژانی شەڕدا بەکاری ئەهێنا ( واتە شـــەڕی خۆی لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا ـ وەرگێڕ )و پەنـای ئەبردە بەر . نزیکەی ( ٢٠ ) هەزار سوارەی کاراداگتسیو شاخسیوانی بە دەنگ شاهەوە چوون[٤١] . ئەم هێزی سوارە نیزامییە یاریدەیەکی زۆری شاهیدا بۆ لەناو بردنی راپەڕینەکەی کورد . بە دەســـتێکی رەقو دەروونێکی رقاوی بێ بەزەیی ئەو هێزە کەوتە گیانی هەموو ناوچـەکانی ئێران .

ئەفسەرە ئەمسەوییەکان ، ئەوانەی لە سوپای ئێراندا ئیشیان ئەکرد پشتگیریی کردەوە دڕندەییەکانی ئەو هێزەیان کرد .

تەیموور خانی سەرداری ماکو ، بە گەرمی خۆی بۆ لێدانی راپەڕینەکەی کورد ئامادە کرد . ئارادەیەکی زور هەموو هێزە جەنگییەکانی خاێتی پڕ چەك کردبوو . « بەگشتی ـ مینۆرسکی لەو گەشتەیدا کە بە خاێتی ماگیندا کردی ، لە راپۆرتەکەیدا ئەنووسێت ـ لە منالو پیاوانی پیری بەتەمەن چوو بەولارە کەسیتر نەماوەتەوە »(٤٢).
جگە لەمەش تەیموور خان زۆری لە دانیشتووە ئەزمەنەکان کرد بەشداریی پەلاماردانەکەی کورد بکەن(٤٣) .

شێخ عوبەیدوڵلا کە بیستی تەیموورخان بە لەشکرێکی پێنج هەزار کەسەوە ، لە سەلماسەوە بەرەو ورمێ کەوتۆتەرێ ، سوپایەکی دووهەزار چەکداری بە سەرۆکایەتی موحەمەد سدیق ناردەسەر .
بەڵام تەیموورخان توانی رێگاکەی خۆی بگوڕێتو لە رێگایەکی ترەوە بەرەو شارەکە ( واتە شاری ورمێ ـ وەرگێڕ ـ ) بڕوات .
ئەوسا عوبەیدوڵلا ناچاربوو رووبەرووی تەیموورخان بوەستێ . لە یەکەم بەیەکاچووندا لە نزیك ( بیلاوی ) ، عوبەیدوڵلا تووشیی نەهامەتی هات . شێخ ناچاربوو بە هێزەکەیەوە بەرەو جانیسەڵا بگەڕێتە دوواوە . تەیموورخان شوێنی کەوت ، لە رێگاش کەوتە ئازاردانو تالانکردنی دانیشتووە بێدەسەلاتەکانی کوردو ئەرمەنو ئێرانییەکانی ورمێ .

راپەڕیوەکانیش ، ئەوانەی بەرەو ساوجبلاق ـ تەورێز ئەڕۆیشتن کەوتنە دۆخێکی ناهەموارو تەنگانەیەکی پڕ ئەندێشەوە . کاربەدەستانی

ئێران بێبەزەییانە تۆڵەیان لە کوردەکان سەندەوە • حاجی میرزا عەبدولقاسمی موتەسەریفی میانداو سوێندی خواردبوو • بە دەستی خۆی لە ملی هەموو کوردێکی بەشداربووی راپەڕینەکە بدات •
کاربەدەستانی تەبریز سەرومڕ پشتگیری ئەو دڵرەقییەیان کرد • حاجی میرزا عەبدولقاسم بەرامبەر بەوخۆێن رشتنەی لە کوردی کرد ، خەڵاتی سەد هەزار تومەن کرا[٤٤] • بگرە هەتا ئەو کوردانەش کە بە ئارەزووی خۆیان چووبوونە ژێر سایەیەوە ئەو دەردەیان چێشت • شوولشێفسکی لەم رووەوە نووسی : « ••• بەلای کەمەوە هەموو ئەو کوردانەی لایان دابووە لایان ( واتە لای ئێرانییەکان ــ نووسەر ــ ) لە سێدارە دران یان کەلەپچە کران »[٤٥] •

خۆفرۆشتنی سەرۆکە کوردەکان ، راکردنو بەجێهێشتنی هێزی راپەڕیوەکان ، عەبدولقادرو هەمزاغای ناچارکرد خێرا بەرەودووا بگەڕێنەوە • لە لای بینایەوە کوردەکانو هێزەکانی ئێران بەیەکدا چوون ، لە ئەنجامدا هێزی راپەڕیوەکان زیانێکی زۆریان لێکەوت[٤٦] • عەبدولقادر لەو نامەیەیدا کە بۆ باوکی نارد ، هۆی سەرەکی لێ قەومانو ژێرکەوتنەکەی ئەباتەوە سەر خۆفرۆشتنی سەرۆکە کوردەکان • « هێندێك لە پیاوەکانم وازیان هێناو لایان دایە لای دوژمن • هەر لەبەرئەمەش تووشی نەهامەتی هاتین •• پیاوەکانم ئارەزووی هەڵاتنیان هەبوو ، ماوەی چەند رۆژێك هەوڵمدا دەست بەسەر ئەو کەمو کووڕییەدا بگرم • ئەگەر ترسو لەرز دای ئەگرتایە ، ئەوە لەسەرخۆو بە ئاسانی داین ئەگران »[٤٧] • لە نامەکەیدا ناوی ئەو سەرۆکە کوردە خۆفرۆشانە تۆمار ئەکات : جەلالخانی قەرەپەپاخو سمایل ئاغا حاجی خۆشا •

ئەو زیانەی ساڵی ١٨٨٠ لە راپەڕیوەکان کەوت ، بە زۆری بە هۆی ئەو سەرەك عەشرەتە کوردانەوەبوو ، کە تەنیا جەردەیی و تاڵانی‌کردن هانی دابوون بێنە ریزی راپەڕینەکەوە . دۆخی راپەڕینەکەش مێندەی‌تر بەرەو نووشووستی‌چوو لە ئەنجامی ئەوەی چەند دەرەبەگێکی کوردی بەشداربووی راپەڕینەکە ئامانج‌و مەبەستیان تەماع‌و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بوو .

هێزەکانی ئێران کە بەرهەڵستییەکی ئەوتۆیان نەدێ ، بەدرێژایی ئەو ریگاوبانەی پیایا ئەڕۆیشتن گوندەکانی کوردیان تاڵان ئەکردوو ئەسووتاند . هەر کوردیکیان بەر دەست بکەوتایە ئەیانکوشت ، بەزەییان بە منداڵ‌و ئافرەت‌و پیرەکاندا نەئەهاتەوە . هێزەکانی سوپاهسالار کە لە تارانەوە نێردرابوو ، گەلێك لە گوندەکانی دەوروبەری سنەیان سووتاند . بە واتەی رۆژنامەی « وەقت » سوپاهسالار ، فەرمانی دابوو ، هێزەکانی بەزەییان بە کورددا نەیەتەوەو گوندەکانیان بسووتێنن‌و هەرچی گەنم‌و جۆیەکیان هەیە لە ناوی‌بەرن‌و ئەبرسیتی بەجێیان بهێلن(٤٨) .

سەربازە ئێرانییەکان ، کە تاڵانی‌کردن‌و رووت کردنەوە مەست‌و سەرخۆشی کردبوون ، کوێرانە دەستی خۆیان ئەوەشاندو گوندی وەهاشیان تاڵان ئەکرد کە دانیشتووەکانی کورد نەبوون . هەر بۆ نموونە هەموو ئەو گوندانەی دەوروبەری مەجید خان کە بە ئیجار درابوون بە تزار بەگی هاونیشتمانی رووس تاڵان‌کران‌و سووتێنران(٤٩) .

هێزەکانی ئیعتماد ئەل‌سەلتەنەو حیسام ئەل‌دەولەش لەوە کەمتریان

نەکرد • ئەو سەربازانەی لەلایەن سەر کردەکانیانەوە نەھاو نەئەکران لە ھەمووان زیاتر کردەوەی دڕندانەو نامرۆڤایەتییان لێ ئەوەشایەوە • ئەفسەرە نەمسەوییەکان هێندەی‌تر ئاگری تالانی‌و ئازاردانی خەلکیان خۆش‌تر ئەکرد • هەر بەهۆی ئەوەشەوە کردەوە دڕندەییەکان تەشەنەیان ئەکرد • هەر ئەو ئەفسەرانە فەرمانیان‌دا بە سەربازەکانیان ، گوندەکانی مەجیدخان بسووتێنن‌و دانیشتووەکانیان لەناوبەرن • کاتێکیش حیسام ئەل‌دەولە ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو کردەوانە دەربڕی‌و هەڕەشەی لە سەرۆکی ئەفسەرە نەمسەوییەکان کرد ، بەوەی بێ‌وەستان تاران لەو کردەوە دڕندەییانە ئاگادار بکات ، لە وەلامدا ، سەرۆکی ئەفسەرە نەمسەوییەکان بۆی دەرخست کە « تاران خــۆی فەرمانی داوەتێ تەڕووشك بەیەکەوە لەکوردستان بسووتێنێ‌و لەناوبەرێت »[٥٠] •

ئەفسەرە ئێرانییەکان خاوەیان نە بەگ‌و خانە کوردەکان ئەسەند بەرامبەر بەوەی دەسەلاتیان بەسەر گوندەکانیانەوە بمێنێتەوە • جگە لەمەش کاربەدەستانی ئێران ( ٤٠ ) هەزار تومەنیـــان وەك غەرامەو تەعوزی تاوانی کۆن لە کوردەکان سەند[٥١] • شولتیشەسکی لـــە راپۆرتەکەیدا کــە لــە ( ١٠ )ی کانوونی یەکەمی ســـالی ١٨٨٠دا نووسیوێتی لەوە ئەدوێ ، کە لە رۆژانی راپەڕینەکەدا چـەند هەزار کوردێك کوژرانو زیـاتر لـەدووسەد گوندیشـــیان تالان کرانو سووتێنران[٥٢] •

لە ئەنجامی هێرش‌و پالەپەستۆی هێزەکانی ئێرانەوە ، شێخ عوبەیدوڵلاو هەمزاغاو سەرۆکە کوردەکانی‌تر ، بە خۆیان‌و هێزەکانیانەوە لە رێی ئۆشنۆو لاهیجانەوە چوونە هەریمی مەرگەوەر • چوار فەوجی

پیادەو ( ١٥٠٠ ) سوارە بە چوار تۆپەوە ، بە سەرۆکایەتی سەرتیپ ئاغاخانو ناسر ئەملولك ، شوێنیان کەوتن[٥٣] . لە تشرینی دووهەمدا ، راپەڕیوەکان سنووریان بڕیو چوونە خاکی تورکیا . ئەوسا حکوومەتی شا ، داوای لە ئەستەمبووڵ کرد سەرکردە کوردەکانی تەسلیم بکات . بەریتانیاو ئەمسا[٥٤] . پشتگیریی ئەم داخوازییەیان کرد . بۆ نموونە هوشێونی باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ ، داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد « یان خۆیان سزای عوبەیدوڵلا بدەن یاخود تەسلیمی ئێرانی بکەن »[٥٥] .

پاش ئەوەی عوبەیدوڵلاو عەبدولقادر چوونە خاکی تورکیاوە ، زوربەی سەرۆکی عەشرەتە کوردەکانی ئێران تاعەتی خۆیان پیشانی شادا . بەتەنیا عەشرەتی مەنگوور بە سەرۆکایەتی هەمزاغا لەمەیانا مایەوەو دەست بەرداری بەرهەڵستی کردن نەبوو ، ئەو عەشرەتەی لە سەرەتای راپەڕینەکەوە لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا نەگەیشتە یەکالاکردنەوەیەکی مامناوەندی . شا ، هێزێکی چوار فەوجی سوارەی نیزامی بە سەرۆکایەتی عەلیخانی ئەفشار ناردە سەر ئەم عەشرەتە ملنەدەرە . سەربازە ئێرانییەکان گوندەکانی هەمزاغایان وێران کرد . گەلێك لە کوردەکانیان کوشتو بەدیل گرت . بە واتەی هەواڵ نووسی هێزەکانی ئێران ، هەزارەها وشتر بە باری گرانی تالانییەوە لە گوندەکانی عەشرەتی مەنگوور بە دیی ئەکران[٥٦] .

هەمزاغا لەگەڵ چەند چەکدارێکی کورددا ، خۆی گەیاندە ناوچە شاخاوییەکانی سەرسنووری تورکیاو ئێرانو لەوێ کەوتە خەباتی پارتیزانی[٥٧] . هەمزاغا شەبەیخوونی لە هێزە پێشڕەوەکانی ئێران کردو ترسو لەرزی لەناویانا بلاو کردەوە .

حەســەن عەلی خانی موتەسەریفی ســنە ، بڕیاریدا لــە ڕێی فرتوفێڵەوە هەمزاغا بگرێت ، سوێندی خواردو دەســتی بۆ هەمزاغا دا بە قورئانداو بەڵێنیدایە کە ئەگەر لە ڕۆژانی جەژندا بێتەلای ، لاقەی نەکرێت . هەمزاغا بڕوای بەو سوێندو پەیمـــــانە کردو لەگەڵ چەند سوارەیەکی خوێدا ڕۆژی جەژن هات بۆ ســنە . بەلاّم موتەسەریف سوێندەکانی خۆی خستە ژێر پێیو هەمزاغاو ســـــوارەکانی گرتو هەموویانی کوشتو کەللەی هەمزاغاشی بەدیاری نارد بۆ سەرکردەی گشتی هێزەکانی ئێران[٥٨] .

عوبەیدوڵلا پاش ئەوەی ڕاپەڕینەکەی سەری نەگرت ، خۆی لــە شەمدنیان لە بارەگاکەیدا قایم کرد .

ئەو دڕندە یەی هێزەکانی ئێران پیشانی ڕاپەڕیوە کوردەکانیان دا ، گەلێك لە کوردەکانی ناچارکرد سنوور ببڕنو پەنا بەرنەبەر تورکیا . بە واتەی ئەستەمبوول نزیکەی ٦٠ــ٧٠ هەزار دانیشــــتووانی ورمێ ( ئەبێ نیازی لە ورمێو دەوروبەرەکەی بێت ــ وەرگێڕ ــ ) ناچــار بوون ڕوو بکەنە تورکیا . نزیکەی دوو هەزار لــەوانە ڕوویان کردە هەکاری[٥٩] . هەر پاش ئەوەش ، ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئێرانەوە کەوتنە کۆچ کردن .

کاربەدەستانی ئێران بەو نیازەی ڕێگا لەوە بگرن ڕاپەڕینەکەی کورد دووبارە نەبێتەوە ، بڕیاریاندا کوردەکان پرشوبلاّو بکەنەوە . بە تەمای ئەوە بوون کوردەکانی ماکو ، سنە ، کرمانشاو ناوچەی دی ڕەوانەی شوێنی هەرە دووروو چۆڵی ئێران بکەن[٦٠] .

گەلێك لەو عەشرەتە کوردانەی بە چالاکی بەشداریی ڕاپەڕینەکەی

شێخ عوبەیدوللایان کردبوو ، ناچارکران واز لە ژیانی کۆچەرێتی بهێنن‌و دامەزرێن . لە ئەنجامی ئەمەشدا عەشرەتی وەك زرزا کە لە ئەوروبەری ئوشنو ئەژیا بووە ژێردەستەو ئەلقە لەگوێی ئەفشارەکان ، ئەوانەی لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە ، بۆ سەربەکورد شۆڕ کردن ، پشتگیری ئەکران[٦١] .

بەلام ئەم جۆرە کردەوە ناهەموارو پڕ لە زۆرداریانە ، ڕێگایان لەوە نەبەست راپەڕینی تری کورد بتەقێتەوە . هەر لەبەر ئەمەش حکومەتی شا ، بێ وچان داوای لە ئەستەمبوول‌و دەولەتە ئەورووپاییەکان ئەکرد قەناعەت بکەن ئەبێ شێخ بگیرێت‌و لە هەموو جۆرە جموجولێك بخرێت . بۆ ئەم مەبەستەش ، عەقید میرزا رەزاخانی یاوەری شاو بارۆن‌فۆن لیتنیوری نەمسەیی نێردران بۆ وان . میرزا رەزا خان کە دیی کاربەدەستانی عوسمانی پشتی ناگرن ناچاربوو بگەڕێتەوە تاران . ئەوسا حکومەتی شا بیرەوەرییەکی‌دا بە کاربەدەستانی عوسمانی . لەو بیرەوەرییەدا بە « کەم تەرخەم » ، تاوان باریان ئەکات ، ئەو کەم تەرخەمییەی ، کوردەکان بە سەرۆکایەتی عوبەیدوللا ، کردیانە بیانوویەك بۆ ئەوەی پەلاماری ناوچەکانی ئێران بدەن‌و کوردەکانی ئێرانیش بە دەنگیانەوە بچن‌و یارمەتییان بدەن[٦٢] . لە (٢٨)ی تشرینی دووهەمی سالی ١٨٨٠دا ، ئەستەمبوول وەلامی ئەو بیرەوەرییەی دایەوە . ئەستەمبوول بۆ ئەوەی هەستی دۆستایەتی خۆی پیشانی ئێران بدات ئەو هەنگاوو هەولدانانەی خۆی دەست نیشان کرد کە بوونە مایەی سەرنەکەوتنی کوردەکان : « سوپاس بۆ ئەو — هەول دان هەنگاوە بە کارانەی — لە نامەکەی ئەستەمبوولدا نووسراوە —

وایانکرد راپەڕیوەکان بۆیان نەکرێت یەکێتی ریزەکانی خۆیان بپارێزن‌و لە ئەنجامدا دووبەرەکیی لە ناویانا سەر دەربهێنێ • ئەمەش هێرش بردنی هێزکانی ئێرانی ئاسانتر کرد »[٦٣] •

ئەستەمبوولیش کاربەدەستانی ئێرانیان تاوان باری ئەوەکرد کە رێگایان بە کوردەکانی ئێراندا ، بەغداو مووسڵ‌و وان تالآن بکەن‌و گلەییشیان لەوە کرد چۆن کاربەدەستانی ئێران لە وەختی خوێدا گوێیان لە ئاست شکاتەکانی تورکیادا داخست •

شای ئێران لەوە ئەترسا راپەڕینێکی تری کورد بتەقێتەوە • لەبەر ئەوە وازی لە تاوان بارکردنی تورکیا هێناو داوای لە موحسین خانی بالیۆزی ئێران لە ئەستەمبوول کرد ، سەر بکاتە سەر کاربەدەستانی تورك‌و وایان لێ بکات گفت بدەن رێی‌و شوێنێکی وەها بگرن ، رێگا لە عەبدولقادر بەستێت جارێکیتر لە دوواڕۆژدا پەلاماری ناوچەکانی ئێران بداتەوە[٦٤] • بەلآم ئەم هەویرە ئاوی زۆر کێشاو گفتـــو گۆکە درێژبۆوە • ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ عوبەیدوللا هەبوو • شـــێخ ئەم هەلەی لەدەست نەدا • لەبەر ئەوە هەر کە گەیشتە بارە گاکـــەی ( واتە شەمدنیان لە کوردستانی تورکیا ـــ وەرگێڕ ) گورج کەوتە ئامادە کردنی راپەڕینێکی نوێ • ئەمجارەش کەوتە نامە ناردن بۆ ســەرۆکە کوردەکان‌و داوای لێکردن بەشداریی راپەڕینە نوێیەکەی بکەن •

هەرچەندە شێخ عوبەیدوللا پشـــتی بەوە نەئەبەست رووسیا پشتگیریی کێشەکەی کورد بکات ، بەلآم چارناچار لە سەرەتای بەهاری سالی ١٨٨١دا ، خەلیفە موحەمەد سەیدی باوڕپێکراوی خۆی ناردە لای کامساراکان ، بەو نیـــازەی داوای لێ بکات رێگا بدرێت بـــەو

کوردانەی رۆژی خۆی لە ئێرانەوە چووبوون بۆ رووسیا بگەڕێنەوە هەکاری • کامساراکان خێرا ئەم هەواڵەی بە نیلیدۆڤی باڵیوز لـــە ئەستەمبووڵ گەیاند • هەر لـــەم ووەوە ئەنووسێت : « خەلیفە پێی گەیاندم کە عوبەیدوڵلا ئامادەیە هەموو خواســـتو فەرمانێکی رووسیا بەجێ بێنێ ، بە مەرجێك رووسیا سووربێت لەســەر روون کردنەوەی هۆیە راستەقینەکانی ئەو پشێوییەی لەسەرەوە باسی کـرا • ( نیازی نووسەر لێرەدا روون نییە ــ وەرگێڕ ) عوبەیدوڵلا رازی نەبوو بچێت بۆ ئەستەمبووڵ • چونکە کەمو زۆر بڕوای پێ نییە ، تەنیـا بەلکشت وای لێ ئەکات سەر لە ئەســتەمبووڵ بدات ، ئەوەش ئەوەیە دڵنیا بێت لەوەی رووسیا پشتی ئەگرێت »(٦٥) •

شێخ عوبەیدوڵلا لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکەی کورد لە ئێراندا گەیشتە چەند رایەك ، ئەو رایانە لە دووا رۆژدا کاریان کردە سەر پێك‌هێنانی راپەڕینێکی نوێی کورد •

ئەو نامەیەی شێخ بۆ شێخ خەلیفەی ئەلاشکیری بە ناوبانگی نارد مایەی سەرنج لێدانە •

بەشێکی زۆری ئەو نامەیە بۆ کێشەکەی نێوان کوردو ئەرمەن تەرخان کراوە • شێخ لەو نامەیەیدا ئەڵێ ، بەردی بناغەی راپەڕینەکەی ( واتە راپەڕینەکەی خۆی ــ وەرگێڕ ) ، کوردەکان بوو ، هەر بە هێزو تواناو پشتگیریی ئەوانەوە بوو بەتەمای دروست کردنی حکوومەتێکی کورد بوو • بەڵام لە ئەنجامی تاقی کردنەوەدا بۆی دەرکەوت کـــە دوژمنایەتی چەند سەرۆکێکی کورد بەرامبەر حکـــوومەتو ئەرمەنە ئاشتی خوازەکان زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەکە گەیاند • لەبەرئەوە

یەکێتی کوردو ئەرمەن لە کۆڕی خەباتی ئازادی خوازیدا ، شتێکی پێویستە • « ••• هەرچۆنێك بێت ــ عوبەیدوللا ئەنووسێت ــ من بڕوام بە ئەرمەن زیاتر لە ئێران‌و تورك هەیە • بۆ ئێمە باشتر وایە • یەك لەگەڵ ئێرانی‌و تورکدا بەڵکو لەگەڵ ئەرمەندا یەك بگرین • چونکە ئێران حەز لە چارەمان ناکات‌و تورکیش هەمیشە چاویان لەوەیە سانکەنە دار دەستی سیاسەتی خۆیان • » • دووای ئەوە داوا لە شێخی ئالاشکیر ئەکات واز لە زوڵم‌و زۆرداری کردن لە ئەرمەنەکان بهێنێ‌و نەکا بە بەڵێن‌و زمان لووسیی تورکەکان هەڵ خەڵەتێ • « برا ، تکات لێ ئەکەم ــ شێخ لەسەری ئەڕوات ــ واز لە ئەرمەنەکان بهێنەو زۆریان لێ مەکە ، بەو رق‌و کینەیەوە رەفتاریان لەگەڵدا مەکە ، ئێمەی کورد لەناو ئەرمەنەکاندا ئەژین، هەقت بەسەریانەوە نەبێ، وازبێنە با لەگەڵ تورکەکاندا بە ئارەزووی خۆیان پەیوەندییان هەبێت ، گوێ لە هیچ مەگرە ، بڕوا بە کەس مەکە ( ئەبێ نیازی لە فیتنەو فزوول خوازان بێ ــ وەرگێڕ ــ ) ، دوواتاقی کردنەوە بۆی دەرخستم ئێمە کە بە دەست تورکەوەین ، لەوە زیاتر بووکە شووشەیەك بین لەناو دەستیا هیچی‌تر نین »[٦٦] • ( هەتا ئەگەر شێخ عوبەیدللاش بڵێ ئێمە ــ واتە کورد ــ لە هەکاری بێت یان لەهەر ناوچەیەکی تری کوردستان ، لەناو ئەرمەنەکاندا ئەژین ، راست نەبووەو راست نییە • چونکە بەپێچەوانەوە ، ئەرمەنەکان کەمایەتی‌یەکی نەتەوەیی وئاینی بوون لە هەریمی هەکاری وکوردستاندا ــ وەرگێڕ ) •

شێخ خەلیفە ، لە وەڵامدانەوەکەیدا تاعەت‌و ملکەچی خۆی پیشانی شێخدا ، بەڵام ملی نەداو رازی نەبوو بە دەنگییەوە بچێ •

سەیر ئەوەیە کە شێخ کەوتە خـــۆ ئامادە کردن بۆ پێکهێنانی راپەڕینێکی نوێ ، لە دانیشتووە دراوسێیەکاندا ، نەك هەر کـــورد بەڵکو عەرەبو گەلێك لە ئاسورییەکانیش بەدەنگییەوە چوون •

لە تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٨١دا ، نزیکەی ( ٥ ) هەزار عەرەب لە ویلایەتی بەغداو مووسڵەوە گەیشتنە بارەگاکەی شـــێخو ئامادەیی خۆیان بۆ خزمەت کردنی شـــێخ خستەروو[٦٧] • شان بەشـــانی عەرەبەکانیش پێنج هەزار کوردی چەکداریش هاتنـــە ژێر فەرمانی شێخەوە •

شـــێخ بۆ ئەوەی چەكو ئازووقە بۆ راپەڕینەکەی دوواڕۆژیی مسۆگەر بکات لە ژێرەوەو بە نهێنی کەوتە پەیوەندیی بەستن لەگەڵ مووچەخۆرە تورکەکانو بەڕیوەبەرانی ناوچەکاندا کە ڕێزیان لە شێخ ئەگرت • نوێنەرێکی خۆی ناردە لای قایمقامی شاتاخ ، بەو مەبەستەی داوای لێبکات بە چەك یارمەتی بدات • « چیـــت پێئەکرێت بیکەو چەند تفەنگێکی مارتینی ، کاپاخلی ( سنێدێر ) ، ڤینچستیر ، لە هەمووان زیاتر ( مارتینیم ) بۆ نبێرە » • شێخ بە نامەیەکی تایبـــەتی قایمقامی ناوبراوی ئاگادار کرد[٦٨] •

لـــە هەمان کاتیشدا شێخ بایەخێـــکی تەواویدا بە ڕێكخستنی هێزێکی مەشق پێکراو • بۆ ئەم مەبەستە ( ٢٦ ) ئەفسەری تەقاویت کراوی سوپای عوسمانی هێنایە لای خۆیو مانگی دوو لیرەی بۆ هەر یەکێکیان بڕییەوە •

بەلای شێخەوە زۆر گرنگ بوو ، ئاسوورییەکان بەلای راپەڕینە ئازادیخوازەکەیدا رابکێشێت • ماوەیەکی درێژ نامەی بۆ مارشەمموون

نارد • له سەرەتای سالی ١٨٨١دا مەتران ئێپسکۆپی ئاسووریی ، کە
لە نزیك شەمدنیانەوە ئەژیا ، نارده لای مارشەمعوون لـە بارەگاکەی
لە کۆچانیس •

رۆژنامەی ( مشاکی ) ئەرمەنی ، ئەوەی دووپات کردەوە کە مار شەمعوون لەگەڵ ( ١٥ ) مەلیکەکانیا ، بەڵێنیان بە شێخدا ، ئەگـەر هاتوو جارێکی‌تر لە ئێران راست‌بۆوە پشتگیریی بکەن[٦٩] •

لەگەڵ ئەوەشا کە کاربەدەستانی ئەستەمبووڵ ، درێژەیان بـەو گفتۆیەیان ئەدا کـە لەگەڵ ئێراندا لە کایەدابوو ، بەڵام ئەم خۆ ئامادە کردنە نوێیەی شێخ ترساندنی‌و ناچـاری کردن بکەونە خۆیان • لەبەرئەوە هەر لە تشرینی دووهەمی سالی ١٨٨٠وە نزیکەی ( ١٨ ) بەتالیۆنی پیادە ( هەموو بەتالیۆنێك دوو تۆپی شاخاویی هەبوو ) بە تۆپی دەستییەوە لە وان کۆکردەوە • سامی پاشـــا بووە سەرکردەی ئەم هێزانە[٧٠] • لەتەك ئەم خۆ ئامادەکردنەشدا ، سـولتان کۆلۆنێل ئەحمەد بەگی یاوەرەکەی خۆی نارد بۆ هەکاری ، بەو نیازەی شـێخ عوبەیدوڵلا ئیقناع بکات بچێت بۆ ئەستەمبووڵ • بەڵام شێخ بە بیانووی ئەوەی گوایە نەخۆشە خۆی لە چوونە ئەستەمبووڵ رزگار کرد ، بەڵام لەرێی نوێنەرەکەی سولتانەوە ، ملکەچی‌و بچووکی خۆی بە سولتان گەیاند • رووسیاو بەریتانیاش زۆریان لە تورکیا ئەکرد وا بکات ئەو راپەرینە نوێیەی کورد کە بەرێوەبوو ، نەگاتە رادەی تەقینەوە • میر گراڤیل لەو نامەیەیدا کە لە کانوونی دووهەمی سالی ١٨٨١دا بۆ میر داڤیرینی نارد ، راستەوخۆ بێ پێچ‌و پەنا ، دەربارەی هەوڵ‌و تەقەللای رووسیاو بەریتانیا دەربارەی کێشەکەی کورد ئەنووسێت : « جـاران

واسیته کردنی دوولایی بەریتانیاو رووســــیا بۆیهەبوو ، بگـــــره سەرکەوتوانە پێیئەکرا بەیەکاچوونی تورکیاو ئێران بەربەست بکاتو بوەستێنێ • هەر ئەو واسیتە کردنەش ئەمڕۆ لە توانایدا هەیە ئاشتیو هێمنی لەو دوو ولاتە پڕ لەپەشێوییەدا بچەسپێنێ »[٧٣] •

هەرچی ( گۆشین )ی ، بالیۆزی بەریتانیایە لە ئەستەمبوول ئەوە راستەوخۆ داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد شێخ عوبەیدوللا سزا بدەن ، یان بیدەنەوە بە ئێران[٧٤] •

نەسرەدین شاهیش بروسکەیەکی تایبەتی نارد بۆ چاری رووسیاو داوای لێکرد ، چالاکانە بێتە مەیانەوەو ناوبژیی تورکیاو ئێران بکات لەسەر ئەو کێشانەی مشتو مڕیان لەسەرە • « تکاتان لێ ئەکەم ــ شا لە بروسکەکەیدا ئەنووسێت ــ بۆ پاراستنو سەلامەتیی سنوورەکانی ئازربایجان چی بە راستو بە پێویست ئەزانن بیکەن • »[٧٥] • رووسیا داوای لە تورکیا کرد رێ لە بەرپابوونی راپەڕینێکی نوێــی کـــــورد بگرێت • بەریتانیا گورج پشتگیریی داخوازییەکەی رووسیای کرد •

لە دۆخێکی وەهادا ، حکوومەتی عوســـــــانی بە پێویستی زانی زەبروزەنگ پیشانی کوردەکان بدات • بە هەڕەشەوە داوای لە شێخ عوبەیدوللا کرد لەگەڵ تێردراوی سولتاندا کۆ ببێتەوەو گفتـــوگۆی لەگەڵدا بکات • شان بەشانی ئەوەش کەوتە ناردنی هێزی تری نیزامی بۆ هەکاری •

ئەوسا عوبەیدوللا داوای کرد لیژنەیەك پێکبێت بۆ ئەوەی لەو دۆخە بکۆڵێتەوە • پێشنیاریشی کرد نوێنەرانی دەولەتە ئەوروپاییەکان

بەشداریی لیژنەکە بکەن • داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد ، هەتا لیژنەکە بریاری خۆی ئەدا ، کۆکردنەوەی هێزەکانی لــە دەوروبەری هەکاری رابگرێت[٧٦] • عوبەیدوللا هەولیدا نەك هەر لەرێی چــەك بەکارهێنانو شەڕەوە سەربەخۆیی کورد دەست بخات ، بەلکو چاوی لە یارمەتیو پشتگیریی لیژنە جیهانیەکەشەوە بوو •

لە کۆتایی بەهاردا ، شێخ لە ئەنجامی زۆرلێکردنو سەر کردنە سەری ، ناچاربوو بچێت بۆ لای سولتان •

بە مەوکیبێکی شایانەو رێز لێ گرتنێکی زۆرەوە ، شــێخ بەرەو ئەستەمبوول کەوتە رێ • دەستەی پاراستنی شێخ بریتی بوو لــە بەتالیۆنێکی سوارەو دوو بەتاریەی تۆپ • ئەوەیان پێ سپێردرابوو بە هیچ جۆرێك رێگا نەدەن بە شێخ هەلبێتو رابکات[٧٧] •

سولتان ئەوەی لەیاد نەکرد بە ئەوپەڕی رێز لێ گرتنەوە پێشوازی « میوانەکە »ی بکرێت • هەموو مووچە خـــۆرە گەورە کان چوون بەپیرییەوە ، شەقامەکان جمەیان ئەهات ، کە گەیشتە ئەستەمبول بە بە تۆپو فیشەکەشێتە تەقاندن پێشوازی کرا •

بەلام زۆری نەبرد دەر کــەوت ، وەك نیلسون ئەنووسێت ، کە لە ئەستەمبوول میوان نییەو دەست بەسەرە •

لە تشرینی دووهەمی سالی ١٨٨١دا ، شێخ لەو نامەیەیدا کــەبۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیــای نارد ، داوای لێکرد وا لــە کاربەدەســــتانی ئێران بکات ، رێگای بدەن ، زیانی ئەو کوژراوانە بژمێرێت کە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە رۆژانی راپەڕینەکەی سالی ١٨٨٠دا لەناوچوونو کوژران[٧٨] •

له ( ٢٤ )ی ، تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٨١دا ، فەخـری بەگی باڵیوزی تورکیـا لـە تاران ، بە ناوی حکوومەتەکەی خـۆیەوە ، بیرەوەرییەکی دەربارەی داخوازییەکەی شێخدا بە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران . لەو بیرەوەرییەدا شکات کردنو داخ دەربڕینەکانی شیخی ریز کرد . لە تەك ئەوەشدا فەخری بەگ داخو ئەسەفی بەرامبەر کردەوەی هێزەکانی ئێران دەربڕیو سەرنجی کاربەدەستانی ئێـرانی بەرەو ئەوە راکێشا کە « بەردەوام بوونی ئـەم جۆرە کردەوانە لـە ناوچەکانی سەرسـنووردا هەمیشە ئەبێتـــە مایەی‌ئەوەی ناحەزیو دوژمنایەتی لەناو دانیشتووەکانی سنووری تورکیادا ببوژێتەوە ! »[٧٩] .

حکوومەتی شا ، لەوەڵامدا بیروڕای خـۆی روون ئەکاتەوە . شکاتەکانی شێخ بەدرۆ ئەخاتەوە ، شان بەشـــانیشی ئەوە دووپات ئەکاتەوە ، کە ئەم جۆرە بیرەوەرییانەی حکوومەتی تورکیـا ، لـەوە بەولاوە پەتی پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە لاواز بکات هیچی تری تیا بەدیی ناکرێتو شتی‌تری لێ ناوەشێتەوە[٨٠] .

شێخ عوبەیدوڵلا کە هەمیشە چاوی لەوەبوو لە زۆرداریی تورکیاو ئێران رزگاری بێتو حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد دروست بکات ، لە ژێرەوەو بە نهێنی پەیوەندیی لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کـوڕیا نەیچڕانو کەوتە خۆئامادە کردن بۆ هەڵاتن لە ئەستەمبووڵ . جەژنی رەمەزانیشی بۆ ئـەم مەبەستەی کردە بیانوو . لـە کۆتایی تەمووزی ساڵی ١٨٨٢دا ( ئەم مێژووە راست‌نییە ، ئەبێ پێش ئەو ساڵە بێت ــ وەرگێڕ ) ، شێخ بڵاوی کردەوە کە بە درێژایی مانگی رەمەزان نوێژ بۆ یەزدان ئەکاتو داوای کرد کەس سەری لێ‌نەداتو نەیەتە لای[٨١] .

هەر لەو ماوەیەشدا خـــۆی لە بەرگی بازرگانێکـــدا گۆڕی‌و بە بەساپۆرتێکی دروست کراوەوە ، خۆی گەیاندە یەکێك لـــە پاپۆرە فەرەنسییەکانی شـــەریکەی ( پاك )و دووایی گەیشـــتە ( پۆتی )و لەوێشەوە خۆی گەیاندە کوردستان(٨٢) .

هەر ئەوەندەی دونگ بلاوبۆوە ، شێخ لەسەر سنوورەکانی رووسیاو تورکیادا بەدیی‌کـــراوە ، کوردســـتان هاتە هەژین . گەلێك عەشرەت هێزی چەکداریان پێك‌هێنا بۆ ئەوەی بە ئەوپەڕی رێزەوە پێشوازیی شێخ بکەن . عەبدولقادر بە چەند هەزار کەسانی چەکدارەوە چـوو بەپیر باوکییەوە(٨٣) . شێخ لـــە رێگا : لەسەر داخوازی‌و بانگ کردنی ئەرخیمـــاندریت ئۆگانیس کاجوونی ، لای‌دایە کلیســـەی قەدیس ڤارفۆلومیای ئەرمەنی ( لە هەریمی وان ) ، شێخ لـــەو کلێسەیەدا ، وتارێکی خوێنـــدەوەو وتی : « ســـوپاس بۆ ئەو پێشـــوازییە دۆستایەتییەتان . لای ئێمە لە کـــۆنەوە ئەرمەنەکان وەك مرۆڤی چاکەخوازو پاك‌و بەناموس ناسراون ، ئاشکرایە لە رۆژانی دێرینەوە باووباپیرانمان ، برایانەو دۆستانە بەیەکەوە ژیاون . ئامانجی ئێمەش ئەوەیە ئەم راستییە لە یاد نەکەین . ئەرمەنەکان لەوە دلنیا ئەکەم کـە لە لایەن میللەتەکەمەوە زیانیان لێ نادرێت . »(٨٤) ، پاش ئەمە شـێخ بەهەموو ئەو کوردانەی راگەیاند کـــە لەگەلیا بوون ، ئەرمەنەکان بەدۆست‌و برای خۆیان دابنێن‌و قەت دلیان نەشکێنن . خۆ ئەگـەر هاتوو بەقسەیان نەکرد ، ئەوە هەموو کردەوەیەکی نارەوایـان دژی ئەرمەنەکان بە زۆرداری‌و کردەوەیەکی ناهەموار دائەنێن کە لە خۆی وەشاییتەوە(٨٥) .

کاربەدەستانی عوسمانی ، بە ئەوپەڕی ئاگاداریی و لێپرسینەوە ، هەنگاو بە هەنگاو شوێن شێخ کەوتن . بە ترسەوە ئەیانڕوانییە ئەو هەستی دۆستایەتییەی ، شێخ بۆ ئەرمەنو ئاسوورییەکانی ئەنواند . شانبەشانی ئەوەش پەنایان بردە بەر سیاسەتی خەڵك وروژاندن . ئەوەبوو لە سالی ١٨٨٢دا ، بازاڕی گشتی شاری بتلیس سووتێنرا . لەو بازاڕەدا گەلێك دووکانی ئەرمەنی لێبوو . کاربەدەستانی عوسمانی ، تاوانی ئەو کردەوە ئاڕەوایەیان دایە پاڵ کوردەکانو بگرە واشیان پیشاندا گوایە بە هاندانی شێخ بووەو دەستی ئەوی تێدایە .

شێخ لە کلێسەکەی قەدیس ڤارفۆلومیاوە ، لە ڕێی باشقەڵاوە بەرەو بارەگاکەی کەوتەڕێ . سەرداری باشقەڵا ڕێگای نەدا شێخو پیاوەکانی بەوێدا بڕۆن . شێخ گوێی نەدایە ئەم قۆرتە . ئەوسا سەرداری باشقەڵا هێزی چەکداری نارد ، ڕێ لە شێخ بگرن . بەڵام ئەوهێزە لە یەکەم بەیەکاچوونیا لەگەڵ هێزەکەی شێخدا ، ژێرکەوتو شکاو ناچار بوو پاشگەزبێتەوە .

هەتا ئەهات ژمارەی ئەو هێزانەی لایان ئەدایە لای شێخ پەرەیان ئەسەندو دووایی گەیشتنە ( ٥ ) هەزار کەس(٨٦) . سەرەك عەشرەتە کوردەکان هەر بۆئەوەی ئیخلاسی خۆیان پیشانی شێخ بدەن ، بە خۆیانو چەکدارەکانیانەوە دەیەها قۆناخیان ئەبڕیو خۆیان ئەگەیاندە شێخو پێشوازیان ئەکردوو لە تەکیا ئەڕوشتن هەتا بیگەێنە ناوچە . ( واتە شوێنی بارەگاکەی شێخ ــ وەرگێڕ ) .

هەر کە شێخ گەیشتە هەکاری ، کاربەدەستانی ئێران هاواریان لێ هەستا . شا خێرا لەسەر سنوورەکانی نێوان تورکیاو ئێران کەوتە

قایمکاریی • میر نیزام بە نیازی تاتی کردنەوەی تواتای جەنگاوەریتی هێزەکانی ئێرانەوە ، چوو بۆ سەلماس • لـــە ئابی ١٨٨٢دا ، میر نیزام بانگیدا ، ئەوەی لا بداتە لای شێخ خراپ سزا ئەدرێت • « •• ئەوەی ــ لـە بانگەوازەکـــەدا ئەلێ ــ لا بداتە لای زیاتێکی زۆری بێڕادە بەخۆی ئەگەیێنێ • »(٨٧) •

کاربەدەستانی ئێران فەرمانیاندا ، دیوارە نیـوە رووخاوەکانی شوورەکەی ورمێ لە ماوەیەکی کورتدا چاك بکرێت(٨٨) • لـە هەمان کاتیشدا هێزێکی گەورەی تورك بەرەو وان کەوتەرێ • لە ئەرزرووم و ئەرزنجانیشەوە چوار بەتالیۆن و چـــواردە تۆپی بزواو بەرەو وان رەوانەکران • پاش ئەمەش لە وانەوە پازە بەتالیۆنی عوســـمانی بە سەرۆکایەتی مووسا پاشای کوندوخوف بەرەو هەکاری کەوتە رێ • لە رێگا هێزەکانی عوســمانی کردەوەی دڵ رەقـانەیان بەرامبـــەر دانیشـــتووەکان نواند • پەیامنێریك لـــە ئەرزرووم‌ەوە نووسی : « دانیشتووەکانی ئەم بەشەی دەوڵەتی عوسمانی هەست و پەیوەندیی دۆستایەتییان لەگەڵ سەربازەکاندا نەبوو • ئەو سەربازانەی ئەبوو لە لەلایەن دانیشتووەکانەوە تێرسك بکـرێن و کەلوپەلیان پێ بدرێن و ئەبوونە بارێکی قورس بەسەریانەوە »(٨٩) •

لەبەرئەوەی شـێخ هێزێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەبـوو هەتـا رووبەرووی هێزەکانی عوسمانی بوەستێ ، ناچاربوو پەنا بەرێتە بـەر سیاسەتی چاوشارکێ کردن • شێخ لەو رایەدابوو زستان بەڕێوەیـەو ماوەی شەڕکردن نامێنێ • بەتەمای ئەوەبوو شایی کوڕەکەی بکاتـــە پەردەیەك مەبەست و نیازی خۆی لە پەنایدا بشارێتەوە •

شێخ چاوی لەوەبوو کات دەست بخات • بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا سەرۆکە کوردەکان بۆ راپەڕینێکی نوێ ئامادە بکات ، هەروەها بەو نیازەش دەست بە قەڵاکانی ناوچە دراوسێیەکانیا بهێنێو چاکیان بکاتو قەڵای‌تر دروست بکات •

ئەستەمبوول کە بەمەی زانی ، کۆلۆنێل یوسف بەگی ناردە لای شێخ ، بەو نیازەی بە شێوەیەکی رەسمی داوای لێ بکات واز لە خۆ ئامادەکردنی جەنگیی‌بهێنێ • بەڵام یوسف بەگ لە هەوڵدانەکەیدا نەگەیشتە ئەنجامو هیچی دەست نەکەوت •

لە ناوەراستی ئابدا ، کەمال بەگی سێیەم سکرتێری سوڵتان ، هاتە وان • مەبەست لەم هاتنەی ئەوەبوو شێخ رازیی بکات لە یەکێك لە شارە پیرۆزەکانی وڵاتی عەرەب جێ‌نشین بێت • بەرامبەر بەوەش دەوڵەتی عوسمانی هەموو خەرجییەکی شێخ بخاتە ئەستۆی خۆی • جگە لەمەش سوڵتان بەڵێنیدا ، جگە لە سەرپشکی‌تر ، هەموو مانگێك مووچەیەکی ( ١٥٠ ) لیرەیی بۆببڕێتەوە[٩٠] • بەڵام شێخ گوێی لە ئاست ئەم‌پێشنیارانە داخستو لە قەڵای ئۆرامار خۆی قایم کردو بە نیازی بەرهەڵستی کردنی هێزەکانی عوسمانی کەوتە خۆ کۆکردنەوە • عوسمانییەکان خێرا خۆیان گەیاندە قەڵاکەی شێخو ئابلوو قەیاندا[٩١] • بۆ ئەوەی خوێنی هەردوولا بەخۆڕایی نەرێژدرێت ، شێخ بریاریدا بچێت لە شاری مووسڵ بژی • کاربەدەستانی عوسمانی بەمە رازی بوون • بەڵام شێخ بە هۆی گەلێك ڕوبیانووەوە پەلەی بۆ چوونە مووسڵ نەکرد • ئەوسا مووسا پاشا بریاریدا بچێت بەگژ شێخدا • پاش ئابلووقە دانێکی هەژدە رۆژیی ، قەڵاکە لە ئەنجامی بۆردوومان

کردێکی بێوچـان رووخاو تەپی • ئەو قەڵایەی بە واتەی رۆژنامەی ( مشاك ) ، « لە رۆژانی خوێدا ، لەسەر جۆری دروستکردنی ، هەراو هوریایەکی زۆری پەیداکردو گەیشتە ئەو رادەیەی سەرنجی رۆژنامە ئەورووپاییەکان رابکێشێت »[٩٢] •

قەڵاکە داگیرکرا ، شێخیش بە دیل گیراو لەگەڵ چوار بەتاڵیۆنی سوارەی عوسمانیدا بەرەو مووسڵ رەوانەکرا • کاربەدەستانی عوسمانی لەوە ئەترسان عەبدولقادری کورەکەی شێخ هەوڵبدات باوکی رزگار بکات • لەبەرئەوە لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا ، دوو بەتاڵیۆنی پیادەیان لە گاوارەوە بە سەرۆکایەتی موستەفا پاشا خستەرێ ، بەو نیـــازەی رێگاکەی نێوان ئۆرامارو نەهری بگرێت ، دوو بەتاڵیۆنی تریشـــیان ناردە نەهری • شێخ موحەمەد سدیقی کورە گەورەی شێخ بە بارمتـــە لە ئەستامبووڵ دانرابوو • لەبەرئەوە عەبدولقادر بووە جێگری باوکی • نیلیدوف لەم رووەوە ئەنووسێت : عەبدولقادر وەکـــو باوکی مایەی رێز لێگرتنە • « سەر کردایەتی هێزەکانی کـــورد ئەکاتو نیازیوایـــە دان بە دەسەڵاتی دەولەتی عوسمانیدا نەنێت »[٩٣] •

پەیوەندی کاربەدەستانی دەولەتی عوسمانی لەگەڵ عوبەیدولـــلا بە دلی ئێران نەبوو • لە مووسڵ هێزو دەسەڵاتی شێخ کەمی نەکردو کز نەبوو ، هەر لەوە نەئەچوو لە هەکاری دوور کەوتبێتەوە • عەشرەتە کوردو عەرەبەکانی ولایەتی مووســـڵ هەمیشـــە ئامادە بوون ، هەر ئەوەندەی شێخ ئەموستی بەرزبکاتەوە دەست بدەنە چەك •

موحسین خانی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبووڵ سرەوتی لێبرابوو ، بێوچان ئەوەی دووبارە ئەکردەوە کە شێخ هەر ئەوەندەی هەلێکی بۆ

هەلکەوێ ئەتوانێ راپەڕینێکی‌تر پێـــك بهێنێ • لەبەرئەوە بە ناوی شاوە داوای لە ئەستەمبووڵ کرد ، شێخ رەوانەی شوێنێکی دوور لـە سنووری ئێران بکەن[٩٤] •

سولتان موحسین خانی دڵنیا کرد لەوەی ، لە ئیسنە بـە دوواوە لـە یوواناادایە ، شـێخ رەوانەی شوێنێکی دوورتر لـە وڵاتی عەرەب بکرێت • « ئامانجی من ــ سولتان بە باڵیـــوزی ئێرانی گەیانـدــ ئەوەیە ، ئاسایش‌و هێمنی لەســـەر سنووری هەردوو دەوڵـــەتە موسڵمانەکەدا بچەسپێ • ئەزانم ئاژاوەو بێ یاسایی هەمیشە بۆیـان هەیە لە هەموو کاتێکدا سەر دەربهێنن • من قەت ئەم جۆرە دۆخانەم بەدڵ نەبووە • کوڕەکەیمان لێرە وەك بارمتە داناوە • سوپاس بۆ یەزدان بێ خوێن رشتن ئەگەینە ئامانجی خۆمان »[٩٥] • وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ، دووڕایی‌و گومانی بەرامبـــەر بە موحەمەد سدیقی دەست‌بەسەر هەبوو ، بەلای ئەوەوە باشتر وابوو عەبدولقادر بگیرێت ، چونکە بیروڕای ئەوو باوکی ، زیاتر لە یەکیان ئەکرد •

باڵیوزی ئێران هەروا بە خۆڕایی نەئەترسا • ئەوەبوو لە تشرینی دووهەمدا عەبدولقادر بە هێزێکی بچووکی کوردەوە لە نزیك گوندی شێپتانەوە[٩٦] پەلاماری هێزەکەی تورکی‌دا کە گەیاندنی شێخی پێ سپێردرابوو ، توانی باوکی رزگار بکات • کەمال پاشای سەرکردەی ئەو هێزەش خێرا داوای یارمەتی لە کاربەدەستانی ولایەتی مووسڵ‌و بەغدا کرد •

خێرا ئەو چوار بەتالیۆنەی ، پاش رەوانەکردنی شێخ لە نەهری مابوونەوە ، بە سەرۆکایەتی کۆلۆنێل حوسەین بەگ بەرەو شـــێپتانە

بزوا • نزیك ئەو ریگە شاخاوییەی ناوی کورد بۆگازییە ، هێزی کوردو هێزەکەی حوسەین بەگ بەیەکداچوون ، لە ئەنجامدا هێزەکەی کورد شکا • لە (١٣)ی ، تشرینی دووهەمدا لەگەڵ هێزێکی تری عوسمانی کە بۆ یارمەتیدانی کەمال بەگ هاتبوو ، یەکیان گرتو ئابلووقەی شێپتانیاندا • شێخ عەبدولقادری کوڕی لەوێ خۆیان قایمکردبوو • شێخ پاش ئەوەی شەش سەعات بەرهەڵستی کرد ناچاربوو خۆی بەدەستەوە بدات[٩٧] • کاربەدەستانی عوسمانی شێخو کوڕەکەیان رەوانەی مووسڵ کرد • پاش ماوەیەك ناردیانن بۆ ماکۆ[٩٨] •

پاش دوورخستنەوەی عوبەیدوڵلا ئاژاوەکەی کورد ، بەرە بەرە کەوتە کزیو هێمن بۆوەنەوە • ئەستەمبوول گەلێك لەو سەرۆکە کوردانەی گرت کە رۆژی خۆی پشتگیریی راپەڕینەکەی عوبەیدوڵلایان کردبوو •

× × ×

نەك دەوڵەتی عوسمانیو ئێران بەڵکو رووسیاو بەریتانیاو دەوڵەتانی تریش ، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون وبڕوایان نە ئەکرد راپەڕینەکەی عوبەیدوڵلا بەوجۆرە بەهەر چوارلادا پەل بهاوێژێو سنوورێکی وەها فراوان بگرێتەوە • ئەم وڵاتانە بەرپابوونی راپەڕینەکەیان ئەبردەوە سەر هۆی ناوخۆیی • رۆژنامەکانی بەریتانیاو تورکیا ، رووسیایان تاوان بار ئەکرد بەوەی هۆی هەرەگەورەی راپەڕینەکە بوو • هەرچی رۆژنامەکانی رووسیاو ئێرانو ئەرمەنەکانە ، ئەوە راپەڕینەکەیان وەها لە قەڵەم ئەدا گوایە دەستکردەی تورکیاو بەریتانیایە •

ئەو وتارەی لـــە رۆژنامەی ( دیلی تیلێگـــراف )دا ، بە ناونیشانی « بۆچی کوردەکان راپەڕین » بڵاوبۆوە ، ئاشکرا پاکانەی بۆ سیاسەتی کۆلۆنیالی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی نزیکدا ئەیکرد و پشتی ئەو سیاسەتەی ئەگـــرت .

لە رۆژانی بەرپابوونی راپەڕینەکەی کوردا ، رووســـیاو ئێران لەیەك نزیك بوونەوە ، تەنیا بەریتانیا لـــەو نزیك بوونەوەیە پەشۆکاو خەم دای گرت . نووسەری وتارەکە کە دێتە سەر روون کردنەوەی ئەو لەیەك نزیك بوونەوەیە ، ئەنووسێت کە رووسیا هۆی بەرپابوونی ئەو راپەڕینە بوو ، چونکە بۆ بیانوویەك ئەگەڕا دەست بخانە کاروباری ناوەوەی ئێران‌و ناوچەی تری نوێی لێ‌زەوت بکات(٩٩) . بەریتانیا وەك « برادەرێکی باوەڕ پێ‌کراو » ، شای لـــە نیازو خواستی ناپاکی رووسیا ئاگادار کرد . وتارەکە لەوە ئەدوێ کە ئەبێ ئێران پشت بە تورکیا ببەستێ‌و داوای یارمەتی لە رووسیا نەکات ، ئەو رووســـیایەی هەمیشە لە بیانوویەك ئەگەڕێت ئامانجە داگیرکەرەکانی خـــۆی پـێ بهێنێتە دی . رۆژنامەی « وەقـــت »یش ، لە یەکێك لـــە ژمارەکانیا بیروڕاکانی رۆژنامە ئینگلیزییەکە ئەجوێتەوەو یەکسەر ئەنووسێت کە رووسیا بەپارەو بەچەك یارمەتی کوردەکانی‌دا(١٠٠) .

بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ بەدەستەوە نەبوو ، رووسیای پێ تاوانبار بکرێت ودەری بخات راپەڕینەکەی کورد بەدەستی ئـــەو بوویێت .

رووسیاش پشتگیریی ئەو بیروڕایەی ئەکرد کە لە ئێران بڵاو بوو ، واتە ئینگلیز دەستی لە راپەڕینەکەی کوردا هەیە . لـــە رۆژنامەی

« قەفقاسدا » نووســــەرێك نامەیەکی بڵاو کردەوە ، لەو نامەیەدا سەرکەوتنی راپەڕینەکەی لە ئێران ، لە ئەنجامی یارمەتیدان و پشتگیریی بەریتانیا لە قەڵەم داوە . نووســـــەری ئەو وتارە ئەڵێ : « سوپاس بۆ دەستتێوەردانی بەریتانیاو یارمەتیدانی ، ئەو یارمەتی دانەی وای لە کوردەکانی ئێران کرد بێنە سەرپێ . ( نووسەری وتارەکە ئەمقسەیە بەدەم شێخ عوبەیدوللاوە ئەکات و دووای ئەمە وێتەسـەر قسەکانـی خۆی ـ وەرگێڕ ) . کۆنسۆلی بەریتانیای مەزن لە ورمێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلادا هەیەو ( نووسەری وتارەکە ناوی شـێخ بەراستی نانووسـێت ـ وەرگێڕ ) بە ناوی پاراستنی ئەرمەنە بەدبەختـەکان و پروتسـتانەکانەوە ، بە پارەو پووڵ و کەلوپەل و خواردەمەنی یارمەتی ئەم دڕندەیە ئەدرێت »[١٠١] .

هەرچەندە دەستاوێزە ئینگلیزیەکان هەمیشـــە ئـەوە دوویـات ئەکەنەوە کە ئەو بیروڕایانە لە ئاست راستییدا هەزار ئەنوێنن ، بەڵام ئێمە ( نووسەر نیازی لەخۆیەتی ـ وەرگێڕ ) لەو دەســـتاوێزانەدا دوژمنایەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد دوویات ئەکەینەوە .

رۆژنامە ئەرمەنییەکانیش کە دێنە سەر باسکردنی راپەڕینەکەی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا ، ئەوە ناشارنەوە کە دەوڵەتی عوسمانی دەورێکی کەمی لە راپەڕینەکەدا نەبووە . روون کردنەوەی ئەم راو هەڵوێستەش کارێکی قورس نییە . ئەم راو هەڵوێستە لەبەر ئەوەیە ، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بێوچان کوردەکانیان لـە ئەرمەنەکان هانئەدا .

لەناو هەموو ئەو سەرچاوەو ئەدەبیاتانەی بەکارمان هێناون ، وتارەکەی « کوردەکانو ئێرانییەکان » کە لە رۆژنامەی « ئەتگۆلۆسك »دا[١٠٢] ، بلاوکراوەتەوە ، بە شێوەیەکی راستورەوان سروشتی راپەڕینەکە روون ئەکاتەوە • بە رای ئەو وتارە مەبەستی راپەڕینەکەی کورد سەربەخۆییو یەکیتیبوو ( واتە یەکێتی کوردەکان ــ وەرگێڕ ــ ) • هۆی سەرەکی راپەڕینەکە ئەو دۆخە فورسو تاڵەی ژیانی میللەتبوو : « لە ئەنجامی زوڵمو زۆری موتەسەریفە ئێرانییەکان ، کوردەکان ناچاربوون راستببنەوەو پەلاماری ناوچەکانی ئێران بدەن ••• »[١٠٣] •

سەیر ئەوەیە نووسەری وتارەکە لە سووچێکی نوێوە سەرنج لە راپەڕینەکەی کورد ئەدات • بۆ یەکەمجار ئەو راپەڕینە لەگەڵ رووداوەکانی جیهانی دەوروپشتیدا ئەبەستێتو لەو رووداوانە جیای ناکاتەوەو دای ناپچڕێنێ ، بەلکو بە پیچەوانەوە ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە « گیانی ئەو رۆژانە » ، واتە « گیانی سەردەمی نوێ » کاری تێکردبوو • بێگومان نووسەری وتارەکە نیازی لە بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی میللەتانی بەلکانو میللەتانی تر بووە • نووسەری وتارەکە لەسەری ئەڕواتو ئەوە روون ئەکاتەوە ، کە راپەڕینی کوردەکان هەر لەبەر ئەوەنەبوو شێخ داوای راستبوونەوەی تێکردن ، لەبەرئەوە نەبوو چاویان لە تالانی بێت ، بەلکو لەبەر ئەوەبوو « بیرو هەستی نەتەوەیی گەیشتە ئەو سووچە دووردوو پشتگوێ خراوەی ئاسیاش »[١٠٤] • ( واتە کوردستان ــ وەرگێڕ ) • نووسەری وتارەکە کە دێتە سەر شیی کردنەوەی دووا رووداوەکانی

کوردستانو بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی ، ئەگاتە ئەوەی گرنگێتی کێشەی کورد دەست‌نیشان بکات • بە رای نووسەری وتارەکە ، ئەو کێشەیە لەوەدا نەمابوو گۆشەگیر بێت ، بەڵکو بەپێچـەوانەوە بووە مایەی ئەوەی سەرنجی « دیپلوماسـییەتی جیهانی » بەرەوخـــۆی رابکێشێتو خۆی بە یەکێك لە کۆڵەکەی رووداوەکانی رۆژهەڵات دابنێـــت »(١٠٥) •

نووسەری وتارەکە شـێخ عوبەیدوڵلا بەو رابەرە خاوەن بیری نەتەوەیی‌یە دائەنێ کە هەوڵی‌دا هەموو کوردەکانی ئێرانو عوسمانی یەك‌بخاتو بە سەرۆکایەتی خۆی حکوومەتێکی نەتەوەیی دروســـت بکات • « شێخی کورد ، هێزە ســــەرەکییەکانی نارد بۆ رۆخە رۆژ هەڵاتییەکانی گـۆماوی وان • ئەمەش زیرەکی‌و ستراتیجیەت زانینی ئەم سەرۆکە دەرئەخات • ئەو سەرۆکەی ئەوەی خستبووە بەر چاوی خۆی میللەتەکەی بگەیێنێتە ژیانێکی مادی‌و مەعنەوی‌و رەوشــــتو خووی هاوسەردەمەوە • هوشـــیارانە سەرۆکایەتی بزووتنــە وەی نەتەوەیی ئەکات • باس هەر ئەو باسەبوو کە کوردە درندەکان دوژمنانە سەیری هەموو شتێکی ناموسڵمانانە ئەکەن ، کەچی هەر ئەو کوردانە ، نەك هەستی بەزەیيان پیشانی گاورەکان‌دا بەڵکـــو بەدڵو بەگیـــان ئاگاداری ئەمن‌و سەلامەتیان کردن • ئەمە خۆی لە خـوێدا شایەتی ئەدات کە ئەم عەشرەتە ( نیازی لە کورد یان لە کوردەکانی هەکارییە ــ وەرگێڕ ) گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هاتووەو لە هەمان‌کاتیشدا ئەوە دەر ئەخات کە هەر لــە ســـەرەتاوە کوردەکان حەزیان بە چاودێری‌و لێپرسینەوەی ئەورووپای مەسیحی کردووەو مەبەســـتیان هەمیشە

ئەوەبووە ، ئەگەر ئەوروپیەکان پشتیان نەگرن ئەوە هیچ نەبێ بێلایەن بوەستن »[106] .

راپەڕینەکەی کوردی ساڵی ١٨٨٠ بە نەهامەتی کۆتایی‌هات . ئەو راپەڕینە لوتکەی خەباتی بێسرەوتی گەلی کوردبوو لە پێناوی رزگاربوون لە چنگ داگیرکەرە عوسمانی‌و ئێرانییەکان ، ئەو راپەڕینە لەو رۆژانەدا تەقییەوە کە دەولەتە ئەوروپاییەکان بە گەرمی دەستیان خستبووە ژیانی وولاتەکانی رۆژهەڵاتی نزیکەوە .

یەکێك لە هۆیەکانی راپەڕینەکەی کوردی ساڵی ١٨٨٠ ، ئەو تەنگ‌و چەلەمە ئابوورییە بوو کە لە ناوچەکانی کوردا سەری دەرهێنابوو ، ئەو تەنگ‌وچەلەمە ئابوورییەش لەو لاوازییە ئابوورییەوە پەیدا بوو کە تووشیی دەولەتی عوسمانی‌و ئێران بوو بوو . زۆرلێ‌کردن‌و پەرەسەندنی خوێن مژینی جووتیاران ، زیادکردنی رادەی باج‌و خاوە سەندن ، کوشتن‌و لە ناوچوونی ژمارەیەکی زۆری خەلکی لە رۆژانی شەڕەکەی نێوان رووسیاو تورکیا ١٨٧٧ ــ ١٨٧٨دا ئەمانە ، هەموویان بوونە هۆی بێ دەرامەتی‌و هەژاریی جووتیاری کورد . لە هەواڵێکدا کە لەلایەن نووسەرێکی بێناودا بلاوکراوەتەوەو لە تەبریزەوە ناردوویەتی ، هۆی راپەڕینەکە ئەباتەوە سەر ئەوەی میللەت نەی ئەویست ئەو برسێتییە دووبارە بێتەوە کە لەوەوبەر رووی‌داو زۆر کەوتە سەری[107] .

هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی راپەڕینەکەی کوردی ساڵی ١٨٨٠ لەوەدا بوو ، راپەڕینەکە لە رووی ریکخستنەوە لاوازبوو . دوژمنایەتی

نێوان عەشرەتە کوردەکانیش شێخ عوبەیدوللای بە جۆرێك خستە بەرچاو ، نە بە هێزو نە بێهێز بێت •

یەکێتییە رۆژانەکەی سەرۆکە کوردەکان بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوللا ، هەروەها ئەو هەموو وەفایەی پیشانیاندا ، لە یەکەم نەهامەتی شێخدا رماو کەوت • دەرکەوت بەشدارانی راپەڕینەکە ، لە نیازو خواستو پەیڕەوی راپەڕینەکە نەگەیشتبوونو کەموزۆر لایان روون نەبوو • گەلێك لە سەرۆکە کوردەکان بیروڕاو پەرژەوەندیی تەنگی عەشرەت خوازی خۆیان لە سروشتو خواستی راپەڕینەکە گرنگتر بوو • پەیامنێری رۆژنامەی « ئەتکۆلۆسك » نووسیی : « ئەگەر کوردەکان لەناو خۆیانا یەکێتیان هەبووایە ، ئەوە لەناوبردنی ئەو راپەڕینە زۆر ئەکەوتە سەرئێران »(١٠٨) •

لە رۆژانی ئامادەکردنی راپەڕینەکەو دوایش لە رۆژانی بەرپابوونیا ، کاربەدەستانی عوسمانیو ئێران بۆ پاراستنی پەرژەوەندی خۆیان سوودیان لە کورتبینیو ئەقل تەنگی چینایەتی چەند سەرۆکێکی کوردو دووبەرەکی نانەوە لە نێوانیانا بینی •

نەبوونی یەکێتی لە نێوان کوردو ئەرمەنو عەرەبو ئاسوورییەکانیشدا ، دەورێکی کەمی بۆ ژێرکەوتنی راپەڕینەکەی کورد نەبوو • هەر لەبەرئەمەش بەریتانیاو رووسیا دوژمنانە ئەیانڕوانییە بزووتنەوەکەی کورد ( ئەمە راست نییە ، نە رووسیاو نە بەریتانیا وەك هاوئاین سەیری ئەو کەمە ئایینەیان نەکردووە • ئەوە بەولاوە داردەستێکی پەرژەوەندیی ئیمپریالستی خۆیان بێ هیچیتر نەبوون ، لە دوارۆژیشدا کە دیان بەکەلکیان نایەن بێ سێودوو نامەردانە وزیان لێهێنان ـ

وەرگێڕ ) . ئەرمەن و ئاسوورییەکانیش بە دوودڵییەوە ئەیان ڕووانییە بزووتنەوەکەی کورد . کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی ، ئەوەی لە هەموو نزیك بوونەوەیەکی میللەتەکانی ژێر دەسـتیا ئەسلەمییەوە ، دەورێکی کەمی نەبوو بۆ ئەوەی رادەی بڕوا کردن بە بزووتەوەکەی کورد لاواز بکات .

هیـــچ دەوڵەتێکی ئەورووپایی پشتی ڕاپەڕینەکەی کـوردی نەگرت ، بەریتانیا لە هەمووان زیاتر چاوی لەوەبوو ڕاپەڕینەکەی کورد لەناو بەرێت . لەو رۆژانەدا دیپلوماسییەتی بەریتانیا سەروبڕ پشتگیریی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەکرد . بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەدا سوود لە ڕاپەڕینەکەی کورد بهێنێ ، لەوەشدا نیـازی وابوو دەسەڵات و نفووزی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێـراندا بچەسپێنێ . بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەدا دۆخی سەرسنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران قایم بکات ، بەو مەبەستەی هەموو جۆری یەك گرتن و پەیوەندییەکی نێوان کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بنبڕ بکات .

## ـ پاشکۆ ـ

بیرەوەرییەکەی کۆنسۆلی رووسیا لە تەبریز ، کە بۆ ئی • ئا • زینۆڤیڤی بالیۆزی لە تاران ناردووە •

٣١ی کانوونی یەکەمی سالی ١٨٧٨ • شاری تاران • بۆ ئیڤان ئەلیکسەندەری سەرداری پایە بەرزو بەخشندە •

ماوەیەك لەمەوبەر هەوالێکمان پێ گەیشت ، ئەلێ گوایە شێخ عوبەیدوللای سەرداری کوردی بە ناوبانگ ، سەر لەنوێ کەوتۆتە ئەوەی عەشرەتە یەکگرتوەکانی و موریدەکانی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە •

بۆمان روون بۆتەوە کە شێخی ناوبراو نیازی هەیە لە رووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا راست بێتەوە ، بە تەمای ئەوەیە لە کوردستانی تورکیا حکوومەتێکی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی خوی دروست بکاتو شاری مووسل بکاتە بارەگاو پایتەخت • هەتا ئێستا کارەکە هێشتا لە دەوری خۆ ئامادە کردندایەو نەگەیشتۆتە رادەی کردەوە نیشاندانی راستەقینە •

دووایی لە رێی چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پێم گەیشت ، کە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوللا گۆشەگیر نییەو

سەرۆکی بزووتنەوەکە ، پەیوەندیی لەگەڵ شەریفی مەکـەو خدیوی میسردا هەیە • بەڵام تا ئەم سـاتە ناتوانم ئەوە روون بکەمەوە ئـەم پەیوەندییە بە چ لایەکـدا ئەشـکێتەوەو تـا چ رادەیەك سەردارانی میسرومەکە بەشـداریی ئەم بزووتنەوەیەیان پێ ئەکرێ • هەرچەنـدە لەتوانادا نییـە زامنیی ئەوە بکەم ئەم هەواڵانە بە تەواوەتـی راستن ، بەڵام بە ئەرکی سەرشانم زانی ئەم هەواڵانە بەجەنابی پـایە بەرزتان بگەیێنم‌و لەگەڵیشـیا رێزلێ‌گـرتنی قووڵ‌و ئیخلاسی راسـتەقینەم پێشکەشتان‌و بکەم‌و شەرەفی ئەوەم هەیە هەرگیز خزمەتکاری مـل کەچتان بم •

ئا • ڤ • پ • ر ، ف « بیعسەکەی ئێران » ١٨٧٧ — ١٨٧٩ ، ب ، ١٢٠٢ لاپەڕە ٤٠ ، ٤ ئۆب •

× × ×

ڤۆپێی راگەیاندنەکەی ست • سوف ، ئوێر میللەری کۆنسۆلی گشتی لە ئەرزرووم بۆ باڵیۆزخانەی ئیمپراتۆرییەت لە ئەستەمبووڵ • لە ئەیلوولی ١٨٧٩ ، ژمارە : ٣٦١ •

لە شاری وانەوە هەواڵێك گەیشتووە ئینگلیـزو عوسمانییەکانی پەژارە کردووە •

شێخ عوبەیدوڵلا ، کە شەرەفی ئەوەم هەبوو دەنگ‌و باسیتان پێ‌رابگەیێنم ، بە ئاشـکرا راست‌بۆتەوەو وەکو ئەڵێن بەرەو وان کەوتۆتە رێ •

کوردەکانی حەیدەرانلی کە لە دۆڵەکانی نێوان بایەزیدو گۆماوی واندا کۆچ‌ڕەوی ئەکەن ، بە ئاشکرا ناحەزیی خـۆیان دەربڕیوە •

موستەفا پاشای والی ، پێی راگەیاندم کە مارشەمعوونی هەکاری لای داوەتە لای حیزبی ناحەزان •

عوسمانییەکان بەتەمان چەند فەوجێك بۆ وان‌و بایەزید بنێرن ، چاوەڕوانی ئەوەشن سامی پاشا بگاتە ئەوێ • سامی پاشا کراوە بە موشیری هێزی چوارو سەرکردایەتی گشتیی ئەم لەشـــکرەی پێ سپێردراوە •

لــەم رووەوە ، ئینگلیـــزەکان هەر ئەوە ئەهێنن ، گاڵتــەیان پێ‌بکرێت • ئەوانەی هانی عوسمانییەکان ئەدەن • رۆژی سێیەم دوو نوێنەری ئینگلیز ، واتە لیوتینانت کۆلۆنیل کرۆدێرو ریڤیریت • م • فۆزیر ، خێرا گەیشتنە وان • بە جووتە گەشتیکیان کرد • سەریان لە سامســـون‌و ئەماسیاو سیواس‌و ئەرزنجان‌و مووش‌و بتلیس‌و وان‌داو لە گەڕانەوەشیاندا بە مەلازگیردا بەرەو ئێرە گەڕانەوە •

لەمەدا دەرئەکەوێت ئینگلیزەکان نیازیان چییەو بەتەمان لــە چ رێیەکەوە کوردەکان بتاسێنن •

لەگەڵ رێز لێ‌گرتنی قواولدا •

ئا • ڤ • پ • ر ، ف • « ئەرشیفی ســــەرەکی : ف ـ ئا ٢ » ب • ١٠٩٣ ، لاپەڕە ٣٧ ، ٣٨ •

**فۆرپێی راگەیاندنەکەی کۆنسوڵی گشتی لە ئەرزرووم لە ٢٣ی شوباتی ١٨٨٠دا بۆ نێردراوی باوڕپێ‌کراو لە ئەستەمبووڵ •**

**دۆخی ئێرەو رووداوەکانی ئێرە لەوە ئەکەن مایەی ئومێد پێ‌کردن نەبن • ئەم شەڕەی دووایی ، دەوڵەتی عوسمانی بە جۆرێك پەژارەکردو**

له پەلوپۆی خست ، ئیتر پێی نەکرێت جارێکی‌تر دەست بوەشێنێ •
ئـەچی کاربەدەستان هەوڵ ئەدەن دەسـەڵاتی خۆیان بەسـەر هەموو ولاتەکەدا بسەپێنن •

هەمـوو هەوڵو تەقەللادانەکەی ئەستەمبووڵ ، لـە هەفتەی رابووردوودا ، ئەو راستییە ئەخاتە روو ، له دۆخێکـدایە دەرفەت لێبوونی بۆنییەو ئەوە دووپات ئەکاتەوە کـە دۆخی دارایی پەکی ئەوتووەو دەوڵەت ئەیەوێ بەزۆر سەر بە میللەت شۆڕ بکات •

لـە هەفتەی رابوردوودا ئەسـتەمبووڵ فەرمانێکی دەربارەی چوونیەتی ( ئیجار ) دەرکرد • ئەو فەرمانە لـە یەکەم رۆژی سـاڵی ١٨٨٠وە دەست پێ‌ئەکات • بەپێی ئـەو فەرمانە ئەبێ پارەی هەمـوو ئیجارو باجێك بە پارەی کانزایێت •

سەرانەی مەڕومالات ( ئەغنام ــ نووسـەر وەها ناوی ئەبات ــ وەرگێڕ ) بیست جار زیادی کردووە • واتە ئیستە میری لـە جیاتـی ( ٣ ) پێسەکەی جاران ، ٣/٠٢ پێسە لـە هەموو مەڕێك ئەسێنێ • ئیجاری مولکیش بووە بە دوو قات • جاران لە ٠/٠٠٤ بوو ئیستە بووەتە ٠/٠٠٨ •

هەموو زەبتیەکان کراون بە جەندرمە • دەنگ‌وباسێك بلاوبۆتەوە وا ئەگەێنێ گوایە ئەگەر هاتو میری نەیتوانی مانگانەیان بداتێ ، ئەوسا دێت لە شوێنی وەها دایان ئەمەزرێنێ کە بتوانن بە دووجۆر ئیش بکەن• واتـە جارێك وەك سـەربازو ، جارێکی تریش وەك جـەندرمە •
کاربەدەستانیش مەبەستێکی ئاشکراو دیاریان لەمەدا هەیە •
لەگەڵ رێزلێ‌گرتنی قوولدا •

( ئۆپێرمیللەر ) •

ئا • ف • پ • ر ، ف « ئەرشیفی سەرەکی ، ف ــ ئا ٢ » ، ١٨٨٠ ، ب • ١٠٩٥ ، لاپەڕە ٢٤ •

× × ×

کورتەی نامەکەی شێخ عوبەیدوللا کە لە ١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٨٠دا بۆ ئیقبال ئەلدەولەی موتەسەریفی ورمێی نارد •

پاش حەمدوسەنا ، ئەنووسێ • وا حاجی مەلا ئیسماعیل ئەنێرێ بەو نیازەی پەیوەندییەکی توند لەگــەڵ موتەسەریف پەیدا بکات • بەئەرکی سەرشانی ئەزانێ هەموو ئەو شتانەی لـــە سەرو دڵیایەتی بیخاتەروو بێ پێچ‌وپەنا رای خۆی دەربڕێت‌و ئەوانەش بــەلای ئەوەوە کەم‌وزۆر چــاکەو سوودی حکوومەتی ئێرانیی تێدایە • جــا دووای ئەوە ، با کاربەدەستانی ئێران بڕیاری خۆیان بدەن‌و ئارەزووی خۆیانە بە گوێی ئەکەن یان نا ، سوود لە رایەکانی ئەبنین یان نابینن •

موتەسەریف باش ئەزانێ ٥٠٠/٠٠٠ هەزار بنەماڵە لە کوردستاندا هەیە • لەوانە هاونیشتمانی ئێرانی‌و عوسمانیشیان تێداهەیە •

قەت کوردســـتان بە خراپ باس نەکراوە ، بەڵام هەمیشــــە بەخراپی ناوی دانیشتووەکانی ئەبرێت •

بێگومان لەناویانا ( لەناو کوردەکاندا ــ وەرگێڕ ) خەلکی چاك‌و خراب هەن ، بەڵام بۆچی ئەبێ تاوانبارو بێ‌تاوان چاك‌و خراپ بخرێنە یەك تەرازووەوە ؟ بۆچی تەڕو وشك بەیەکەوە بسووتێ ؟

تاقە هۆی شکات کردن ، لەوەدایە کاربەدەستانی عوســــمانی‌و

ئێران نە ئەو تواناو نەئەو هێزو دەسەڵاتەیان هەیە ، وەك پێویستە ، فەرمانڕەوایان بکەن •

لە ئەنجامدا کورد ئەکرێت بە پیاو خراپ ، بە شێوەیەکی ناڕەوا باسیئەکرێتو کردەوەو ڕەوشتی ناشرینی پێوە ئەنرێت ، کوردەکانیش هەوڵ نادەن ڕێز لە فەرمان ڕەواکانیان بگرن •

لە ئەنجامی دۆخێکی وەهادا ، سەردارە کوردەکانی عوسمانیو ئێران بڕیاریاندا یەكبگرنو تەوەیەکی یەکگرتوو پێكبهێنن ، بەو نیازەی لغاوی دۆخی ناوەوەی وڵاتەکەیان بکەنو ئەمنو ئاسایشی تیا بچەسپێنن • هەر بۆ ئەم مەبەستەش بە نووسین بەڵێنیاندا هەراوهوریا لە وڵاتەکەیانا بنبڕ بکەن •

ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە لەناو ناچێت • ئەگەر کاربەدەستان پەنا بەرنەبەر زۆرداریی ئەوە دەستیان ئەچێ بەزاخداو هیچیان دەست ناکەوێتو لە ئەنجامیشدا هەردوولا زیانێکی زۆریان پێئەگات • لەبەرئەمە باشتر وەهایە میری هوشیارانە دۆخەکە هێمن بکاتەوە • ئەگەر وەها نەکات ، ئەوە ئەنجامی قورسو تاڵ دێتە کایەوە •

شێخ لە کۆتایی نامەکەیدا ئەوە دووبارە ئەکاتەوە کە تەنیا هەستی دڵپاکیو برادەرایەتی پاڵی پێوەنا ئەو پێشنیارانە بنووسێت ، ئیتر دووای ئەوە میرییچی بە چاكو بە پێویست ئەزانێ با بیکات •

" Correspondence resjecting the Kurdish invasion of persia. Turky, No. 5 ( 1881 ) " pp. 48, 49.

× × ×

نامەکەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ دکتۆر کۆهران لە ٢٥ی ئەیلوولی ١٨٨٠دا .

بێگــومان بیستووتانە ، چۆن چەند ساڵێك لەمەوبەر ســـەیا ئەلدەولە فەرمانیدا پەنجا پیاوەکانم بکوژرێن . ئەوانە بە هیچ شتێك تاوانبار نەکرابوون . زیانی ١٠٠/٠٠٠ هەزار تومەنی لێدام .

نە حکوومەتی عوسمانیو نە حکوومەتی ئێران نیازیان پاكنیە ، قەت گوێیان نەداوەتە مافەکانمان . جگە لەمەش ، فەروجوڵلا خـــانی کوڕی حاجی خانی یەکێك لەسەرۆکەکانی ئوشنۆ ئەوەندەیان کوتـــا ، هەتا مرد .

پاریش موعین ئەلدەولە ، عەبدوڵلا خانو ئیبراهیم خانی گرت ، هەردووکیان خەڵکی ئوشنۆ بوون ، ٢٠/٠٠٠ هەزار تومەنی بە جەزا لێ سەندنو بەو جۆرەماڵیـــانی کاول کرد . هەروەها سێ ئافرەتیشی گرت . ئەمسالیش موتەسەریفی ناوچـــەی مووکری ، فەیزوڵلا بەگی گرتو بەبێ هیـــچ تاوانێك شولکوتی مەرگیان کردوو جەزای ١٥٠٠ تومەنیاندا . هەروەها بە زۆر خێزانی چەند کەسێکی تریشی زەوت کرد . ماوەیەك لەمەوبەر موتەســـەریفی ســـنە ، هەمزاغای سەرۆکی چـــەند عەشرەتێکی بانگ کرد بۆ شوێنێکی دانراو . بە سەرزاری وای پیشاندا ئەیەوێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکات . بەڵام لە راستیدا بـــیازی وابوو بیگرێت . هەمزاغا توانی رابکاتو لە رێگاش دوو پیاوی کوشتو بە شەڕەشەق خۆی قورتار کرد .

لە دەستنایە ئەو هەموو زوڵمو زۆرەی لێمان ئەکرێت بخرێتـــە سەر کاغەز . لەبەرئەمە سەرۆکەکانی کوردستان بە پێویـــستیان زانی

بەڵبگرن • پێویستە یەکێتییەك بەرامبەر ئەو هەموو زۆر دارییە بێتــە کایەوەو دروست ببێـــت • لەبەر ئەمە داواتان لێ ئەکەین کۆنسۆلی بەریتانیا لە تەورێز ئاگادار بکەن کە ئەگەر بێتو ئاوڕ لــە کوردستان بدرێتەوە ، ئەوە تێگەیشتن لە دۆخەکە زۆر ئاسانتر ئەبێت • ئــەوا حاجی سمایلیش ئەنێرین بەو نیازەی دۆخەکەتان بۆ روون بکاتەوە •

" Correspondence recpecting the Kurdish invasion of persia. Turky. No. 5 ( 1881 ) ", p. 47.

× × ×

نامەکەی شـــێخ عوبەیدوڵلا بۆ دکتور کـــۆهران • ( ٥ )ی تشرینی یەکەم •

مەلا ســـمایلە نارە بۆ ئەوەی بە نهێنی وەك پێم وتووە دۆخی ئێرەتان بۆ روون بکاتەوە • تکاتان لێ ئەکـــەم دۆخی کوردستانو سەفەری کوڕەکەم بۆسنە بەراستی بە حکومەتی بەریتانیـا بگەیێنو روونی بکەنەوە •

گەلی کورد کــە لــە ٥٠٠/٠٠٠ هەزار بنەماڵە پێـكهاتووە ، میللەتێکی تایبەتییە • ئاینەکەیان لە ئاینی ئەوانیتر جیاوازە • ( بێگومان شێخ نیازی لە کوردی ئێرانەو مەبەستی کوردی سونی مەزەبە لەویۆو گوردەکانی ئەوێش وەك شیعی مــەزەبەکان هەموویــان موســڵمانن • ــ وەرگێڕ ــ ) • خاوەنی نەریتو رەوشتو خووی تایبەتی خۆیانن • لــەناو میللەتاندا بەنەوەیەکی نووڕەو کەللەرەقو درو بێ رەوشـــت ناوئەبرێن • بەو جۆرە لە کوردستان ئەدوێن • ئەگەر یەکێك لەناویانا کردەوەیەکی نـــاڕەواو ناشرینی لێبوەشـــێتەوە ، ناوی هەزارەهـــا پیاوچاکانی لەگەڵدا لەکەدار ئەکرێت • با لاتان ئاشکرابێت ، ئەم هەموو

سیفەتە خراپانە لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانیو ئێرانەوە بەخۆڕایی بۆ کورد دروست کراونو بەزۆر پێوەی ئەلکێنن . کوردستان لە نێوان ئەو دوو دەولەتەدا دابەش کراوە . ئەو دوو دەولەتە ئەوەندەیان لە بارا نییە چاکوخراپ لە یەك جیابکەنەوە . ( بێگومان هەردوو دەولەتەکـــە ئەوەندەیان لەباردا هەیە چاکەو خراپە لەیەك جیـــابکەنەوە ، بەلام ئەوانیش وەك دەولەتە ئیمپریالیستەکان لە تاو پەرژەوەندیی خـۆیان رەشو سپی چاکەو خراپە تێکەل بە یەك ئەکەن ـ وەرگێڕ ) . ئەگەر یەك کەس خراپەیەك بکات ئەوە هەزاران کەسانی بێتاوان بەهـۆی ئەوەوە تووشی ئازارو دەردیسەری ئەبن . بەمجۆرە کەسە خراپەکان ئەمێننەوەو خەلکە چاکەکانیش تیائەچن . بێگومان ناوی عەلی ئاغای شکاکتان بیســتووە ، ئەوەی نــاوی بە کردەوەی خــراپو ناڕەوا دەرکردووە ، ئەوەی وەك چۆن ئەزیەتی خاوەن تەریقە بێگانەکانی ئەدا وەهاش دەستدرێژی ئەکردە ســـەر موسوولمانەکانیش . هەردوو دەولەتەکە ئاگایان لە کردەوە خراپەکانی بوو . جا ئەگەر دەسەلاتی ئێران قایمتر ببێتو زەبرو زەنگیش پەیدا بکات ، ئەوە خەلكو خواکە هەرگیز وەك جـاران دوور لــە شارستانییەتو بــە دوواکەوتوویی‌و دڕندەیی ئەمێننـــەوە . تاوانەکەی خێلی هەکاریش کــە لــە دەولەتی عوسمانیدا ئەژی دیارو ئاشکرایە . حکوومەتی عوسمانیش وەك ئێران یان خۆی لە پێشخستنی ئەم میللەتە گێل ئەکات ، یاخـود بە چاوێکی نزمەوە سەیری ئەکات . هەمیشە بە سووکییەوە سەیری کوردســـتان ئەکرێت . یەکێتی نییە . ســــەرۆكو بەڕێوەبەرەکانی کوردســتانی عوسمانیو ئێرانو هەموو دانیشــــتوانی کوردستان گەیشــتوونەتە بڕیارێكو لەوەدا یەك ئەگرنەوە کە لە تواناادا نەماوە لە ژێر سایەی ئەو

دوو دەولەتەدا بژین و ئەبێ شتێك بکەن دەولەتە ئەورووپاییەکان ناچار بکات لە ڕۆخەکە ورد بینەوەو تیێ بگەن • ئێمەش میللەتێکی دابەش کراوین • ئەمانەوێ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەوەی ولاتەکە بەدەست خۆمانەوە بێت • ئەمانەوێ ، خۆمان سزای ئەوانە بدەین کە لە ڕێی ڕاست لا ئەدەن • ئەو مافانەمان هەبێت کە میللەتانی تر هەیانە • خۆ ئەگەر هاتوو کردەوەیەکی ناڕەوا ڕوویدا ، ئەوە بەڵێن بێ ئەو کردەوانە زیانی بۆ هیچ میللەتێکی تر نەبێ • نیاز لە چوونی کوڕەکەم بۆ سنە ـ لێکۆڵینەوەی دۆخی کوردستانەو ئەبێ لاقەی نەکرێت ـ وئەگەر دەستدرێژی کرایە سەری ئەوە هەموو کوردستان ڕاست نەبێتەوە • چونکە میللەت لە تواناییدا نەماوە لەوە زیاتر زۆرداری و خراپەی بێ وچانی ئەو دوو دەولەتە هەلگرێت •

" Correspondence respecting the Kurdish invasion of persio. Turky. No. 5 ( 1881 ) " pp. 47,48.

× × ×

قۆپیی ڕاگەیاندنەکەی یاریدەدەری کۆنسۆلی ڕووسیا لە وان بۆ : ئی • پ • نوڤیکۆڤی بالێوزی ڕووسیا لە ئەستەمبول • بۆ سەرداری بەخشندە : یەڤگێنی پیترۆڤیج ••

دووا بەدووای ئەو نامەیەی لە ڕۆژی ١٠ی ئاباو بە ژمارەی (٣١) ، لە شاری بایەزیدەوە ناردم • لە شاری سیعرتەوە چووم بۆ دیاربەکرو خارپووت و لەڕێی دەرسیم و ئەرزنجانەوە چووم بۆ ئەرزرووم •

شەرەفی ئەوەم هەیە ئەم زانیاریانەش بخەمە تەك ئەو زانیاریانەی لە نامەکەی پێشوودا نووسیم و پێشکەش جەنابی پایە بلندتانی بکەم • لە سیعرت چەند جارێك چاوم بە موتەسەریفەکەی کەوت و پیاوە

ناسراوەکانی شاریشم دی ۰ موتەسەریف دانی بەوەدانا کـــە داوای کردووە خێرا دوو فەوجی پیادەی بۆ بنێرن ، بۆ ئەوەی بتوانی لغاوی ئەو هەرایە بکات کە لـــە سنجاقە کوردی‌یەکـــدا پەیدابووە ۰ بەڵام کاربەدەستان ئاوڕیان لە داخوازییەکەی نەداوەتەوە ۰ بە قسەی ئـــەم زاتە وا دەرئەکەوێت ئەستەمبووڵ نیازی وایە لەگـــەڵ کوردەکاندا رێك بکەوێت ۰ موتەسەریفو زوربەی پیاوە ناسراوەکانی شـــار بە موسڵمانو گاوریانەوە ، دڵنیان کە شـــێخ عوبەیدوڵلا هەرئەوەندەی هەلێکی بۆ هەڵکەوێت ئالآی راپەڕین لـــە هەکاری بەرزئەکاتەوە ۰ لەبەرئەوە بە ئەرکی سەرشانە ئەزانم ئـــەو راستییە بخەمەروو ، کـــە شێخی ناوبراو دەسەڵاتێکی گەورەی بەســـەر کوردەکانی ویلایەتی بتلیسدا هەیەو پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەلیانا هەیە ۰ بە قسەی ئەم موتەسەریفە ، هەر ئەوەندەی شێخ عوبەیدوڵلا پەنجەی بەرز بکاتەوە ، ئەوە کوردەکانی ســـنجاقی سیعرت شوێنی ئەکەون ۰ حـــەز ئەکـــەم ئەوەش بخەمە روو کە شـــێخی ناوبراو دەسەڵاتێکی وای بە ســـەر ناوچەکانی هەریمی جزیرەدا هەیە ، لەوانە نییە بەراورد بکرێت لەگەڵ دەسەڵاتەکەی بەهری بەگدا ( کوڕی بەدرخان پاشای ناسراو ، ئـــەو بەهری بەگەی وانی بەجێ‌هێشتووەو لە ئەستەمبوڵ جێ‌نشین بووە ۰ هیچ دەنگو باسێکی شێخم لە شاری وان لانییە ۰ موشیر سامی پاشا هێشـــتا لەوانە ) ۰ لـــەم رۆژانەدا نامەیەکم لـــە کاپتەن کلایتۆنەوە پێگەیشت ۰ باســـی گەشـــتەکەیم لـــە سنجەقی باشـــقەڵا بۆ ئەکات لە ( هەکاری ) ۰ بەو بۆنەیەوە لـــەوە ئەدوێ کە لەوانەبە ئەمساڵ لـــە هەکاری برسێتی پەیدابێت ( une famine Kneze ) ۰ لەوانەیە مانگی تەمووز سەر لە مووش‌و بایەزید بدەم ۰

( ٢ )ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٠ ٠ شاری ئەرزرووم ٠
ئا ٠ ڤ ٠ پ ٠ ر ، ف ٠ « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبووڵ » ، ١٨٨٠ ،
ب ٠ ٢٦٦٧ ، لاپەڕە ١١٠ — ١١١ ٠

× × ×

قۆپیی ئەو راگەیاندنەی لە لایەن یاریدەدەری کۆنسۆلی وانەوە بۆ بەڕیوەبەری کۆنسۆلخانەی ئیمپراتۆرییەت لە یەکی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٨٢دا نێردراوە ٠

لـــە ( ٢٦ )ی ، مانگی تشرینی یەکـــەمی رابووردوودا ، بە برووسکەیەك شیفرە ناسەکەی باڵیۆزخانەی پایە بەرزتانم ئاگادار کرد کە « عوبەیدوڵلا مووسڵی بەجێ هێشـــت » ٠ دووابەدووای ئـــەو بروسکەیە ، شەرەفی ئەوەم هەیە ، ئەوە روون بکەمەوە کە لە ( ٢٥ )ی ، ئەو مانگەدا ، شێخ لەگەڵ شێخ موحەمەد سدیقی کوڕیاو بە حیراسەتی کەمال بەگ گەیشتنە مووسڵ ٠ مووسا پاشای کووندووخۆف ، لـــە ( ٢٦ )ی ، ئەو مانگەدا بە بروسکە فەرماندەی هێزی ئەرزنجانی لەوە ئاگادار کرد ٠ موحەمەد سدیق حەزی لەوە بوو ئەگـــەر رێگای بدەن ، لە مووسڵەوە بچێت بۆ ئەستەمبووڵ ٠

لە راگەیاندنەکەی پێشووما ، ژمارە ( ٤٧ ) ، ئەو ترسەم دەربڕی کە دوورنیە شێخ عەبدولقادر هەوڵ بدات باوکی رزگار بکات ٠ لـــە ٢٤ی تشرینی یەکەمدا دوو فەوج بە فەرماندەی موستەفا پاشا لـــە گەوەرەوە کەوتە رێ ، بەو نیازەی رێگای نێـــوان ئەورامارو نەهری بگرێتو دوو فەوجیش بەرەو نەهری کەوتنـــە رێ ٠ بڕیار دراوە ، موتەســـەریفییەتێك لـــە دەوروبەری شـــەمدینان دروست بکرێت ، بە

مەرجێك بارەگاکەی لە نەهری بێت • هەرچی عەبدولقادرە ئەوە هەتا ئێستا لەگەڵ چەکدارە کوردەکانیا لە ئەورامار خـۆی قایم کردووەو لەوێشەوە بە ئاشـــکرا بەرهەڵستیی دەولەتی عوســمانی ئەکات • کردەوەکانی عەبدولقادر بەرەزامەندی باوکیتی • گومان نییە شـێخ عوبەیدوڵلا ، ئەوو کورە گەورەکەی واتە موحەمەد سدیقی کردووە بە جێگرانی خۆی • جا ئەگەر کاربەدەستانی ئەستەمبول نەکـــەونە خۆیـــانو عەبدولقادر لـــە هەکاری دوور نەخەنـــەوە ، عەبدولقــادر کە وەك باوکی لەوێ دەسەلاتی هەیە ، چاوەڕران بن ، هەراوهوریـــا لەسەر سنوورەکانی عوسمانیو ئێران سەر دەرئەهێنێ •

لەوێ کوردەکان بە ئاسانی ئەتوانن راپەڕن • چونکە شــێخ عوبەیدوڵلا ، ئەوەی رقی لە دەولەتی عوسمانی ئەبێتەوەو زەحمـــەتە لەگەڵیا رێك بکەوێتو ئاشت ببێتەوە ، ئەو شێخ عوبەیدوڵلایە لـــە مووسڵ ئەژی ، لەوێش وەك لە هەکاریماڵو حاڵی خۆی هەیە ، هەر لەوێشەوە دەسەلاتی خۆی بەسەر عەشرەتە کوردو عەرەبەکانی ویلایەتی مووسڵدا ئەسەپێنێ •

هێزەکانی دەولەتی عوسمانی ، هەکاری چۆڵ ناکەن لەبەر ئەوەی شێخ عەبدولقادر دوژمنانە دژی کاربەدەستان ئەجوولێتەوە • پێویستە ئەوە دەست نیشان بکرێت کە دوور خستنەوەی شـــێخ عوبەیدوڵلا هێمنیو ئاسایشی بۆ ویلایەتی هەکاری نەهێنا • هەکاری وەك جاران ، وەك ئەو رۆژانەی عوبەیدوڵلا لەوێ بوو هێشـــتا رەوانەی مووســـل نەکرابوو ، مەلبەندی گەڕەلاوژەو بێپاساییە •

## بۆ نێردراوی ئیمپراتۆرییەتی رووس و وەزیری خاوەن دەسەڵاتی تەواو لــە بیلاتی فارس لــە تاران لە لایەن کۆنسوڵی گشتی لــە ئازربایجانەوە نێردراوە راگــەیاندن

لــە ( ٨ )ی ، تشرینی دووەمدا ، هێــزەکانی تاران و بینــاب بە سەرۆکایەتی ئیعتماد ئەلدەولە ، لە لای سنەوە یەکیان گرت • بەڵام کە سوپاهسالار ئەزەمە هات ، ئەو هێزانە بوون بە دوو بەشەوە • بەشێکی لەسنە مایەوە ، بەشەکەی تریشی کە مەشق کەرە نەمسەوییەکانی تێدا بوو ، بە تۆپەوە نێردرا بۆ ورمێ • میرزا حوسەین خان لەم هێزەیاندا بوو • یەکێك لە ئەفسەرە ئێرانییەکانی کەتیبەی ئەندازەیاری کە بارۆن لیتنێر فەرماندەی بوو ، بۆی گێڕامەوە کــــە هەتا رۆژی ( ١٠ )ی ، تشرینی دووهەم ، واتە ئەو رۆژەی سنەی تیا بەجێهێشت ، هیــــچ دەستەیەکی چەکداری کورد بەرهەڵستی ئەو هێزەیان نەکرد کە لــە تارانەوە هات • لە رێگاش گوندەکانی کوردیان سووتاندو تاڵان کرد • تاڵانی و کردەوە نارەواکان لــەوانەوە رووی نــەدا ، بەڵکـــو هێزە نیزامییەکان و سوارەکان ، ئــەو کردەوە نارەوایانە یان کرد • راســت

نیه ئەوان تاوان باری ئەو کردەوانە بکرێن • تەنیا یەك جار ناچار بوون تۆپ بەکار بهێنن • ئەوەشیان دژی گوندێکی کوردی فەیزوڵلا بەگ بەکارهێنا • ئەوەش لەبەرئەوەی دانیشتوانی ئەو گوندە دوژمنانە پەلاماری هێزە سوپاییەکەیان داو چەند سەربازێکیان کوشت • پێش ئەو ، سەید ئەلمولك ئەم باسەی بۆ گێڕامەوە •

دەمێکە سنەو لاهیجان کوردیان تیا نەماوە ، هەموویان رایان کردۆتە لای خێڵی بەلباس‌و زارو لای عوسمان ئاغا لە سەردەشت • پاش ئەوەی هێزەکانی شێخ قادر لە بیناب تووشی نەهامەتی بوون سنەو لاهیجانیان چۆڵ کرد • کە هێزەکانی بیناتۆسك لە سنە نزیك بوونەوە ، کوردەکان گوندەکانیان بەجێ هێشت‌و بە مەڕو ماڵات‌و کەل‌و پەلیانەوە روویان کردە شاخەکان • میناغای کوڕی قادر ئاغا لەلای گوندی کندر ــ ئاگاجا کە دە فرسەخ لە سنەوە دوورە بە دوو هەزار کوردەوە هەموویانی وەستاند • قادر ئاغا کە جاران لە بارەگای ئێرانییەکان بوو چوو بۆ لای کوڕەکەی بەو نیازەی رازی بکات خۆی بەدەستەوە بدات ، بەڵام میناغا بە تەقەو دەست رێز پێشوازی کرد ، میناغا دووای ئەوەی ئیعتماد ئەلدەولەی لە گوندەکە دەرکرد ، بەرەو سەردەشت رای کرد بۆ ئەوەی خۆی بگەیێنێتە شێخ‌و هەمزاغا • پاش چەند رۆژێك قادر ئاغاش بارەگای ئێرانییەکانی بەجێ هێشت ، لەوە ئەترسا لە ملی بدەن ، چونکە زوربەی هەرە زۆری ئەو کوردانەی لە ئارەزووی خۆیان لایان دابووە لای ئێرانییەکان ، لەوێ ( لە بارەگاکە ــ وەرگێڕ ) کوژران ، ئەوەی نەشکوژرا کەلەپچە کرا •

شێخ عوبەیدوڵلا بارەگاکەی لە ورمێ بوو ، لە رۆژی جەژنی

قوربان‌دا له‌گه‌ڵ ده‌سته‌و دایره‌که‌یدا روویان کرده قه‌ڵاکه‌ی سمایل ئاغا • ئیقبال ئه‌لده‌وله‌و ته‌یسوور پاشا خانیش به له‌شکریکه‌وه شوینی که‌وتن • شیخ که هه‌ستی کرد له‌شکره‌که‌ی ئیران نزیك ئه‌بیته‌وه به خۆی‌و دووسه‌د که‌سه‌وه رووی کرده چاریخ واته لای عه‌لی خانی شکاك • هیزه‌کانی کوره‌که‌ی تریشی واته شیخ سدیق ، گرد ئه‌بنه‌وه‌و خه‌ریکی قایمکارین • ئه‌و شیخ سدیقه‌ی قاو وابوو له ورمی کوژراوه •

پیاوه‌کانی ته‌یسوور پاشا خان ئه‌م هه‌واڵانه‌یان له ورمیوه هیناوه بۆ ته‌وریز • به‌و نیازه هاتوون بۆ ته‌وریز هه‌تا جیی ئیقبال ئه‌لده‌وله‌ی دوژمنی ته‌یسوور پاشا خان له‌ق بکه‌ن • له‌گه‌ڵ خۆیانا که‌لله‌ی کورده کوژراوه‌کانی ورمییان هیناوه •

ئه‌و دوو پیاوه‌ی ناردمن بۆ ورمی نه‌گه‌رانه‌وه • به‌هۆی تاڵانی کردن‌و راووړووته‌وه له سه‌لماس‌و ده‌وروبه‌ری ورمی به هیچ جۆریك ده‌نگ‌و باسی ورمیمان نه له‌ریی وشکانی‌و نه له‌ریی ده‌ریاوه پی ناگات •

سه‌رتیپ ئاغا خان له باره‌گاکه‌ی خۆیه‌وه نامه‌یه‌کی بۆ ئۆسکار به‌گی سه‌رۆکی ناردووه ، له‌و نامه‌یه‌دا باسیی ئه‌وه ئه‌کات ، که سروشتی رووداوه‌کانی کوردستان له‌وه ئه‌کات وا به ئاسانی له بزووتنه‌وه‌که نه‌دریت‌و له توانا‌و ده‌سه‌ڵاتدا نییه خیرا له‌ناو ببریت • به قسه‌ی ئه‌و :

کورده‌کان هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی هه‌ستیان کرد هیزه‌کانی ئیران نزیك ئه‌بنه‌وه ، خیرا په‌نایان برده شوینه شاخاوییه سه‌خته‌کان که ئه‌و هیزانه قه‌ت پییان ناکریت په‌لاماریان بده‌ن • هه‌موو مه‌ڕو ماڵات‌و خوارده‌مه‌نییه‌کیشیان هه‌یه ، له‌گه‌ڵ خۆیانا بردیان • ئه‌وانه‌ش بۆ

ماوەیەکی درێژ بەشیان ئەکات • جا ئەگەر کوردەکان لـە زسـتاندا لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا نەکەونە شـەڕ کردن ، ئەوە گومان نیە لـە بەهاردا دەستی پێ ئەکـــەن • چونکە زەحمـــەتە پاش ئەو هەموو قوربانییەی دایان واز لە ئامانجەکەی خۆیان بهێنن ، دەست بەرداری رق لە ئێران بوونو کوردستانێکی یەکگرتوو بن •

هەتا کاربەدەستانی ئێرانیش هاتوونەتە سەر ئەم رایە • لـە ناو ئەوانیشدا ئەو باسە لەکایەدایە کە ئەو شێخە کوردانەی تا ئەم رۆژانە بەشداریی راپەڕینەکەیان نەکردووە ، بە تایبەتی وەك : شێخ جەلالەدینی کوڕی شێخ جەلالەدینی ناودار ( نووســـەر بەم جۆرە ناوی ئەبات ـ وەرگێڕ ـ ) ، ئەوەی لـــەم شەڕی دووایەی نێـــوان دەوڵەتی عوسمانیو رووسیادا کـوژرا ، عوسمان ئاغاو کەسانی تر ، روو ئەکەنە شـــێخ عوبەیدوڵلاو لا ئەدەنە لایو یارمەتی ئەدەن هەتاوەکـــو ئامانجەکانی بهێنێتە دی •

بە قسەی ئەو ئەفسەرەی لـە بارەگاکەوە هاتووە ، پاش مردنی جەمشید ئەلدەولەو دانانی حاجی حوسەین ئەلدەولە ، شـــیرازەی پەیوەنـــدی نێـــوان سەربازەکانی ســـەرۆکایەتی ســـوپاکە ترازاوە • سەربازەکان بە گوێی سەرۆکەکانیان ناکەن • هەموو ئەو گوندانەیان تالآن کرد کە لەسەر رێیانا بوون • سەرۆکەکانی ئەو سەربازانە خاوەیان لە ئاغاو خانەکان ئەسەند ، بەرامبەر ئەوە گوندەکانیان لە تالآنی کردن رزگار ئەکرد •

هەتا لە نێوان فەرمانداەی پەلەکانیشدا ، دووبەرەکی بێ وچـان رووی ئەدا • لە ئەنجامی ئەم پاشا گەردانییە ، کاپتەن ڤاگنەر بریاریدا

گوێ لە فەرمانی حاجی جیسام ئەلدەولەی فەرماندەی گشتی نەگرێتو هێزێکی تۆپدار لەگەڵ فەوجێکی نوێ بەچەند ئەفسەرێکی نەمسەوییەوە بۆ پێشەوە رەوانە بکات • کە سوپاهسالار ئەزام هات هەموو شتێك لە شوێنی خۆی بوو •

لە شار قاوێك کەوتۆتەوە کە دانیشتوانی گوندەکانو ئاغاکانیان شکاتیان کردووە ، لەوەی بەزۆر پارەو پوولیان لێ سەندوون ، لەبەر ئەوە ئیعتماد ئەلسەلتەنەو چەند سەرۆکێکی دەوروبەری گیراون • لە ورمێ باس ئەو باسەیە ، کە تەیموور پاشا خانو ئیقبال ئەلدەولە ئەوەندە رقیان لەیەکە دوور نییە هێزەکانی هەردوولا بدەن بەیەکدا •

دووایی بە ئەوپەڕی مل کەچییەوە ، ئەو شەرەفە بە خۆم ئەدەم قۆپێ بیرەوەرییەکەی ئەسکەر بەگ بخـــەمە ، بەردەم جەنابی پایە بەرزتانو چاوەڕوانی بڕیاری جەنابتانم • ئەو بیرەوەریـــەی ماوەیەك لەمەوبەر لە میرزا حەسەنی دانیشتووی ورمێوە وەرم گرت •

کۆلێژسکی ئەمیسۆر شولژێڤسکی •

١٤ی تشرینی دووهەمی سالی ١٨٨٠ •

ئا • ف • پ • ر ، ف • « بیمسەکەی ئێران » ، ١٨٧٧ — ١٨٩٦ ، ب ١٢٠٢ ، لاپەڕە ١٠٤ — ١٠٥ •

× × ×

بۆ جەنابی وەزیری ئیمپراتورییەتی رووسیای خاوەن دەسەلاتی تەواو لە بیلاتی فارس لە تاران •

لـــە لایەن بەڕیوەبەری گشتی کونسۆلخانەی ئازربایجـانەوە نێردراوە •

## راگەیاندن

شێخ قادر بە هێزەکانییەوە رووی کردە مەرگەوەڕ • دەورو بەری سنەی بێ لاقەکردنو زیان پێگەیاندن بەجێهێشت • لەو رۆژانەی لەو ناوچانە بوو ، فەرمانی بە هێزەکانی دا بوو بە هیچ جۆرێك نەچنە ناو گوندەکانەوە ، بە تایبەتی ئەو گوندانەی سەر بە دەولەتێکی‌تر بوون •

هاونیشتمانە رووسەکان سوودیان لەم دۆخە دی • ئەرووتیۆن ئەزار بەگ هەمیشە لە سنە بوو • چەند جار سەری لە شێخدا • شێخ چەند چەکدارێکی دایە ، بۆ ئەوەی عەماری هاونیشتمانییە رووسەکانی شار لە دەستدرێژی بپارێزن • داوای لێ‌کرد ، ئەگەر هاتوو هێزەکانی ، پێویستیان بە گەنمو جۆ بوو ئەوە بە پسوولە پێیان بفرۆشێت •

هەر ئەوەندەی شێخ قادرو هەمزاغا دەوروبەری سنەیان بەجێهێشت ، سوارەکانی کوردستان ، ئەوانەی لە ئەردەبێلو ئەرەداغو تالیشاوو ناوچەی ترەوە هاتبوون ، بە هەر چوارلادا بلاو بوونەوە • لەگەڵ خەلکی تردا کە مەبەستیان رووت کردنەوەو تالانی بوو ، کەوتنە گیانی خەلکەکەو تالان کردنیانو کوشتنی کوردەکانی ئەو گوندانە •

ئەوانەی لە سنەوە هاتوون باسیی ئەوە ئەکەن چـۆن هەزارەها دانیشتووانی دەوروبەری مەرگەوەڕ بە کەلوپەلی تالآن کراوەوە بەرەو ئەوێ ئەگەڕێنەوە .

کە سوپاهسالار عەزەمە هات بۆ ســـنە فەرماندرا ، بە خێرایی هەموو ســـــوارەکان لەیەك بارەگادا کۆ بکرێنەوەو رێ‌و شوێنێك دەست‌نیشان بکرێت ، پاشـــماوەی گوندەکان‌و ماڵ‌و موڵکەکانیان بپارێزدرێت .

شێخ سدیق‌و شێخ عەبدولقادری جووتە کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا گەیشتنە مەرگەوەڕ . کاربەدەستانی ئێران بە سەرۆکایەتی ســـەرتیپ ئاغا خان‌و ناسر ئەلمولك چوار فەوجیان ناردە سەریان . سوپاهسالار عەزەمە ، نامەیەکی نارد بۆ حاجی شێخ لە تەورێز . لەو نامەیەدا لەوە ئەدوێ کە دەوروبەری سنە هێمنەو یەك دانە چەکداری کوردی لێ‌نییەو خەڵکەکە بەرەو شارو گوندەکانیان ئەگەڕێنەوە .

میرزا حوسەین خان ئەچێ بۆ ورمێ ، بەو نیازەی لەگەڵ نەشئەت ئەفەندی‌و ئەبکار ئەفەندی ئەودیو سنوورەوە گفتو گۆ بکات .

کلیۆزیلی موبەشیر لە ١٠ی مانگی تشرینی دووەمدا بۆ ( پێرینی ) نووسیی کە تەیموور پاشا خان ، چەند جار هەلی بۆ هەڵکەوت شێخ عوبەیدوڵلا بگرێت ، بەڵام نەیگرت . لەبەرئەوەی ماوەی هەبێـــت زیاتر دەوروبەری ورمێ تالآن بکات . شێخیش توانی لـــە قەلآکەی سمایل ئاغاوە بچێتە ناوچە . لەشکری ئێرانیش شوێنی کەوت .

جا ئەو شەرەفە ئەدەم بە خۆم راپۆرتێك لەگـــەڵ دەنگ‌وباسی هەفتەی رابووردوو بخەمە بەر دەمتان . ئەم هەواڵانەم لە میرزای ناو

براوەوە وەرگرتووە ، ئەویش ئـەو هەواڵانەی لـە ئەرووتیون نەزار بەگەوە پێ گەیشتووە . ئەوەی لەسـەرەتای دەسـت پێ کردنی بزووتنەوەکەی کورد لە سنە لەوێ بووەو پێنج ڕۆژ لەمەوبەر گەیشتنە تەورێز .

شۆلژێڤسکی کولوژسـکی ئەسیسۆر . ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ ، تەورێز .

ئا . ف . پ . ر . ف ، « بیحسەکەی ئێران » ، ١٨٧٧ — ١٨٩٦ ، ب ١٢٠٢ ، لاپەڕە ١١٣ — ١١٤ .

× × ×

قۆپیی نامەکەی شۆلژێڤسکی بەڕیوەبەری گشتی کونسولخانەی رووسیـــا لە ئازربایجان بۆ : ئی . ئا . زینۆڤیڤی باڵیۆز لـــە تاران تەورێز ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٠ .

سەرداری بەخشندە ، ئیڤان ئەلیکسیڤیچ .

مستەر ئابۆت کە لە ورمێ گەڕایەوە چەند دەنگ‌و باسـێکی بۆ گێرامەوە ، بە پێویستم زانی ئەو هەواڵانە بە جەنابی بایە بڵنـــدتان بگەیێنم ، چونکە باوڕم وایە کەڵکی بۆتان ئەبێت . مستەر ئابۆت زۆر بە کورتی باسیی گەشتەکەی کرد . دەربارەی شێخ بەتایبەتی‌و دەربارەی راپەڕینەکەی کورە بەگشتی زانیاریەکی هێندە کەم‌و کرچ‌وکاڵی درکاند هیچی وام لێ هەڵنەکڕان مایەی ئەوە بێت بیخـــەمە بەر دەمی پایـە بەرزتان . ( لە سەرەتای نامەکەیدا بە سوودبەخش‌و بەکـەڵك باسیی ئەکات ـــ وەرگێڕ ) .

بە قسەی ئابۆت ، ئەو گەشتەی بە داخوازی کۆنسۆلی پێشووی بەریتانیا لە تاران کرد بۆ ورمێ • مەبەستیش لەو گەشتە ئەوەبوو ئاگاداری دۆخی نەستوورییەکان بێتو چاوێك بەو قوتابخانانەو خەستەخانانەی موبەشیرە ئەمەریکاییەکاندا بخشێنێ کە پروپاگاندەیەکی زۆریان بۆ ئەکەن • وەك خۆی ئەڵێ ، حەزی لەو گەشتە نەکردووە ، یەکەم لەبەر ئەوەی خێزانی بەماڵو منالەوە چووبوون بۆ ( کرەبلا ) لە تفلیس بۆ تەداویی کردن ، دووەمیش لەبەر ئەوەی ئەیویست دلنیا بێت لەو دەنگو باسانەی دەربارەی راپەڕینەکەی کورد بلاو بووبوونەوە ، ئەو راپەڕینەی دەمێكبوو چاوەڕوانی بوو • بەلام لە دەوروبەری ورمێ کە بیستی کوردەکان گەیشتوونەتە نزیك ورمێ ، بە جوانی نەزانی بگەڕێتەوە • چونکە کوردەکان لە پشتییەوە خەریکی تالانیبوون • لەبەرئەوە وای بە باشتر زانی بچێ بۆ گوندی ( سیر )و لەوێ بمێنێتەوە • موبەشیرە ئەمەریکاییەکان لەو گوندە ئەژیان • مانەوەی لەو گوندە مەترسیی تێدا نەبوو • چونکە کوردە راپەڕیوەکان ، هەرچەندە لەگەڵ ئێراندا بە یەکاچووبوون بەلام دەست درێژییان نەئەکردە سەر بێگانەکان • هەر وەهاش رووی‌دا • ئەوەبوو پاش ماوەیەك کوردەکان بە سەرۆکایەتی شێخ سدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوللا هاتنە ناو گوندەکەوە ، شێخ عوبەیدوللاش دووا بەدووای ئەو هاتە گوندەکە •

شێخ عوبەیدوللا بە ئابۆتی راگەیاند کە نیازی لەم راپەڕینە تالانیکردن نییە ، بەلکو ئامانجی ئەوەیە میللەتەکەی لە زۆرداریی ئێران رزگار بکات • ئەگەر شاری ورمێ بەبێ خوێن رشتن خۆی

بەدەستەوە بدات ، ئەوە یەك کەس لە دانیشتووانی شارەکە خوێن لـە لووتی نایەت • ئابۆت مەترسی لە ژیانی گاورەکان پەیداکرد ، لەبـەر ئەوە داوای لە ئیقبال ئەلدەولە کرد نەبێتە هۆی خوێن ڕشتن‌و شارەکە بەدەستەوە بدات • بەڵام کە دیی شارەکە خەریکی قایمکارییەو ئیقبال ئەلدەولەو هێزەکانی ژێر دەستی نایانەوێ خۆیان بدەن بە دەستەوە ، ئەوسا بەرەزامەندیی هەردوولا ، واتە شێخ‌و ئیقبال ئەلدەولە بەشێکی لەو گاورانەی ناو شار دەرباز کرد کە حەزیان لـە شار بەجێ‌هێشتن ئەکرد • ئەو گاورانەی ڕەوانەی ماڵی ئەو ئەمەریکاییە کرد کە لـە دەرەوەی شار دروســـــت کرابوو • بە هەمــوو توانایەوە هەوڵی‌دا پەلاماردانەکەی شێخ بۆسەر شاری ورمێ دووا بخات • بەو نیازەی ئیقبال ئەلدەولە لەو ماوەیەدا یاریدەی بۆ بێت ، قاو وابوو گـــوایە تەیموور پاشا خان بە لەشـــکرێکەوە لە ماکـــۆوە بەرەو ورمێ ڕەوانەکراوە •

شێخ عوبەیدوڵلا لە بەڵێنەکەی خۆی پەشیمان نەبۆوە کـــە بە ئابۆت‌و موبەشیرە ئەمەریکاییەکانی دابوو ، پەلاماردانی شارەکەی دووا خست • کوردەکان لاقەی ئەو نەستووریانەیان نەکرد کە چوون بۆ ماڵی ئەمەریکاییەکە • بگرە کوردەکان دەست‌درێژیان نەکردە ســـەر گوندە نەستوورییەکانیش ، چونکە ماوەیەك لەوەوبەر چەند کوردێك بە هۆی ئەوەی تالآنیان کردبوو بە فەرمانی شێخ کوژران •

پاش ئەوەی ئیقبال ئەلدەولە پەلاماردانەکەی شێخی وەستان ، لە شار هاتە دەرێ‌و هێرشیی بردە سەر هێزەکانی شێخ • ئەوســا ئابۆت پاراستنی گاورەکانی خستە ئەستۆی شێخ‌و بڕیاری‌دا لەرێی سەلماسەوە

بگەڕێتەوە تەوریز . شێخ دەستەیەك چەكداری كوردی لەگەڵدا ناردو لە ڕێی سنەوە ڕەوانەی كرد .

ئابۆت بەو دەستە چەكدارەی لەگەڵیا بوو ، بەو نامەیەی كە شێخ پێی دابوو ، بەسەلامەتی گەیشتە سنە . لای شێخ قادری كوڕی شێخ عوبەیدوڵلا مایەوە . هەرچەندە شێخ قادر بە لووت بەرزییەوە پێشوازی كردوو بگرە لە بەری هەڵ نەهەستا ، بەڵام فەرمانیدا هەر لەو ماڵەی خۆی تیایا ئەژیا میوانداریتی ئەوو هەموو ئەو كەسـانەی بكرێت كە لە گەڵیا بوون .

بەقسەی ئابۆت ، شێخ قادر وەك باوكی ئیجتیماعی نییە . لـەو ماوەیەی لای مایەوە زۆر كەم یەكتریان دی . ئابۆت باسی ئەوەی كرد كە شێخ قادر حەزی لەوە نەئەكرد باسی سەرنەكەوتنەكەی لـە بیناب بكات و لەوە بدوێ چۆن گەلێك لـە ئاغا كوردەكان لایان دایە لای ئێران . لە شاری سنەش ئەم ناسراوانە سەریان لەئابۆتدا : هەمزاغا ، مینەی كوڕی قادر ئاغاو فەیزوڵلا بەگو چەند سـەروكێكی تری ڕاپەڕینەكەی كورد .

ئابۆت لەگەڵ ئەو چەكدارانەی شێخ قادر لەگەڵیا ناردنی ، لـە سنەوە چوو بۆ بینات .

شۆڵژیڤسكی

ئا . پ . ڤ ر ، ف . « بیعسەكەی ئێران » ، ١٨٧٧ ـ ١٨٩٦ ، ب ١٢٠٢ ، لاپەڕە ١٢٥ ـ ١٢٦ .

× × ×

بۆ وەزیری خاوەن دەسـەلاتی تەواوو نێردراوی ئیمپراتۆریەتی رووسیا لە بیلاتی ئێران لە تاران •

لـە لایەن بەڕیوەبەری گشتی کۆنسۆلخـانەی ئازربایجانەوە نێردراوە ، ١٠ی تەمووزی سالی ١٨٨٠ •

دووا بەدووای ئەو برووسکەی راگەیاندنەی لـە رۆژی ( ٢ )ی تشرینی یەکەمدا ناردم ، شەرەفی ئەوەم هەیە ئەم هەوالانەش بە جەنابی پایە بەرزتان بگەیێنم • راپەڕینەکەی کورد بەکوشتن‌و سەربڕینی چەند هەزار کوردێك‌و سووتاندن‌و وێران کردنی زیاتر لە دووسەد گوندی کورد کۆتایی هات •

قۆپێی نامەکەی ، ئی • ب • یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لـە وان ، لە ٢ــ١ــ١٨٨١دا • کە بۆ ئی • پ • تۆفیکۆفی بالیۆزی زۆر بەرێز لە ئەستەمبوول نێردراوە •

لە نامەکەی ژمارە چواردا ، کە لـە رۆژی ( ١٣ــ١ )دا ناردم ، ئەوەم راگەیاند کە شـێخ عوبەیدوللا خەریکی خـۆ ئامادە کردنە بۆ راپەرینیکی نوێ دژی ئێران • بەپێی ئەو هەوالانەی پێم گەیشتوون نزیکەی چوار تا پێنـــج هەزار عەرەبی ویلایەتی مووسل‌و بەغـــدا گەیشتوونەتە لای شێخ • ئەوە دووپات ئەکەمەوە ، بەشێکی زۆری ئەم عەرەبانە لە جەندرمە تەقاویت کراوەکانن • شێخ ئەم عەرەبانـەی لە ناوچەکانی ئەخانە ( ئەلانە ) ، گەردی‌و گەرکی بـلاو کردۆتەوە • جگە لەوانەش پێنج هەزار کوردی لا کۆبۆتەوە • ئەو کوردانە بـەم شـــوێنانەدا دابەش کراون : پێنیانیش ، رکان ، مزووری ، هەرکی‌و هەکاری‌و شوێنی‌تر • ( ؟ ) • ئەم هێزانە مەشقیان پێ ئەکرێت‌و فێری

هونەری شەڕکردن ئەکرێن • ( ٢٦ ) کۆنە ئەفسەری تەقاویت کراوی سوپای دەوڵەتی عوسمانی لای شێخ ئیش ئەکەن • هەر یەکە مانگی دوو لیرە لە شێخەوە وەر ئەگرن ، عەرەبەکان ٢١/٢ مەجیدیو کوردەکان یەك مەجیدیان پێ ئەدرێت • هەر لەو راگەیاندنەدا ، باسی ئەوە کراوە کە شێخ نامەی بۆ سەرۆکەکانی موتەسەریفییەتی یەریڤان لە رووسیا ناردووە ، لەو نامانەدا ، داوایان لێ ئەکات لا بدەنە لایو یارمەتی بدەن • بۆ ئەوەی نیازو مەبەستی خۆی باشتر روون بکاتەوە ، شێخ موحەمەد ئەمینی ئامۆزای نارد بۆ ئەوێ • یەکێك لە نەستوورییەکانیشی لە بەرگی فەشەدا ، وەك تەرجومان لەگەڵدا نارد •

ئا • ڤ • پ • ر ، ف • « ئەرشیفی سەرەکی ١ — ٩ » ، ١٨٨٠ـ ١٨٨٢ ، ب ٢٩ • لاپەڕە ١٣٦ •

× × ×

قۆپیێی شیفرەیەکی بە خێرایی وەرگێڕدراو ( لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٠ )دا •

فازیل پاشای فەرماندەی لقی پینجەمی هێزی یەکەم •

بە ناوی کۆمیساری ئەستەمبووڵەوە ، لە دەرسیمەوە بۆ وان : « کاربەدەستان سەرکردەی هێزەکەی گوندی ( باخ ) یان ، نارد بۆ ئەوەی باجی کۆن لە قەزای مەلازگرتو پاڵوو کۆبکاتەوە • هەر بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی باش نێردرایە گوندی داریا • لەگەڵ ئەوەشا سەرۆکەکانی ئەم گوندانە گیرابوون ، بەڵام دانیشتووەکانی راپەڕین • شا حوسەینی کوڕی دەروێش عەلی بە دووسەد سوارەوە هات بۆ ئەو گوندە ناو براوانەو داوای لێ کردن دژی میری راستبینەوە • بەڵگەشی

ئەوەبوو گوایە عوسمانییەکان بۆ خاتری باج کۆکردنەوە گوندەکانی کورد ویران ئەکەن • بەم جۆرە شاحوسەین زیاتر لە ( ٥٠٠ ) چەکداری کوردی کۆکردەوەو هەموو ڕێگاوبانە شاخاوییە گرنگەکانی دەرسیمی داگیر کرد • سێ کەتیبـــە بێ ئەوەی ئاگایان لەمەبێـــت ، پەلاماری کوردەکانیاندا • پاش دوو سەعات شــــەڕ ، پاشکۆی هێزەکە لــە گوندی کاین ئابلوقە درا • لە ئەنجامدا دووسەد سەرباز کوژرا ، یەك ئەفسەرو چواردە سەربازیش بریندار کران • تەیموور ئاغای قایمقامی مەلازگرت چــوو بە هانای ئەو هێزەوەوتوانی کوردەکان دەربکاتو راویان بنێت •

لەرۆژو کاتی وەهادا ، ناردنی هێزی سوپایی بۆ کۆکردنەوەی باجی دوواکەوتوو ، ئەگەر کردەوەیەکی عەمەلیش نەبێت ئەوە بەلای کەمەوە کارێکی پڕ لە مەترسییە » • مۆری راستەقینەی فازیل پاشا •

موخلیس • ئی • ن • د • یاریدەدەری کۆنسۆل ، کامساراکان •

ئا • ف • پ • ر ، ف • « بالیۆزخانە لە ئەستەمبول » ، ١٨٨٠ ، ب ١٥٦٦ • لاپەڕە ١٧ •

× × ×

راگەیاندنەکەی نادڤۆرنی راوێژکەری ــ کامساراکان • ( ١٣ی ) کانوونی دووەمی سالی ١٨٨١ ، وان •

شێخ عوبەیدوڵلا لە ئازربایجان بە جــدی خەریکی ئامادەکردنی راپەرینێکی نوێیە • پتر لە ( ٢٠ ) نامەی بــۆ سەرۆکە کوردەکـــــان ناردووە ، داوایان لێ ئەکات بەشداریی ئەو راپەڕینە بکەن • هەر بــۆ

ئەم مەبەستەش ئامۆژایەکی خۆی لەگەڵ نەستوورییەك کـە لەبەرگی قەشەدا خۆی گۆڕیوە نارد بۆ موتەسەریفییەتی یەریڤان •

ئیستە لای شـیخ (٥) هەزار کوردی عەشرەتەکانی خـۆی کۆبوونەتەوە ، ئەفسەرە تورکە تەقاویتەکان مەشقیان پێ ئەکەن • ئەو ئەفسەرانە مانگانە لە شێخ وەرئەگرن • جگە لەم کوردانەش هێزێکی (٥) هەزار عەرەبیشی لەژێر فەرماندایە ، کـە لـە ویلایەتی بەغداو مووسلەوە هاتوون • نەستوورییەکانیش لەگەڵیا خەریکی گکتوگـۆ کردنن ، بەتەمان دەستی یارمەتی بۆ درێژبکەن •

ئاشکرا دیـارە خـۆی بۆ پەلاماردان ئامـادە ئەکات • شـێخ عوبەیدوڵلا بەو نیازەی هێزو تواناى جەنگاوەریی خۆی پتەو بکات ، بە هەموو توانایەوە ، بە شـێوەیەکی نا راستەو خـــۆ هەوڵ ئەدات پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی بەڕیوەبەرایەتی عوسمانیدا پەیدا بکات • میراز ڕەزا خان بۆ وان نێردرابوو ، بۆ ئەوەی ڕێ‌و شوێنێك بدۆزێتەوە هێمنی ناوچەکانی سەرسنووری پێبچەسپێنێ • ئەو میرزا ڕەزا خانە بە شێوەیەکی خواروخێچ وەلامی کاربەدەستانی ئەوێی دایەوە •

ئا • ڤ • پ • ر ، ف • « ئەرشیفی سەرەکی ١ ــ ٩ » ، ١٨٨٠ــ ١٨٨٢ ، ب ٢٩ • لاپەڕە ١٠٣ •

× × ×

ــ برووسکەیەك لە تەورێزەوە بۆ وان ــ

کاربەدەستانی ئێران بەڵێنیاندا کەلە هەمزاغاو کاکاغای براگەورەی بیوورن • قادر ئاغاو میرزا قاسمی برای قازی سـنـە چوون بۆ لای هەمزاغا • موتەسەریف بەباشیی پێشوازی کردو خەڵاتی کرد • پـاش

دوو رۆژ ، میرزا قاسم و هەمزاغاو سواراغای ئامۆزای و دوو لە خزمەکانی هاتن و داوای چاوپێکەوتنی موتەسەریفیان کرد . فەرراش باشیی داوای لێکردن لە چادرەکەدا چاوەروان بن . فەرراش باشیی لە چادرەکە چووە دەرێ و دەستی بۆ سەربازەکان راوەشان . ئەوانیش کە لەوەو پێش ئاگادار کرابوون ، خێرا کەوتنە تەقە کردن لەوانەی ناو چادرەکە . هەمزاغاو سواراغاو دوو خزمی کوژران . کەللەسەرە براوەکانیان نێردران بۆ میر . ئەشلێن گوایە هەمزاغا دووای ئەوەی چوار گوللەی بەرکەوت ، لە چادرەکە خۆی دەرباز کردوو بە خەنجەر یەکێکی کوشت و ، دووایی یەکێك لە پیاوەکانی موتەسەریف کوشتی . کاکاغای برا گەورەی هەمزاغا کرا بە سەرداری مەنگوور . لە ئەنجامدا هەشت پیاوی هەمزاغاو چوار سەرباز کوژران و پێنج سەربازو پیاوی موتەسەریفیش بریندار کران .

ئەم هەوالانەمان لە نامەکەی ( ئارتوون نزار بەگ ) لە سنەوە پێی گەیشتووە .

راگەیاندنەکە بە پۆستەدا ئەنێرم .

شولژیتقسکی .

ئا . ف . پ . ر ، ف . « یەسەکەی ئێران » ، ١٨٧٧—١٨٨٦ ، ب ١٢٠٢ . لاپەرە ١٩٩—٢٠٠ .

× × ×

دەقی برووسکەیەکی نهێنی وەرگێراو ، کە لەلایەن میرزا سەید خانی بالیۆزی ئێران لە ئەستەمبوڵ لە ( ١٤ )ی تشرینی یەکەمی سالی ١٨٨٢دا نێردراوە .

ئەمڕۆ بە شێوەیەکی تایبەتی بانگ کرامە لای سولتان . داوام لێ ئەکات بەشداریی نوێژکردنی جومعەی بکەم . لە مزگەوتەوە لەگەڵ خۆیا برەمی بۆ کۆشك ، زۆر بە نەرمی لەگەڵما جووڵایەوە . قەت بەمجۆرە رەفتاری لەگەڵما نەکردووە ، فەرمووی بەڵێنەکانی خۆی بەجێهێناوە . هەرپاش ئەوە دوو برووسکەی کامیل بەگی پیشان دام . شێخ تاعەتی خۆی پیشان ئەداو کوڕەکەی ناردبۆ ئەستەمبووڵ . خۆشیی بەم زووانە بە ماڵو منالەوە ئەچێ بۆ مووسڵ .

کامیل بەگ ئەنووسێت : شێخو کەسو کارەکەی رەوانەی مووسڵ ئەکات ، شێخ سدیقیش ئەنێرێت بۆ ئەستەمبووڵ . کە خۆشی هات بۆ ئەستەمبووڵ بە دوورو درێژی هەموو شتێك بۆ سولتان ئەگێڕێتەوە .

سولتان داوای کرد شای خاوەن شکۆ ئاگادار بکرێت لەوەی ، کە کێشەکە تەنیا لەوەدابوو شێخ لە شوێنەکەی خۆی ( واتە هەکاری ــ وەرگێڕ ــ ) هەڵکەنرێت . ئیتر پاش ئەوە دوورخستنەوەی شێخ لە مووسڵ کارێکی گران نییە . « ئامانجی من » ( واتە ئامانجی سولتان ــ وەرگێڕ ــ ) هێمنی سنوورەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتە مووسڵمانەکەیە . من ئەزانم ، دوورنییە هەراوهوریا هەمیشە سەردەربهێنێ ، بەڵام قەت بە دڵم نییەو پشتگیری ناکەم . کوڕەکەی لێرەیەو لەبەر دەستمانایە . سڵاو بۆ یەزدان بەبێ خوێن رشتن ئامانج دێتە دی » .

خاوەن شکۆ دوو سەعات لەگەڵما دووا . لەگەڵما زۆر نەرمو نیان بوو . چاوەڕوانی ئامۆژگاریم .

تسی • گ • ف • ئی • ئا • ف • ف • ئو • ئا ، ب • ١٣٦١ ، لاپەڕە ٣٢ • ئی • ئۆب •

× × ×

ــ فۆپێی راگەیاندێکی یاریدەدەری کۆنسۆلی رووسیا لە وان ــ

بۆ بەڕیوەبەری بالێوزخانەی ئیمپراتۆرییەت لە ئەستەمبوڵ •

لە ٢٢ی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٨٢دا •

دووا بەدووای ئەو راگەیاندنو برووسکەیەی دەربارەی شێخ عوبەیدوڵلا ناردم ، شەرەفی ئەوەم هەیە ئەم روونکردنەوەیەش بخەمە بەردەم :

دووایی شێخ رازی بوو گوندی ئەولیان بەجێ بهێڵێو بچێتە گوندی شەپتان • ( ٧٠ــ٧٥ فەرسەخ لە رەواندزەوە دوورە )و کەوتۆتە سەرشاخو ئەرواتێتە ناوچەکانی دەوروبەری • لەبەرئەوەی شوێنەکە تەنگ بوو بەشی شێخی نەئەکرد ، داوای کرد کامیـــل لەگەڵ ئەو ٣٠ــ٤٠ سوارەیەی لەگەڵیا بوو بچنە گوندێکی دراوسێ کە ٣ ــ ٤ فەرسەخ لە شەپتانەوە دووربوو • لەبەرئەوەی کامیل بەگ لــە قسەی شێخ دەرنەئەچوو ناچار بوو رازیبێت • هەر لەو کاتانەدا عەبدولقادر ئەورامای بەجێهێشت • پاش ئەوەش دوو فەوجی پیادەی گرت کە لە ســــەرۆکایەتی موستەفا پاشـــا بوون • دووای ئەوە دەرکەوت عەبدولقادر رووی کردۆتە باشاڵ ــ باب ( لای رەواندزەوە ) بــەو بــازەی ژمارەی هێزەکانی لــەوێ زیاتر بکاتو لەگــەڵ باوکیشیا یەك بگرێتەوە •

کامیل بەگ کەوتبووە دۆخێکەوە نەی ئەزانی چۆن خـۆی لێ قورتار بکات • لەو بڕوایەدا بوو کە شـێخ بەزۆر نەبێ ناچێ بۆ مووسل ، لەبەر ئەوە بڕیاریدا تەتەرێکی نزیکی خۆی ( هەبێو نەبێ مەمەد سدیقە ) بنێرێ بۆ نەهریو گوندی کانیڕەش کە ( ٢٥ ـ ٣٠ فەرسەخ لە شەپتانەوە دوورە ) ، هەر لەو نزیکانەوە چوار بەتالیۆنی پیادەی لێبوو ، کـە لـە ویلایەتی بەغداو مووســڵەوە بۆ ئەوێ نێردرابوون • ئەبێ ئەوە دەستنیشان بکەم ، کە پاش ئەوەی شـێخ چوو بۆ مووسل ، هەشت بەتالیۆنی دەستڕێژ کەرو چوار بەتالیۆنی فەوجی چوارەم لە نەهری بوون ، ئەم هێزانە لەژێر فەرماندەی کۆلۆنێل حاجی مەمەد بەگدا بوون •

ئیستەش ئەو چـوار بەتالیونانە ، بە فەرمانی کامیـل بەگو بە سەرۆکایەتی کولۆنێل حوسەین بەگ لە کانیڕەشەوە بەرەو شـەپتان کەوتنەرێ • لە نەهریشەوە سەدو پەنجا دەسـتڕێژکەر نێردران بۆ ئەوێ • لـە ڕێگا لەگـەڵ کوردەکاندا دایان بەیەکـدا • کوردەکان ئەیانویست لە گەلیی ( کـورد بۆگازی ) ڕێگایان لێ بگرنو بیـان وەستێنن • لە ئەنجامدا بەسەر کوردەکاندا سەرکەوتنو ڕاویان نـانو گەیشتنە شەپتان • بەم جۆرە هێزە سوپاییەکان لـە هەموو لایەکەوە ئابلووقەی ئەم گوندەیاندا • لـە ١٣ی مانگی تشرینی دووەمدا پاش شـەڕێکی شەش سەعاتی نێـوان کوردەکانو ئەو هێزانەو سەبارەت بەوەی کوردەکان بەرامبەر چەکە شاخاوییەکان باش خۆیان ڕاگرت ، شـێخ عوبەیدوڵلاو شـێخ عەبدولقادری کوڕی ناچاربوون خـۆیان بەدەستەوە بدەن • ( پێش ئەمە شـێخ عەبدولقادر توانی خـۆی بگەیێنێتە باوکی ) کام لا لە پێشەوە دەستی کرد بە تەقەکردن ؟ کوردەکان

یان عوسمانییەکان ؟ هەتا ئەم ساتە ئەمەم بۆ روون نەبۆتەوە ٠ هەروەها ئاگام لەوەش نییە زیانی هەردوولا چەندە ٠ عوسمانیەکان لـە گوندی شەپتان عەمارێکی گەورەی باروودیان دۆزییەوە ٠ نزیکەی ٤٠ ئۆك بوو ٠ هەروەها ٣٢ــ٣٥ جۆرە چەکێکیان گرت کە لە تۆپ ئەکاتو هی ئێرانەو ناوی ( مازگالە ) ٠

لـە ١٧ی تشرینی دووەمدا موستەفا پاشـــا ، پاش ئەوەی کوندوخۆفی لە ئەورامارەوە بانگ کردە لای خۆی ، ئەوەی ( واتـە کوندوخۆف ــ وەرگێر ــ ) لەبەر ئەو هۆیانەی لەوەوپێش باسیان کرا ، بۆ ئەهری نێردرابوو ٠ پاش ئەوە برووسکەیەکی نارد بۆ والی وان ٠ مووسا کوندوخۆف گەرایەوە باشـــقەلا ٠ ئەبێ پاش چەند رۆژێك بچێتەوە وان ٠ ئەو شوێنەی ( واتە وان ــ وەرگێر ــ ) ئەبێ چـەند بەتالیۆنێکی پیـادەی بۆ بنێردرێت ٠ بەگشتی لێرە کاربەدەستانی جەنگیو هەروەها کاربەدەستانی مەدەنیش لەو رایەدان کە عوبەیدوللا کۆتایی هات ٠

لـە دووایدا ئەوە ماوە بڵێم ، شـێخیان لـە شەپتانەوە برد بۆ مووسڵ ، بەڵام لەرێی رەواندزەوە نەیان برد ، بەڵکو لە رێی شاخی ئاکرێوە بردیان ٠ لەو باوەڕەدام کە لە ٢٤ ، ٢٥ تشرینی دووەمدا شێخی ناوبراو ئەگاتە مووسڵ ٠

لەگەڵ ملکەچی راستەقینەمدا ٠

ئا ٠ ف ٠ پ ر ، ف ٠ « ئەرشیفی سەرەکی ١ــ٩ » ، ١٨٨٢ ــ ١٨٨٣ ، د ٥٤ ٠ لاپەرە ٨٦ــ٨٧ ٠

× × ×

قۆپیی راگەیاندنێــــك بەڕێوەبەری گشتی کۆنسوڵخانە لــە ئازربایجان ، بەشی ئاسیا ، لە ۲۱ی مایسی ۱۸۸۷دا ناردوویەتی .

لــەبەرئەوەی هەرێمی ســنە بووەتە بنــکەی هەراو هوریای کوردەکانی ئەویۆو کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی دراوسێی ئێران ، شەرەفی ئەوەم هەیە چەند هەواڵێك بە بەشی ئاسیا ناسیی بگەیێنم . ئەو هەواڵانە لە لایەن چاووراکانی خۆمان لە سنە کۆ کراونەتەوە . ئەو هەواڵانە بۆیان هەیە ئەو رووداوانە روون بکەنەوە کە لــە دووساڵی رابووردوودا روویان داوە .

هەرێمـــی ســـابلاخ کـــە بـــە ناوێکـــیتر واتـــە مووکریان ناوی دەرکردووە ، لە دوو ناوچە پێــك دێت : یەکەمیان هەرێمی ســـنەو ئەو شـــارەی هەمان ناوی هەیە ، بنکەو بارەگای موتەسەریفیەتە ، حکوومەتی ئازربایجــان مووتەسەریفەکەی دائەنێ . دووهەمیان سەردەشتە ، کە ناوجەرگەکەی سەردەشتە . موتەسەریفی سنە سەرداری ئەم ناوچەیە دائەنێ .

زوربەی دانیشـــتوانی هەرێمی مووکری ســونی مەزەبن . دانیشتووانی شارەکە ۱٤۰۰ کەسن . ئەوانە ۱۳۰۰ کەســیان سونی مەزەبن . تەنیا ٤۰ کەسیان (ئەبێ نووسەر نیازی لە بنەماڵەو نەك لــە کەسان بێت ــ وەرگێڕ) شیعی مەزەبن . ئەوانی تریان گاورو جوون .

سنە تۆپخـــانەیەکی هەیە ( نیازی لەقەڵایە ــ وەرگێڕ ) . دەیەها تۆپێ لەسەر دانراوە . نزیکەی ٤۰ تۆپچی ، لەســـەر ئەم تۆپانەن . حامییەی شارەکە لــە ٤۰۰ کەس پێكهاتووە . ( واتە لــە فەوجەکەی

شـــكاك ) ، جگە لەمانە ١٠٠ سوارەی چەكدار لـەژێر فەرماندەی مووتەسەریفدان • هەریمی مووكری لەمانە زیاتر شەڕكەری نییە •

زوربەی دانیشتووانی سنەو سەردەشت كوردن • ئەم خێڵانە لە ژێر سایەی سنەدان : مامەش (١٥٠٠ كەس) ، مەنگور (٨٠٠ كەس) • كوردەكانی سەردەشت برێتین لەم شەش خێڵە : گاوروك ( ١٢٠٠ كەس ) بەراژیو مەلكەری ( ١٣٠٠ كەس ) ، ئالانی ( ٤٠٠ كەس ) ، باسیگی ( ٣٠٠ كەس ) ، ( كەلاسی ٥٠٠ كەس ) •

خێڵی مامەشو مەنگورو گاوروك ، سـەرۆكەكانی خۆیان هەڵ ئەبژێرن ، ئەو ســـەرۆكانە بە ( مەزن ) نـاو ئەبرێن • خێـڵەكانی‌تر ( مەزنیان ) نییە • بەلكو پیرترین پیاوی خێڵەكە ئەبێتە بەڕیوەبەریان • كاربەدەستانی ناوچەكە ئەو پیرانە دائەنێن •

لەناو هەموو خێڵەكانی هەریمی مووكریدا ، تەنیا ئەو سێ خێڵەی ناومان بردن ، واتە مامەشو مەنگـورو گاوروك ، بۆمان هەیە ناوی نیمچە كۆچەریان لێبنێین • لە ناوەڕاستی بەهارەوە هەتـا ناوەڕاستی پایز بەناو شاخەكانی سەر سنووری دەوڵەتی عوسمانیو ئێراندا كۆچ ئەكەن • لە مانگەكانی تری ساڵدا لە ناو گوندەكاندا دائەمەزرێن • كوردی خێڵەكانی‌تر بە درێژایی ساڵ بە دامەزراوی ئەژین •

بەمجۆرە وەك لەسەرەوە باســمان كرد ، هاوینە هەواری ئـەم خێڵانە ، واتە مەنگورو مامەشو گاوروك ، لەناو سنوورەكانی دەوڵەتی عوسمانیو ئێراندانو بەناویانا هاتووچۆ ئەكەن ، جا ئەگـــەر هاتوو ناخۆشییەك رووی‌دا ، ئەو خێڵانە بە ئاسانی ئەچنە ئەودیو سنوور ،

واتە ئەچنە ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانییەوەو لەوێ ئەمێننەوە هەتا هۆیەکانی ئەو ناخۆشییە بەسەر ئەچن •

کوردی خێڵەکانی سەرسنووری دەوڵەتی عوسمانیش ، بەتایبەتی خێڵەکانی زوودیو پیران ، هەر کە تەنگاو بوون ئەچنە ئەودیو ، واتە بۆناو سنوورەکانی ئێران • خێڵی پیرانو مازینگۆ لە هەمووان نارەحەت ترن • سەرۆکی ئەم خێڵەی دووایی ناوی باپیر ئاغایە ، ئەم باپیر ئاغایە یەکێکە لە کوڕانی ئەو سەرۆکە ناسراوەی بەشـــداریی ڕاپەڕینەکەی هەمزاغای کرد •

جا ئەم دۆخەی بەم جۆرە پەیدابوو ، لەم دوو ساڵەی دووایییەدا کاربەدەستانی ناچار کرد ، یان هێزی سوپایی بنێرنە سەر کوردەکانی خۆیان بەو نیازەی لغاویان بکەنوهێمنیان بکەنەوەو یاخـــود هێزی سوپایی بنێرنە سەر سنوور بۆ ئەوەی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سنوورەکانی دووربخاتەوە • ساڵی ڕابووردوو کوردەکانی خێـــڵی پیران لە سنوور پەڕینەوەو هاتنە ناو خاکی ئێرانەوە ، ئەمە بووە هۆی ئاژاوەو لە ئەنجامدا میری هێزی سوپایی ناردە سەریان • هەر لـــەو ساڵەدا هەواڵێکی بە ژمارە ( ٢٥١ ) نارد بۆ بەشی ئاسیا ناسیی ، لـــەو هەواڵەدا ڕامگەیاند کە خێڵی گەورەك هۆی ئاژاوەو هەراوهوریاکەیە •

ئەو هێزە سوپاییەی لە ژێردەستی موتەسەریفی سنەدا بوو زۆر کەم بوو • جا لەبەر ئەوەی کوردەکان بە ئازاو شەڕکەرو سوارچاكو نیشان شکێنی بێ هاوتا ناسراوبنو لە تەك ئەوەشدا چەکی نوێیان بە دەستەوە بێت ، وەك تفەنگی مارتینیو قینچێستەرو بەردانو ، هێزەکانی میریش چـــەکی مۆدێلی وەك ڤرێندیلیان بە دەســـتەوە بێت ، ئەمانە

هێزەکانی موتەسەریف هێندەی‌تر لاواز ئەکەن • ئەگەر خێڵە کوردەکان لەو هەڵوێستە دوژمنانەیەی بەرامبەر ئێران هەیانبوو یەکیان بگرتبایە ، ئەوە کاربەدەستانی ئێران ئەکەوتنە گێژاوێکی پڕ مەترسییەوە • بەختی ئێران لەوەدا بوو خێڵە کوردەکان لە دووبەرەکیدا بوون •

کاربەدەستان هەمیشە سوودیان لەم دووبەرەکی‌و دوژمنایەتییەی نێوان خێڵە کوردەکان ئەبینی • هەر کە خێڵێك ڕائەپەڕی ، کاربەدەستان خێرا خێڵێکی دوژمن‌و ناحەزیان ئەکردە سەری • ئەگەر ئەمە نەبووایە ، کاربەدەستانی ئێران قەت پێیان نەئەکرا بەسەر کوردەکاندا سەرکەون •

ئەم ڕاپەڕینەی دوایی بە ئاشکرا دەری‌خست ، کـــە ئەگەر خێڵەکانی کورد یەك‌بگرن ، بزووتنەوەی کورد ئەبێتە خاوەن هێـــزو توانایەك ، کاربەدەستانی ئێران لە ئاستیا دەستەپاچە بووەستن‌و هێزە نیزامییەکانی قەت دەرەقەتیان نەیەن •

ئەبێ ئەوەش بخەمە بەرچاو کە هەریمی مووکری ( ٧٥٠ ) گوندی لەژێر دەستدایە ، لەوانە ٦٥٠ گوندی هی سنەیەو ١٠٠ گوندەکـــەی تریش هی سەردەشتە • بەروبوومی ســـــاڵانەیان ٢٥/٠٠٠ تومەنەو هەمووی ئەچێتە خەزێنەکەی ئازربایجانەوە • جگە لەمەش ئەمە دوو ســـاڵە بەڕیوەبەرایەتی گومرگی سنە ، ( ٥٧٥٠ ) تومەن ئەدات بە گومرگی ئازربایجـــان •

لەگەڵ ئەوەشدا هەریمی مووکری یەکێکە لـــە شوێنە هەرە بە پیتەکانی دەوروبەری ئازربایجان ، بەڵام بۆ داخی گران بێ ڕێگاوبانی ئەبێتە کۆسپ‌و ڕێ نادات بەرهەمەکانی بگەنە بازاری ناوچەکانی‌تر • جـــا هەر لەبەر ئەمە خاوەن زەوی‌و زارەکان ناچار ئەبن ، یان لـــە

شوێنەکانی خۆیانداو بە نرخێکی هەرزان بەرهەمەکانیان بفرۆشنەوە ، بە نرخێك خەرجییو هیلاك بوونەکەیان بۆ نەهێنێتەوە ، یاخـــود چاوەڕوانی ئەوەبن نرخی بەرهەمەکانیان لـــە ناوچەکانی دەوروبەریانا بەرزبێتەوە • هەر لەبەرئەمە ئەبینین بۆچی لە هەریمی مووکری گەنمو جۆی لە عەمارکراو هەمیشە زۆرە •

ئا • ف • پ • ر ، ف • « بالێوزخانە لە ئەستەمبووڵ » ، ١٨٨٣ــ ١٨٨٥ ، د ، ٧٦٠٨ ، لاپەڕە ٣٨ ــ ٤١ •

× × ×

ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنەکەی کۆنسۆلی ئەرزرووم

بۆ بالێوزی ئیمپراتۆرییەتی رووسیا لە ئەستەمبووڵ •

لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٢ • ژمارە ١٢٤ •

لە ماوەی گەشتەکەمدا بە ویلایەتی ئەرزروومدا ، لـــە گوندو شارەکاندا گیرسامەوە ، لە نزیکەوە چاوم بە ژیانی خەڵکەکەو پێویستی ژیانیان کەوت • پاش ئەوەی لە هەموو ئەو ئەرکو واجیبانەی سەرشانی هاونیشتمانییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەو شـــوێنانە ورد بوومەوە ، ( سەرباز گرتنیش یەکێکە لەو واجیبانە ) ، بە پێویستم زانی بۆ جەنابی پایە بڵندتانی بگێڕمەوە :

ئەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە ، کە میللەتەکە نەك هەر لە ژێر باری باجی زۆری بێ‌ڕادەو گراندا ئەناڵێنێ ، بەڵکو نارێكو پێکی ئەو باجو سەرانانە وای لێ‌کردووە لە وزەیدا نەمێنێ • لەوانەش زیاتر جۆری

کۆکردنەوەی ئەو باجانە هێندەی‌تر ئەرکی سەرشانیانی قورس‌تر کردووە ٠ باج گرەکان بە هۆی نەزانین‌و تەماع‌کاری‌و دڵ رەقییانەوە ، بە ئارەزووی خۆیان ئەو باجانە کۆ ئەکەنەوە ٠

قورِبەسەری لەوەدایە ، باج گرەکان ئامانجیان لە باج کۆکردنەوە ، تەنیا پارە گرد کردنەوەیە ، لە وژدانی خۆیان بەولاوە رەقیبێکی تریان نییە ، واتە خۆیان‌و پیاوەتی خۆیان ٠ چۆنی بەباش‌و بە راست بزانن وەها کۆی ئەکەنەوە ٠ میللەتە بێ دەسەڵات‌و نەزان‌و چاو ترساوە بێ دەرفەتەکەش بە ناچاریی سەر شۆڕ ئەکات ٠

ئەم زوڵم‌و زۆردارییەی باسم کردن ، ناگەنە ئەو زۆردارییە بێ رادەیەی ئەمساڵ لـــە کاتی باج کۆکردنەوەو سەرباز گرتندا لـــە سنجەقەکانی قارس‌و بایەزیدو وان‌و موشدا رووی‌دا ٠ ئەو زوڵم‌و زۆرە گەیشتە رادەیەك ئەستەمبوول مانگێك لەمەوبەر ، بریاری‌دا هەموو موتەسەریفی ئەو ناوچانە لابدات‌و موتەسەریفی تریان لە شوێن دابنێت ٠ ئەوەندەی من بزانم ئەم موتەسەریفە نوێیانە لەوانەی پێشوو لایەق‌ترن ٠

رەش‌و رووتەکە ، بە مووسڵمان‌و گاوری کاسولیك‌و بگرە هەتا نەستوورییەکانی خۆشـــمانەوە ، لابردنی ئەو موتەسەریفانەو دانانی موتەسەریفەو مووچەخۆری دەســـت‌پاك‌تر‌و بە وژدان تر ، بەوە ئەخوێننـــەوە گوایە باڵیوزخـــانەی ئیمپراتۆرییەت ( واتـــە رووسیا ــ وەرگێر ــ ) زۆری لە حکوومەتی دەوڵەتی عوسمانی کردووە ، ئەو کارە بکات ٠

ئیستە دێمە سەر باس‌کردنی ئەو باجانە ٠ بەڵام باسیی ئەو باجانە ناکەم کە لە دووا رۆژدا دێنە کایەوە ، باسیی ئەو باجانەش ناکەم کـــە

ئەستەمبووڵ باسیان ئەکەن ، باسیی ئەو باجانە ئەکەم کــە لــە مانگی نیسانو مایسی ئەم ساڵەدا بە چاوم کردوون •

ئەو باجانەی لە هەموو هاونیشتمانییەکانی دەوڵەتی عوســـمانی ئەسێندرێن :

١ ــ دەیەك : باجی هەمـــوو بەرهەمێکی زەویـیــە ، بەڵام ئەستەمبووڵ ، هەمیشە بیانوویەك ئەدۆزێتەوە ، ئەم باجە بگــۆڕێتو زیادی بکات • ئەوەبوو لە ساڵی ١٢٨٣دا لە جیاتی دەیەك لەســەدا پانزەیان سەند ( ١٥٪ ) • لە ساڵانی ١٢٨٤و ١٢٨٥و ١٢٨٧دا ، لەسەدا دووانزەو نیویان سەند ( ١٢½٪ ) • ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ هەشت یەكو نەك دە یەکیان سەندبێت • روون کردنەوەی ئەمەش بەم جۆرەیە :

هەموو زەویو زارەکان مولکی سولتانن • لەو بەولاوە کەسی‌تر خاوەنی زەویوزار نییە • سولتانی خاوەن بەزەیی بێ‌سنوور ، حــەز ئەکات خاوەن زەویو زارەکان زەویو زاری تریان دەست بکەوێت • لەبەرئەوە رێگایان ئەدات ئــەو زەویو زارانەی لێ‌بکرن • سولتان بەڵێنیان پێ ئەدات بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەیەکیان لێ‌بسێنێت • بەڵام رۆژێك دێت ئەو بەڵێنە بێتەدی ؟ دانیشتووەکان دوودڵن ! ئایا ئەو زەویوزارانە ئەبێتە مولکی راستەقینەیان ؟ کەس نازانێ •

با روونکردنەوەکانی ئەستەمبووڵ بخرێنە لاوەو حیسابیان بــۆ نەکرێت • بەڵام لە راستیدا دە یەك شوێنی هەشت یەکی گرتۆتەوە •

بەم جۆرە بۆنموونە ، ئەگەر جووتیارێك هەشـــت عارەبانە پووش کۆ بکاتەوە ، ئەبێ یەك عارەبانە پووش بدات بەمیری ، ئەگەر وا نەکات ، ئەبێ لە جیاتی ئەوە ( ٣٠ ) پێسە بدات •

# ئیحسائییەی دەیەك

لە ساڵی ١٢٨٢ ـــ ١٢٨٣دا ( ١٨٦٥ ـــ ١٨٦٦ ) ، کاربەدەستان کە بۆ دوواجار بەڕاستیو بە پێی شەرع دەیەکیان لـــە بەرهەمی زەوی ئەسەند ، ئەوسا ویلایەتی ئەرزرووم نزیکەی ١٢٤٫٤١٠ لیرەی زێڕینی عوسمانی بۆ خەزێنە ئەهێنا .

لە ساڵی ١٢٨٣ ـــ ١٢٨٤دا ( ١٨٦٦ ـــ ١٨٦٧ ( ، کە دەیەك بووە لە ١٥٪ ، واریداتی ئەو ساڵە بە شەڕەشەق گەیشتە ١٥٢٫٩٠٠ لیرە .

لە ساڵی ١٢٨٤ ـــ ١٢٨٥ ( ١٨٦٧ ـــ ١٨٦٦ ) ، کە دەیەك بووە ١٢½٪ واریداتی میریی گەیشتە ١٨٤٫٤٧٠ لیرە .

لە ساڵی ١٢٨٥ ـــ ١٢٨٦ ( ١٨٦٨ ـــ ١٨٦٩ )، کە دەیەك ١٢½٪ بوو ، واریداتی میریی گەیشتە ١٤٩٫٩٣٠ لیرە .

لە ساڵی ١٢٨٦ ـــ ١٢٨٧ ( ١٨٦٩ ـــ ١٨٧٠ ) دەیەك کە ١٢½٪ بوو واریدات گەیشتە ١٧٧٫٧٨٢ لیرە .

لە ساڵی ١٢٨٧ ـــ ١٢٨٨ ( ١٨٧٠ ـــ ١٨٧١ )دا ، دەیەك کـــە ١٢½٪ بوو واریداتی میریی گەیشتە ١٩٥٫٠٠٠ لیرە .

لە ڕێی ئەم جەدوەلەوە بۆمان دەرئەکەوێتو ئەگـەینە ئەو راو ئەنجامەش کە چاوچنۆکیو تەماعکاری دەوڵەتی عوسمانی گەیشـــتە

رادەی ئەوەی گوێ نەداتە قورئان‌و هەموو رایەکی ماقووڵ‌و بە پێزو رادەی باج سەندن بەرزبکاتەوە ، ئەنجامی دەیەك بێ‌دەسەلاتی بەڕێوەبەرانی دارایی خستە روو • نرخی نان‌وجۆ لەو رادەیەدا نەئەگیرسایەوە دوو سێ جار بەرزتر بێتەوە ، بەلکو بێ‌وچان لە شوێنی خۆی نەئەوەستاو هەتا ئەهات بەرزتر ئەبۆوە • ئەستەمبووڵ زاتی ئەوەی نەئەکرد رادەو ژمارەی ئەو باجانە ئاشکرا بکات •

لە ساڵی ١٨٦٩ ــ ١٨٧٠دا ، نرخی نان دووقات‌و نرخی جۆ سێ قاتی نرخەکانی جارانیان بوو ، واتە ساڵانی ١٨٦٦ ــ ١٨٦٧ دە یەك ٧٨٢ر١٧٧ لیرەی بۆ خەزێنە هێنا • کاتێك ئەم پارەیەی هێنا بۆ خەزێنە ، باجی دەیەك لە ١٢ ١/٢٪ بوو • لە ساڵی ١٨٦٦ ــ ١٨٦٧دا ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیەك لە ١٥٪ بوو بەلام واریداتێکی کەمتری بۆ خەزێنە هێنا • واریداتی ئەو ساڵە ٩٠٠ر١٥٢ لیرە بوو •

٢ ــ ئەملاك : یان وەك هەتا ئێستا ، لە گوندەکان بە سالیان ( واتە ساڵانە ــ وەرگێڕ ) ناو ئەبرێت • بریتی‌یە لە باجی زەوی‌و زەوی چاندراو ، خانوو ، لەوەڕگا رادەکەی چووار لە هەزارە •

باجی ئەملاك لە شارو شارۆچکەکاندا رادەیەکی دانراوی هەیە • ئەوانەی خانوو بەکرێ ئەدەن ، چل لە هەزاریان لێ ئەسێندرێت ، واتە لە سەدا چواری واریدات • رادەی ئەو باجە لە زەوی‌وزاری کێلراوو لەوەڕگاکاندا ئەگاتە رادەیەکی گران ، واتە لە هەزاردا نۆو بگرە زیاتریش • ئەم جیاوازییە گەورەیەی نێوان بنەرەت‌و تەتبیق ( کە لە بێ‌کەلکی یاسا کۆنەکانەوە ) هاتووە ، هەتا بێت لەگەڵ واقیعی ولاتەکەو ژیانەکەیدا دوورئەکەوێتەوە •

## ـ نموونه ـ

جووتیار ده سۆمار گەنم‌و جۆ ئەچێنێ ، بەرامبەر ئــەوە ٢٠٠ پێسە ئەدات بە میری • واتە هەر یەك كـوت گەنم‌و جۆ بە ( ١٥ ) پێسە • بۆ ئەو هەموو ( ١٠ ) سۆمارێك ( ٢٤٠٠ ) پێسەی تێ ئەچێت • ئەگەر ( ١٠ ) سۆمار بە مام‌ناوەندی لە بەرهەمی گەنم‌و جۆ بسێنرێت ، ئەگاتە ٢٤٠٠ پێسە • ئەگەر میری هەشت یەك لەوە بۆ خۆی بەرێت واتە ٣ هەزار پێسە ئەوكاتە ٢١٢٠٠ پێســەی تریش بۆ خاوەنەكانی ئەمێنێتەوە ، بەمەدا دەرئەكەوێت رادەی باجەكە لــە كاتی چاندندا ئەگاتە ٨ ١/٤ پێسەو لە كاتی دروێنەشدا ئەگاتە ٩/١٠ پێسە •

احصائییەی ئەو باجانەی میری وەری گرتوون :

| ١٨٦٦ـ٦٧ | ١٨٦٧ـ٦٨ | ١٨٦٨ـ٦٩ | ١٨٦٩ـ٧٠ |
|---|---|---|---|
| ٧٣٧٠٠ | ٦٩٣٠٠ | ٧٠٩٥٠ | ٦٩٤١٠ لیرە |

٣ ـ باجی سەر تەماتەو شتی‌تر لە هەموو هەزارێك ( ٣٠ ) بوو ، واتە لە ٣٪ پێسە لە هەموو یەكێك ئەسێنرێت •

هەرچەندە ئەرمەن‌و كوردەكان ئەم باجە ئەدەن بەڵام بەشێكی زۆریان لە ناوەرۆكی ئەم باجەو حسابەكەی ناگــەن • ئەم باجە بێ

سەرووبن و تەماوییە روون نییە . هیچ کوردو ئەرمەنێك کەم وزۆر ئاگایان لە دانانی رادەی ئەم باجە نییەو تێی ناگەن . دانانی ئەم باجە بەدەست بەڕێوەبەرانی ناوچەکەیەو لەسەر ئارەزوو خواست و ماری سەرنجی ئەوان وەستاوە . ئەم باجە تەماوییە لە هیچ لایەکەوە دەست نیشان نەکراوە .

ژماردنەکانی لە گرتن نایەن . دوورنییە هەر باجی تەماتە لە ویلایەتی ئەرزرووم ، لە سالی رابوردوودا ۱٦٫۰۰۰ هەزار (؟) لیرەی بۆ خەزێنە هێنابێت .

٤ ــ هامچوور : باجی سەر مەڕومالآت ، لە سالێکدا (۳) پێسەیە جارن ٦۰ جووتە لە هەموو بەراتێك دەسێندرا . چوار سال لەمەوبەر رادەی ئەم باجە بۆ ماوەی دووسال بەرز کرایەوە ، دوو پێسە زیاتر وەرئەگیرا . لە سالی ربوردووەوە لە هەموو مەڕو بزێك ۱۲۰ جووتە واتە ۳ پێسە ئەسێنن . نرخی بەران ۳۰ــ٥۰ پێسەو نرخی بزنیش ۲۰ــ۳۲ پێسەیە بەرخ نرخی ۱۰ــ۲٥ پێسەیە ، بزنی بچووك نرخی ۳ــ۱۰ پێسەیە .

لەمەدا دەرئەکەوێت ئەم باجی هامچووره لەرادە بەدەرە . لەبەرئەوە وا لە دانیشتووەکان ئەکات بە ناچاری لە مەڕومالآت بەخێوکردن دوور بکەونەوە .

زۆرجار روو ئەدات ، جووتیارە هەژارەکان لە باجگرەکان ئەپاڕێنەوەو داوایان لێ ئەکەن : « پارەمان نییە ، فەرموو لە جیاتی پارە بەرخ و بزن بەرن » . باج گری هامچوور وەلامیان ئەداتەوە :

« بزنی تۆم بۆچییـــه ، به پێستەکەیەوە سێ‌پێسە ناکات • دەی پارەم بدەرێ » •

لەوەرگاش هەتابێت کەم ئەکات‌و نامێنێ • ژمارەی بزنیش تـــا رادەیەکی زۆر کەمی کردووەو نەماوە • لە ئەنجامی ئەمە کوردەکانی دۆلی مووش وازیان لە هەموو شتێك هێنـــاوەو خەریکی ئەوەن روو بکەنەوە ژیانی کۆچەرایەتی‌و لە مۆتکاو هیوت کەوتوونەتە راووڕووت خەلکی ئەو دوو شوێنە هیچ نادەن بەمیریی •

